

# بودجەو کارتێکەرەکانی

محەمەد رەئوف



شیکاریی گەندەڵیو بەهەدەردانی بودجەی هەرێم



٢٠٠٤-٢٠١٤

بودجەو کارتێکەرەکانی

شیکاریی گەندەڵیو بەهەدەردانی بودجەی هەرێم

٢٠١٥

چاپی یەکەم



محەمەد رەئوف

بودجەو کارتێکەرەکانی

شیکاریی گەندەڵیو بەهەدەردانی بودجەی هەرێم

٢٠٠٤-٢٠١٤



# بودجەو کارتێکەرەکانی

## شیکاریی گەندەڵیو بەهەدەردانی بودجەی هەرێم

## (٢٠٠٤ - ٢٠١٤)

محەمەد رەئوف

**ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی  نووسەر(سەردار قادر بەرزنجی)چاپکراوە.**

ناوی کتێب: بودجەو کارتێکەرەکانی
نوسینی: محەمەد رەئوف
بابەت: ئابووری سیاسی
دیزاینو رێکخستن: ئەژی کەمال
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپ: یەکەم ساڵی ٢٠١٥
کوردستان ــ سلێمانی
چاپخانە: کارۆ
نرخ: ٤٠٠٠ دینار

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( **١٠٩٥** )ی ساڵی (٢٠١٥)ی پێدراوە.

پێشەکی........................................................ ٥
١/.............................................................. ٧
١-١/ بودجەو بەفیڕۆدانەکانی.................................. ٨
١-١-١/ بودجە لەدەستی کەمینەیەکی دەسترۆیشتودا........... ٩
١-١-٢/ بودجە لەبەردەم ویژدانی پەرلەماندا...................... ٢٣
١-١-٣/ بودجەیەکی زەبەلاح لەدەستی دەسەڵاتێکی بێباکدا.. ٣٠
١-١-٤/ پێشتر داهاتی ناوخۆ کوردستانی دەژیاند................ ٣٩
١-١-٥/ موچەی فەرمانبەران لەگیرفانی خۆیان دەدرێت....... ٥٠
١-١-٦/ بەفیرۆدان لەبودجەی گشتی.................................. ٥٨
١-١-٧/ شێرپەنجەی کارەبا... قەیرانێك کە بەرۆکی هاوڵاتیان بەرنادا............................................................ ٦٧
١-١-٨/ هەرێمێکی دزراو..... کوردستان تاڵان دەکرێت...... ٧٨

١-٢/ بودجە بۆ گیرفانی حیزب........................................ ٨٤
١-٢-١/ بودجەی حیزبەکان لەنێوان موزایەدەو بەهەدەرداندا.... ٨٥
١-٢-٢/ ژێر زەمینی پڕ لەپارەو گیرفانی بەتاڵ...................... ٩٩
١-٢-٣/ بودجەیەکی زەبەلاح بۆ گیرفانە قوڵەکانی حیزب.... ١١٢
١-٢-٤/ پارەی میللەت بۆ گیرفانە قوڵەکانی بەرپرسان.......... ١٢٣
١-٢-٥/ بودجە لەنێوان موچەی فەرمانبەرانو گیرفانی حیزبو بەرپرساندا.................................................................. ١٣٣
١-٢-٦/ پارەی ژێر زەمینەکان چیان لێهات؟........................ ١٤٣

٢/........................................................................ ١٥٣
٢-١/ موچەو خانەنشینی پلەتایبەتەکان................ ١٥٤
٢-١-١/خانەنشینی پلەتایبەتەکان........................ ١٥٥
٢-١-٢/خانەنشینی وەزیرو پەرلەمانتاران، بارێکی گران بەسەر بودجەوە........................................................................ ١٧٣
٢-١-٣/ خانەنشینی پارلەمانتاران، مۆتەکەی بودجەی هەرێم.. ١٨٤
٢-١-٤/ خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان........... ١٨٨
٢-١-٥/ موچەی وەزیرو پەرلەمانتاران سەری بودجە دەخوات.. ١٩٥
٢-١-٦/ نوینەرانی کورد لەبری ماف موچەیان وەرگرتووە... ٢٠٧
٢-١-٧/ موچەی نوێنەرانی کورد لەبەغدا............................ ٢٢٠

٢-٢/ نەوتو داهاتەکانی........................................ ٢٢٩
٢-٢-١/ کورد بۆ نەوت سەرچاوەی داهاتەکەی دەبڕێت...... ٢٣٠
٢-٢-٢/ نەوت، لەنێوان خۆشگوزەرانیو بە بنەماڵەییکردنی کوردستاندا...................................................................... ٢٤٢
٢-٢-٣/ نەوت... سامانێکی بێشومارو داهاتێکی نادیار.......... ٢٥٨
٢-٢-٤/ نەوت... کوردستان بەرەو کوێ دەبات.................... ٢٧١
٢-٢-٥/ نەوتو سەربەخۆیی........................................ ٢٨٥
٢-٢-٦/ بارزگانی لەگەڵ شەیتان........................................ ٢٩٧

ئەنجام........................................................................ ٣٠٦
پێشنیار........................................................................ ٣٠٧

# پێشەكی

پرسی بودجەو داهاتی هەرێمی كوردستان، یەكێكە لەو پرسە گرنگانەی كە پەیوەستە بە تاك بە تاكی ژیانی خەڵكی كوردستانەوە، بەڵام بەهۆی بوونی گەندەڵیو بەهەدەردانی زۆر لەبودجەو ناڕۆشنی داهاتی هەرێمی كوردستان، هاوڵاتیانی كوردستان وەك یەكو بە یەكسانی سودمەند نەبوون لێی، ئەویش بەهۆی دابەشبوونی هەرێم بەسەر دوو ئیدارەدا لەرابردوودا دواتر رەنگدانەوەی ئەو دوو ئیداریەو كاریگەری لەسەر كۆنترۆڵكردنی بودجەو داهاتی ناوخۆی هەرێم لەلایەن هێزە باڵادەستەكانەوە، ئەمە وای كرد كە بودجەو داهاتی ناوخۆ بەروونی دابەشنەكرێت، حكومەتی هەرێمی كوردستان لەساڵی ١٩٩٢ تا ساڵی ٢٠٠٣و روخانی رژێمی بەعس، بەتەواوی پشتی بە داهاتی ناوخۆ دەبەست بۆ دابینكردنی موچەی فەرمانبەرانو پرۆژە خزمەتگوزاریەكان، بەڵام لەدوای روخانی رژێمی بەعسو پێكهێنانی حكومەتی كاتی لەعێراق لەساڵی ٢٠٠٤، بە رێكەوتنی سیاسی پشكی ١٧٪ لەبودجەی گشتی عێراق بۆ هەرێمی كوردستان دیاریكرا، بەمەش حكومەتی هەرێمی كوردستان بەتەواوی پشتی بە بەشەبودجەی هەرێم لەبەغداد دەبەست بۆ دابینكردنی موچەو خەرجیەكانی دیكە، بەڵام بەهۆی هاتنی بودجەیەكی زۆر لەبەغدادەوە بۆ هەرێمو ئەكتیف نەبوونی چاودێری دارایيو دەستەی نەزاهە، لەلایەك داهاتی ناوخۆ ناشەفافو نادیار بووەو لەلایەكیش زۆرترین گەندەڵیو بەهەدەردان لەبودجەدا كراوە.

ئەم كتێبە (بودجەو كارتێكەرەكانی) كۆمەڵێك راپۆرتی شیكاریە سەبارەت بە بودجەو داهاتو شێوازی دابەشكردنی بودجەی هەرێم روندەكاتەوە، ئەم كتێبە لەدوو بەشو چوار تەوەر پێكهاتووە، لەتەوەرەی یەكەمدا كە باس لەبەفیرۆدانی بودجە دەكات، ووردەكاری بەشە بودجەی هەرێم لەعێراق دەخاتەڕوو، لەگەڵ شێوازی دابەشكردنی بودجە، لەگەڵ بەفیرۆدانی گەورە لەبواری بودجەدا.

لەتەوەری دووەمدا باس لەو بودجەیە دەكات كە بۆ حیزبەكانی هەرێمی كوردستان تەرخان كراوە، شێوازی دابەشكردنی بودجەی حیزبەكان دەخاتە روو لەچەن راپۆرتێكی شیكاریدا.

لەتەوەری سێیەمدا موچەو خانەنشینی وەزیرو پەرلەمانتاران‌و پلەتایبەتەكان شیدەكاتەوە، جیاوازی موچەی وەزیرو پەرلەمانتاران‌و فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان دەخاتەروو.

لەتەوەری چوارەمدا بە ووردی پرسی نەوت‌و داهاتەكانی شیدەكاتەوە، كە هەرێمی كوردستان خاوەنی چەند یەدەگی نەوتەو رۆژانە چەندی بەرهەمدێنی‌و داهاتەكەی چەندەو چۆن دابەشدەكرێت.

ئەم تەوەرو بابەتانە بەشێكە لەو راپۆرت‌و نوسینە شیكاریانەی نوسەر كە لەسەر بودجەو داهاتەكانی‌و شێوازی دابەشكردنی لەماوەی رابردوودا بلاویكردۆتەوە كە بەشێوەی چارت‌و گرافیك‌و خشتە رونكراونەتەوە، ئەم كتێبە تەنها هەوڵ‌و بەدواداچونێكی رۆژنامەوانی نوسەرە بۆ خستنەڕووی زانیاری‌و داتاو ئامار سەبارەت بە بودجەو داهات، نەك لێكدانەوەو شیكاری بودجە لەسەر بنەمای پسپۆڕی‌و شارەزایی لەبواری بودجەدا.

**محەمەد رەئوف**

**سلێمانی- ٢٠١٥**

# بەشی یەکەم

# ١

# ١-١

# بودجەو بەفیڕۆدانەکانی

١-١-١/ بودجە لەدەستی کەمینەیەکی دەسترۆیشتودا.

١-١-٢/ بودجە لەبەردەم ویژدانی پەرلەماندا.

١-١-٣/ بودجەیەکی زەبەلاح لەدەستی دەسەڵاتێکی بێباکدا.

١-١-٤/ پێشتر داهاتی ناوخۆ کوردستانی دەژیاند.

١-١-٥/ موچەی فەرمانبەران لەگیرفانی خۆیان دەدرێت.

١-١-٦/ بەفیرۆدان لەبودجەی گشتی.

١-١-٧/ شێرپەنجەی کارەبا... قەیرانێك کە بەرۆکی هاوڵاتیان بەرنادا.

١-١-٨/ هەرێمێکی دزراو..... کوردستان تاڵان دەکرێت.

# ١-١-١

## بودجە لەدەستی کەمینەیەکی دەسترۆیشتودا

پرسی گفتوگۆکردنو شیکاری بودجە لەهەرێمی کوردستان دیوارەکانی پەرلەمانو حکومەتی بریوەو لەئێستادا تاك بەتاکی کۆمەڵگە گفتوگۆو شیکاری لەسەر بودجە دەکات بەو پێی لەمرۆدا بودجەی هەرێم کە زیاتر ٩٦٪ لەبەغدادەوە دێت لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان دیاری دەکرێت، بۆیە لەخولی رابردووی پەرلەماندا بەهۆی بوونی چەند فراکسیۆنێکی ئۆپۆزسیۆنەوە پرسی بودجە ببوە پرسێکی جدیو جێبایەخی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە، کە تا ئەمرۆش بەشێکی زۆری پەرلەمانتارانو هاوڵاتیان بودجە بەناشەفافو ناروون لەقەلەم دەدەنو شیکاریەکان ئەوە دەخەنە روو کە بەهەدەردانێکی زۆر لەبودجەدا هەیە، بەو پێیەی لەهەرێمی کوردستان سەدان کەلێنو کەمو کورتی هەیە، بەڵام حکومەت لەپرۆژە بودجەی ٢٠١٣ دا بری (٥١ ملیار) دینار بۆ کرینی ئۆتۆمبیلو (٢٥ ملیار) دینار بۆ رابواردنی فەرمی تەرخان دەکات.

بەو پێیەی هەرێمی کوردستان لەئێستادا پشتی بە بودجەی عێراق بەستووەو لەساڵی ٢٠٠٤ وە بەرێژەی ١٧٪ی بودجەی عێراق دێتە هەرێمی کوردستان بەڵام بەهۆی برینی خەرجیە سیادیو حاکیمەکانی عێراق کە لەبودجەی گشتی عێراق دەبڕدرێتو پاشان بودجەکە دابەشدەکرێت بۆیە لەدوای ساڵی ٢٠٠٩ وە پشکی هەرێمی کوردستان لەبودجەی گشتی عێراق نەگەیشتۆتە ١٧٪، بۆنمونە پشکی بودجەی هەرێم لەعێراق لەساڵی ٢٠١٢ (١٠٫٦٪) بووەو لەساڵی ٢٠١٣ (١٠٫٤٪) بووەو لەساڵی ٢٠١٤ *(١٠٫٨٪)ی کۆی بودجەی عێراقە بەڵام تا ساڵی ٢٠٠٩ ڕێژەی ١٧٪ی کۆی بودجەی گشتی عێراق دەگەیشتە هەرێم لەدوای ساڵی ٢٠٠٩ وە ڕێژەی لە١٧٪ بۆ کەمتر ١١٪ دابەزیوە کە بەپێی لێکۆڵینەوەکان ئەمە فێڵێکی حکومەتی عێراقە لەپشکی بودجەی هەرێم دەکرێت بەوپێیەی تا ئەمرۆش بەشێکی زۆری لایەنە عێراقیەکان دژی ڕێژەی ١٧٪ی بودجەی هەرێمنو پێیان وایە ژمارەی دانیشتوانی هەرێم لە١٣٪ تێپەرناکات، بەو پێیەی بەپێی پرۆژە بودجەی ٢٠١٣ ی عێراق ژمارەی دانیشتوانی عێراق بە(٣٤ ملیۆنو ٤١٠ هەزارو ٥٦٠) کەس دیاریکراوەو دانیشتوانی هەرێمی کوردستانیش بە(٤ ملیۆنو ٣٢٠ هەزارو ٦٠٤) کەس ئەژمارکراوە، هەربۆیە دیاریکردنی پشکی هەرێم دوای برینی بودجەی حاکیمەو سیادی سەرگرتنی ئەو داوایەی بەرپرسانی عێراقە کە پشکی کورد نابێت لە١٧٪ بێت.

*** ئەم بابەتە پێش کێشەکانی بودجەی ٢٠١٤ی عێراقو برینی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە نوسراوە.**

## أ- پشکی هەرێم لەبودجەی گشتی عێراق

لەساڵی ٢٠٠٤و لەسەردەمی حکومەتی ئینتیقالی بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی پشکی لە١٧٪ی بودجەی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان کراو لەو ساڵەشەوە تا ئەمرۆ ساڵانە پشکی هەرێم لەبودجەی گشتی عێراق دیاری دەکرێت، لەساڵی ٢٠٠٤ کە بودجەی گشتی عێراق (١٣ ملیار دۆلار) بووەو پشکی هەرێم (٢ ملیارو ٣٣٠ ملیۆن) دۆلار بووە، لەساڵی ٢٠٠٥ بودجەی گشتی عێراق گەیشتۆتە (١٨ ملیار) دۆلار پشکی هەرێم بووە بە (٣ ملیارو ١٢٤ ملیۆن) دۆلار لەساڵی ٢٠١٠ دا بوجەی گشتی عێراق گەیشتۆە (٧٢ ملیارو ٤٠٠ملیۆن دۆلار)و پشکی هەرێم بووە بە (١٢ملیارو ٤٨٠ ملیۆن دۆلار) بودجەی ٢٠١١ی عێراق گەیشتۆتە (٨٦ ملیارو ٤٠٠ ملیۆن دۆلار)و پشکی هەرێم بووە بە (١١ ملیار دۆلار) واتا لەماوەی ٧ ساڵدا بودجەی گشتی عێراق بەرێژەی (٦٠٠٪) زیادی کردووە.

بودجەی گشتی عێراق لە٢٠١٢ دا (١١٧ ترلیۆنو ٩٤٨ ملیارو ٣٩ ملیۆن) دیناربووە، پشکی هەرێمی کوردستان (١٢ ترلیۆنو ٦٠٠ ملیارو ٥٩٨ ملیۆن) دیناربووە بەرێژەی (١٠٫٦٪) هاوکات بودجەی گشتی عێراق لە٢٠١٣ دا (١٣٨ ترلیۆنو ٨٢٤ ملیارو ٦٠٨ ملیۆن) دینار بووەو پشکی هەرێمی کوردستان (١٤ ترلیۆنو ٤٠٦ ملیارو ٧٣٥ ملیۆن دینار) بوو بەرێژەی (١٠٫٤٪).

لەم خشتەیەدا بودجەی گشتی عێراقو پشکی هەرێم لەبودجەی عێراق خراوەتە روو بە دۆلار لەبەر ئەوەی لەسەرەتادا بودجە بە دۆلار بوو بۆیە سەرجەم ساڵەکانی ترمان کرد بە دۆلار.

## بودجەی گشتی عێراق و پشکی هەرێم تیایدا لە 2004تا 2014

| ساڵ | بودجەی گشتی عێراق | ١٧٪ی پشکی هەرێم | ڕێژەی هەرێم |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٤ | ١٣ ملیار دۆلار | ٢ ملیارو ٣٣٠ ملیۆن دۆلار | ٪١٧,٩ |
| ٢٠٠٥ | ١٨ ملیار دۆلار | ٣ ملیارو ١٢٤ ملیۆن دۆلار | ٪١٧,٤ |
| ٢٠٠٦ | ٢٠ ملیار دۆلار | ٣ ملیار و ٥٦٠ ملیۆن دۆلار | ٪١٧,٨ |
| ٢٠٠٧ | ٤١ ملیار دۆلار | ٦ ملیار و ٥٣٩ ملیۆن دۆلار | ٪١٦ |
| ٢٠٠٨ | ٤٨ ملیار دۆلار | ٨ملیارو ٢٥٨ ملیۆن دۆلار | ٪١٧,٢ |
| ٢٠٠٩ | ٥٨ ملیار دۆلار | ٩ملیار دۆلار | ٪١٥,٥ |
| ٢٠١٠ | ٧٢ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دۆلار | ١٠ ملیارو ٤٠٠ ملیۆن دۆلار | ٪١٤,٤ |
| ٢٠١١ | ٨٦ ملیارو ٤٠٠ ملیۆن دۆلار | ٩ ملیارو ١٦٦ ملیۆن دۆلار | ٪١٠,٦ |
| ٢٠١٢ | ٩٨ ملیارو ٢٩٠ ملیۆن دۆلار | ١٠ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلار | ٪١٠,٦ |
| ٢٠١٣ | ١١٥ ملیارو ٦٨٧ ملیۆن دۆلار | ١٢ ملیار دۆلار | ٪١٠,٤ |
| ٢٠١٤ | ١٤٥ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلار | ١٥ ملیارو ٦٩٦ ملیۆن دۆلار | ٪١٠,٨ |
| کۆی گشتی | ٧١٦ ملیارو ٢٧٧ ملیۆن دۆلار | ٩٠ ملیارو ٥٧٣ ملیۆن دۆلار | |

تا ساڵی ٢٠٠٩ پشکی هەرێمی کوردستان بەرێژەی ١٧٪ دەگەیشتە هەرێمی کوردستان بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠٠٩ وە حکومەتی عێراق دوای دەرکردنی بودجەی سـیادیو حاکیمە لەبودجەی گشـتی عێراق ئینجا پشـکی ١٧٪ ی بۆ هەرێم دیاریدەکرد بۆیە بودجەی هەرێم لەئێسـتادا بۆ کەمتر لـە١١٪ دابەزیوە، بودجەی سـیادی لەبودجەی هەرسـێ سـەرۆکایەتیەکە پێکدێت (سەرۆك کۆمار، سـەرۆك وەزیران، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران) چەند پۆستێکی سیادی دیکە، بەڵام پشـکی بودجەی حاکیمە لە(فۆرمی خۆراك، خەرجیەکانی هەلبژاردن، خەرجیەکانی هێنانی وزە، خەرجیەکانی ساڵنامەی مولکداری، خەرجیەکانی سوتەمەنی بەرهەمهینانی کارەبا، دەرمان، کرینی گەنمو جۆ، دەستەی حەجو عەمرە) پێك دێت.


## خەرجییەکانی حاکیمە لە عێراق و هەرێمدا 2013

| ژ | ناونیشان | دیاریکراو بۆ ساڵی ٢٠١٣ | پشکی هەرێمی کوردستان |
|---|---|---|---|
| ١ | فۆرمی خۆراك (رێسای دابەشکردنی گشتی) | ٤،٩١٦،٧٥٠ | ٨٣٥،٨٤٧ |
| ٢ | خەرجییەکانی هەڵبژاردن | ٣٧٠،٣٤٩ | ٦٢،٩٥٩ |
| ٣ | خەرجییەکانی هێنانی وزەی کارەبا | ١،١٥٠،٠٠٠ | ١٩٥،٥٠٠ |
| ٤ | خەرجییەکانی سکاڵانامەی موڵکداری | ١٠٠،٠٠٠ | ١٧،٠٠٠ |
| ٥ | خەرجییەکانی سوتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا | ٦٢٩،٩٩٥ | ١٠٧،٠٩٩ |
| ٦ | دەرمان | ١،٥٥٠،٨٥٠ | ٢٦٣،٦٤٤ |
| ٧ | کڕینی گەنمو چەڵتوکی جوتیاران | ١،٣٦٠،٠٠٠ | ٢٣١،٢٠٠ |
| ٨ | دەستەی حەجو عەمرە | ٢٤،٠٠٠ | ٤،٠٨٠ |
| ٩ | کۆی گشتی | ١٠،١٠١،٩٤٤ | ١،٧١٧،٣٣٠ |

## ب- بودجەی گشتی عێراق ٢٠١٤

ساڵ لەدوای ساڵ بودجەی گشتی عێراق بەرێژەیەکی بەرچاو زیاد دەکات بۆ جۆرێك بەبەراورد بە بودجەی ٢٠١٣ بودجەی ٢٠١٤ی عێـــراق (٣٦ ترلیۆن دینار) زیادی کردووە، بـــەو پێیەی بودجەی گشـــتی عێراق بۆ ســـاڵی ٢٠١٤ بڕەی (١٧٤ ترلیۆن‌و ٦٤٩ ملیارو ١٤٤ملیۆن‌و٧٧٤هەزار) دینارە، کە دەکاتە (١٤٥ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلار) کە وەزارەتی دارایی عێراق نرخی دۆلاری بە (١٢٠٠) دینار دیاریکردووە، بودجەی عێراق دابەشـــکراوە بەم شێوەیە بودجەی دانراوە لەســـەر بەرمیلی بـــە ٩٠ دۆلار بەجۆرێك ڕۆژی ٣ ملیۆن‌و ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە هەناردەدەکات.

لەئێستادا حکومەتی عێراق پشکی وەزارەتەکانی لەبودجەی گشتی عێـــراق دیاریکردووە، بەجۆرێك، ٦٤ ترلیۆن دینار بۆ وەبەرهێنارن تەرخانکراوە، ٢٧ ترلیۆن دینار بۆ نەوت، ١٦ ترلیۆن‌و ٥٠٠ ملیار دینار بۆ ئاساییش تەرخانکراوە کە بۆ وەزارەتی ناوخۆ (٥ ترلیۆن‌و ٥٠٠ ملیار دینار) و(٦ ترلیۆن) بۆ وەزارەتی بەرگری‌و ٣٠٢ ملیار دینار بۆ ئاساییش تەرخانکراوە، هەروەها ١١ ترلیۆن دینار بۆ کارەباو ٧ملیارو ٥ ملیۆن دینار بۆ بازرگانی تەرخانکراوە، بەجۆرێك ٥ ترلیۆن‌و ٥٠٠ ملیار دینار بـــۆ کۆبوونی خۆراك‌و ٢ ترلیۆن دینار بۆ بازرگانی، ٥ ترلیۆن‌و ٥٠٠ ملیار دینار بۆ نەفەقاتی سەرۆکایەتیەکان بەجۆرێك (٤ ترلیـــۆن‌و ٢٩٠ ملیار دینار بۆ ئەنجومەنی وەزیران‌و ٣٨٠ ملیار دینار بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی‌و ٩٩ ملیار دینار بۆ سەرۆکایەتی کۆمار)، ٣ ترلیۆن دینار بۆ کشتوکاڵ،٣ ترلیۆن دینار بۆ موچەی نوێ،٢ ترلیۆن دینار بۆ پیشەسازی، ٢ ترلیۆن دینار بۆ ئاوەدانکردنەوە.


پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق 2014
هەرێمی کوردستان
%10.8
عێراق
%89.2

## ج- بودجەی گشتی هەرێم

بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان لەپشکی هەرێمی کوردستان لەبودجەی گشتی عێراق لەگەڵ داهاتی ناوخۆیی پێکدێت، پشکی هەرێم لەبودجەی عێراق لەساڵی ٢٠١٤ برەکەی (١٨ ترلیۆن‌و ٨٣٦ ملیارو ١٢١ ملیۆن‌و ٤٢١ هەزار)دینارە، کە دەکاتە(١٠٫٨٪)ی کۆی گشتی بودجەی عێراق، ئەویش دوای دەرکردنی بودجەی سیادی‌و حاکیمە، بەبەراورد بە بودجـــەی ٢٠١٣ کە برەکەی (١٦ ترلیۆن‌و ٩٤٢ ملیارو ٧٤٩ ملیۆن دینار) بووە بودجەی ٢٠١٤ هەرێم لەبەغداد (٢ ترلیۆن دینار) زیادی کردووەو بەبەراورد بە بودجەی ٢٠١٢ کە برەکـــەی(١٢ ترلیۆن‌و ٦٠٠ ملیـــارو ٥٩٨ ملیۆن) دینارە زیاتر لە(٦ ترلیۆن دینار) زیادی کردووە واتا پشکی هەرێم لەبەغدادا لەماوەی تەنها ٢ ساڵدا زیاتر لە(٥ ملیار دۆلار) زیادیکردووە.

لەهەرێمی کوردســـتان بودجەی گشتی دابەشـــدەکرێت بەسەر خەرجییەکانی بەکاربـــردن‌و خەرجییەکانـــی وەبەرهێنان بۆنمونە لەبودجـــەی گشـــتی ٢٠١٣ی هەرێمـــی کوردســـتاندا لەکـــۆی (١٦ترلیۆن‌و٩٤٢ ملیارو٧٤٩ ملیۆن) دینارە. لەو ڕێژەیەش بڕی (١١ ترلیۆن‌و ٦٠٨ ملیارو ٩٥٨ ملیۆن) دینار بۆ خەرجییەکانی بەکاربردن تەرخانکراوەو بەرێژەی (٦٨٫٥٢٪)و بـــڕی (٥ترلیۆن‌و ٣٣٣ ملیارو ٧٩١) دیناریش بۆ خەرجیی پرۆژەکانی وەبەرهێنان تەرخانکراوەبە ڕێژەی (٣١٫٤٨٪) بۆ ساڵی ٢٠١٢ بودجەی گشتی هەرێم بەرێژەی (٧٠٫٥٪)ی بۆ خەرجیەکانی بەکاربردن‌و (٢٩٫٥٪) ی بۆ خەرجیەکانی وەبەرهێنان تەرخانکراوە.

## بودجەی گشتی هەرێم 2012- 2013

| هەرێمی کوردستان | بودجەی گشتی ٢٠١٢ | | بودجەی گشتی ٢٠١٣ | |
|---|---|---|---|---|
| بودجەی گشتی | ١٥,٢٤٥,٧٩٢٠٠٠٠٠٠ | ٪١٠٠ | ١٦,٩٤٢,٧٤٩٠٠٠٠٠٠ | ٪١٠٠ |
| خەرجییەکانی بەکاربردن | ١٠,٧٤٥,٧٩٧٠٠٠٠٠٠ | ٧٠,٥ | ١١,٦٠٨,٩٥٨٠٠٠٠٠٠ | ٪٦٨,٥٢ |
| خەرجییەکانی وەبەرهێنان | ٤,٥٠٠,٠٠٠٠٠٠٠٠٠ | ٪٢٩,٥ | ٥,٣٣,٧٩١٠٠٠٠٠٠ | ٪٣١,٤٨ |

## د- داهاتی هەرێمی كوردستان

لەگەڵ ئـــەوەی پێش رزگاركردنی عێراق لەســـاڵی ٢٠٠٣ هەرێمی كوردســـتان پشـــتی بە داهاتی ناوخۆییو خاڵە سنوریەكانی دەبەست بودجەی بەكاربردنو وەبەرهێنانیشـــی پێ دابین دەكرد بەڵام لەدوای پشـــكی لە١٧٪ی هەرێمەوە داهاتەكانی هەرێم بەشـــێوەیەكی بەرچاو رووی لەكەمی كردووە، بەجۆرێك داهاتی ٢٠١٢ ی ناوخۆی هەرێمی كوردســـتان (٢ ترلیـــۆنو ٣٣١ ملیار دینار) بـــەڵام داهاتی ٢٠١٣ ی ناوخۆی هەرێمی كوردســـتان بووە بە (٦٥١ ملیارو ١١٤ ملیۆن دینار) واتا لەنێوان ساڵی ٢٠١٢ بۆ ٢٠١٣ داهاتی ناوخۆی هەرێمی كوردستان چوارجار كەمی كردووە، كە دەبێت حكومەت پلانی هەبێتو ســـاڵ بەساڵ داهاتەكەی زیاد بكات بەڵام لەبری زیادكردن چوارقات كەمی كردووە.

ئەو داهاتەی كە خەملێنراوەو دیاری كراوە بۆ ساڵی ٢٠١٣ كە برەكەی (٦٥١ ملیارو ١١٤ ملیۆن دینار)ە لەئاســـتی ئەو جموجوڵە بازرگانیەی هەرێمی كوردســـتاندا نیە لەگەڵ وڵاتانـــی دەرەوەدا بەوەی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی كوردستان لەگەڵ دەرەوەدا كە نزیكەی (٣٠ ملیار) دۆلارە، بۆ نمونە: لەگەڵ توركیادا گەشـــتووەتە (١٢ ملیار دۆلارووو لەگـــەڵ ئێران (٧ ملیار)و ئەگەر كۆی گشـــتی وەربگرین بە وڵاتانی دیكەشەوە لە٣٠ ملیار دۆلار نزیك بووەتەوە، لەكاتێكدا داهاتی ناوخۆ ناگاتە یەك ملیار دۆلار، ئەمە لەكاتێكدایە هەرێمی كوردســـتان لەچەندین رووەوە سەرچاوەی داهاتە بە نمونە داهاتی خاڵە سنوریەكان داهاتی ناردنەدەرەوەی نەوتو وەزارەتی سامانە سروشتیەكان داهاتی گەشتوگوزار داهاتی ئۆتۆمبیلو دەیان سەرچاوەی تری داهات.

## و- بەفیرۆدان لەبودجەدا

لەگەڵ ئەو بودجە زەبەلاحەی کە ساڵانە دێتە هەرێمی کوردستانو لەبەردەستی حکومەتی هەرێمدایە بەڵام بەشی زۆری ئەو بودجەیە بەفیرۆ دەدرێتو لەبواری ناپێویستدا تەرخاندەکرێت، کە دەبێت بەبەشداریکردنی ئۆپۆزسیۆن لەکابینەی نوێی حکومەتدا بەشێکی زۆری ئەو خەرجیە ناپێویستیانە کەمبکرێتەوەو لەپرۆژەی ستارتیژیدا خەرج بکرێت:

١- ئاهەنگ گێڕان: لەبودجەی گشتی ٢٠١٣ی هەرێمی کوردستاندا بـــڕی(٥ ملیارو ٧٦٧ ملیۆن)دینار تەرخانکراوە بۆ ئاهەنگگێران، کە ئەگەر هەر ئاهەنگێك ١٠ ملیۆنی دیناری تێبچێ بەشی نزیکەی ٦٠٠ ئاهەنگ دەکات، ئەمە لەکاتێکدایە کە لەشـــەش مانگی یەکەمی ٢٠١٢ بری تەنهـــا (یەك ملیارو ٦٤١ ملیۆن دینـــار) خەرجکراوە، واتا ســـاڵ دوای ساڵ بودجەی تەرخانکراو بۆ ئاهەنگ گێڕان زیاد دەکات کە خەرجی ناپێویستەو دەچێتە چوارچێوەی بەفیرۆدانەوە.

٢- بۆ ئیشـــتیراکی رۆژنامە: حکومەتی هەرێمی کوردستان بری (٢ ملیارو ٤٣٠ ملیۆن) دیناری بۆ ئیشتراکی رۆژنامە تەرخانکردووە کە دەکاتە زیاتر لە(٢ ملیۆن دۆلار) واتا (٢٠٠) دەفتەر دۆلار، کە هەموشـــی بۆ رۆژنامە حیزبیەکانە، خۆ ئەگەر هەر رۆژنامەیەکی بە (هەزار) دیناریش بکرێت بەشـــی (٢ ملیۆنو ٤٣٠ هەزار) رۆژنامە دەکات، بەجۆرێك لەساڵی ٢٠١٢ دا بری (یەك ملیارو ٦٧٥ ملیۆن) دینار تەرخانکراوە بۆ ئیشتراکی رۆژنامە واتا بودجەی تەرخانکراو بۆ ئیشتراکی رۆژنامە لەساڵی ٢٠١٣ دوو هێندە زیادی کردووە.

هاوکات سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بری (٢٠٠ ملیۆن) دیناری بۆ ئیشتراکی رۆژنامە تەرخانکردووەکە ئەگەر هەر رۆژنامەیەکی بە (هەزار) دینار کری بێت لەو ساڵەدا (٢٠٠ هەزار) رۆژنامەی کریوە.

**٣-** کرێی پەیوەندی تەلەفۆنی: لەبودجەی ٢٠١٣ بری (٧ ملیارو ٦٤٤ ملیۆن) دیناری بۆ کرێی پەیوەندی تەلەفۆنی تەرخانکردووە، کە بەشی زۆری بۆ پەیوەندی بەرپرسانە خۆ ئەگەر ئەو پارەیە بکرێتە کارتی (١٠هەزار) دیناری بەشی (٧٦٤ هەزارو ٤٠٠ کارت) دەکات، ئەمە لەکاتێکدایە کە لەشەش مانگی یەکەمی ٢٠١٢ دا (٢ ملیارو ٦٥٧ ملیۆن) دیناری بۆ خەرجکراوە، واتا بری بودجەی تەرخانکراو بۆ کرێی پەیوەندیو مۆبایلو تەلفۆن ٣ هێندە زیادی کردووە.

**٤-** کرێی بینا: حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبودجەی ٢٠١٣ دا بری(٥٨ ملیارو ١١٧ ملیۆن) دیناری بۆ کرێی بینا تەرخانکردووە خۆ ئەگەر کرێی هەر بینایەك بە (٣ ملیۆن) دیناریش بێت ئەوا بەشی (١٩ هەزار) بینا دەکات کە چاوەروان ناکرێت (١٩ هەزار) بینای حکومی هەبێت لەهەرێمی کوردستان، هەرچەندە لەبودجەی ٢٠١٢ بۆ کرێی بینا (٣٣ ملیارو ١٥٨ ملیۆن) دینار تەرخانکراوە، کە لەبودجەی ٢٠١٣ دا بودجەکە نزیکەی دوو هێندە زیادی کردووە، واتا ساڵانە کرێی بینای حکومی زیاد دەکات خۆ ئەگەر ئەو پارەیەی بۆ کرێی بینا تەرخاندەکرێت دەتوانرێت ساڵانە زیاتر لە(٢٥٠) بینای حکومی پێدرووست بکرێت.

٥- کڕینـــی ئۆتۆمبێل: لەبودجـــەی ٢٠١٣ دا حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بری (٥١ملیارو ١٣٤ ملیۆن) دینار بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل تەرخانکردووە، خۆ ئەگەر هەر ئۆتۆمبیلەی بە (٥ دەفتەر دۆلاریش) بکرێت بەشـــی زیاتر لە(هەزار) ئۆتۆمبیلـــی گرانبەها دەکات، کە ســـاڵانە ئەو بودجەیەی بۆ تەرخاندەکرێتو زیادیش دەکرێت بەو پێیەی لەســـاڵی ٢٠١٠دا (٥٤ ملیـــارو ٣٦٤ ملیۆن) دینار بۆ کرینی ئۆتۆمبیل تەرخانکراوەو لەســـاڵی ٢٠١١دا (٢٧ ملیارو ٤٦٣ ملیۆن) دینارو لەساڵی ٢٠١٢دا (٣١ ملیارو ٢١٨ ملیۆن) دینار واتا لەماوەی تەنها ٤ ساڵدا بری(١٦٤ ملیارو ١٧٩ ملیۆن)دینار بۆ کرینی ئۆتۆمبیل تەرخانکراوە، ئەمە ســـەرەرای ئەوەی لەبودجـــەی ٢٠١٣ دا بری زیاتر لە(٦٠ ملیار) دینار بۆ ســـوتەمەنی کارپێکردنی ئۆتۆمبیلەکان تەرخانکراوە کە بەشـــی زۆری بۆ ئۆتۆمبیلی بەرپرسەکانە، لەگەڵ ئەوەی بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبیل لەبودجەی ٢٠١٣ بری (٣٢ملیارو ٣٥٦)ملیۆن دینار تەرخانکراوە، واتا لەساڵی ٢٠١٣ بری (١٤٣ ملیار دینار) بۆ کرینو چاککردنو سوتەمەنی ئۆتۆمبیل تەرخانکراوە خۆ ئەگەر ئـــەو پارەیە بۆ دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکان تەرخانبکرێتو هەریەکەیان بری (٥٠٠ هەزار دینار) یشیان پێبدرێت، بەشـــی دامەزراندنی (٢٨٦ هەزار) دەرچووی زانکۆو پەیمانگاکان دەکات.

ئـــەم دۆخەی بودجەی هەرێـــم لەكاتێكدایە كـــە وەك لەپرۆژە بودجـــەی ٢٠١٣ دا ئاماژەی پێكراوە (٦ هەزارو ٦٦٧) شـــارەزاو (هـــەزارو ١٦٢) كـــەس بەپلیە راوێژكار موچـــە وەردەگرن، واتا نزیكەی (٨ هەزار) راوێژكارو شـــارەزا لەحكومەتی هەرێم موچە وەردەگـــرن‌و بری ئەو بودجەیەی بۆیان تەرخان كراوە لەبودجەی ســـاڵی (٢٠١٣)شـــدا (٢ ترلیۆن‌و (٦٧٩) ملیار دینار خەملێندراوەو داهاتی دەروازە ســـنورییەكانیش كە بۆ بەغداد نێردراوە بە (٤٥٠) ملیار دینار دانراوە.

بەڵام لەبودجەی ٢٠١٤ی هەرێمی كوردســـتان پێویســـتە هەموو ئەو كەم‌و كوری بەفیرۆدانانە نەهێڵدرێت بەو پێیەی لەچوار ســـاڵی رابـــردوودا ئۆپۆزســـیۆن بەگەرمی‌و گـــوری زۆرەوە گفتوگۆی بودجەیـــان كـــردووەو رەخنەی زۆریان لەســـەری هەبـــووەو بە بەشداری ئۆپۆزسیۆن لەحكومەتدا دەبێت ئەو كەلێن‌و كەموكوری بەفیرۆدانانەی بودجە نەهێڵدرێت‌و ئەگەر لەچوار ســـاڵی رابردوودا لەپەرلەمان شـــەری بودجەكرابێت ئەوا لەداهاتوودا دەبێت شەڕەكە پێش پەرلەمان بێت‌و ئۆپۆزســـیۆن ئەو شەڕە بەرێتە ناو ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

***گۆڤاری سپی میدیا ژمارە (٩) بەرواری ٢٠١٣/١٢/١٠، لاپەرە ٣٤.**


# ١-١-٢

# بودجە لەبەردەم ویژدانی پەرلەماندا

بە لێکدانەوەو راڤەکردنی سەرپێی بۆ بودجەی گشتی ٢٠١٣ی هەرێمی کوردستان بۆمان دەردەکەوێت سەرەرای تەخشانو پەخشانێکی زۆر لەهەمانکاتدا بۆدجەیەکی زۆر بۆ خەرجی ناپێویستدا تەرخانکراوەو بێپلانیەکی زۆر بە پرۆژە بودجەکەوە دیارە بە جۆرێك هاوسەنگی نیە لەنێوان تەرخانکردنی بودجە بۆ کەرتو سێکتەرە جیاوازەکان ئەمەش لەکاتێکدایە کە لەپرۆژە بودجەی ٢٠١٣ دا (٦٦٦٧) کەس بە پلەی شارەزاو (١١٦٢) کەس بە پلەی راوێژکار موچە وەردەگرن.

بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان کە برەکەی (١٦ تۆلیۆنو ٩٤٢ ملیارو ٧٤٩ ملیۆن دینارە) رێژەی لە(٩٦٪) ی لەبودجەی عێراقەوە دێتو برەکەی (١٤ ترلیۆنو ٤٠٦ ملیارو ٧٣٥ ملیۆن دینارە) کە رێژەی لە(١٠،٤٪) ە هەرچەندە بریارە لە١٧٪ پشکی کوردە لەعێراق بەڵام بەهۆی برینی بودجەی خەرجیەکانی سیادیو حاکیمەوە بۆدجەی هەرێم بەو رێژەیە دەگاتە هەرێم، هەرچەندە کە تەنها برینی بودجەی حاکیمە کە بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت (١ ترلیۆنو ٧١٧ ملیارو ٣٠٣ ملیۆن دینارە)، ئەمە لەکاتێکدایە کە بودجەیی گشتی هەرێم لە٤٪ پشت بە داهاتی ناوخۆی دەبەستێت، لەکاتێکدا پێش پرۆسەی ئازادی عێراق لە٢٠٠٣ دا داهاتی ناوخۆی هەرێمی

کوردستان تەواوی بودجەی هەرێمی پێکدەهێنا، لەپرۆژە بودجەی ٢٠١٣ دا بەتـــەواوی داهاتی خەملێنراوی هەرێم کەمی کردووە بەو پێیەی داهاتی ناوخۆی هەرێم لەبودجەی ٢٠١٢ دا (٢ ترلیۆن و ٣٣١ ملیار دینار بووە) بـــەڵام لەبودجەی خەملێنراوی ٢٠١٣ دا بڕەکەی کەمبۆتـــەوە بۆ (٦٥١ ملیارو ١١٤ ملیۆن دینار) واتا داهاتی ناوخۆی هەرێم لە٢٠١٢ دا چوار جار بەقەد داهاتی ناوخۆی ٢٠١٣ یە.



## أ- تەخشانو پەخشانکردنی بودجە

هەر دەسەڵاتو حکومەتێك خاوەنی ئەو بودجە زەبەلاحەبێت کە بۆ هەرێمێکی بچوکی وەك کوردستان کە بەپێی پرۆژە بودجەی عێراق، لەکۆی (٣٤ ملیۆنو ٤١٠ هەزار) دانیشتوانی عێراق هەرێمی کوردستان (٤ ملیۆنو ٣٢٠ هەزارو ٦٠٤) کەسە ئەوا دەیکردە وڵاتێکی پێشکەوتووی گەشەسەندوو، کە هەرتاکێکی هەرێم لەبودجەدا بری (٣ملیۆنو ٩٢١ هەزار دیناری) بەردەکەوێت، واتا بۆ خێزانێکی ٤ کەسی (١٥ ملیۆنو ٦٨٥ هەزار) دیناری بەردەکەوێت کە زیاتر لە١٣ هەزار دۆلار دەکات.

بەڵام بەشی زۆری بودجە کە لەسەر ژمارەی دانیشتوان دیاری کراوەو حەقی تاك بەتاکی کۆمەڵگەیە، بەبێ ڕەچاوکردنی ژیانو گوزەرانی هاوڵاتیان تەخشانو پەخشان دەکرێت.

لەبودجەی ٢٠١٣ دا بڕی (٦٧١ ملیارو ٨٣٣ ملیۆن) دینار تەرخانکراوە بۆ بەخشین، کە بەهەدەردانێکی گەورەیە لەبودجەی گشتیدا، بەو پێوە دانگەی ئەو بودجەیەی کە تەنها بۆ بەخشین تەرخان کراوە، بەشی موچەی زیاتر لە(یەك ملیۆنو ٣٤٣ هەزار) فەرمانبەر دەکات کە هەریەکێکیان بری موچەکەی (٥٠٠) هەزار دینار بێت، هاوکات بەشی درووستکردنی (٦٠٠) قوتابخانەی ١٨ پۆلی نموونەیی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت ٢ وێستگەی کارەبایی (٥٠٠) مێگاواتی پێدابمەزرێت، کە لەئێستادا بە (٧٠٠) مێگاوات کارەبای هەرێمی کوردستان چارەسەر دەبێت.. ئەمە سەررای ئەوەی بری (٥١٤ ملیارو ٥٩٣ ملیۆن دینار) بەناوی بەخشینو تەحویلاتی دیکەوە تەرخانکراوە، واتا نزیکەی یەك

ترلیۆن دینار تەنها بۆ بەخشـــین تەرخانکـــراوە، بەبێ ئەوەی هیچ لەبژێوی‌و گوزەرانی هاوڵاتیان بگۆڕێت.

لەلایەکی ترەوە بەشێکی زۆری بودجە بۆ تەبەروعات تەرخانکراوە بۆ نمونە پەرلەمانی کوردســـتان بـــری ٨٠٠ دەفتەر دۆلار تەرخان دەکات بۆتەبەروعـــات، کە ئەگەر هـــەر ماڵێکی هەژار بری ٢٠٠ دۆلاریشـــی بدەیتی بەشـــی ٤٠ هەزار خانەوادەی هەژار دەکات، هەروەها سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ١٥ ملیار بۆ تەبەروعات‌و دەزگای ئاسایش ٨ ملیار دینارو وەزارەتی پێشمەرگە ٥ ملیار دینار بۆ تەبەروعات تەرخان دەکەن، هەموو ئەو بودجەیەی کە بۆ تەبەروعات تەرخانکراوە بەشی درووستکردنی نزیکەی ٥٠ قوتابخانەی نمونەیی دەکات لەکاتێکدا لەئێستادا بەشی زۆری قوتابخانەکانی کوردستان کۆنن‌و یاخود دوو دەوام‌و سێ دەوامین.

حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتان بەشـــی زۆری بودجەی بۆ خەرجی ناپێویســـت تەرخانکردووە، تەنها بۆ ئیشتراکی رۆژنامەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردســـتان بری ٢٠٠ ملیۆن دینار تەرخان کـــراوە واتا بـــری ٢٠ دەفتەر دۆلار، ئەگەر هـــەر رۆژنامەیەك بە هەزار دینار بکریت ئەوا بەشی کرینی ٢٠٠ هەزار رۆژنامە دەکات، لەلایەکی ترەوە ناروونی‌و شـــەفافی لەپرۆژە بودجەی ٢٠١٣ دایە بۆ نمونە لەپرۆژە بودجەکەدا ژمارەی فەرمانبەرانی ســـەرۆکایەتی هەرێم کەمی کـــردووەو بەڵام بودجەی دیاریکـــراو بۆ موچەی فەرمانبەرانی ســـەرۆکایەتی هەرێم زیادی کردووە، لەساڵی ٢٠١٢ ژمارەی فەرمانبەرانی ســـەرۆکایەتی هەرێـــم (٦٠٤)فەرمانبەر بووە بەڵام لەســـاڵی ٢٠١٣ ژمارەی فەرمانبەرانی کەم دەبێتەوە بۆ (٣٠٨) واتـــا (٢٢٤) فەرمانبەری دیار نیەو بەرێژەی (٣٨٪) ی فەرمانبەرانی

کەمی کردووە، بەڵام بودجەی تەرخانکراو بۆ موچەی فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی هەرێم ٧٨٠ ملیۆن دینار زیادی کردووە، بەو پێیەی لەساڵی ٢٠١٢ بودجە بۆ موچەی فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی هەرێم ٨ ملیار دینار بووە بەڵام لەساڵی ٢٠١٣ بودجەی دیاریکراو بۆ موچەی فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی هەرێم ٨ ملیارو ٧٨٠ ملیۆن دینار بووە.

## ب- زیادبوونی خەرجیە ناپێویستیەکان

سەرەرای ئەو ژمارە زۆرە لەراوێژکارو شارەزا بەڵام ناهاوسەنگیەکی زۆر لەتەرخانکردنی بودجەدا هەیە، تەرخانکردنی بودجە بۆ سێکتەرە جیاوازەکان بەشێوەیەکی بەرچاو رووی لەزیاد بوونکردووە بە جۆرێك لەهەندێك بواردا لە١٠٠٪ زیادی کردووە، بۆ نمونە لەبودجەی ساڵی ٢٠١٢ دا بڕی(٢٣ ملیارو ١٢٤ ملیۆن) دینار بۆ جلو بەرگ تەرخانکرا، بەڵام بەبێ هۆکار ئەم ساڵ زیادی کردووە بۆ(٤٥ ملیارو ٦ ملیۆن) دینار، زیادبوونەکە بە نزیکەی ١٠٠٪ زیادی کردووە، ئەو برە بودجەیەی کە تەنها بۆ کرینی جلو بەرگ زیادی کردووە، بەشی موچەی (یەك ملیۆنو ٤٦٠ هەزار) کەمئەندام دەکات کە موچەکەیان لەنێوان (١٥٠ بۆ ٢٥٠ هەزار دینارە).. هاوکات لەساڵی ٢٠١٢ دا بۆ کرێی بینا (٣٣ ملیارو ١٥٨ ملیۆن دینار) تەرخانکراوە، بەڵام بەبێ هۆ ئەم ساڵ بڕی ٢٥ ملیار

دینار زیادی کردووەو تەرخانکراو بۆ کرێی بینا بووە بە(٥٨ ملیارو ١١٧ ملیـــۆن دینار)، واتا لەســـاڵی ٢٠١٣ دا ئەگەر حکومەت هەر بینایەك بە ٣ ملیۆن دیناریش بگرێت بە کرێ، ئەوا حکومەت (١٩ هەزارو ٣٧٢) بینا بەکـــرێ دەگرێت، بەو پێیەش حکومەت دەبێتە حکومەتێکی کرێیچی.

هەموو ئەو بودجانەی کە لەخەرجیە ناپێویستیەکاندا تەرخاندەکرێت بەشێکی زۆریشی بۆ بەخشینو تەبەروعاتو رابواردنی فەرمی دەیان خەرجی ناپیویســـتی دیکەدا تەرخاندەکرێـــت، ئەگەر حکومەتی هەرێم پلانو ستراتیژی هەبێت دەتوانێت تەنها بەو بودجانە کێشەی کارەبا لەهەرێمی کوردســـتان چارەســـەر بکات، کە لەئێستادا بە وتـــەی وتەبێژی وەزارەتی کارەبا بـــری (٢٨٠٠) مێگاوات کارەبا بەرهەمدەهێنریت بەڵام خواســـتی هاوڵاتیان (٣٥٠٠) مێگاواتە واتا بە بری تەنها (٧٠٠) مێگاوات دەتوانرێت کێشەی کارەبا چارەسەر بکرێـــت، هاوکات هەر وێـــستگەیەکی کارەبای (٥٠٠) مێگاواتی پێویســـتی بـــە (٣٥٠) ملیاردینـــارە، واتا بە تەنها ئـــەو بودجانەی تەرخاندەکرێن بۆ خەرجیە ناپێویستیەکان کێشەی کارەباو هاوکات کێشـــەکانی کەرتی پەروەردەشت چارەسەر دەکات، کە لەئێستادا ساڵانە پەروەردە پێویستی بە دروستکردنی (٣٠٠) قوتابخانەی نوێ هەیە، هەر قوتابخانەیەکی ١٨ پۆلی نمونەی بە (یەك ملیار) دیناریش تەواو بێت ئەوا بە نزیکەی (٣٠٠) ملیار دینار کێشەکانی پەروەردەش چارەسەر دەکرێت، کە ئەمســـاڵ ئەو بودجەیەی تەرخانکراوە بۆ بەخشـــین بڕی (٦٧١ ملیارو ٨٣٣ ملیۆن) دینارە، ئەگەر حکومەتی هەرێم بە تەنها بەو بودجەیەی بۆ بەخشین تەرخانی کردووە دەیتوانی کێشەی نیشتەجێبوونی پێ چارەسەر بکات.

بەوپێیەی ئەگەر هەر یەکەیەکی نیشـــتەجێبوون بری (٥٠ ملیۆن) دیناریشـــی بۆ تەرخان بکرێت ئەوە دەتوانرێت بەو بودجەیەی بۆ بەخشـــین تەرخانکراوە زیاتر لە(١٣ هەزار) یەکەی نیشتەجێبوونی پێدرووست بکرێت، وتا هەرساڵەی لەبری تەرخانکردنی ئەو بودجە زەبەلاحە بۆ بەخشـــین دەتوانرا ســـاڵانە زیاتر لە١٣ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون درووست بکات.

***ئەم بابەتە لەرۆژنامەی هاوڵاتیدا لەشوباتی ٢٠١٣ بڵاوبۆتەوە**


# ١ـ١ـ٣

## بودجەیەکی زەبەلاح لەدەستی دەسەڵاتێکی بێباکدا

ماوەی دوو ساڵەو لەدوای هاتنەئارای ئۆپۆزسیۆنێکی جدی لەپەرلەمانی کوردستاندا مەسەلەی بودجە بۆتە پرسێکی جدیی‌و گەرموگوڕی نەك تەنها لەناوهۆڵی پارلەمان بەڵکو شەقامی کوردیشی گرتۆتەوە، بۆیە ئەمڕۆ شرۆڤەکردنی بودجە تەنها شیکەرەوانی ئەو بوارەی سەرقاڵنەکردووە بەڵکو کەموکورپیی‌و سەیروسەمەرەکانی بودجە بۆتە بابەتی شیکاریی راپۆرتی زۆرێك لەرۆژنامەنووسان‌و پەیامنێران، بەوردبوونەوە لەپرۆژە بودجەی ٢٠١١دەردەکەوێت کەموکوڕی تێپەڕاندووەو بووە بەمەهزەلەو فەزیحەی گەورە، پرۆژە بودجەی ساڵی ٢٠١١ی هەرێمی کوردستان کە بڕەکەی ١٣ترلیۆن‌و ٩٤٠ملیار دینارەو لەبودجەی هەندێك لەوڵاتانی جیهان زیاترە کە ئێستا لەپەرلەمانی کوردستاندا لەبەردەم نەشتەری پارلەمانتاراندایە، ئەم بودجەیە لەچەندین رووەوە کەلێن‌و کەموکوڕی تێدایە، زۆر بەروونیش درك بەوەدەکرێت کەدەسەڵات دەیەوێت بەشێکی گەورەی ئەوبودجە بەناوی جیاجیاوە بۆخۆی بەرێت.

## أ- ناڕوونیی‌و بێپلانی لەدابەشکردنی بودجەدا

لەگەڵ ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٤ەوە پشکی لەسەدا ١٧٪بودجەی عێراق بۆهەرێمی کوردستانە، بەڵام ئەو بودجەیە تائەمڕۆش بەشێوەیەکی روون‌و پلانبۆداڕێژراو خەرجنەکراوە، بودجەی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٤دا بڕەکەی ٢ملیارو ٣٣٠ملیۆن دۆلاربووە، واتە بەبەراورد لەگەڵ بودجەی ئەمساڵ کە بڕەکەی ١٣ترلیۆن‌و ٩٤٠ملیار دینارە نزیکەی چوارجار کەمتر بووە، بەڵام ئاستی پێشکەوتن‌و بژێوی خەڵکی لەگەڵ ئەو بودجە زەبەلاحەدا نایەتەوەو بەبەراوورد بەبەرزبوونەوەی ئاستی ژیانی ئەو نوخبە سیاسییەی دەسەڵاتیان لەهەرێمی کوردستان قۆرخکردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەر لەساڵی ٢٠٠٤و دیاریکردنی بڕی ١٧٪ی پشکی بودجە بۆهەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان پشتی بەداهاتی ناوخۆ دەبەست‌و هیچ بودجەیەکی دیکەی نەبوو، بەڵام ئەوەی لەپرۆژەبودجەی ٢٠١١و پێشتریشدا هەیە غیابی ئەوداهاتە زۆرە ناوخۆییەیە، کە لەپرۆژە بودجەی ٢٠١١دا داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لەئاودیوکردنی نەوت‌و باج‌و گومرگ‌و داهاتی فرۆکەخانەو.. تەنها ٤٠٠ملیارو ٥٠٧ملیۆن دینار دیاریکراوە، لەکاتێکدا لەپرۆژە بودجەکە بڕی ٧٦١ملیار دینار تەنها بۆبەخشین دیاریکراوە، ئایا ئەوە جێگەی گومان نییە؟ بۆچی لەرابردوودا ئەو داهاتە ناوخۆییە بەشی مووچەو بەکاربردن‌و بەرهەمهێنانی دەکرد، ئێستا بڕەکەی نیوەی ئەو بڕەیە کە بۆبەخشین تەرخانکراوە.


پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق
بودجەی عێراق
%83
پشکی هەرێم
%17

## ب- بودجە لەنێوان بەفیڕۆدانو دزیندا

بڕیکی زۆری بودجــە بۆپرۆژەی وەهمی تەرخانکراوەو چەندین پــرۆژەش دەبینرێت کە چەند جارێك بودجــەی بۆتەرخانکراوە، لەپرۆژەبودجەی ٢٠١٠دا (١٢٧٥) پرۆژە کە بڕی نزیکەی(٦٦٠ملیار) دیناری بۆتەرخانکراوە (واتا بڕەکەی نزیکەی دوو ئەوەندەی هەموو داهاتی ناوخۆی کوردستانە) یەك دیناری لێخەرجنەکراوەو ئەمساڵیش لەپرۆژەبودجــەی ٢٠١١دا بودجەی دیکــەی بۆتەخانکراوەتەوە، بەبێئەوەی بزانرێت ئەو بودجەیەی ساڵی رابردوو بۆی تەرخانکرابوو کە هیچی لێخەرجنەکراوە بۆکوێ رۆیشــتووە؟. لەپرۆژەبودجەی ٢٠١١دا ٢٢پــرۆژەی کەرتــی تایبەت بودجــەی بۆتەرخانکراوە لەکاتێکدا ئەوبودجەیە مافی گشتییەوەو ناکرێت بۆکەرتی تایبەتو بەرژەوەنــدی تایبەت بەفیڕۆ بڕوات، هاوکات بڕی ١١٢ملیار دینار بۆکڕینو چاککردنــەوەی ئۆتۆمبیل تەرخانکــراوە، کە نزیکەی ١٠٠ملیــۆن دۆلار دەکاتو دەکاتــە یەك ملیــۆن دەفتەردۆلار، ئەوبــڕە پارەیە(٢٠٠هەزار) ئۆتۆمبێلی مۆدێل٢٠١١پێدەکردرێت کە هەریەکەیــان بە٥دەفتەر دۆلار بێت، دیاریکردنــی ئەو بڕە زۆرە بۆچاککردنــی ئۆتۆمبێل بێپلانیو تەخشــانو پەخشــانی بودجەو بۆپڕکردنی گیرفانی حیزب نییە؟

لەپــرۆژە بودجەکەدا بڕی (٢٠ملیــارو ٧٥٧ملیۆن)دینار بۆکڕینی چەكو تەقەمەنیــیو بواری چەکداری تەرخانکــراوە، لەکاتێکدا بەپێی مادەی ١١٠ی بەندی چوارەمی دەستووری عێراق دەسەڵاتی ئیمزاکردنی کڕینی چەك لەدەســەڵاتی حکومەتــی فیدراڵییدایەو

حکومەتی هەرێم بۆی نییە چەکبکڕێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە(٤٠٪) بودجەی بەکاربردن کە خۆی لە٧٠٪یە بۆوەزارەتەکانی پێشمەرگەو ناوخۆو دارایی دانراوە، تائێستاش مووچەی پێشمەرگەو پۆلیس هاوتای بەغداد نەکراوەو بەدەست کەمیی مووچەوە دەناڵێنن.

هاوکات وەزارەتی سامانەسرووشتیەکان کەوەزارەتێکی حکومەتژێنەو لەهەموو وڵاتانی دونیادا سەرچاوەی داهاتی وڵاتە سەرای ناردنەدەرەوەی ئەو هەموو تەنکەرە زۆرە بۆوڵاتانی دراوسێ، داهاتەکەی ٣٧٠ملیۆن دینارە واتا نزیکەی ٣٠دەفتەردۆلار کە پارەی درووستکردنی خانوویەکە، بەڵام ئەو بودجەیەی بۆی تەرخانکراوە(١٢ملیارو ٨١٦ملیۆن) دینارە، واتا نزیکەی ١٠ملیۆن دۆلار کە دەکاتە ١٠هەزار دەفتەر دۆلار، واتا ئەو بودجەیەی بۆی تەرخانکراوە ٣٠٠جار ئەوەندەی داهاتەکەیەتی؟ لەلایەکی تر ئەو بڕە بودجەیەی کە بۆمووچەی فەرمانبەران دیاریکراوە بەتەواوی جێگەی گومانە، چونکە ساڵی ٢٠١٠ کە ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان (٦٢٦هەزارو) ٨٤٩فەرمانبەر بووە، (٤ترلیۆن‌و ٦٠٢ملیار) دیناری بۆتەرخان کراوە، بەڵام لەساڵی ٢٠١١ژمارەی فەرمانەرانی حکومەت ٦٥٠هەزارو٨٤٩(واتا ٢٥هەزار زیادی کردووە کە بڕیارە دابمەزرێن)، بڕی ٦ ترلیۆن‌و ١٩٠ ملیار دیناری بۆتەرخانکراوە، واتابەزیادکردنی ٢٥هەزار فەرمانبەر یەك ترلیۆن‌و ٥٨٨ملیار دینار تەرخانکراوە، ئەگەر ئەو ٢٥هەزار فەرمانبەرە موچەی هەریەکەیان ٥٠٠ هەزار دیناریش بێت ١٥٠ملیار دینار دەکات واتە یەك ترلیۆن‌و ٤٣٨ملیار دینار دەمێنێتەوە!

## ج- مەهزەلەكانی بودجە

ئەگـــەر لەپرۆژەبودجەی ســـاڵی ٢٠١١ی هەرێمی كوردســـتان بڕوانیت بەئاشـــكرا ئـــەوەت بۆدەردەكەوێت دەســـەڵات هەموو هەوڵێكی بۆبردنو شـــاردنەوەی ئەو بودجەیەو بەرۆژی رووناك بودجەكەی دەباتو تەخشـــانو پەخشـــانی دەكات، بڕی ٦ملیارو ٣٩١ملیۆن دیناری بۆكرێی پەیوەندیـــی تەلەفۆنی تەرخانكردووە، كە ٦٣٩هەزارو ١٠٠كارتـــی ١٠هەزاردیناریی دەكاتو هاوكات مووچەی ٢٠٠هەزار خانەنشین دەكات كە مووچەكەیان ٣٠هەزار دینارەو بەسێ مانگ پێیاندەدرێت.

لەپرۆژەكەدا ٢٥ملیار دیناری تەرخانكراوە بۆرابواردنی فەرمی، كە نزیكەی ٢٠قوتابخانەی پێدرووستدەكرێت، بڕی ٢ملیارو ١٢٧ملیۆن دینار بۆگواســـتنەوەی مانگی دەســـتكرد دانراوە تائێستا نازانرێت حكومەت چی هەیە تا لەڕێی مانگی دەســـتكردەوە بیگوازێتەوە، بڕی ٤٢ملیار دینار تەرخانكـــراوە بۆكرێی بینا حكومییەكان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دیاریكردنی ئەو بڕە ئەوە دەردەخات كە كومەت كرێچییە، بەو بـــڕە پارەیە دەتوانرێت ســـاڵیی نزیكەی ١٥٠بینای پێبكرێت یان درووســـتیبكات كە بـــڕی هەریەكێكیان بە٣٠دەفتەر دۆلار بێت.

بڕی ٢٥ملیـــۆن دینار بۆچاككردنـــەوەی بەلـــەم تەرخانكراوە! دیاریكردنـــی بڕی ٤٨ملیۆن دینار بۆچاككردنی فڕۆكە، لەلایەكیتر بودجە بەشێوەیەك دیاریكراوە كە سەرتدەسوووڕمێت لەوەی لەلایەن كەسانی شارەزاو خوێندەوارەوە دانرابێت، بۆنموونە ١٠ملیۆن دینار

دیاریکراوە بۆدرووستکردنی هۆڵی پرسە لەچوارقورنە، ئاخر تەنانەت منالێکیش بۆی هەیە بپرسێت چۆن بە٨٠وەرەقە هۆڵێکی پرسە دروستدەکرێت، ٢٨٠ملیۆن دینار دیاریکراوە بۆکڕینی فرۆکە ئایا فرۆکە بەبڕی ٢٥دەفتەردۆلار دەکڕدرێت؟

بودجە بۆپرۆژە تەرخانکراوە کە هیچ پەیوەندیی بەووەزارەتەوە نییە کە جێبەجێیدەکات، بەنموونەی بڕی ٢ملیارو ٤٩ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆدرووستکردنی مەلەوانگەی ژنان لەقالاوەو ئابلاخو ٢٤٥ملیۆن بۆمەلەوانگەی سەنتەری رۆشنبیری ئافرەتان لەدهۆك لەبودجەی وەزارەتی ناوخۆ، مەلەوانگەی ژنان چ پەیوەندی بەوەزارەتی ناوخۆوە هەیە، بەڵام لەهەمووی مەهزەلەتر ئەوەیە کە ئەو کەموکوڕیی و کەلێنە گەورەو بێسەروبەرییەی بودجە لەکاتێکدایە کە بڕی ٦ملیارو ٥٤١ملیۆن دینار تەرخانکراوە بۆکرێی راوێژکارو شارەزا!

## د- بەخشینو هەنگاوێك بۆتەخشانکردنی بودجە

سـەرەڕای ئەو نارەزاییە زۆرەی کە لەشـەقامی کوردییدا هەیە سـەبارەت بەنادادپەروەری لەدابەشـکردنی بودجەو بەفیڕۆدانییو کەمکردنەوەی خەرجییە ناپێویستەکان، بەڵام ئەمساڵ بەپێچەوانەوە بەشـێوەیەکی بەرچاو پارەی بەخشـین زیادکـراوە، بڕی پارەی دیاریکراو بۆبەخشـین (٧٦١ملیارو ٦٤١ملیۆن) دینارە، بەڵام ساڵی رابـردوو ئەو بـڕە (٣٧٤ملیارو ٦٧٨ ملیۆن) دینـار بووە، واتا ئەو بڕەی بۆبەخشـین دیاریکراوە لەبودجـەی زۆرێك لەوەزارەتەکان زیاترە، کە بەوبڕە بودجەیە حکومەتی هەرێم دەتوانێت کێشـەی کارەبا بەتەواوی چارەسـەربکات، کێشەی نیشتەجێبوونو زۆرێك لەکێشـەکانی دیکە، بەتایبەتییش ئەمسـاڵ حکومەتی هەرێم بڕی ٢٥ملیار دینـاری بۆبێکاری تەرخانکـردووەو دەیەوێت بێکاریی چارەسـەربکات کە ئەوبڕەی بۆبەخشین تەرخانکراوە ٣٠جار لەو بڕە زیاترە کە بۆچارەسەری بێکاری دیاریکراوە.

بەخشـین ئەو بـڕە پارەیەیە کـە حکومـەت تەرخانیدەکاتو خەرجدەکرێت بەبێئەوەی بچێتە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتییەوە، لەمسـاڵدا سـەرۆکایەتی هەرێم بڕی ٧ملیارو ١٢٨ملیۆن دیناری بۆتەرخانکـراوە، ئەنجوومەنی وەزیران ملیارێكو ٢٠٨ملیۆن دینارو وەزارەتی دارایی (٦٠٣ملیارو ٤١١ملیۆن)دینارو دەستەی وەبەرهێنان (کە خۆی داواینەکردووە) پارەی بەخشـینی بۆدیاریبکرێت بڕی ١٤٩ملیۆن دیناری بۆتەرخانکراوە، سـەرەڕای ئەوەی ئەو پارەیەی بۆبەخشین تەرخانکراوە بەفیرۆدانی بودجەیە؛ لەهەمانکاتدا بۆمەبەستی

چەواشەکاریی‌و خزمخزمێنەو کەسە نزیك‌و بەرژەوەندییخوازەکان بەکاردەهێنرێت (وەك یەکێك لەئەندامانی پارلەمان لەناو هۆڵی پارلەماندا بەبەڵگەوە ئەوەی خستەڕوو کە کاربەدەستێکی حکومی لەیەك رۆژدا لەناو ئەنجوومەنی وەزیراندا بڕی ٤دەفتەر دۆلاری بەخشیوە).

بودجە لەلایەن بەرپرسانی ئەم هەرێمەوە بەمشێوەیە خەرجدەکرێت‌و رۆژانەش بەهەزاران گەنجی ئەم وڵاتە لەکووچەو کۆڵانەکان بەبێکار دەسووڕێنەوەو بەهەزاران کەسیش رۆژانە بەدوای قووتی ژیانی رۆژانەیاندا رادەکەن‌و ئەوەی دەستیشیاندەکەوێت بەشی کرێی خانووو بژێوی رۆژانەیان ناکات لەکاتێکدا ئەو بودجەیە لەسەر ژمارەی دانیشتوان دیاریکراوەو مافی تاکەتاکەی ئەم وڵاتەی بێجیاوازی پێوەیە، کە بڕەکەی نزیکەی (١٢ملیار) دینارەو بۆهەرماڵێکی چوار سەر خێزانی ساڵی نزیکەی ١٢٠وەرەقەی بەردەکەوێت، کە ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان ٤ملیۆن‌و ٦٥٠هەزار کەسە، بۆیە ئەو بودجە زەبەلاحەی هەرێمی کوردستان وەك (نەوتەکەی کەرکوك) لەبری خۆشگوزەرانی زۆرجار بووەتە بەدبەختی بۆهاوڵاتییانی بەوەی نوخەبەیەکی کەمی ئەم هەرێمە دەستیبەسەردا گرتووەو بۆبەرژەوەندی سیاسیی‌و حیزبیی خۆی بەکاریدێنێت‌و جیاوازییەکی گەورەی چینایەتی درووستکردووە، بۆیە زۆرجار بەهۆی سەرمایەی زۆرو هێزەوە دەنگی ئازادی شەقامیشی پێکپدەکات‌و بەرەو هێزێکی ستەمکارو دیکتاتۆری دەبات؟.

***لەسایتی چاوی خەڵکدا بڵاوبۆتەوە، بەرواری ٢٠١١/٦/٢**

# ١-١-٤


## پێش ساڵی ٢٠٠٣ داهاتی ناوخۆ کوردستانی دەژیاند

پرسی بڕینی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، لەئێستادا قەیرانێکی گەورەی لەهەرێمی کوردستان درووست کردووەو رۆڵی لەپەکخستنی بازارو جموجولی بازرگانیو پرۆژەکانی هەرێمی کوردستاندا درووستکردووە، ئەم پرسە بەجۆرێك ئاڵۆزێنراوە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ بەغداد بە فەرمانی نوری مالیکی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی بریوەو لەسەری ساڵی نوێی ٢٠١٤ ەوە تەنها دوو مانگ موچەی ناردووە، لەبەرامبەریشدا نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق رایگەیاندووە، شتێك نییە پێی بوترێت بڕینی موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، ئەوە بانگەشەیەکە بۆ پڕکردنو تورەکردنی خەڵك بەرز دەکرێتەوە، لەنوێترین بەیاننامەشدا وەزارەتی نەوتی عێراق دەڵێ: لێدوانی بەرپرسانی هەرێم سەبارەت بە بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم لەلایەن بەغداوە راست نییە، ئەوەی لەم نێوەندەدا بۆتە قوربانی تەنها هاوڵاتیانو موچەخۆرانە.

## أ- موچەخۆرانی کوردستان

دۆخی خراپی سیاسیو حیزباندنی دامو دەزگاکانی هەرێمی کوردستان لەسالآنی رابردوو، بەتەواوی کۆمەڵگەی کوردی کردۆتە کۆمەڵگەیەکی موچەخۆر، کە لەئێســـتادا بەشـــی زۆری هاوڵاتیانی کوردستان بژێوی ژیانیان لەســـەر ئەو موچەیەیە کە مانگانە لەحکومەتی وەردەگرن، کەم خێزان هەیە لەهەرێمی کوردستان کەسێك یان دوو کەسو زیاتریشی موچەخۆری حکومەت نەبێت، بۆیە ئەو قەیرانە کاریگەری لەسەر ژیانی تەواوی هاوڵاتیانی کوردستان درووست کردووە.

لەئێستادا لەکۆی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کە (٥ ملیۆنو ١٦٩ هەزارو ٦٤٧) کەســـە (١ ملیۆنو ٣٤١هەزارو ٥٥٨)ی موچەخۆرە واتا (٢٦٪)ی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان موچەخۆرن، لەو ژمارەیەش (٦٨٢هـــەزارو ٨٤٩) یـــان فەرمانبەرن، کە کۆی موچـــەی مانگێکی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان (٨٥٠ ملیار) دینارە، بەو پێیەش لەکۆی بوچەی هەرێمی کوردستان کە لەساڵی ٢٠١٣ دا (١٦ترلیۆنو٩٤٢ ملیار) دینـــار بووە، بڕی (١١ ترلیۆنو ٦٠٨ ملیـــار) دیناری بۆ خەرجییەکانی بەکاربـــردن تەرخانکراوەو بەڕێژەی (٦٨٪)و لـــەو بودجەیەش کە بۆ خەرجیەکانی بەکار بردن تەرخانکراوە، زیاتر لە(٦٥٪)ی بەو بودجەیە بـــۆ موچەی فەرمانبەرانە، کە دەکاتە (٧ ترلیۆنو ٥٤٥ ملیار دینار)، واتا لەکـــۆی بودجەی هەرێمی کوردســـتان (٤٤٫٥٪)ی بودجە بۆ موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردســـتانە، بەڵام بڕی (٥ ترلیۆنو ٣٣٣ ملیار) دینار بۆ خەرجیی پرۆژەکانی وەبەرهێنان تەرخانکراوە بە ڕێژەی (٣٢٪) ی کۆی بوجەی هەرێم کە لەئێســـتادا بەهۆی برینی بودجەوە لەلایەن بەغدادەوە زۆرێك لەپرۆژەکان راگیراوە.


بودجەی گشتی هەرێم 2013
16ترلیۆن و 942ملیار دینار
بودجەی بەکاربردن
11ترلیۆن و 608ملیار دینار
%68
%32
بودجەی وەبەرهێنان
5ترلیۆن و 333ملیار دینار
بودجە بۆ موچە
7ترلیۆن و 545ملیار دینار
%65
%35
بۆ پێداویستی بەکاربردن
4ترلیۆن و 63ملیار دینار

## ب- موچە لەنێوان بەغداو داهاتی ناوخۆییدا

ئەگەرچی پێش پرۆسەی ئازادی عێراق ٢٠٠٣ هەرێمی کوردستان موچەی فەرمانبەرانو پرۆژەکانیشی لەداهاتی ناوخۆیی دەدا، بەڵام لەئێستادا ئەگەر یەك مانگ حکومەتی بەغداد بودجە نەنێرێت ئەوا قەیرانی گەورە رووبەروی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، لەئێستادا بودجەی گشتی هەرێم زیاتر لە٩٦٪ی پشتی بەستووە بە بودجەی (١٧٪)ی بەغداو نزیکەی (٤٪)ی پشت بەداهاتی ناوخۆیی دەبەستێت، بەو پێیەی لەبودجەی گشتی هەرێمی کوردستان کە بری (١٦ ترلیۆنو ٩٤٢ ملیار) دینارە کۆی داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٣ تەنها (٦٥١ ملیارو ١١٤ ملیۆن) دینارە، واتا تەنها (٣،٨٪) ی کۆی بودجەی هەرێمی کوردستان پێکدێنێت، ئەمە سەرەرای ئەو هەموو داهاتە زەبەلاحەی لەناوخۆی کوردستاندا هەیە.

داهاتی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بە چەندین شێوە دەست دەکەوێت، بەڵام لەئێستادا بەشی زۆری ئەو داهاتە ونە:

## یەکەم/ داهاتی خاڵە سنوریەکان

خاڵە سنوریەکانی هەرێمی کوردستان سەرچاوەیەکی گەورەی داهاتی هەرێمی کوردستانە بەجۆرێك لەرابردوو پێش پرۆسەی ئازادی عێراق ٢٠٠٣ تەنها خاڵی گومرگی ئیبراهیم خەلیل توانای دابینکردنی موچەی تەواوی هەرێمی هەبووە، بەو پێیەی کۆی موچەی فەرمانبەرانی ئیدارەی سلێمانی لەساڵی ١٩٩٩ دا (٣٦ ملیۆن دیناری سویسری) بووە، هاوکات بەپێی نوسراوی بەڕێوەبەری بانکی سەلام داهاتی یەك رۆژی ١٩٩٩/٧/٧ی خاڵە گومرگیەکانی ئیدارەی سلێمانی، (یەك ملیۆنو ٧٤٨ هەزارو ٢٦٠ دیناری سویسری) بووە واتا بۆ ئەو کاتە دەیکردە (١٥ هەزارو ٣٢٠ دۆلار) بۆ یەك رۆژ، خۆ ئەگەر ئەو ژمارەیە وەربگرین بۆ سەرجەم رۆژەکانی دیکە ئەوا مانگێك داهاتی خاڵە گۆمرگیەکانی ئیدارەی سلێمانی، دەیکردە (٥٢ ملیۆنو ٤٤٧ هەزارو ٨٠٠ دیناری سویسری)، ئەمە تەنها داهاتی گومرگەکان جگە لەداهاتەکانی دیکە، واتا داهاتی خاڵە سنوریەکان ئەوەندەو نیوێکی موچەی فەرمانبەران بووە بۆ مانگێك.

لەئێستاشدا بە وەرگرتنی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەرەوەدا زیاتر لە(٢٠ ملیار) دۆلارە، بۆ نمونە: لەگەڵ تورکیادا گەشتووەتە (١٢ ملیار) دۆلاروو لەگەڵ ئێران (٤ ملیار)و ئەگەر کۆی گشتی وەربگرین بە وڵاتانی دیکەشەوە لە٢٠ ملیار دۆلار نزیك بووەتەوە، کە لەرێی خاڵە سنوریەکانەوەیە، خۆ ئەگەر تەنها لە(٥٪) ی ئەو پارەیە بچێتە گیرفانی حکومەتەوە ئەوا تەنها داهاتی خاڵە سنوریەکان نزیکەی (١ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلار) دەبێت.

لەئێستادا داهاتی رۆژانەی خاڵی سنوری ئیبراهیم خەلیل – تورکیا زیاترە لە(٢ ملیار دینار) واتا مانگانە (٦٠ ملیار دینار)و سالآنەش (٧٢٠ ملیار) دینارە.

خاڵی سنوری باشماخ – ئێران داهاتی رۆژانەی زیاترە لە(١ ملیار دینار)و مانگانە (٣٠ ملیار) دینارو سالآنەش (٣٦٠ ملیار) دینارە.

خاڵی سنوری حاجی ئۆمەران – ئێران داهاتی رۆژانەی ئەو مەرزە نزیکەی (١ ملیار) دینارە، مانگانە (٣٠ ملیار) دینارو سالآنەش (٣٦٠ ملیار) دینارە.

خاڵی سنوری پەروێزخان - داهاتی ئەم مەرزەش بەپێی زانیاریەکان رۆژانە نزیکەی (٩٠٠ ملیۆن دینارە)، مانگانە (٢٧ ملیار) دینارو سالآنەش (٣٢٤ ملیار) دینارە.

بەو پێیەش داهاتی رۆژێکی خاڵە سنوریەکانی هەرێمی کوردستان (٤ ملیارو ٩٠٠ ملیۆن) دینارەو بۆ مانگێك (١٤٧ ملیار دینار)و بۆ ساڵێك دەکاتە (١ ترلیۆنو ٧٦٤ ملیار) دینار.

## داهاتی خاڵە سنوریەکانی هەرێمی کوردستان

**داهاتی ساڵێکی خاڵە سنوریەکانی هەرێم ( 1ترلیۆن و 764ملیار ) دینارە**

ئیبراهیم خەلیل / داهاتی رۆژانەی 2ملیار دینار .... داهاتی ساڵانە 720ملیار دینارە

حاجی ئۆمەران / داهاتی رۆژانەی 1ملیار دینار .... داهاتی ساڵانە 360ملیار دینارە

باشماخ / داهاتی رۆژانەی 1ملیار دینار .... داهاتی ساڵانە 360ملیار دینارە

پەروێزخان / داهاتی رۆژانەی 900ملیۆن دینار .... داهاتی ساڵانە 324ملیار دینارە

ئەمە لەکاتێکدایە، کە ئەوەی وەك داهاتی خاڵەسنورییەکان خراوەتە ناو خەزێنەی گشـــتییەوە لەساڵێکدا، نزیکەی ٩٠ ملیار دینارە، ئەوە تەنهـــا لە(٥٪)ی داهاتی خاڵە ســـنوریەکانە، بەوەش دەردەکەوێت نزیکەی لە٩٥٪ی داهاتی خاڵە سنورییەکان نادیارەو کەس نازانێت بۆ کوێ دەچێت.

واتا تەنها داهاتی خاڵە ســـنورییەکانی هەرێمی کوردستان بەشی ٢ مانگی موچەی تەواوی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەکات کە بە وتەی ســـەرۆکی حکومەت موچەی مانگێکی موچەخۆران (٨٥٠ ملیار) دینارە.

## دووەم/ داهاتی وەزارەتەکان

زۆرێك لەوەزارەتە خزمەتگوزاریەکان خاوەنی داهاتێکی زۆرن کە دەتوانرێت بەشـــێکی زۆری پێداویستیە ناوخۆییەکانی هەرێمی پێ دابین بکرێتو موچەی فەرمانبەرانی وەزارەتەکەی خۆیان پێ دابین بکەن، وەزارەتی ناوخۆ کە رۆژانە داهاتێکی زۆری دێتە دەســـت ئەویـــش لەرێی غرامەی ئۆتۆمبیلو ژمارەی هێنانی ئۆتۆمبیلەوە کە بەپێی سەرچاوە نارەسمیەکان مانگانە زیاترە لە٣٥٠ ملیار دینار بەڵام لەســـاڵی ٢٠١٣ تەنها بری (٢٠٠ ملیـــارو ٥٠٨ ملیۆن دینار) دیاری کراوە.

هەروەها داه اتی ســـاڵانەی فرۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠١٣دا بە (٣٢ ملیار دینار) خەمڵێنراوە.

داهاتی وەزارەتی تەندروســـتیش بە (٨ ملیار دینار) خەڵمێندراوەو راســـتەوخۆ دەکرێتەوە بەخەرجی بۆی. هەرچی داهاتی وەزارەتی کارەبایە بە وتەی وەزیری کارەبا ساڵانە ٢٥٠ ملیار دینارە، وەزارەتی ئەوقافیش داهاتی ساڵی ٢٠٠٩ ی زیاتر لە٧ ملیار دینار بووە.
بەوەش کۆی داهاتی وەزارەتەکانی هەریم بە نزیکەی (٥٠٠ ملیار دینارە، کە بەشی موچەی ساڵێکی نزیکەی ٤ وەزارەت دەکات.

**موچەی مانگێکی فەرمانبەرانی ژمارەیەك وەزارەت**

| وەزارەت | بودجەی بەکاربردن | رێژە | بودجە بۆ موچە | موچەی مانگێك |
|---|---|---|---|---|
| داد | ٤٨٨٤٠٠٠٠٠٠٠٠ | ٪٠,٤٢ | ٣١٧٤٦٠٠٠٠٠٠ | ٢٦٤٥٥٠٠٠٠٠٠ |
| بازرگانی | ٦٦١٤٠٠٠٠٠٠٠ | ٪٠,٥٧ | ٤٢٩٩١٠٠٠٠٠٠ | ٣٥٨٢٥٨٣٣٣٣ |
| پلاندانان | ٢٤٥١١٠٠٠٠٠٠ | ٪٠,٢١ | ١٥٩٣٢١٥٠٠٠٠ | ١٣٢٧٦٧٩١٦٦ |
| ئەوقاف | ١١٨٠٢٢٠٠٠٠٠٠ | ٪١,٠٢ | ٧٦٧١٤٣٠٠٠٠٠ | ٦٣٩٢٨٥٨٣٣٣ |
| گواستنەوە | ١٢٠٠٠٥٠٠٠٠٠٠ | ٪١,٠٣ | ٧٨٠٠٣٢٥٠٠٠٠ | ٦٥٠٠٢٧٠٨٣٣ |
| رۆشنبیری | ٩١٦٦٤٠٠٠٠٠٠ | ٪٠,٧٩ | ٥٩٥٨١٦٠٠٠٠٠ | ٤٩٦٥١٣٣٣٣٣ |

## سێیەم/ داهاتی نەوت

لەگەڵ ئەوەی چەندین ساڵە نەوت بە ئاشکراو نهێنی دەنێردرێتە دەرەوەو دەفرۆشـــرێت بەڵام تا ئەمرۆش داهاتی نەوت نەبووە بە ســـەرچاوەی ســـەرەکی داهاتی هەرێمی کوردستان، سەرجەمی پارەی تەرخانکراو بۆ خەرجییەکانی ساڵی ٢٠١٣ ی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان (٥٢٧ ملیارو ٨٠٠ ملیۆن) دینار بووە، بەڵام داهاتی پێشبینکراوی بۆ بودجەی کوردســـتان (٥٥ ملیارو ١٦٦ ملیۆن) دینارە، بەمـــەش خەرجییەکانی (٩،٥) ئەوەنـــدەی داهاتەکەیەتـــی، هەرچەندە ســـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان رایگەیاند تا ئێستا ٩ ملیار دۆلار لەداهاتی نەوت دەســـتکەوتووە، بەڵام تا ئەمرۆش داهاتی نەوت بە ناروونی ماوەتەوەو داهاتی نەوت نەبوەتە سەرچاوەی سامانو داهاتی هەرێم، لەکاتێکدا بە چەندین رێگا داهاتی نەوت لەهەرێمی کوردستان دەستدەکەوت.

تـــا ئەمرۆش ناردنە دەرەوەی نەوت لەرێگەی تەنکەرەوە بەردەوامەو رۆژانـــە بە هەزاران تەنکەر نـــەوت لەرێی ئێـــرانو تورکیاوە نەوتی هەرێم هەناردە دەکەن، بەپێی خەمڵانـــدنو زانیاریەکان لەیەك رۆژدا (٣٨٤) تەنکـــەر لەکێڵگـــەی نەوتی تەقتەقەوە نەوتیـــان بردووە، هەر تەنکەرەو (٢٨)تەن بـــاردەکاتو بۆ هەرتەنێك (٣٨٥) دۆلار لەمەرزی ســـنوری وەردەگیرێت، ئەگەر لەرۆژێکدا (٣٨٤) تەنکەر لەتەنها یەك کێڵگەوە(تەقتەق) رۆشتبێت بۆ ئێرانو بڕی نەوتو نرخەکەی بەوشێوەیە بێت، گریمان، رۆژانە کەمتر لەو (٣٨٤) تەنکەرە دەربهێنرێتو (٣٠٠) تەنکـــەر بێت لەیەك کێڵگەو بە کەمتر لـــەو نرخەش بە (٣٥٠) دۆلار بفرۆشـــرێتو تەنها مەزەندەی ئەوەشـــبکەین کە هەردوو کێڵگەکەی

دیکەش (زاخۆو کۆرمۆر)، رۆژانە (٣٠٠) تەنکەریان لێ رەوانە بکرێت، ئەوا کۆی داهاتی یەك رۆژی هەر سێ کێڵگەکە دەکاتە (٨)ملیۆن‌و (٨٢٠) هەزار دۆلارو داهاتی فرۆشیش بۆ یەك مانگ لەهەر سێ کێڵگەکەدا، دەکاتە (٢٦٤) ملیۆن‌و (٦٠٠) هەزار دۆلار لەمانگێکداو لەساڵێکدا دەکاتە (٣ ملیارو ١٧٥ ملیۆن‌و ٢٠٠ دۆلار). سەبارەت بە شیرینی گرێبەستەکانی نەوتیش کە لەساڵی ٢٠٠٩ دا وەزیری سامانە سروشتیەکان وتی (٥ ملیارد دیناری) شیرینی گرێبەستە نەوتیەکان وەرگیراوە، کە ئەو کات تەنها ٢٥ گرێبەستی نەوتی هەبوو، بەڵام ئەمرۆ کە کە ژمارەی گرێبەستەکان گەیشتۆتە (٥٨) گرێبەست واتا گرێبەستەکان نزیکەی دوو ئەوەندەو نیو زیادی کردووە، بەو پێیشە دەبێت شیرینی گرێبەستە نەوتیەکان لەئێستادا نزیك بوبێتەوە لە١٢ ملیار دۆلار.

سەبارەت بە فرۆشتنی نەوتیش لەرێگەی بوریەوە کە لەئێستادا مشتومری گەورەی لێکەوتۆتەوە کە بە وتەی وەزیری وزەی تورکیا رۆژانە ١٢٠ هەزار بەرمیل رەوانە دەکرێت، ئەوا مانگانە دەکاتە (٣ ملیۆن‌و ٦٠٠ هەزار) بەرمیل‌و ساڵانە دەکاتە (٤٣ ملیۆن‌و ٨٠٠ هەزار بەرمیل) نەوت بەو پێیەش ئەگەر بە ١٠٠ دۆلاریش بفرۆشرێت ساڵانە بایی (٤ ملیارو ٣٨٠ ملیۆن دۆلار) نەوتی هەرێم لەرێگەی تورکیاوە دەفرۆشرێت.

بەپێی ئەو داهاتە ناوخۆیانەی کە دەچێتە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەگەر بە وردی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت موچەی موچەخۆران‌و پرۆژەکانی هەرێمیشی پێ دابین بکرێت.

***گۆڤاری شار ژمارە (٢٨) یەکشەممە بەرواری ٢٠١٤/٦/١٥، لاپەرە ٢٠.**

## ٥-١-١


# موچەی فەرمانبەران لەگیرفانی خۆیان دەدرێت

ئەگەرچی لەئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان رووبەرووی قەیرانی ئابوری بۆتــەوەو توانانی دابینکردنی موچەی فەرمابەرانی هەرێمی کوردستانی نییە، بەتایبەتیش لەدوای بڕینی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە، حکومەت سەرقاڵی کۆکردنەوەی داهاتە ناوخۆییەکانو زیادکردنی نرخی ســوتەمەنیو غەرامەی زیاترە تا موچــەی فەرمانبەرانی پێبدات، لەئێســتادا (١ ملیۆنو ٣٤١ هەزارو ٥٥٨) موچەخۆر هەیەو لەو ژمارە (٦٨٣ هەزارو ٨٤٩)ی فەرمانبەرەو (٦٥٨هەزارو ٧٠٩)ی موچەخۆر، کە مانگانەی پێویســتی بە (٨٥٠ ملیار دینار) هەیە.

ئەگەرچی بە دوو مانگ بۆ سێ مانگ جارێك موچە دەدرێتو کە بەشی زۆری هاوڵاتیانی کوردستان لە(٦٥٪ بۆ ٧٠٪) ی هاوڵاتیانی کوردستان بژێویان لەســەر موچەی مانگانەیانە، گرانبوونی نرخی بەنزینیش هێندەی تر باری سەرشانی هاوڵاتیانی گرانکردووە.

## یەکەم/ گرانکردنی نرخی بەنزین

لــەدوای ڕووداوەکانی داعشـــەوە، قەیرانی بەنزیـــن لەهەرێمی کوردســـتان ســـەری هەڵداو بۆ چارەســـەرکردنی ئەو قەیرانەش پەرلەمانی کوردســـتان میوانداری وەزیری ســـامانە سروشتیەکانی کردوو بڕیاردرا، نرخی لیترێك بەنزین بۆ تەکسی‌و پاس ٥٠٠ دینار بێت‌و بۆ ئۆتۆمبیلەکانی تریش ٨٠٠ دینار لەبەنزینخانەی بازرگانیش ١٢٥٠ دینار، بەڵام بەهۆی نارەزایی خەڵك‌و بەدواداچوونی لیژنەی نەوت‌و گازی پەرلەمانی کوردستان لەکۆبوونەوەی ڕۆژی ٣١ی ئابی ٢٠١٤ دا لیژنەکە لەگەڵ حکومەت نەگەیشـــتنە ئەنجام‌و حکومەت خۆی بڕیاریدا نرخی لیترێك بەنزین بۆ پاس‌و تەکسی ٥٠٠ دینارو بۆ تەواوی ئۆتۆمبیلەکانـــی دیکە ٩٠٠ دینار واتا لیتری ٤٠٠ دینار زیاتر، واتا زیادکردنەکە بەرێژەی (٤٥٪) بووە.




لەهەرێمی کوردستان کە زیاتر لە(یەك ملیۆن‌و ١٧٥ هەزارو ٩٣٧) ئۆتۆمبیل هەیەو دابەش بوون بەسەر (تایبەت ٦١٧ هەزارو ١٤١، کرێ ٨١ هەزارو ٢٦٦، بارهەڵگر ٣٠٣ هەزارو ٦٧٨، کشتوکاڵ ٢٢ هەزارو ٢٣٧ بیناسازی ١٦ هەزارو ٣٤٢، ئۆتۆمبێلەکانی دەرەوەی هەرێم (کارتی زانیاری) ١٣٥ هەزار) واتا ئۆتۆمبیلی کری کە ژمارەیان (٨١ هەزارو ٢٦٦) ئۆتۆمبیلەبەنزین بە ٥٠٠ دینار وەردەگرن‌و (یەك ملیۆن‌و ٩٤ هەزارو ٦٧١) ئۆتۆمبیل لیتری بە (٩٠٠) دینار وەردەگرن.


لەئێستادا هەرێمی کوردستان رۆژانە پێویستی بە (٦ ملیۆن‌و ٣٠٠ هەزار) لیتر بەنزین هەیە، بەڵام تەنیا (٤ ملیۆن‌و ٨٠٠ هەزار) لیتری دەستدەکەوێ لەرۆژێکدا، بەو پێیەش سلێمانی رۆژانە (٢ ملیۆن‌و ٣٠٠ هەزار) لیتر بەنزینی پێویستە بەڵام ئێستا (١ ملیۆن‌و ٥٠٠ هەزار) بۆ دێ، هەولێر (٢ ملیۆن‌و ٧٠٠ هەزار) لیتر بەنزینی دەوێ، بەڵام (٢ ملیۆن‌و ٣٠٠ هەزار)لیتری بۆ دێت، دهۆك رۆژانە (١ ملیۆن‌و ٥٠٠ هەزار) لیتری پێویستە، بەڵام (یەك ملیۆن) لیتری بۆ دەچێت.

خۆ ئەگەر لەو (٤ ملیۆن‌و ٨٠٠ هەزار) لیترەی کە رۆژانە لەهەرێمی کوردستان دابەشدەکرێت، (٨٠٠ هەزار)لیتری بۆ تاکسی بێت بە نرخی (٥٠٠ دینار)و (٤ ملیۆن) لیتری بۆ جۆرەکانی تری ئۆتۆمبیل بێت بە نرخی (٩٠٠ دینار)کە (٤٠٠ دیناری) زیادەیە رۆژانە دەکاتە (یەك ملیارو ٦٠٠ ملیۆن دینار) مانگانە دەکاتە (٤٨ ملیار دینار) بۆ ساڵێکیش دەکاتە (٥٧٦ ملیار دینار)، واتا حکومەت تەنها بە زیادکردنی نرخی یەك لیتر بەنزین لە(٥٠٠ دینار) ەوە بۆ (٩٠٠ دینار) بۆ رۆژێك حکومەت (یەك ملیارو ٦٠٠ ملیۆن دینار) لەگیرفانی هاوڵاتیان دەباتو مانگانە دەکاتە (٤٨ ملیار دینار) کە

بەشی موچەی شەش وەزارەت دەکات (بازرگانی، داد، گواستنەوە، ئەوقاف، پلاندانان، رۆشـــنبیری) کە بە هەر شەشـــیان ناگاتە (٤٨ ملیـــار دینار)، هاوکات بۆ ســـاڵێکیش تەنهـــا لەزیادبوونی نرخی بەنزیـــن(٥٧٦ ملیار دینار) لەگیرفانی هاوڵاتیان دەبات. کە بەشـــی موچەی مانگێکـــی تەواوی وەزارەتەکان دەکات جگە لەوەزارەتی (پەروەردەو ناوخۆ).



بۆ نمونە ئەگەر هاوڵاتیەك مانگی چوار جار بەنزین وەرگرێتو ٥٠ لیتر وەرگرێت لەهەر لیترێکیش (٤٠٠) دینار زیاتر پارەدەدات واتا لە٥٠ لیتر کە پێشـــتر (٢٥ هەزار) دیناری دەدا لەئێستادا کە بە ٩٠٠ دینارە (٤٥ هەزار) دینار دەدا، واتا (٢٠هەزار) دینار زیاتر دەداتو بۆ مانگێك (٨٠ هەزار) دینار زیاتر دەدات، واتا حکومەت هەفتەی (٢٠ هەزار) دینار زیاتر لەهاوڵاتیان وەردەگرێتو مانگانەش لەهەر شۆفێرێك (٨٠ هەزار) دینار زیاتر وەردەگرێت.



## دووەم/ غرامەی هاتووچۆ

غەرامەی خێرا لێخورینی ئۆتۆمبیل رۆژانە داهاتێکی زۆر بۆ حکومەت لەگیرفانی هاوڵاتیان پەیدا دەکات، کە کەمترین غەرامەی خێرا لێخوڕین (٦٠ هەزار)دینارەو زۆرترینیش (٢٢٠ هەزار) دینارە. هەرچەندە ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان رایدەگەیاند غەرامەی کامێراکانی هاتوچۆ هیچ بەهایەکی یاساییان نییەو چەند ساڵێکە بەشێوەیەکی نایاسایی لەشۆفێران وەردەگیرێت.

لەبودجەی ساڵی ٢٠١٢ داهاتی وەزارەتی ناوخۆ (١٥٧ ملیارو ٣٩٣ ملیۆن)دینار بووەو لەبودجەی ساڵی ٢٠١٣شدا بۆ (٢٠٠ ملیارو ٥٠٨ ملیۆن) دینار بەرزبۆتەوە، کە بەشی زۆری پشت دەبەستێت بە غەرامەی شۆفێران، بۆ نمونە بەپێی ئامارێکی پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر، لەماوەی پێنج مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لەسنووری پارێزگای هەولێر (١٢٤ هەزارو ٥٦٣)حاڵەتی سەرپێچیی خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لەرێگەی کامێراوە تۆمارکراوە، خۆ ئەگەر بە تێکڕایی (٨٠ هەزار)دینار بۆ هەر سەرپێچییەکی خێرا لێخوڕین حیساب بکەین، ئەوا کۆی ئەو پارەیەی لەرێگەی کامێراکانی هاتوچۆوە لەماوەی ئەو پێنج مانگەدا دەستکەوتووە، گەیشتووەتە (٩ ملیارو ٩٦٥ ملیۆنو ٤٠ هەزار) دینار. واتە مانگانە نزیکەی(٢ ملیار) دینار دەکات تەنها لەپارێزگای هەولێر خۆ ئەگەر لەپارێزگای سلێمانیش مانگانە (٢ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن) دینار داهاتی غەرامە هەبێتو لەدهۆکیش (یەك ملیارو ٥٠٠ ملیۆن) دینار ئەژمار بکرێت، ئەوا مانگانە لەسێ پارێزگاکەی هەرێم (٦ ملیار دینار) دەکات کە بەشی موچەی مانگێکی هەردوو وەزارەتی پلاندانان کە (٢ ملیار دینارە)و وەزارەتی داد (٤ ملیار دینارە).

هاوکات بۆ ساڵێك غەرامەی هاتووچۆ دەکاتە (١٨٠ ملیار) دینار.

**سێیەم/ کرێی کارەبا**

ئەگەرچی لەئێستادا کارەبا باش نیە بەڵام داهاتی مانگانەی وەزارەتی کارەبا زیاتر لە(٢٠ ملیار)دینارە، کە بەشی موچەی چوار وەزارەت دەکات (پلاندانان، رۆشـــنبیری، داد، بازرگانی)، ئەمە ســـەرەرای کرێی مۆلیـــدە کە هەر لەگیرفانی هاولاتیـــان دەڕوات، هاوکات بە وتەی وەزیری کارەبا داهاتی ســـالانەی وەزارەتی کارەبا زیاتر لە(٢٥٠ ملیار) دینارە، واتا داهاتی ساڵێکی وەزارەتی کارەبا موچەی نزیکـــەی (٣٠٪)ی کۆی موچەخۆرانی هەرێـــم بۆ مانگێك دابین دەکات، کە ئەمەش لەگیرفانی هاولاتیان خۆیان دەردەهێنرێت.

ئەمـــە لەکاتێکدا کە داهاتی وەزارەتی کارەبا لەســـاڵی ٢٠١٢ دا (١٨٢ ملیار)دینارەو لە٢٠١١دا (١٥١ ملیار) دینارو، ساڵی ٢٠١٠ بری (١٣١ ملیار)دیناربووەو ساڵی ٢٠٠٩ بری(٦٩ ملیار)دیناربووە.

## چوارەم/ کرێی ئاو

کرێی بەکارهێنانی ئاو یەکێکی ترە لەو رێگایانەی سالآنە چەندین ملیار دینار لەرێگایەوە دێتە خەزێنەی حکومەتەوە، کە بۆ هەرمەتر دووجایەك (٥٠ دینار)دانراوەو بۆ خانویەکی(٢٠٠)مەتری بڕی (١٠ هەزار)دینار دیاریکرا. کە لەئێستادا لەهەرێمی کوردستان نزیکەی (٥٠٠ هەزار)بەشداربوی ئاو هەیە.

بەو پێیەش ئەگەر بەتـــەواوی پارەی ئاو وەربگیرێت ئەوا مانگانە دەکاتـــە (٥ ملیار) دینارو ســـالآنەش دەکاتە (٦٠ ملیـــار) دینار، هەرچەندە کرێی ئاوو زۆربەی لەقەرزدایەو بە چەند مانگ جارێك وەردەگیرێت، بەڵام بەپێی ئەو ژمارەو داتایانەی هەیە داهاتی ئاوو لەمانگێکدا بەشـــی موچەی دوو وەزارەت دەکاتو بۆ ساڵێکیش بەشی موچەی مانگێکی شەش وەزارەت دەکات.

ســـەرجەمی ئەو پارانەی کە لەگرانی نرخـــی بەنزینو غەرامەی هاتوچۆو کارەباو ئاوو حکومەت لەگیرفانی هاولآتیان وەریدەگیرێتو دەشیانەوێت بەشـــێکی موچەی فەرمانبەران لەگیرفانی فەرمانبەران خۆیان بدەن.

***رۆژنامەی ئاوێنە ژمارە ٤٤٣ بەرواری ٢٠١٤/٩/٢ لاپەرە**

# ١-١-٦

# بەفیرۆدان لەبودجەی گشتی

لەهەرێمی کوردستاندا بە سەدان پرۆژە دوای دانانی بەردی بناغەیانو مەراسیمی وێنەگرتنیان فەرامۆشکراونو بودجەکەشیان لوشکراوە، بەڵام پرۆژەیەك کە زیاتر لەدەیەیەکە کاری تیادا دەکرێت گەورەترین بودجەی بۆ تەرخانکراوە، تا ئەمرۆ بەرهەمی نەبووەو کابینە بە کابینەی دواتری دەسپێرێو تا ئێستا سەری ٥ کابینەی خواردووەو چەندین سیستمی جۆراوجۆریش گۆڕاون، هێشتا هەر تەواو نەبووە.

## أ- بیرۆکەی نەخۆشخانەکە

بیرۆکەی درووستکردنی نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەوێڵەیی سلێمانی، دەگەڕێتەوە بۆ کاتی سەردانی ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانی بۆ هەرێمی کوردستان لەکاتی جێبەجێکردنی بریاری نەوت بەرامبەر خۆراك، لەبەرئەوەی لەسەرجەم پارێزگاکانی دیکەی عێراق نەخۆشخانەی گەورە درووستکراوە تەنها لەسلێمانی نەبێت تەنانەت لەهەولێر بەناوی رزگاریو لەدهۆكو کەرکوك بەناوی ئازادیەوە درووستکراوە، هەربۆیە دیزانی ئەو نەخۆشخانەیە لەلایەن ڕێکخراوی تەندرووستی جیهانی دانراوە بە بڕی ٤٢ ملیۆن دۆلار، بەڵام نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە دواتر لەدوای ساڵی ٢٠٠٠ وە

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیداری سلێمانی تەندەرینی بۆکردوو لەناو کۆمپانیاکاندا کۆمپانیـــای (UI) کۆری لەپلەی چوارەمدا بوو بەڵام پرۆژەکە درا بەو کۆمپانیایە، زۆربەی ســـەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن دەرچونی پرۆژەکە بۆ ئەو کۆمپانیایە بۆ ئەوە بووە کە کارگەیەکی ئاسن لەپێنجوێن‌و گازینۆیەك لەدووکان بۆ بەرپرسان درووســـت بکات بە هەمان ئەو برە بودجەیە کە کۆمپانیای یەکەم دیـــاری کردبوو، هەربۆیە بە بـــری (٥٧ ملیۆن‌و ٣٦٥ هەزارو ٨٥٨ دۆلار) گرێبەستەکە کرا ماوەی پرۆژەکە (٧٣٠) رۆژو وەك لەسایتی رەســـمی کۆمپانیاکەدا هاتـــووە (WWW.UIENC.COM) رووبەری پرۆژەکـــە (٧٠٧٦٨)م٢ بەو پێیەش روبـــەری زەوی(٢٠٢٠٨) م٢و زەوی بیناکە (٥٠٥٦٠) م٢، پرۆژەکە لەرۆژی ٢٠٠٤/١٠/٢٤ دەست بەکارکردن کرا تیایـــداو بەپێی گرێبەســـتەکەش لەبەرامبەر هەر رۆژێك دواکەوتن بری (٢٥٠٠) دۆلار غرامە دەکرێت، سەرەرای ئـــەو بودجەیەی بۆی تەرخانکراوە ســـاڵی ٢٠٠٦ بری (١٥ ملیۆن) دۆلار بۆ کۆمپانیاکە خەرج کرا لەبری کرینی ئامێری پزیشـــکی، هەرچەنـــدە کۆمپانیاکە لەوادەی خۆیدا پرۆژەکەی تەواو نەکردوو بەڵام بەپێی زانیاریەکانی گروپی ٤٠٠، حکومەتی هەرێم چەندین گرێبەســـتی دیکەی لەگەڵدا ئیمزا دەکات بە نمونە (نەخۆشخانەی ٨٠٠قەرەوێڵەی هەولێر کە پرۆپۆزەڵەکەی ئامادەکرابوو، دروســـت کردنی نەخۆشخانەیەکی ٣٠٠ قەرەوێڵەی دهۆك گرێبەستی لەگەڵدا ئیمزاکـــردووە ، جگە لەوەی پرۆپۆزەڵـــی ئامادە کردووە بۆ ٢٥٠ قەرەوێڵەی زاخۆو گرێبەســـتی سەنتەری درووستکردنی وێستگەی ٣٠٦مێگاواتی لەسلێمانی لە٢٠٠٧وو پرۆژەی گەشتیاری دووکان‌و پرۆپۆزەڵی بۆ تۆری ئاوی دهۆك‌و سلێمانی ئامادەکردووە).



## نەخۆشخانەی 400 قەرەوێڵەیی



* سالّی 2000 بڕیاری دراوە 2004 بەردی بناغەی دانراوە 2006 کاری تیاکراوە
* بڕی 57 ملیۆن دۆلار بۆ تەرخان کرا لە ماوەی 730 رۆژدا لە 73 دۆنمدا
* لە دواکەوتندا رۆژانە 2500 دۆلار کۆمپانیاکە غرامە دەکرێت
* سالّی 2006 بایی 15 ملیۆن دۆلار بۆ پێشینەی کەرەستەی پزیشکی تەرخانکراوە
* سالّی 2010 بڕی 87 ملیۆن دۆلاری تری بۆ تەرخانکرا
* لە 2012دا 75% تەواو بووەو 25% ماوە ....

سەرەرای ئەوە لەنوسـراوێکدا بە ژمارە (٨٨٤ لە٢٠٠٤/١٢/١١) دا بریـکاری وەزیری دارایی ئاماژە بەنوسـراوی سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەکاتو ئاراستەی بانکی رەشید کراوە داوای خەرجکردنـی بری (٥ ملیۆن) دۆلار دەکات بـۆ کۆمپانیاکە کە تـا ئەو کات هیچ کارێکی لەپرۆژەکـەدا نەکردبوو، هاوکات بە نوسراو ێکی دیکە بری (٣ ملیۆنو ٧٠٠ هەزار دۆلار) وەك پێشینە بۆ کۆمپانیاکە خەرج دەکات کە دەکاتە ١٥٪ی بودجەی پرۆژەکە هـاوکات حکومەتی هەرێم ئیداری سـلێمانی لەدوو نوسـراوی جیادا لەبەرواری (٢٠٠٦/٤/٦ بـری ١٠ ملیۆنو ١٠١ هەزارو ١٩٧ هەزار دۆلارو لەبـەرواری ٢٠٠٦/٩/٢٤ دا بری ٥ ملیۆن دۆلار بۆ کۆمپانیاکە خەرجکراوە لەبەرامبەر هێنانی ئامێری پزیشـکی) کە بری هەردووکیان زیاتر لـە(١٥ ملیۆنو ١٠١ هەزارو ١٩٧ دۆلار) دەکات.

## ب- لەنێوان حکومەتو کۆمپانیای جێبەجێکار

لەگەڵ ئەوەی کۆمپانیاکە لەدوای خۆیدا پرۆژەکەی تەواو نەکرد، بەڵام حکومەتی هەرێم هیچ غرامەیەکی نەکرد کە لەگرێبەستەکەدا هاتـــووە بۆ هەر رۆژێـــك دواکەوتن بـــری (٢٥٠٠) دۆلار غرامە دەکرێـــت، هەرچەندە سەرپەرشـــتیاری پڕۆژەی نەخۆشـــخانەکە بەنوسراوی ژمارە ٨٤ی رۆژی ٢٧-٨-٢٠٠٨کە ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی کردووە پاش تێپەڕبوونی چەند مانگێك بە سەر وادەی تـــەواو بوونی پڕۆژەکـــەدا ئاماژە بە داوایەکـــی (چانگ یوو لی) بەڕێوەبـــەری کۆمپانیاکە لەســـلێمانی دەکات کە غەرامەکەی دوا بخەن بۆ دوای تەواو کردنی پڕۆژەکە ، وەزارەتیش بە نوســـراوی ١٣٠٣٥ لەرۆژی ٣٠-١٠-٢٠٠٨ رەزامەندی دەردەبڕێ کە کۆمپانیاکە غەرامە نەکرێ.

دوای ئـــەوەی کۆمپانیای (UI) کۆری پرۆژەکـــەی بە ناتەواوی جێهێشتو دوای چوار ساڵ وەستان لەپرۆژەکەدا لەساڵی ٢٠١٠ دا پرۆژەکە درا بە کۆمپانیای (DGG) کۆمپانیای گەلاڵەو بری(٨٧ ملیۆنو ٤٧١ هەزار) دۆلاری تری بۆ تەرخانکرا، کە تەنها کەرەســـتەکانی ٨٧ بڕگەیەو ١٠ هەزار کەرەستەی جۆراوجۆرە، واتا تا ئێستا سێجار پارەی بۆ تەرخانکراوە بە بڕی (٥٧ ملیۆنو ٣٦٥ هەزارو ٨٥٨ دۆلار + ١٥ ملیـــۆنو ١٠١ هەزارو ١٩٧ دۆلار + ٨٧ ملیۆنو ٤٧١ هەزار دۆلار) بـــۆ خەرجکراوە کە دەکاتە (١٥٩ ملیۆنو ٩٣٨ هەزارو ٥٥ دۆلار)، کـــە دەبوو تەنها بە (٥٧ ملیۆنو ٣٦٥ هەزارو ٨٥٨ دۆلار) پرۆژەکە تەواو بوایە.

لەگەڵ (ئەوەی گروپی ٤٠٠) جەخت لەبەهەدەردانی زۆر دەکەن لەپرۆژەکەدا لەئێستاشـــدا لەدادگای ســـلێمانی دادبینی دەکرێتو حکومەتـــی هەرێمیش داوای بری (٢٢ ملیـــۆن دۆلار) لەکۆمپانیا کۆریەکە دەکات لەکۆی بری (٢٣ ملیۆنو ١٠١ هەزارو ١٩٧ دۆلار) کە دراوە بە کۆمپانیاکە، تەنها یەك ئامێری (سیتایب مۆمۆگرافیك) ی هێناوە بایی (٣٨ هەزار دۆلارە).

هەرچەندە وەزیری پێشووی حکومەتی هەرێم لەرۆژی ٢٠١١/١/١٣ دا رایگەیاند حکومەتی هەرێم هەموو رێو شوێنێکی دژی کۆمپانیا کۆریەکە گرتۆتە بەرو خســـتویەتیە لیستی رەشـــەوە پرۆژەکەی لێسەندۆتەوەو داوای یاساییشی لەسەر تۆمارکردووە، بەڵام گروپی ٤٠٠ پەیوەنـــدی بە کۆمپانیای (UI) کۆریـــەوە دەکەونو ئەوانیش رەتی دەکەنەوە خرابێتنە لیستی رەشـــەوە بەو پێیەی خستنە لیستی رەشـــەوە کاری وەزارەتی تەندرووستی نیە بەڵکو کاری وەزارەتی پلاندانانە.

هەرچەندە بەرپرسانی هەرێم کۆتاییەکانی ٢٠١٢ رایانگەیاند لەئێستادا لە٨٥٪ ی پرۆژەکە تەواو بووەو لە١٥٪ ماوەو بۆ مانگی ٢/ ٢٠١٣ تەواو دەبێت وتا چەند رۆژێکی تر تەواو دەبێت.. بەڵام چاوەروان ناکرێت تەنانەت لەمساڵدا پرۆژەکە تەواو بێت... چونکە ئەگەر بە ٩ ساڵ لە٨٥٪ی پرۆژەکە تەواو بووبێت چۆن بە چەند رۆژێك لە١٥٪ی پرۆژەکە تەواو دەبێت، کە تا ئێستا نزیکەی (٣٢٤٠) رۆژ کار لەپرۆژەکەدا کراوەو تەواو نەبووەو لەئێستاشەوە (١٠٧٥) کەسیان بۆ دامەزراندووە کە ئەمە یەکەم جارە حکومەتی هەرێم کارمەند بۆ شوێنێك دابمەزرێنێت کە تەواو نەبوبێت..ئەمە سەررای ئەوەی پێنج کابینەی حکومەتی بەرێکردووە، (١- کابینەکەی بەرهەم ساڵح – ئیدارەی سلێمانی.....٢- کابینەکەی عومەر فەتاح –ئیدارەی سلێمانی... ٣- کابینەی پێنجەمی یەکگرتووی نێچیرڤان بارزانی.... ٤- کابینەی شەشەمی یەکگرتوو بەرهەم ساڵح.... ٥- کابینەی حەوتەمی یەکگرتوو نێچیرڤان بارزانی).

## ج- لەنێوان بورجی خەلیفەو نەخۆشخانەی ٤٠٠ قەرەویڵەییەكەدا

ئەگەر بەراوردێك بكەین لەبەفیرۆدانی كاتو بودجەدا لەپرۆژەكە كە دەبوو بە (٧٣٠) رۆژ تەواو بێت بەڵام دوای نزیكەی (٣٢٤٠) رۆژ تەواو نەبووە، واتا زیاتر لە(٢٥٠٠) رۆژ كاتی تیادا بە فیرۆدراوەو كە نزیكەی ٧ ساڵ دەكات.. لەرووی بەفیرۆدانی بودجەشەوە كە بەپێی گرێبەستی سەرەتا دەبوو بە (٥٧ ملیۆنو ٣٦٥ هەزارو ٨٥٨ دۆلار) پرۆژەكە تەواو بوایە بەڵام دووجاری تر بودجەی بۆ تەرخانكراوەو لەئیستاشدا سەرجەمی بودجەی تەرخانكراو بۆ پرۆژەكە (١٥٩ ملیۆنو ٩٣٨ هەزارو ٥٥ دۆلار) واتا بری زیاتر لە(١٠٠ ملیۆن دۆلار) بەفیرۆدان لەپرۆژەكەدا هەبووە، تەنها بەو بودجە زیادەیە دەتوانرا ١٠٠ قوتابخانەی ١٨ پۆلی نموونەی پێدرووست بكرایە زیاتر لە٢٥٠ بنكەی تەندرووستی لەشاروشارۆچكەكان پێدرووست بكرایە...

ئەگەر لەسەر ئاستی جیهانیش بەراوردی بكەین بورجی خەلیفە لەدوبەی كە بەرزترین بورجە لەسەر ئاستی جیهانو (٢٠٦) نهۆمەو (٨٢٨) مەتر بەرزە لەساڵی ٢٠٠٤ دەستبەكاركردن كراوە تیایداو لەساڵی ٢٠١٠ تەواو بووە ماوەی ٦ ساڵی خایاندووە، بری (یەك ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری) تێچووە، واتا بورجی خەلیفە كە زیاتر لە(٢٠٠) نهۆم زیاترە لەنەخۆشخانە ٤٠٠ قەرویڵەیەكەی سلێمانی كە ٥ نهۆمە، بە ٣ ساڵ زووتر لەنەخۆشخانە ٤٠٠ قەرەویڵەییەكە تەواو بووە، لەكاتێكدا ئەو بودجەیەی بۆ تەرخانكراوە (١٠) جار لەنەخۆشخانە ٤٠٠ قەرەویڵەییەكە زیاترە ئەگەر ئەو بورجە لەهەرێمی كوردستان بكرایە، بەبەراورد بە كاتو بودجەی نەخۆشخانە ٤٠٠

قەروێلەییەکـــە، ئەو بورجە بە (١٠ مليـــار دۆلار) تەواو دەبوو وە ماوەی زیاتر لە(١٠٠) ساڵی پێویست بوو بۆ تەواوو بوونی.

***ئەم بابەتە لەرۆژنامەی هاوڵاتی تەمووزی ٢٠١٣ بڵاوبۆتەوە.**



# ١-١-٧

## شێرپەنجەی کارەبا... قەیرانێك کە بەرۆکی هاوڵاتیان بەرنادا

حەوت ساڵ تێپەردەبێت بەسەر وتە بەناوبانگەکەی بەرپرسێکی ئەم وڵاتە کە وتی(ئەگەر تا ساڵێکی تر کێشەی کارەبا چارەسەر نەکرێت پێویستە ئەم حکومەتە ماڵئاوای بکاتو بروات) ئەم وتەیە لەساڵی ٢٠٠٨ دا وتراوە ئێستا ٢٠١٥ یەو ٧ ساڵ بەسەر ئەو وتە بەناوبانگەدا تێپەریوەو کارەبا لەوسا خراپترەو حکومەتیش وەك خۆی ماوەو نیازی نیە ماڵئاوایی بکات، کێشەو قەیرانی کارەبا بۆ نەبوونی پلانی ستراتیژی روونی حکومەت دەگەڕێتەوە بۆ کارەبا بەو پێیەی حکومەت ساڵانە (٤ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلار) بە کارەبا دەداتو کێشەی کارەباش چارەسەر نەکراوە، لەکاتێکدا تەنها بەو پارەیە دەتوانێت زیاتر لە٩ وێستگەی کارەبایی ٥٠٠ مێگاواتی پێ دابمەزرێنێت کە دەکاتە (٤٥٠٠ مێگاوات) کارەبا کە بەتەواوی بەشی پێداویستی هاوڵاتیان دەکات، لەکاتێکدا ئێستا رەوشی کارەبا زۆر خراپەو هیچ ئاسۆیەکیش نیە بۆ چارەسەری یەکجارەکی، ئەمە لەکاتێکدایە هاوڵاتیانیش بە چوار رێگە پارەی کارەبا دەدەن، پارەی کارەبای ماڵەکەی راستەوخۆ دەیدات پارەی مۆلیدە راستەوخۆ دەیدات، پارەی کڕینی کارەبا کە حکومەت دەیدا لەداهاتی گشتیەو لەبەشی هاوڵاتیانە، پارەی گازئۆیلو غاز بۆ ویستگەکان لەپارەی گشتیەو لەبەشی هاوڵاتیانەو حکومەت دەیدا لەئێستاشدا

کە کارەبــا لەقەیرانێکی گەورەدایە وەزیری کارەبا رایدەگەیەنێت بەشێکی کێشەکە بۆ نەبوونی سوتەمەنی بۆ ویستگەکان دەگەرێتەوەو وەزیری سامانە سروشــتیەکانیش دەڵێت ئێمە سوتەمەنی پێویست دابین دەکەین کێشــەکە پەیوەندی بە وەزارەتــی کارەبا خۆیەوە هەیە.

## ا- هاوڵاتیو کارەبا

حکومــەت بەبێ ئەوەی بیــر لەزیادبوونی ژمــارەی هاوڵاتیانو زیادبوونی خواستی هاوڵاتیان بۆ کارەبا بکاتەوە، دەیەوێت کێشەی کارەبا چارەسەر بکات، کە هەرچەند رێژەی بەرهەمهێنانی کارەبا زیاد بکات ناگاتە ئاستی خواستی هاوڵاتیان، بەپێی راپۆرتی وەزاری کارەبا کە لە٢٠١٤/١٢/٢٩ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان خوێندیەوە لەئێســتادا (١ ملیۆنو ١٤٩ هەزارو ٧٩٠)بەشداربووی کارەبا هەیەو گەشەی خواست لەســەر کارەبای هەرێم (١٥٫٢٪)ەوە کە لەسەر ئاستی جیهانی گەشەی کارەبا لە(٤٪ بۆ ٦٪) زیاتر نییە.

ئەگەر پارێزگای ســلێمانی وەك نمونە وەربگرین ساڵی ٢٠١٠ کە (٣٧٨ هەزارو ٢٥٠) بەشداربووی کارەبا هەبووە بەڵام تا ٢٠١١/١٢/٣١ ئەو ژمارەیە دەبێت بە (٤١٨ هەزارو ٧٤٤) بەشداربووی کارەبا، واتا (٤٠ هەزارو ٤٩٤) بەشداربوو زیادی کردووە لەیەك ساڵدا، هاوکات هاوبەشــانی کارەبا لەرێکەوتــی (٣١-١٢-٢٠١٢)دا بووە بە (٤٥٨ هەزارو ٤٢١) واتا (٤٠ هەزار) هاوبەشــی کارەبا زیادی کردووەو لەرێکەوتی (٣١-١٢-٢٠١٣) بووە بە (٤٩٧ هەزارو ٩٥١) بە هەمان

شێوە نزیکەی (٤٠ هەزار) هاوبەشی کارەبا زیادی کردووە، لەساڵی ٢٠١٤شدا زیاتر لە(٤٠ هەزار) هاوبەشی کارەبا زیادی کردووە، واتا لەماوەی ٥ ســاڵدا ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٥ زیاتر لە(٢٠٠ هەزار) هاوبەشی کارەبا زیادی کردووە.

ئەمەلەکاتێکدایە کە وەزارەتی کارەبا ســاڵانە نزیکەی ٢٥٠ ملیار دینار داهاتی هەیە، بەڵام ئەمســاڵ بەهۆی قەیرانی داراییەوە کەمتر هاوڵاتیــان پارەی کارەبایــان داوە، کە لەســاڵی ٢٠١٤ داداهاتی کارەبای هەرێمی کوردستان (٢٣٢ ملیارو ١٧٦ ملیۆن دینار) بووە. هەروەها (٢٤٩ ملیارو ٨٩٩ ملیۆن) دیناری لەقەرزە کە (١٣٦ ملیۆن‌و ٨٤٩ ملیــۆن) دینار قەرز لای هاووڵاتیانەو (١١٣ ملیارو ٥٠ ملیۆن) دیناریش قەرزە لەلای حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## ب- بەرهەمهێنانی کارەبا

لەئێستادا خواســتی هاوڵاتیانی هەرێم بۆ کارەبا (٤٣٧٨ مێگاواتە) بەڵام بەپێی راپۆرتەکەی وەزیری کارەبا کە لەپەرلەمان خوێندیەوە تێکرای کارەبــا (٢٥٦٨ مێگاوات) بووە کــە بەرهەمی ناوخۆیی (٢٤٦٩ مێگاوات) کارەبا بــووەو بڕیی کارەبای هاتوو لەتورکیاوە (٩٠ مێگاوات) بووەو بڕی کارەبای هاتوو لەئێرانیشەوە (٩ مێگاوات) بووە، بڕی بەکار هاتووی کارەباش لەهەرێمی کوردســتان(٢٣٠٠ مێــگاوات) بووە، هەروەها(٢٦٨ مێــگاوات) کارەبا بۆ کەرکوک‌و

ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان نێردراوە، بەو پێیەش ئاستی کورتهێنان بۆ کارەبا (١٨١٠ مێگاواتە) کە پێویستی بە دامەزراندنی چوار وێستگەی ٥٠٠ مێگاواتی هەیە، بەڵام بەپێی زانیاریەکانی پەرلەمانتاران حکومەتی هرەێم توانای بەرهەمهێنانی (٢٩٠٠ مێگاوات) کارەبای هەیە بەو پێیە کورتهێنان دەبێتە (١٣٦٨ مێگوات، کە لەئێستادا سێ ویستگەی کارەبای سەرەکی کە هەر یەکەیان (١٠٠٠ مێگاوات) کارەبا دەدات، جگە لەچەند وێستگەیەکی دیکە، کۆمپانیای (ماس)ی ئەحمەد ئیسماعیل لەهەولێرو سلێمانیو دهۆك، هەرەیەکەی ٨ یەکەیە هەر یەکەیەك ١٢٥ مێگاوات کارەبا بەرهەمدێنێت، ئەم یەکانە بەشێکی گۆراوە بۆ غازی سروشتی بەڵام (١٢ یەکەی) بە گاز ئۆییل کار دەکەن کە هەر لیترێکی (١١٠٠ دینار) لەسەر حکومەت دەکەوێت، کە هەر یەکەیەك لەشەو رۆژێکدا نزیکەی (١ ملیۆن لیتر) گاز ئویلی دەوێت، واتا هەر یەکەیەك شەو رۆژێك بایی (١ ملیارو ١٠٠ ملیۆن دینار) گاز ئۆیلی دەوێت کە مانگانە (٣٣ ملیار و) ساڵانە (٣٩٦ ملیار) دیناری دەوێت، کە دەکاتە (٣٣٠ ملیۆن دۆلار) بەو پێیەش تەنها ئەو ١٢ یەکەیەی کە بە گاز ئۆیل کاردەکەن ساڵانە تەنها پارەی گاز ئۆیلەکەیان نزیکەی (٣ ملیارو ٩٦٠ ملیۆن دۆلارە)، سەرەرای ئەم گاز ئۆیلەی کە حکومەت بۆ ویستگەکانی کارەبای کەرتی تایبەتی (ماس)ی ئەحمەد ئیسماعیلی دابین دەکات، حکومەت کارەبا بە (٣ بۆ ٣٫٢ سەند)بۆ هەر (کیلۆوات ئەوەرێك) لەو کۆمپانیایە دەکڕێتەوە، واتا بە خەرجی ئەو گاز ئۆیلو غازەی کە حکومەت بۆ کۆمپانیاکەی دابین دەکات لەگەڵ پارەی کڕینی کارەباکە، ساڵانە حکومەت

بایـــی نزیکەی (٤ ملیـــارو ٥٠٠ ملیـــۆن دۆلار) لەکارەبادا خەرج دەکات، ئەمە لەکاتێکدایە کە وێســـتگەیەکی (٥٠٠ مێگاواتی) بە (٥٠٠ ملیۆن) دۆلار دادەنرێت واتا هەر مێگاواتێك بە نزیکەی (یەك ملیۆن دۆلاری) تێدەچێت، واتا حکومەتی هەرێم ئەو پارەیەی کە بۆ یەك ساڵی کارەبا خەرجەکاتو دەیکرێت لەکۆمپانیای کەرتی تایبەت، دەتوانێت ســـاڵانە (٩ وێستگەی کارەبایی ٥٠٠ مێگاواتی) پێ دابمەزرێنێت، سەرەرای ئەوەی وەزارەتی کارەبا ئەو بودجەیەی بـــۆ موچەو بەکاربردنی کارەبـــا خەرجدەکرێت لەبودجەی ٢٠١٣ دا (٥٧٣ ملیارو ٥٢٥ ملیۆن دینار)ەو ژمارەی فەرمانبەرانیشـــی (١٧ هەزارو ٦٨٦) فەرمانبەرن.

**وێستگەکانی وەبەرهێنان و توانای وەبەرهێنانیان لە کوردستان**

| وێستگەکان | توانای وەبەرهێنان |
|---|---|
| وێستگەی غازی هەولێر | ١٠٠٠ مێگاوات |
| وێستگەی غازی سلێمانی | ١٠٠٠ مێگاوات |
| وێستگەی غازی دهۆك | ١٠٠٠ مێگاوات |
| وێستگەی خۆرمەڵە | ٦٤٠ مێگاوات |
| وێستگەی تاسلوجە | ٥١ مێگاوات |
| وێستگەی دوکان | ٤٠٠ مێگاوات |
| وێستگەی دەربەندیخان | ٢٤٩ مێگاوات |
| وێستگەی باعەدرێ | ١٤٠ مێگاوات |


## ج- کڕینی کارەبا

سەرەرای ئەو پارەیەی حکومەتی هەرێم لەبەرهەمهێنانو کڕین کارەبای ناوخۆیی خەرجی دەکاتو بڕەکەی نزیکەی (٤ مليارو ٥٠٠ مليۆن دۆلار) دەکەوێت لەسەر حکومەت، کە حکومەت دەیتوانی خۆی تەنها بەو پارەیەی ساڵانە لەکارەبادا خەرجی دەکات وێستگەی کارەبای دابمەزرانایەو ئێستا هەم قەیرانی کارەبای چارەسەر دەرکردو هەم دەشبوە خاوەنی وێستگەی کارەبا، هاوکات لەگەل کرینی ئەو کارەبایەدا لەناوخۆ بەشێك لەکارەبا لەتورکیاو ئێران دەکرێت، کە هەرێم (١٣٠ میگاوات)کارەبا لەتورکیا دەکڕێت بە (٩ سەنت بۆ هەر کیلۆ واتێك ئەوەرێك)و بڕی ١٩ میگاوات لەئێران دەکڕێت (بە ٧ سەنت) بۆ هەر کیلۆوات- کاتژمێر، لەکاتێکدا حکومەتی هەرێم لەناوخۆدا بە (٣ بۆ ٣,٢ سەند)بۆ هەر (کیلۆوات ئەوەرێك) لەو کۆمپانی ئەحمەد ئیسماعیل دەکڕێتەوە، لەگەڵ ئەو خەرجیانەی لەغازو گاز ئۆیلدا خەرجی دەکات بۆ هەر کیلۆ واتێك ئەوەرێك (٢٨ سەنتی) تیدەچێت، بەو پێیەش ئەگەر حکومەت لەئێرانو تورکیا کارەبا بکڕێت ساڵانە زیاتر لە٣ مليار دۆلاری بۆ دەگەڕێتەوەو دەتوانێت ٢٤ کاتژمێریش کارەبا بداتە هاوڵاتیان.

## د. ٣٣٪ی کارەبا دەدزرێت

بەپێی زانیاریەکان لەئێستادا لەهەرێمی کوردستان نزیکەی (٣٣٪)ی کارەبا دەدزرێت و دەفەوتێت، شێوازی دزیەکە بە شێوەی جۆراوجۆر دەکرێت، بە جۆرێك لەو ڕێژەیەی کە دەدزرێت (١٠٪)ی دەفەوتێت واتا لەکاتی گواستنەوەی لەوێستگەکانەوە بۆ کۆنترۆڵی کارەبا ئەو ڕێژەیە دەفەوتێت، بەڵام بەشێکی زۆری کارەبا بە سەرپێچیو زیادەڕۆیی دەروات بۆ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و بارەگا حیزبیەکان و ڤێلاو ماڵە بەرپرسەکان دەروات و کرێی کارەبا نادرێ بۆ نمونە بەپێی زانیاریەکان لەبازاڕگەیەکی کەرتی تایبەت لەشاری هەولێر کە (٨٠ ملیار دینار) قەرزاری کارەبا بووە بەڵام بۆی کراوە بە (٨٢ ملیۆن دینار) واتا (٧ ملیارو ٩١٨ ملیۆن دینار)ی بۆ کەمکراوەتەوە، کە پارەکەی (٩٧٥) جار بۆی کەمکراوەتەوە، بە فێڵو دزیەوە، دوای گۆمانکردنو لەئێستادا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت و فێڵەکە ئاشکراکراوە.

**33%ی کارەبای هەرێم دەدزرێت و بە فیڕۆ دەچێت**



ئەمە ســـەرەرای ئەوەی ســـەدان ڤێلاو مۆڵو بازاڕگەو گارگەی گەورەی کەرتی تایبەت لەهەرێمی کوردســـتان رێژەیەکی زۆری کارەبـــای حکومەت بەکاردێنـــنو کەمترین پـــارەش دەدەن بە حکومـــەت، کە بە نزیکەی (٨٠٠ بـــۆ ١٠٠٠ مێگاوات) کارەبا بۆ کارگەو مۆڵو شـــوێنەکانی کەرتی تایبەت دەرواتو هەندێکیان پارەی کارەبا نادەنو هەندێکیشیان وەك هاوڵاتیەکی ئاسایی پارەی کارەبا دەدەن، بۆ نمونە تەنها لەســـاڵی ٢٠٠٨ دا بری ٣٥ مێگاوات بۆ کارگەی چیمەنتۆی تاســـلوجەو بری ٢٠ مێگاوات بۆ کارگەی چیمەنتۆی بازیان چووە، کە دوو کارگەی سەر بە کەرتی تایبەتن، کە بە پێی راپۆرتی وەزیری کارەبا، لەســـاڵی ٢٠١٤ دا وەزارەتی کارەبـــا (٢٤٩ ملیارو ٨٩٩ ملیۆن) دینار قـــەرزی لای هاوڵاتیانو حکومەتە کە (١٣٦ ملیۆنو ٨٤٩ ملیۆن) دینار قەرز لای هاووڵاتیانەو (١١٣ ملیارو ٥٠ ملیۆن)دیناریش قەرزە لەلای حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## هـ - بە داهاتی کارەبا کێشەی کارەبا چارەسەر دەبێت

حکومەتی هەرێمی کوردســـتان پلانی ستراتیژی وردی نەبووە بۆ چارەســـەری قەیرانی کارەبا، بەو پێیەی ئەو پارەیەی کە لەکەرتی کارەبادا خەرجی کردووەو بە داهاتی کارەبا بە ئاســـانی دەیتوانی کێشەی کارەبا چارەسەر بکات، بۆ نمونە ساڵانە نزیکەی (٤ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلار) تەنها بۆ خەرجی ســـوتەمەنی وێستگەکانە جگە لەکڕینی کارەبا، کە دەتوانرێت بەو پارەیە نزیکەی ٩ وێســـتگەی ٥٠٠ مێگاواتی دابمەزرێت کـــە دەکاتە (٤٥٠٠ مێگاوات) کارەبا، ئەمە ســـەرەرای ئەو خەرجیو داهاتەی ســـاڵانەیەی کارەبا خۆی دەتوانێت کێشەی کارەبا چارەسەر بکات، کە پێویستی بە نزیکەی (٣ وێسگەی ٥٠٠ مێگاواتی هەیە) بەو پێەی داهاتی وەزارەتی کارەبا لە٢٠١٤ دا (٢٣٢ ملیـــارو ١٧٦ ملیۆن دینار) بووە، لە٢٠١٣ داهاتی وەزارەتی کارەبا (٢٥٠ ملیار دینار) بووە، داهاتی وەزارەتی کارەبا لەساڵی ٢٠١٢ بە (١٨٢ملیارد) دینارەو لە٢٠١١ دا ١٥١ ملیار دینارو، ســـاڵی ٢٠١٠ بری (١٣١) ملیار بووەو ساڵی ٢٠٠٩ بری (٦٩) ملیار دیناربووە. کە هەمووی پێکەوە دەکاتە (١ ترلیۆنو ١٥ ملیارو ١٧٦) ملیۆن دینار، کە تەنها داهاتی ئەو ٥ ســـاڵە بەشـــی دروستکردنی دوو وێســـتگە دەکات، ئەمە سەرەرای ئەوەی تەنها لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٩ بـــۆ ٢٠١١) زیاتر لە(یەك ترلیۆنو ٣٣٣ ملیار دینار) داهاتی وەزارەتی کارەباو بری ئەو بودجەیە بووە کە بۆ وەزارەتی کارەبای هەرێم تەرخانکراوە، ئەمە ســـەرەرای ئـــەوەی حکومەت چەندین ملیار دیناری بەهەدەرداراوە، تەنا بەو برە بودجەیەی بۆ بەخشـــین

خەرجکـــراوە لە٢٠١٢(٦٣٠ مليار) دەتوانرا وێســـتگەیەکی (٥٠٠) مێگاواتی پێدابمەزرایە، ســـەرەرای ئەوەی لەساڵی ٢٠١١ شدا بری (٥٣٦ مليارو ٩٦٢ مليۆن) دیناری بۆ بەخشین خەرجکردووە، پێشتریش لەساڵی ٢٠٠٨ دا بری (٧٤٨ مليارو ٢٣٨ مليۆن) دیناری بۆ بەخشین خەرج کردووە، هاوکات لەســـالی ٢٠١١ دا بری(٤٦٣ مليارو ٧٤٨ مليۆن دینار)ی بۆ کریی کارەبای دامەزراوەکانی حکومەت خەرج کردووە کە دەتوانرا، واتا بەو پارانەی کە دیاریکراوە بۆ بەخشـــین دەتوانرا ساڵانە وێستگەیەکی ٥٠٠ مێگاواتی پێدابمەزرێت.

**لەرۆژنامەی ئاوێنە ژمارە(٤٦١) بەرواری ٢٠١٥/١/١٣ دا بڵاوبۆتەوە**

# ١-١-٨

## هەرێمێکی دزراو... کوردستان تاڵان دەکرێت

هەرێمی کوردستان مێژوویەکی درێژی لەتاڵانو دزیکردنی سامانەکەی هەیە لەلایەن ئەو بەرپرسانەی کە ٢٣ ساڵە حوکمی دەکەن، رۆژ لەدوای رۆژ ئەو دیاردەیە بە قەبارەی گەورەترو شێوازو فۆرمی جیاوازتر لەلای بەرپرسان دەرکەوتووە، لەدوای راپەرینەوە تەواوی کەلو پەلو کەسەتە گرانبەهاکانی کوردستان ئاودیوی ئێران کرانو کوردستان روتێنرایەوە، لەشۆفڵو بلدۆزەرو تادەگاتە ئاسنو فافۆنی وڵات هەمووی ئاودێوکرا.

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقیشەوە لەبری پلانادان بۆ گەرانەوەی خاکی کوردستانو دیاریکردنی سنوری باشوری کوردستان، بەرپرسانی کورد کەوتنە تاڵانکردنی کەلو پەلی ئەو ناوچانەو شەری خاکیان بە شەری دزینو تاڵانکردنی کەرەستەی ئەو ناوچانە گۆریەوە.

لەدوای هاتنی داعشیشەوە لە١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ەوە بەرەی بازرگانیو بردنو تاڵانکردنی سەربازگەکان لەلایەن حیزبەکانەوە دەستی پێکرد تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی یەکێتی وپارتی یەکتریان تۆمەتبار دەکرد بەوەی لەسنوری یەکێتی فیرقەیەك هەبووەو پری کەل وپەلی سەربازی بووە لەکەیوانی کەرکوك بەڵام لەبەری جەنگی پارتی بارەگای فیرقە نەبووە.

## ا- دزینی قوتی هاوڵاتیان

لەئێســـتادا کەماوەی ١٠ مانگە هاوڵاتیانی کوردســـتانی لەبەردەم قەیرانـــی بێ موچەیی‌و نەبوونی هەژاریـــدا خۆیان گرتووە، بەڵام بەرپرســـانی حیزبی سەرقاڵی ســـەوداو بازرگانی کردن‌و رۆژانە بە ملیۆنـــان دۆلار کەل‌و پەل‌و ســـامانی هاوڵاتیـــان دەدزرێت، گەر نمونەی چەند دزیەکی گەورە بخەینە روو، لەچەند رۆژی رابردوودا وەزیری سامانە سروشتیەکان لەپەرلەمانی کوردستان رایگەیاند کە رۆژانە (١٥٠ تەن غاز) دەدزرێـــت، ئەمە لەکاتێکدایە کە قەیرانی گەورەی غاز هەیە لەکوردستان، ١٥٠ تەن غاز دەکاتە (١٥٠ هەزار کیلـــۆ غاز) کە هەر غازێکی ماڵان کە بـــەکار دەهێنریت (١٢ بۆ ١٥ ســـائیل)ی تێدا بێت لەگەل بوتلەکـــە دەکاتە ٢٨ بۆ ٣٠ کیلۆ، واتا رۆژانە (١٢ هـــەزارو ٥٠٠) بوتڵ غاز دەدزرێت‌و بە نرخێکی بەرز دەفرۆشرێت خۆ ئەگەر هەر غازێك بە (١٠ هەزار دیناریش) بفرۆشرێت ئەوا دەکاتە (١٢٥ ملیۆن دینار) رۆژانە.


هەر بە وتـــەی وەزیری سامانەسروشـــتیەکان رۆژانە لەکەرکوك ١٥٠ هـــەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدێت، کە ٣٠ هەزار بەرمیلی بۆ ناوخۆیە بەڵام ١٢٠ هەزار بەرمیلی دیار نامێنێت، کە بەپێی زانیاری رۆژنامەنووســـان بە تەنگەر دەگوازرێتەوە بۆ ئێـــران، ئەگەر هەر بەرمیلەی تەنها بە ٥٠ دۆلاریش بفرۆشرێت، ئەوا رۆژانە داهاتەکەی دەکاتە (٦ ملیۆن دۆلار)و مانگانەش دەکاتە (١٨٠ ملیۆن) دۆلار.

ئەمە لەکاتێکدایە کە ماوەی زیاتر لە٧ ساڵە نەوتی هەرێم لەرێگەی تەنکەرەوە بۆ دەرەوەی وڵات دەبریت‌و داهاتەکەشی دیار نامێنێت،

ڕۆژانە بە سەدان تەنکەر نەوت لەڕێی مەرزەکانی (باشماخ، حاجی ئۆمەران، پەروێزخان، ئیبراهیـــم خەلیل) ەوە هەناردەکرێت، بەڵام ئەوەی دەبینرێت تا ئێستا داهاتەکەی ونەو دیار نیە، بەپێی خەمڵاندن‌و زانیاریەکان لەیەك ڕۆژدا (٣٨٤) تەنکەر لەکێڵگەی نەوتی تەقتەقەوە نەوتیان بردووە، هەر تەنکەرەو (٢٨)تەن باردەکات‌و بۆ هەر تەنێك (٣٨٥) دۆلار لەمەرزی ســـنوری وەردەگیرێت، ئەگەر لەڕۆژێکدا (٣٨٤) تەنکەر لەتەنها یەك کێڵگەوە(تەقتەق) ڕۆشـــتبێت بۆ ئێران‌و بڕی نەوت‌و نرخەکەی بەوشێوەیە بێت، گریمان، ڕۆژانە کەمتر لەو (٣٨٤) تەنکەرە دەربهێنرێت‌و (٣٠٠) تەنکەر بێت لەیەك کێڵگەو بە کەمتر لەو نرخەش بە (٣٥٠) دۆلار بفرۆشـــرێت‌و تەنها مەزەندەی ئەوەشـــبکەین کە هەردو کێڵگەکەی دیکەش (زاخۆو کۆرمۆر)، ڕۆژانە (٣٠٠) تەنکەریان لێ ڕەوانە بکرێت، ئەوا کۆی داهاتی یەك ڕۆژی هەر سێ کێڵگەکە دەکاتە (٨)ملیۆن‌و (٨٢٠) هەزار دۆلارو داهاتی فرۆشـــیش بۆ یەك مانگ لەهەر ســـێ کێڵگەکەدا، دەکاتە (٢٦٤) ملیۆن‌و (٦٠٠) هەزار دۆلار لەمانگێکداو لەساڵێکدا دەکاتە (٣ ملیارو ١٧٥ ملیۆن‌و ٢٠٠ دۆلار).

ئەمە ســـەرەرای ئەو بودجە زۆریە کە زۆرێك لەبەرپرسان بەهۆی پاسەوانی بندیوارو خانەنشینی پلەتایبەتەوە وەردەگیرێت، کە بەپێی ئەو زانیاریانـــەی خراوەتە ڕوو نزیکەی ١٠٠ هـــەزار فەرمانبەری بندیوار هەیە کە زۆربەیان بەهۆی واســـتەو نزیکیان لەبەرپرسانەوە دەوا ناکـــەن، خۆ ئەگەر هەریەکەیـــان تەنها ٥٠٠ هەزار دیناریش وەربگرن ئەوا مانگانە دەکاتە (٥٠ ملیار) دینار.

ئەمە سەرەرای ئەوەی لەچەند رۆژی رابردوودا وەزیری کارەبایی هەرێم رایگەیاند: ٣٠٪ بۆ ٣٥٪ی کارەبایی هەرێم بەفیرۆ دەرواتو دەدزرێت، کە بەشـــی زۆری بۆ کارگەو مــۆڵو بینای بازرگانی بەرپرســـان دەچیتو لەماوەی یەك ساڵدا بەشێك لەهاوڵاتیانو دامو دەزگاكان ٢٥٠ ملیار دینار قەرزاری حکومەتن.



## ب- بازرگانی بە سامانی نیشتیمانیەوە

لەدوای هاتنی داعش لە١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤و رووبەرووبونەوەی پێشمەرگە لەو ناوچانە، بەشێك لەبەرپرسە باڵاكانی هەرێمی كوردستان دەستیان كرد بە بازرگانیو سەودا لەگەڵ داعشو مامەڵەكردن لەسامانی نیشتیمانیەوە لەپێناو دەستكەوتی مادی، بازرگانیەكە لەزۆرێك لەسنوریەكانی نێوان پێشمەرگەو داعش كراوەو زۆرێك لەبەرپرسە حیزبیەكان تێوە گلاون، تەنها لەسنوری نێوان دوزخورماتو داقوق رۆژانە نزیكەی ١٠٠ تەنگەری ٣٦ هەزار لیتری بازرگانی پێوە كراوە لەنێوان داعشو بەرپرساندا كە هەریەكەی بە نزیكەی ١٤ هەزار دۆلار فرۆشراوە، واتا تەنها لەو ناوچەیە لەیەك رۆژدا بایی (١ ملیۆنو ٤٠٠ هەزار دۆلار) بازرگانی كراوەو بۆ مانگێك بایی (٤٢ ملیۆن دۆلار) بازرگانی كراوە، هاوكات لەماوەی سێ مانگادا زیاتر لە(٢ هەزار تیۆتای دەبڵ) براوە بۆ داعش هەریەكەی بە (٣٠ هەزار دۆلار) كە هەمویان دەكاتە (٦٠ ملیۆن دۆلار)، لەئێستاشدا باس لەبازرگانی غاز دەكرێت كە رۆژانە نزیكەی ٦ هەزار بوتڵ غاز دیار نامێنێتو دەبرێت بۆ سنوری دەسەڵاتی داعشو دەفرۆشرێت بە ٣٥ هەزار دینار كە خۆی تەنها ٤ هەزار دیناری تێدەچێت، واتا رۆژانە بایی (٢١٠ ملیۆن دینار) بازرگانی بە غازەوە كراوە بۆ ناودعش براوەو مانگانە دەكاتە (٦ ملیارو ٣٠٠ ملیۆن دینار)و دەكاتە (٥ ملیۆنو ٢٥٠ هەزار دۆلار).

وڵاتێك ئەمە تموحو ئەجێنداو بەرنامەو ســـتراتیژی بەرپرسەکانی بێتو ئامادە بێت لەگەل ترسناکترین دوژمنی خۆی مامەڵەو سەودا بکاتو پێشـــمەرگەش لەبەرەی جەنگ بە ٤٠٠ هەزار دینار خۆی بدا بە کوشـــت، لەهەرێمیش هاوڵاتیان ١٠ مانگە بەبێ موچەیيو قەیرانی ئابوری ژیان بگوزەرێنن، دەبێت داهاتووی ئەم وڵاتە بەرەو کوێ بڕوات.

***گۆڤاری لڤین ژمارە (٢٨٥) بەرواری ٢٠١٤/١١/٢٠**

# ١ـ٢

# بودجە بۆ گیرفانی حیزب

١-٢-١/ بودجەی حیزبەکان لەنێوان موزایەدەو بەهەدەرداندا
١-٢-٢/ ژێر زەمینی پڕ لەپارەو گیرفانی بەتاڵ
١-٢-٣/ بودجەیەکی زەبەلاح بۆ گیرفانە قوڵەکانی حیزب
١-٢-٤/ پارەی میللەت بۆ گیرفانە قوڵەکانی بەرپرسان
١-٢-٥/ بودجە لەنێوان موچەی فەرمانبەرانو گیرفانی حیزبو بەرپرساندا
١-٢-٦/ پارەی ژێر زەمینەکان چیان لێهات..؟

# ١-٢-١

## بودجەی حیزبەکان لەنێوان موزایەدەو بەهەدەرداندا*


پەسەندکردنی یاسای پێدانی بودجەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستان کە لەچەند رۆژی رابردوودا لەپەرلەمانی کوردستان، گفتوگۆو مشتومڕی زۆری لەنێوەندە سیاسیو میدیایەکاندا دروستکردووەو رووبەرووی رەخنەی زۆریش بۆتەوە بەوەی لەم دۆخە پڕ لەقەیرانی داراییەدا کە حکومەت موچەی فەرمانبەرانی پێدابین ناکرێت، چۆن ئەو بودجە دەداتە حیزبەکان، کە هەندێکیش پێیان وایە ئەوە بەفیڕۆدانو بە تالانبردنی بودجەی گشتیە لەلایەن حیزبەکانەوە، بەڵام هەندێکیش پێیانوایە بودجەی حیزبەکان لەپرۆژە یاسای بودجەدا دیاری دەکرێتو حیزبەکانیش تائێستا بە گۆترەو بەناعەدالەتیو بەبێ هیچ یاسایەك بودجەی حیزبەکان دیاری کراوە، بۆیە پەسەندکردنی ئەم یاسایە، بە هەنگاوێك بە ئاراستەی دادپەروەری لەپێدانی بودجە بۆ حیزبەکانو بە یاساییکردنی بودجەی حیزبەکان.

## أ- یاسای پێدانی بودجەی حیزبەکان

ئەگەرچی لەیاسای ژمارە ١٧ی ساڵی ١٩٩٣ ەوە یاسای حیزبەکانی هەرێمی کوردستان دەرچووەو تیایدا ئاماژە بەوە کراوە کە دەبێت بودجەی حیزبەکان دیاری بکرێت، لەمادەی ٤ی یاساکەدا هاتووە: ئەو بەخشش‌ـــەی لەبودجەی هەرێمدا بۆحیزبەکان تەرخاندەکرێت بەپێی چەند پێوانەیەك ئەنجومەنی نیشتیمانی دیاریدەکات.

بەڵام لەماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا حیزبەکان بودجەیان بۆخۆیان بردووە، بەبێ هیچ یاساو پێوەرێك، دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان جگە لەیەکێتیو پارتی لەســـەر بنەمای ئینتیمابوونیان بووە بۆ حیزبە باڵادەستەکانو هەرکاتیش ویستبێتیان بڕیویانە.

یاسای بودجەی حیزبەکان لە٦ مادە پێکهاتووە، لەمادەی یەکەمدا ئاماژە بەوەکراوە کە حکومەتی هەرێم بودجەیەکی ســـاڵانە بەبڕی (١٪)ی کۆی بودجی گشـــتی هەرێم بۆ حیزبە مۆڵەت پێدراوەکان دیاری دەکات، بەو پێیەش بودجـــەی ٢٠١٣ی هەرێم وەرگیراوە کەبڕەکـــەی زیاتـــر لە١٦ ترلیـــۆن دینار بووە، بـــەڵام ئەوان (١٦ ترلیـــۆن) دیناریان داناوە، بەو پێیـــەش لە(١٪)ی کۆی بودجە (١٦ ترلیۆن) دینار دەکاتە (١٦,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دابەش ١٠٠ (١٪) = (١٦٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ســـەدو شەست ملیار دینار، واتا بودجەی تەرخانکراو بۆ پێدانی حیزبەکان دەکاتە(١٦٠ ملیار دینار)کە پێشتر بودجەی تەرخانکـــراو بۆ حیزبەکان (١٩٠ ملیـــار دینار) تەرخان کرابوو، واتا (٣٠ ملیار دینار) کەمیکراوەتەوە.


ڕێژەی بودجەی حیزبەکان لە بودجەی گشتی هەرێم
بودجەی گشتی هەرێم
16000000000000 دینار
بودجەی حیزبەکان
160000000000 دینار
%1
%99

**لەمادەی دووەمی یاساکەدا هاتووە**
**کە بودجەی حیزبە مۆڵەتپێدراوەکان بەم پێوەرانە دابەشدەکرێت:**

**بڕگەی یەکەم/** کورسی پەرلەمانی کوردستان دەکرێتە بنەماو بەهای کورسیەکیش مانگانە (٠،٠٠٠٣٧٥)ی کۆی گشتی بودجەی حیزبەکان دەبێت. بەو پێیەش (١٦٠ ملیار دینار × ٠،٠٠٠٣٧٥ = ٦٠،٠٠٠،٠٠٠) واتا بەهای کورسیەکی پەرلەمانی کوردستان (٦٠ ملیۆن دینارە)، دیاریکردنی ئەو ڕێژەیە لەسەر ئەو بنەمایەیە ئەگەر بودجەی گشتی کەمی کردووە ئەوا بودجەی حیزبەکانیش کەمدەکات بە پێچەوانەشەوە، بەڵام ئەگەر (٦٠ ملیۆن دینار) دیاری بکرێت ئەگەر بودجەی هەرێم کەمیشی کرد بودجەی حیزبەکان هەر جێگیر دەبێت.

**بڕگەی دووەم/** ئەوە هاتووە کە ژمارەی دوو خولی کۆتایی پەرلەمان کۆدەکرێتەوە لەگەڵ کورسیەك بۆ هەر خولێکی پەرلەمانی کوردستان، بەمەرجێك ئەو حیزبانە لە٤ کورسی کەمتریان نەبێت لەپەرلەماندا.

**لەبڕگەی سێیەمیشدا/** ئەوە خراوەتە ڕوو ئەو حیزبانەی کورسیان نەهێناوەو ژمارەی دەنگەکانیان (٤٠٪) ئەوا دوو کورسیان بۆ ئەژمار دەکرێت، (دیارە لەپەرلەمانی کوردستان بەهای کورسیەك ١٩ هەزارو ٥٢٢ دەنگ بوو) بەو پێیەش لە(٤٠٪) دەنگەکانی کورسیەك دەکاتە نزیکەی (٨ هەزار) دەنگ. لەبڕگەی چوارەمیشدا ئەوە ڕونکراوەتەوە کە ئەو حیزبانەی کورسیان نەهێناوەو ڕێژەی دەنگەکانیان (٢٠٪ بۆ ٣٩٪) بێت ئەوا یەك کورسیان بۆ ئەژمار دەکرێت.

**لەبرگەی پێنجەمدا/** هەر حیزبێك کە خاوەنی یەك کورسی بێت لەخولەکانی پەرلەمان بە دوو کورسی کۆمەك دەکرێت، بەڵام لەبرگەی شەشەمەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو حیزبانەی کە پێش راپەرین بەشداربوون لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان ئەوا نابێت لە(٣٠٠ ملیۆن دینار) کەمتر وەرگرێت، هاوکات حیزبی خاوەن کورسیە کۆتاکان بۆ یەك کورسی (٠,٠٠٠٥)ی بودجەی حێزبەکانی پێدەکرێت، بەو پێیەش (١٦٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ × ٠,٠٠٠٥ = ٨٠,٠٠٠,٠٠٠) بۆ هەر کوسیەك (٨٠ ملیۆن دینار) دەکات، لەمادەی سێیەمدا هەر حیزبێك سەرپێچی یاسای ژمارە (١٧)ی ١٩٩٣ بکات ئەوا بێبەش دەکرێت لەبودجەی ساڵانە.

تەواوی ئەو مادەو بڕگانەی دیاریکراون وەك بنەما بۆ پێدانی بودجەی حیزبەکان بە تەوافوق کراوەو وەك ئەوەی هەر بڕگەیەك بۆ حیزبێكو خاتری حیزبێك دیاری کرابێت.

## دابەشکردنی بودجەی گشتی هەرێم بەسەر بودجەی حیزبەکاندا

**بودجەی حیزبەکان لە بودجی گشتی هەرێمی کوردستان**

16,000,000,000,000 ÷ 100 (%1) = 160,000,000,000

**بەهای یەك کورسی لە بودجەی گشتی حیزبەکان**

160,000,000,000 x 0.000375 = 60,000,000

**بودجەی مانگێکی حیزبەکان لە بودجەی گشتی هەرێم**

160,000,000,000 ÷ 12 = 13,333,333,333

**بودجەی مانگێکی حیزبەکانی کورسی کۆتایان هەیە**

160,000,000,000 x 0.0005 = 80,000,000

## ب- دیاریکردنی بودجەی حیزبەکان

بەپێی یاســای پێدانی بودجەی حیزبەکان هەر حیزبێك بودجەی دیــاری کراوی خــۆی دەبێت‌و بەپێــی ئەو کورســیانەی بۆی ئەژمارکراوە، پارتی دیموکراتی کوردســتان لەخولی سێیەم ۲۰۰۹ دا (۳۰) کورسی هەبووەو لەخولی چوارەمدا ۲۰۱۳ دا ۳۸ کورسی هەیە لەگەڵ چوار خولی پەرلەمان بەشداری کردووە کە ٤ کورسی دەکات کۆی گشتی کورسیەکانی دەکاتە (۷۲ کورسی) بەو پێیەش بودجەی مانگێکی دەکاتــە (٤ ملیارو ۳۲۰ ملیۆن دینار) واتا (۷۲ کورسی × ٦۰ ملیۆن = ٤،۳۲۰،۰۰۰،۰۰۰) بۆ ساڵێکیش دەکاتە (٥١ ملیــارو ۸٤۰ ملیۆن دینار)، بەو پێیەش بودجەی پارتی (۳۹۰ ملیۆن دینار) کەمیکردووە، چونکە پێشــتر (٤ ملیارو ۷۲۰ ملیۆن)دیناری وەردەگرت.

هەریەك لەبزووتنەوەی گۆڕان لەخولی ســێیەم (۲٥) کورســیو لەخولی چوارەم (۲٤) کورسی لەگەڵ دوو خول بەشداری کردووە، دەکاتە (٥١) کورسی پێیەش بودجەی مانگێکی دەکاتە (۳ ملیارو ٦۰ملیۆن دینار) واتا (٥١ کورسی × ٦۰ ملیۆن = ۳،۰٦۰،۰۰۰،۰۰۰) بۆ ســاڵێکیش دەکاتە (۳٦ ملیارو ۷۲۰ ملیــۆن دینار)، بەو پێیەش بزووتنەوەی گۆڕان (۲ ملیــارو ٤٦۰ ملیۆن) دینار زیادی کردووە چۆنکە پێشتر (٦۰۰ ملیۆن) دیناری وەرگرتووە.

یەکێتی نیشتیمانی کوردســتانیش لەخولی سێیەم (۲۹) کورسیو لەخولی چوارەم (۱۸) کورسی لەگەڵ چوار خول بەشداری کردووە، دەکاتە (٥١) کورسی پێیەش بودجەی مانگێکی دەکاتە (۳ ملیارو ٦۰ملیۆن دینار) واتا (٥١ کورسی × ٦۰ ملیۆن = ۳،۰٦۰،۰۰۰،۰۰۰)

بۆ ســـاڵێکیش دەکاتە (٣٦ ملیارو ٧٢٠ ملیـــۆن دینار)، بەو پێیەش یەکێتـــی بڕی (١ ملیارو ٦٦٠ ملیۆن) دینار کەمی کردووە، چونکە پێشتر (٤ ملیارو ٧٢٠ ملیۆن)دیناری وەردەگرت.

**ژمارەی کورسی و بودجەی مانگ و ساڵی حیزبەکان**

| حیزبەکان | کورسی ٢٠٠٩ | کورسی ٢٠١٣ | کورسی خول | کۆ | بودجەی مانگێک | بودجەی ساڵێک |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٠ | ٢٨ | ٤ | ٧٢ | ٤٣٢٠ | ٥١٨٤٠ |
| بزوتنەوەی گۆڕان | ٢٥ | ٢٤ | ٢ | ٥١ | ٣٠٦٠ | ٣٦٧٢٠ |
| یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ٢٩ | ١٨ | ٤ | ٥١ | ٣٠٦٠ | ٣٦٧٢٠ |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٦ | ١٠ | ٣ | ١٩ | ١١٤٠ | ١٣٦٨٠ |
| کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٤ | ٦ | ٣ | ١٣ | ٧٨٠ | ٩٣٦٠ |
| بزووتنەوەی ئیسلامی | ٢ | ١ | ٢ | ٥ | ٣٠٠ | ٣٦٠٠ |
| حیزبی شیوعی | ١ | ١ | ٢ | ٤ | ٢٤٠ | ٢٨٨٠ |
| حیزبی سۆسیالیست | ٢ | ١ | ٢ | ٥ | ٣٠٠ | ٣٦٠٠ |
| ئاراستەی سێیەم | ١ | ١ | ٢ | ٤ | ٢٤٠ | ٢٨٨٠ |
| کۆتاکان | ١١ | ١١ |  | ١١ | ٨٨٠ | ١٠٥٦٠ |

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیش لەخولی سێیەم (٦) کورسیو لەخولی چوارەم (١٠) کورسی لەگەڵ سێ خول بەشداری کردووە، دەکاتە (١٩) کورسی پێیەش بودجەی مانگێکی دەکاتە (١ مليارو ١٤٠ مليۆن دینار) واتا (١٩ کورسی × ٦٠ مليۆن = ١،١٤٠،٠٠٠،٠٠٠) بۆ ساڵێکیش دەکاتە (١٣ مليارو ٦٨٠ مليۆن دینار)، بەو پێیەش یەکگرتوو (٦٩٠ مليۆن) دینار زیادی کردووە کە پێشتر (٤٥٠ مليۆن دیناری) وەرگرتووە.

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانیش لەخولی سێیەم (٤) کورسیو لەخولی چوارەم (٦) کورسی لەگەڵ سێ خول بەشداری کردووە، دەکاتە (١٣) کورسی پێیەش بودجەی مانگێکی دەکاتە (٧٨٠ مليۆن دینار) واتا (١٣ کورسی × ٦٠ مليۆن = ٧٨٠،٠٠٠،٠٠٠) بۆ ساڵێکیش دەکاتە (٩ مليارو ٣٦٠ مليۆن دینار) بەو پێیەش کۆمەڵ (٤٣٠ مليۆن) دینار زیاد دەکات. چونکە پێشتر (٣٥٠ مليۆن) دیناری وەرگرتووە.

تەواوی حیزبەکانی تریش بەپێی ئەو برگانەی لەیاساکەدا هاتووە بودجەیان بۆ دیاری دەکرێت.

## جیاوازی بودجەی حیزبەکان لە رابردوو و داهاتوودا

| حیزبەکان | بودجەی مانگانە پێشوو | بەهای کورسیەك | بودجەی مانگانە داهاتوو | جیاوازی |
|---|---|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٤٧٢٠ | ١٢٤ | ٤٣٢٠ | – ٣٩٠ |
| بزوتنەوەی گـــــــۆڕان | ٦٠٠ | ٢٥ | ٣٠٦٠ | + ٢٤٦٠ |
| یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ٤٧٢٠ | ٢٦٢ | ٣٠٦٠ | – ١٦٦٠ |
| یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | ٤٥٠ | ٤٥ | ١١٤٠ | + ٦٩٠ |
| کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | ٣٥٠ | ٥٨ | ٧٨٠ | + ٤٣٠ |
| بزووتنەوەی ئیسلامی | ٨٠ | ٨٠ | ٣٠٠ | + ٢٢٠ |
| حیزبی شـــــیوعی | ٥٨٠ | ٥٨٠ | ٢٤٠ | – ٣٤٠ |
| حیزبی سۆسیالیست | ٣٥٠ | ٣٥٠ | ٣٠٠ | – ٥٠ |
| ئاراســـتەی سێیەم | | | ٢٤٠ | |
| کـــۆتاکان | | | ٨٨٠ | |

## ج- بودجەی حیزبەکان لەنێوان هۆڵەنداو کوردستاندا

لەزۆرێك لەوڵاتانی دونیا هاوکاریو یارمەتی حیزبەکان هەیەو لەسەر ژمارەیەك بنەما بودجەیان پێدەدرێت، لەهۆڵەندا بری ئەو بودجەیەی دیاری کراوە بۆ حیزبەکان لەساڵی ٢٠١٤ دا (٠,٠٠٢٤) ی کۆی داهاتی گشتی هۆڵەندا، کۆی داهاتی هۆڵەندا (٦١٣ ملیار یۆرۆیە) تێکرای ئەو بودجەیەی دیاری کراوە بۆ حیزبەکان (١٥ ملیۆن یۆرۆیە).

پێدانی یارمەتی حیزبەکانی هۆڵەندا لەسەر چەند بنەمایەك دەبێت(زانیاریەکانی هۆڵەندا لەبابەتی قانونی یارمەتیدانی حیزبەکانو چەند سەرنجێ، مەحمود رەزا وەرگیراوە) لەوانە:

هەر حیزبێ لەپارلەمان (ژوری دوەم)دا ئەندامی هەبێ، گەورە بێ یان پچوك دەوڵەت بە یەکسانی یەکی برێ پارەی ئەداتێ (لەم خولەدا ١٤ حیزب لەژوری دوەما ئەندامیان هەیە. گەورەترین یان خاوەنی ٤١ کورسیو پچوکترینیان خاوەنی ١ کورسیە)، ئەم ١٤ حیزبە بێ جیاوازی بۆ ساڵێك یەکی (١٦٩ هەزارو ٥٣٩ یۆرۆ) لەدەوڵەت وەرئەگرن، کە تێکڕا ئەکاتە(٢ ملیۆنو ٣٧٣ هەزار ٥٤٦) یۆرۆیە ژمارەی حیزبی ناو پارلەمان زیادو کەم بکا، ئەم بڕەش زیادو کەم ئەکا.

ئەو(١٢ ملیۆن‌و ٦٢٦ هەزارو ٤٥٤ یۆرۆیەی) دەمێنێتەوە بەم شێوەیە دابەش ئەکرێ:

## ١- بەگوێرەی ژمارەی پارلەمانتار:

دەوڵەت بۆ هەر ئەنـــدام پارلەمانێك (٤٩ هەزارو ١٧٥ یۆرۆ)ئەدا بە حیزبەکەی. ژوری دوەمی پارلەمانـــی هۆڵندا ١٥٠ پارلەمانتارە. کۆی ئـــەو پارەیەی بـــەم گوێرەیە دەوڵەت ئەیـــدا بە حیزبەکان ئەکاتـــە(٧،٣٧٦،٢٥٠ یۆرۆ). گەورەترین حیـــزب کە خاوەنی ٤١ کورسییە (٢،٠١٦،١٧٥) یۆرۆی بەر ئەکەوێ. پچوکترین کە خاوەنی ١ پارلەمانتارە تەنیا(٤٩،١٧٥ یۆرۆی) بەر ئەکەوێ.

## ٢- بە گوێرەی ژمارەی ئەندامی حیزب:

یارمەتی دانی حوکمەت بۆ حیزب لەسەر بناغەی ژمارەی ئەندام، بۆ کوردســـتان نا بێ. چونکە لەهۆڵندا کەسێك بە ئەندامی حیزب حســـاب ئەکرێ کە بە رێکوپێکی لەرێگەی بانکەوە ئابونە بدا بە حیزب: لەحسابی ئەندامەکەوە مانگانە، وەرزانە، ٦ مانگ یان ساڵی جارێك بڕی ئابونەکەی بچێتە سەر کۆنتۆی حیزب.
لە١٣ حیزب، ژمارەی ئەندامی ٩ حیزبم لەبەر دەست بو، کە هەمو حیزبە گەورەکانی تیایە، بە هەر ٩ یان خاوەنی ٢٨٥،٢١٦ ئەندامن.
گریمان ٤ حیزبەکەی تر بە هەمویان ٥٠،٠٠٠ ئەندامیان هەبوو.
کۆی ئەندامانی هەر ١٣ حیزبەکە ئەکاتە ٣٣٥،٢١٦ ئەندام.

ئەگەر ٥،٢٥٠،٢٠٤ یۆرۆکە دابەشبکەین بەسەر تێکڕای ژمارەی ئەندامانی هەر ١٣ حیزبەکەدا ئەوا هەر ئەندامێك ١٥ یۆرۆو ٦٦ یۆرۆ سێنتی بەر ئەکەوێ.

**د- خاڵە پۆزەتیفو نەگەتیفەکانی یاساکە**

ئەم یاسایە رووبەرووی زۆرترین رەخنەی رۆژنامەنووسانو هاوڵاتیانی کوردستان بویەوە

**أ- خاڵە نەگەتیفەکان**

١- کاتی تێپەراندنی یاساکە گونجاو نیەو قەیرانی دارایی تەواوی کوردستانی گرتۆتەوە

٢- بودجەیەکی زەبەلاح تەرخان کراوە بۆ حیزبەکان کە دەکرێت بەو بودجەیە زیاتر لە(١٥٠) قوتابخانەی ١٨ پۆلی پێ درووست بکرێت. یاخود بودجەی ساڵێکی نزیکەی ٣ بۆ ٤ وەزارەت دەکات. کە ئەویش بەهەدەردانێکی گەورەیە.

٣- دەبوو یاساکە لەدەرەوەی تەوافوقی سیاسی فراکسیۆنو حیزبەکان بوایە، چونکە بوچونی حزبەکان زاڵە بەسەریداو خاتری هەموو حیزبەکان گیراوە.

٤- بەزیادبوونی بودجەی گشتی بودجەی حیزبەکانیش زیاد دەکات بەو پێیەی رێژە دیاری کراوە نەك ژمارە.

٥- زەمانەت نیە بۆ چاودێری کردنی بودجەی حیزبەکان کە چۆن خەرج دەکرێت.

## ب- خاڵە پۆزەتیفەکانی

١- بودجەی حیزبەکانی لەگۆترەکاریەوە بە یاسایی کرد.
٢- دوور خستنەوەی دەستی حیزب لەکاروباری بودجەو پەیوەست بوون بە یاسای حیزبەکانەوە.
٣- کەمکردنەوەی پارەی تەرخانکراو بە بری ٣٠ ملیار دینار.
٤- تا قەیرانی بودجە هەبێت ئەم موچەیە نادرێت بە حیزبەکان
٥- پێوەری کورسی دانا بۆ بودجە چونکە پێشتر هیچ پێوەرێك نەبووە.

*** رۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (٤٣٩) بەرواری ٢٠١٤/٨/٥، لاپەرە، ١٨.**

# ١-٢-٢

# ژێر زەمینی پڕ لەپارەو گیرفانی بەتاڵ

ئەوەی ئەمرۆ رووبەرووی هەرێمی کوردستان بۆتەوە لەنەمانی پارە لەبانکەکانو ئیفلاس بوونی حکومەت لەپێدانی موچەی فەرمانبەرانی، هۆکارەکەی هەرچیەك بێتو چۆن بێت، گرنگ نیە هێندەی ئەو پرسیارە گرنگە کە لەماوەی رابردوودا بەشی زۆری بودجەی هەرێم چۆتە چنگی حیزبو بەرپرسانی حیزبیەوە، ئەو پارەیە ئێستا لەکوێن؟ بۆچی بۆ رۆژێکی وەك ئەمرۆ بەکاری ناهێنن هەرێم لەم قەیرانە رزگار بکەن، ئەوان دەیانەوێت ژێرزەمینەکانیان پڕ بکەن لەپارەو نەمانی پارە هیچ کاریگەریەك لەژیانی بەرپرسان نەکاتو داوای دان بەخۆداگرتنی هاوڵاتیانو موچەخۆرانیش بکەن.

ئەم دۆخەی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە نەبوونی پلانی ستراتیژی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە بۆ داهاتوو، بەوەی لەئێستادا یەدەگی (نەقدی) حکومەتی عێراق بە نزیکەی (٩٠ ملیار دۆلار) دەخەملێنرێت، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا هیچ یەدەگێکی نەقدی نەبووەو نیە، کە دەیتوانی لەداهاتی نەوت، خاڵە سنوریەکان تەنانەت لەو بەهەدەردانە زۆرەی هەیبووە پارەیەکی زۆر وەکو یەدەگ دابنێت بۆ نمونە تەنها بۆ بەخشین کە بەهەدەردانە ساڵانە بودجەیەکی زەبەلاح

تەرخان دەكات، لە٢٠١٣ لەبودجەی گشتی دا حكومەتی هەرێمی كوردســـتان بڕی (٦٧١ مليارو ٨٣٣ مليۆن) ديناری تەرخانكردووە بۆ بەخشين، لەكاتێكدا لەساڵانی ٢٠١١و ٢٠١٢و سالانی رابردوشدا بودجەيەكی زەبەلاح بۆ بەخشــين تەرخان كراووە، دەكرێت تەنها ئەو بودجەيەی بۆ بەخشين تەرخانكراوە، وەكو يەدەگ هەڵبگيرايە ئێستا هەرێم خاوەنی زياتر لە(٢ مليار دۆلار) يەدەكی نەقدی دەبوو، تەنها ئەو بودجەيەی بۆ بەخشين تەرخانكراوە بری (٦٧١ مليارو ٨٣٣ مليۆن) دينار، بەشــی موچەی مانگێكی كۆی فەرمانبەرانی هەرێم دەكات كە هەريەكەيان يەك مليۆن ديناريشی هەبێت، كە ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێم (٦٨٢ هەزارو ٨٤٩ كەس) فەرمانبەرن.

## أ- بودجە لەگيرفانە قوڵەكانی حزبدا

هەر لەسەرەتای دوورست بوونی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە لەساڵی ١٩٩٢و رێكخستنی دامو دەزگاكان لەچوارچێوەی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا، سەرجەمی ئەو داهاتو سامانەی كە هاتۆتە خەزێنەی حكومەتەوە پشكی گەورەی بۆ حيزبەكان بووەو بەشێكی كەمی دراوەتە هاوڵاتيان، بەپێی بەڵگەنامەی نەوشيروان مستەفا كە لەوتارێكـــدا بەناوی (حيزبو حوكم، ئەزمونی كوردســتان) كە لەسايتی سبەيدا بلاوی كردۆتەوە، لەمانگی ١٠ی ١٩٩٤ دا موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان (٨٦ مليۆنو ٤٥٠ هەزار) ديناری سويسری بووە، هاوكات ئەو پارەيەی دراوە بە يەكێتیو پارتی (٨٠ مليۆن) دينـــار بووە، واتا نزيكەی نيوەی (٥٠٪) ی كۆی بودجەی حكومەت دراوە بە يەكێتیو پارتی.

هاوکات لەساڵی ١٩٩٩و لەسەردەمی کابینەی کۆسرەت رەسوڵدا (ئیدارەی سلێمانی) بودجەو داهاتی گشتی وڵات (٣٠٪ بۆ ئیدارەی گشتی یەکێتی، ٣٥٪ بۆ هێزی پێشمەرگە یەکیتی، ٣٥٪ بۆ حکومەت)، واتـــا (لە٦٥٪ بودجە بۆ حیزبو ٣٥٪ یش بۆ حکومەت)، بێگۆمان لەئیدارەی پارتیشدا لەوە باشتر نەبووە.

## دابەشکردنی بودجەی هەرێم 1994


**یارمەتی مانگانەی هەردو حیزب (مانگی 94/10)**

| | |
|---|---|
| یارمەتی هەردو م س بە دینار | 20.000.000 |
| یارمەتی هەردو م س بە دۆلار | 16.000.000 ($320.000) |
| یارمەتی پێشمەرگەی هەردولا | 40.000.000 |
| یارمەتی شەهیدانی هەردولا | 4.000.000 |
| هەموی | 80.000.000 دیناری عیراقی |


**موچەی مانگانەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان (مانگی 94/10)**

| | |
|---|---|
| هەولێر | 38.450.000 |
| سلێمانی | 26.200.000 |
| دهۆك | 14.800.000 |
| کەرکوك | 7.000.000 |
| هەموی | 86.450.000 |

## بودجەی حیزب ئیدارەی سلێمانی لە مانگی 1999/6




## بودجەی حیزب لە مانگی 1994/10



لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ وە کە پشکی لە١٧٪ ی بودجە لەبەغدادەوە هاتووە بۆ هەرێمی کوردستان لەو برەش بە پێی وتەی بەرپرسانی یەکێتیو پارتی مانگانە هەریەکی (٣٥ ملیۆن دۆلار)یان بۆخۆیان بردووە لەساڵی (٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٠) واتا بۆ ماوەی ٦ ساڵ مانگی بەهەردووکیان (٧٠ ملیۆن دۆلار) یان لەبودجەی گشتی بردووەو ساڵانە دەکاتە (٨٤٠ ملیۆن دۆلار)و بەو ٦ ساڵەش دەکاتە (٥ ملیارو ٤٠ ملیۆن دۆلار)، ئەمە لەکاتێکدایە کە بودجەی ساڵی ٢٠٠٤ ی هەرێم (٢ ملیارو ٣٣٠ ملیۆن دۆلار) بووە یەکێتیو پارتی ئەو ساڵە (٨٤٠ ملیۆن دۆلار) یان بۆ خۆیان بردووە واتا (٣٦٪)ی بودجەی ئەو ساڵەیان بردووەو بودجەی ٢٠٠٥ی هەرێم(بری ٣ ملیارو ١٢٤ ملیۆن دۆلار)بووە واتا(٢٦٪)ی بودجەی ئەو ساڵەیان بۆ خۆیان بردووە، بەو پێیەش یەکێتیو پارتی لە٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٠ بری (٥ ملیارو ٤٠ ملیۆن دۆلار) یان بردووە کە نزیکە لەبودجەی دوو ساڵی هەرێمی کوردستان چونکە کۆی بودجەی هەردوو ساڵی ٢٠٠٤و ٢٠٠٥ (٥ ملیارو ٤٥٤ ملیۆن دۆلار)بوەو بەو برە بودجەیەی کە هەردوو حیزب بردوویانەو ئەگەر وەك پارەی یەدەگ هەڵبگیرایە بە ئاسانی دەتوانرا هەرێم لەتەواوی قەیرانەکان رزگار بکرێت.

## بردینی بودجە لەلایەن یەکێتی و پارتیەوە

2004 تـــا 2010

| | مانگانە | ساڵانە | 6ساڵ |
|---|---|---|---|
| پارتی | 35ملیۆن دۆلار | 420ملیۆن | 2 ملیارو 520ملیۆن دۆلار |
| یەکێتی | 35ملیۆن دۆلار | 420ملیۆن | 2 ملیارو 520ملیۆن دۆلار |
| کۆی | 70ملیۆن دۆلار | 840ملیۆن | 5ملیارو 40ملیۆن دۆلار |

لەگەڵ ئەوەی لەدوای سـاڵی ٢٠١٠ وە بودجەی پارتی‌و یەکێتی کەمکرایەوەو بە وتەی رەشـید تاهیر بریـکاری وەزارەتی دارایی مانگانـە هەریەکەیان (٤ ملیارو ٧٢٠ ملیۆن دینار) وەردەگرن، واتا مانگانە بەهەردوکیان (٩ ملیارو ٤٤٠ ملیۆن) دینار بۆخۆیان دەبەن‌و سـاڵانە دەکاتە (١١٣ ملیارو ٢٨٠ ملیۆن دینار) سەرەرای ئەوەی بە چەند رێگایەکی تر لەوبودجەیـە زیاتریان بۆخۆیان برد لەوانەش خانەنشینکردنی کادرە حیزبیەکان، بودجەی کەناڵە ئاسمانیەکانیان، موچەی دەزگا راگەیاندنکانیان، رێکخراوە حیزبیەکانیان، خەرجی‌و موچەی بارەگاو پاسەوانە حیزبیەکان..

## ب- پارەی داهات‌و شیرینی نەوت

بەپێی خەملاندن‌و پێشبینی شارەزایان کە پشتی بە لێدوان‌و راپۆرتی وەزارەتی سـامانە سروشتیەکان بەستووە، لەو کاتەوە هەرێم نەوت رەوانەی دەرەوە دەکات تا ئێسـتا، حکومەتی هەرێم نزیکەی (١٢ ملیار دۆلار) شیرینی گرێبەستی نەوتی دەست کەوتووە، بەپێی ئاستی بەرهەمهێنانـی نەوتیش لەماوەی دوو سـاڵی رابردوودا حکومەتی هەرێم بایی زیاتر لە(٨ ملیار دۆلار) نەوتی بەهەمهێناوە، بەڵام هیچ یەك لەو پارانە دیار نیە.

## ج- ١٢ مليار دۆلار شيرينى گرێبەستى نەوت

بەپێى راپۆرتى مانگانەى وەزارەتى سامانە سروشتيەکان کەلەتشرينى يەکەمى ٢٠١٣ دا بلاويکردۆتەوە، ئەو گرێبەستە هاوبەشانەى کراوە لەگەڵ کۆمپانيا بيانيەکانى نەوت لەهەرێمدا (٥٩) گرێبەست بووە، بە پێى وتەى وەزيرى سامانە سروشتييەکان، کە لەکۆبونەوەى ٢٠٠٩/١٠/١٩داو لەبەردەم ئەندامانى پەرلەمانى کوردستاندا، رايگەياند، (پێنج مليارد دۆلارى شيرينى گرێبەستە نەوتييەکان هاتوەتە کوردستانو ديێتە کوردستان، يەك مليارد خەرجکراوەو چوارى ماوە). ئەگەر بەپێى خەملاندن بێتو پشت بە زيادبونى ژمارەى گرێبەستە نەوتييەکان ببەسترێت ئەوا ئەو پارەيەى کەوەك بەخشين هاتبێتو دێت، دەبێت لە١٢ مليار دۆلار نزيك بوبێتەوە، بەوەى کاتێك وەزيرى سامانە سروشتيەکان ئەو قسەيەى کردووە کە ٢٥ گريبەست هەبووە بەڵام ئێستا کە ژمارەى گرێبەستەکان گەيشتۆتە (٥٩) گرێبەست واتا گرێبەستەکان نزيکەى دوو ئەوەندەو نيو زيادى کردووە، بەو پێيشە دەبێت شيرينى گرێبەستە نەوتيەکان لەئێستادا نزيك بوبێتەوە لە١٢ مليار دۆلار.

## د- ٦ ملیار دۆلار داهاتی فرۆشی نەوت

سەرەرای ئەو نەوتە زۆرەی رۆژانە لەهەرێمی کوردستان بەرهەم دێت، بەڵام داهاتەکەی زۆر لەئاستی بەرهەمهێنانی کەمترە بە جۆرێك، بە بەپێی رێکەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمو بەغداد لەسەر بودجە دەبوایـــە هەرێم رۆژانە (٢٠٠ هەزار) بەرمیل نەوتی رەوانە بکردایە لـــە٢٠١٢ دا، دیارە کە رێکەوتنی کردووە لەگەڵ بەغداد لەتوانایدا بووە بۆیـــە رێکەوتنی کردووە، خۆ ئەگەر هەر بەرمیلێك بە (١٠٠ دۆلار) فرۆشرابێت، واتا لەو ساڵەدا داهاتەکەی بۆ عێراق (٢ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلار) بووە، لەگەڵ ئەوەی ئەو داهاتە نەچۆتە خەزینە بەغدادو لەهەرێمیش تەنها بڕی (٣ ملیارو ٦٩٧ ملیۆن) دینار دیارە بە نزیکەی (٣ ملیۆن دۆلار).

ئەمە لەکاتێکدا کە بەپێی راپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، لە٢٠١٣ دا رۆژانە لەرێگـــەی تەنکەرەوە لەیەك مانگدا واتا مانگی تشرینی دووەم (یەك ملیۆنو ٧٠٦ هەزارو ٦٠) بەرمیل هەناردە کراوە، خۆ ئەگەر هەر بەرمیلێك بە (١٠٠) دۆلار بوبێت ئەوا، مانگانە بایی (١٧٠ ملیۆنو ٦٠٦ هەزار) دۆلار نەوت هەناردەکراوە، ساڵانە بایی (٢ ملیارو ٤٧ ملیۆنو ٢٧٢ هەزار) دۆلار نەوت هەناردەکراوە.

لەم ساڵیشدا حکومەتی عێراق داوای لەحکومەتی هەرێم کردووە رۆژانە (٤٠٠) هـــەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات، دیارە ئەمەش پشتی بەستووە بە لیدوانو خەملاندنەکانی بەرپرسانی نەوتی هەرێم، رەنگـــە ئەم لێدوانانە وای لەبەغداد کردبێت کە بری (٤٠٠ هەزار) بەرمیل نەوت دیاری بکات کە دەبێت هەرێمی کوردستان رۆژانە

بینێریتە دەرەوە، بەو پێیەش ئەگەر لەرۆژێکدا (٤٠٠ هەزار) بەرمیل بنێرێـــت واتا لەســـاڵێکدا (٣٦٥) رۆژ دەکاتە (١٤٦ ملیۆن) بەرمیل لەســـاڵێکدا، بەو پێیەش ئەگەر هەر بەرمیلێك بە (١٠٠) دۆلاریش بفرۆشـــرێت ئەوا ساڵانە هەرێم بایی (١٤ ملیارو ٦٠٠ ملیۆن دۆلار) نەوت دەفرۆشێت.

بەڵام بەشێوەی رەســـمیو بەپێی خشـــتەی بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەکانی هەرێم کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان خۆی بڵاوی کردۆتەوە، رۆژانە هەرێمی کوردســـتان توانای بەرهەمهێنانی (٣٦٨ هەزار) بەرمیل نەوتی هەیە.

هاوکات بەپێی خەمڵاندنو زانیاری پەرلەمانتاری پێشوو عەبدوڵای مەلا نوری، لەیەك رۆژدا (٣٨٤) تەنکەر لەکێڵگەی نەوتی تەقتەقەوە نەوتیان بردووە، هەر تەنکەرەو (٢٨)تەن باردەکاتو بۆ هەرتەنێك (٣٨٥) دۆلار لەمەرزی ســـنوری وەردەگیرێت، ئەگەر لەرۆژێکدا (٣٨٤) تەنکەر لەتەنها یەك کێڵگەوە(تەقتەق) رۆشـــتبێت بۆ ئێرانو بڕی نەوتو نرخەکەی بەوشێوەیە بێت، گریمان، رۆژانە کەمتر لەو (٣٨٤) تەنکەرە دەربهێنرێتو (٣٠٠) تەنکەر بێت لەیەك کێڵگەو بە کەمتر لەو نرخەش بە (٣٥٠) دۆلار بفرۆشـــرێتو تەنها مەزەندەی ئەوەشـــبکەین کە هەردو کێڵگەکەی دیکەش (زاخۆو کۆرمۆر)، رۆژانە (٣٠٠) تەنکەریان لێ رەوانە بکرێت، ئەوا کۆی داهاتی یەك رۆژی هەر سێ کێڵگەکە دەکاتە (٨)ملیۆنو (٨٢٠) هەزار دۆلارو داهاتی فرۆشـــیش بۆ یەك مانگ لەهەر ســـێ کێڵگەکەدا، دەکاتە (٢٦٤) ملیۆنو (٦٠٠) هەزار دۆلار لەمانگێکداو لەساڵێکدا دەکاتە (٣ ملیارو ١٧٥ ملیۆنو ٢٠٠ دۆلار).

بەو پێیەش کۆی داهاتی نەوتی دووسـالّی رابردووی هەرێم بە نزیکـەی (٦ ملیار دۆلار) مەزەندە دەکرێتو هیچیشـی دیار نیە لەخەزینەی دەوڵەتدا، تەنها بە داهاتی رەوانەکردنی نەوت لەرێگەی تەنکەرەکانەوە، دەتوانرێت موچەی تەواوی موچەخۆرانی دەوڵەت بدرێت، کە مانگانە ناگاتە ٧٠٠ ملیار دینار.

**و- موچەی فەرمانبەران**

لەئێسـتادا ژمارەی موچە خۆرانی حکومی هەرێم (یەك ملیۆنو ٣٤١ هەزارو ٥٥٨ کەس) موچەخۆرەو لەو ژمارەیەش (٦٨٢ هەزارو ٨٤٩ کەس) فەرمانبەرن، بەڵام لەئێستادا حکومەتی هەرێمی هەرێمی کوردستان توانای دابینکردنی موچەی موچەخۆرانی خۆی نیە.

ئەگەر ژمارەی فەرمانبەرانی هەندێـك لەوەزارەتەکان وەرگرین بۆ نمونە، وەزارەتی پلاندانان کە ژمـارەی فەرامانبەرانی (١٤٦٨) فەرمانبەرەو ئـەو بودجەیەی بۆ موچەی فەرمانبەرانی تەرخانکراوە لەسـالّی ٢٠١٣ دا (٢٤ ملیارو ٥١١ ملیۆن دینـارە) واتا مانگی بۆ وەزارەتی پلاندانان (٢ ملیارو ٤٢ ملیۆن دینار)، لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لەبودجەی ٢٠١٣ دا بری (٥١ ملیار) دیناری تەنها بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل، تەرخان کردبوو، کە ئەو پارەیە بەشـی دوو ئەوەندەی موچەی فەرمانبەرانی وەزارەتی پلاندانانی دەکرد.

هاوکات وەزارەتی بازرگانی ژمارەی فەرمانبەرانی (٥ هەزارو ٢٩٢) فەرمانبەرەو کۆی ئەو بودجەیەی بۆ سالێکی موچەی فەرمانبەرانی

تەرخان کراوە(٦٦ ملیارو ١٤٠ ملینۆ دینارە) واتا مانگانە ئەو وەزارەتە پێویستی بە (٥ ملیارو ٥١١ ملیۆن دینارە) بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبودجەی گشتی ٢٠١٣ی هەرێمی کوردستاندا بڕی(٥ ملیارو ٧٦٧ ملیۆن)دینار تەرخانکردووە تەنها بۆ ئاهەنگگێران.

**موچەی مانگانەو ساڵانەی هەندێك لە وەزارەتەكان**

| ناوی وەزارەت | ژمارەی فەرمانبەر | موچەی مانگانە | موچەی ساڵانە |
|---|---|---|---|
| وەزارەتی پێلاندانان | ١٤٦٨ | ٢ ملیار و ٤٠ ملیۆن | ٢٤ ملیار و ٥١١ ملیۆن |
| گواستنەوە | ٧١٥٧ | ٧ ملیارو ٦٣٨ ملیۆن | ٩١ ملیارو ٦٦٤ ملیۆن |
| وەزارەتی داد | ٤٢٥٧ | ٤ ملیارو ٧٠ ملیۆن | ٤٨ ملیارو ٨٤٠ ملیۆن |
| وەزارەتی بازرگانی | ٥٢٩٢ | ٥ ملیارو ٥١١ ملیۆن | ٦٦ ملیار و ١٤١ ملیۆن |

کۆی موچەی مانگێکی چوار وەزارەت (داد، پلاندانان، گواستنەوە، بازرگانی) دەکاتە (١٩ ملیارو ٢٥٩ ملیۆن دینار، لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبودجەی ٢٠١٣ دا بری(٥٨ ملیارو ١١٧ ملیۆن) دینـــاری تەنها بۆ کرێی بینا تەرخانکـــردووەو بری ٢٥ ملیاری بۆ رابواردنی فەرمی تەرخانکـــردووە، تەنها بەو برە بودجەیە دەتوانرا موچەی چوار بۆ پێنج وەزارەت دابین بکرایە.

***گۆڤاری شار ژمارە (٢١) شەممە بەرواری ٢٠١٤/٣/١، لاپەرە ٣٨.**

# ١ـ٢ـ٣

# بودجەیەکی زەبەلاح بۆ گیرفانە قوڵەکانی حیزب

لەگەڵ ئەوەی ئەمرۆ هەرێمی کوردستان رووبەرووی نەمانی پارە لەبانکەکانو ئیفلاس بوونی حکومەت لەپێدانی موچەی فەرمانبەرانی بۆتەوە، هاوکات مینحەی حیزبەکانیش نەدراوەو ئەمەش بۆخۆی کێشەی بۆ کادرو فەرمانبەرانی حیزبەکان درووست کردووە، هەرچەندە یاسایەکی دیاریکراو نیە بۆ پێدانی مینحە بە حیزبەکان بەڵام حیزبەکان بەتایبەتیش یەکێتیو پارتی بەبێ هیچ یاسایەکی تایبەت، بودجەیەکی زۆریان بۆخۆیان بردووە، لەسەرەتاداو لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ەوەو هێنانی ١٧٪ی بودجە لەبەغداوە مانگانە یەکی ٣٥ ملیۆن دۆلاریان بۆخۆیان بردووەو لەئێستاشدا ئەو برە بە وتەی رەشید تاهیر بریکاری وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکێتیو پارتی مانگانە یەکی (٤ ملیارو ٧٢٠ ملیۆن دینار) بۆخۆیان دەبەن، ئەمە سەرەرای حیزبەکانی دیکە کە هەریەکەو بودجەیەکی دیاریکراو وەردەگرن بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێگەو سەنگی حیزبەکانو لەبەرچاوگرتنی ئەو دەنگانەی بەدەستیان هێناوە، لەهەڵبژاردنەکاندا، کە پێویست بوو وەك هەندێك لەپەرلەمانترانیش پێشنیازیانکرد، ژمارەی کورسی پەرلەمانی کوردستان لەبەرچاوربگیرێت بۆ دیاریکردنی مینحەی مانگانەی حیزبەکان، لەئێستاشدا ژمارەیەکی زۆری حیزب بودجەیەکی زۆر لەحکومەت وەردەگرن بەبێ ئەوەی

دەنگی پێویســـتیان بەدەســـتهێنابێت، تەنانەت حیزب هەیە (١٣٢) دەنگی بەدەســـتهێناوەو مانگانە (٢٠) ملیۆن دیناریش لەحکومەتی هەرێم وەردەگرێت.

## أ- بودجە بۆ گیرفانی حیزب

لەدوای یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردســـتان لە١٩٩٢/٥/١٩و پێکهێنانی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم، حیزبەکان بەتایبەتیش پارتیو یەکێتی پشـــکی گەورەیان لەبودجەی گشـــتی بۆخۆیان بردووە، بەجۆرێك ســـەرجەمی ئەو داهاتو ســـامانەی کە هاتۆتە خەزێنەی حکومەتەوە پشکی گەورەی بۆ حیزبەکان بووەو بەشێکی کەمی دراوەتە هاولاتیان، بەپێی بەڵگەنامەی نەوشیروان مستەفا کە لەوتارێکـــدا بەناوی (حیزبو حوکم، ئەزمونی کوردســـتان) کە لەسایتی سبەیدا بلاوی کردۆتەوە، لەمانگی ١٠ی ١٩٩٤ دا موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان (٨٦ ملیۆنو ٤٥٠ هەزار) دیناری سویسری بووە، هاوکات ئەو پارەیەی دراوە بە یەکێتیو پارتی (٨٠ ملیۆن) دینـــار بووە، واتا نزیکەی نیوەی (٥٠٪) ی کۆی بودجەی حکومەت دراوە بە یەکێتیو پارتی.

هاوکات لەساڵی ١٩٩٩و لەسەردەمی کابینەی کۆسرەت رەسوڵدا (ئیدارەی سلێمانی) بودجەو داهاتی گشتی ولات (٣٠٪ بۆ ئیدارەی گشـــتی یەکێتی، ٣٥٪ بـــۆ هێزی پێشـــمەرگەی یەکیتی، ٣٥٪ بۆ حکومەت)، واتا (لە٦٥٪ بودجە بۆ حیزبو ٣٥٪ یش بۆ حکومەت)،

بێگۆمان لەئیدارەی پارتیشدا لەوە باشتر نەبووە، سەبارەت بە بودجە بۆ حیزبەکانی دیکەش، لەسنوری ئیدارەی سلێمانی کە بڕی (چوار ملیۆنو هەشتاو هەشت هەزار) دیناری سویسری بووەو بەم شێوەیە دابەشکراوە:

**بودجەی حیزبەکان ئیداری سلێمانی** 1999

| حیزب | بودجەی مانگانە |
|---|---|
| بزووتنەوەی ئیسلامی | ٢ ملیۆن دینار |
| سۆسیالیست | ٧٠٠ هەزار دینار |
| زەحمەتکێشان | ٦٠٠هەزار دینار |
| پارێزگاران | ٢٥٠ هەزار دینار |
| دیموکراتیخوازان | ١٠٠ هەزار دینار |
| هاوپەیمانی | ١٢٨ هەزار دینار |
| شیوعی | ٢٠٠ هەزار دینار |
| حیزبی وەتەنی عێراقی | ٦٠ هەزار دینار |
| کۆمونیستی کرێکاری | ٥٠ هەزار دینار |
| کۆی گشتی | ٤ ملیۆن و ٨٨ هەزار دینار |

ئەمە لەکاتێکدابووە کە کۆی موچەی فەرمانبەران لەو کاتەدا (٣٦ ملیۆن دینار) بـــووە، هاوکات بەپێی نامەی عەلی محەمەد عەبدوڵا بەڕێوەبەری بانکی ســـەلام داهاتی یەك رۆژی ١٩٩٩/٧/٧ی خاڵە گومرگیەکانی ئیدارەی ســـلێمانی، (یەك ملیۆن‌و ٧٤٨ هەزارو ٢٦٠ دینـــار) بووە واتا بۆ ئەو کاتە دەیکردە (١٥ هەزارو ٣٢٠ دۆلار) بۆ یەك رۆژ، خۆ ئەگەر ئەو ژمارەیە وەربگرین بۆ سەرجەم رۆژەکانی دیکە ئەوا مانگێك داهاتی خاڵە گۆمرگیەکانی ئیدارەی ســـلێمانی، دەیکـــردە (٥٢ ملیۆن‌و ٤٤٧ هەزارو ٨٠٠ دینار)، ئەمە تەنها داهاتی گومرگەکان جگە لەداهاتەکانی دیکە.

لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ وە کە پشکی لە١٧٪ ی بودجە لەبەغدادەوە هاتووە بۆ هەرێمی کوردســـتان لەو برەش بە پێی وتەی بەرپرسانی یەکێتی‌و پارتـــی مانگانە هەریەکی (٣٥ ملیۆن دۆلار)یان بۆخۆیان بردووە لەســـاڵی (٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٠) واتا بۆ ماوەی ٦ ســـاڵ مانگی بەهەردووکیان (٧٠ ملیۆن دۆلار) یان لەبودجەی گشـــتی بردووەو ساڵانە دەکاتە (٨٤٠ ملیۆن دۆلار)و بەو ٦ ساڵەش دەکاتە (٥ ملیارو ٤٠ ملیۆن دۆلار)، ئەمە لەکاتێکدایە کە بودجەی ســـاڵی ٢٠٠٤ ی هەرێم (٢ ملیارو ٣٣٠ ملیۆن دۆلار) بووە یەکێتی‌و پارتی ئەو ساڵە (٨٤٠ ملیۆن دۆلار) یان بۆ خۆیان بردووە واتا (٣٦٪)ی بودجەی ئەو ساڵەیان بردووەو بودجەی ٢٠٠٥ی هەرێم(بری ٣ ملیارو ١٢٤ ملیۆن دۆلار)بووە واتا(٢٦٪)ی بودجەی ئەو ســـاڵەیان بۆ خۆیان بردووە، بـــەو پێیەش یەکێتی‌و پارتی لـــە٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٠ بری (٥ ملیارو ٤٠ ملیۆن دۆلار) یان بردووە کە نزیکە لەبودجەی دوو ساڵی هەرێمی کوردســـتان چونکە کۆی بودجەی هەردوو ســـاڵی ٢٠٠٤و ٢٠٠٥

(٥ ملیـــارو ٤٥٤ ملیۆن دۆلار)بوەو بەو برە بودجەیەی کە هەردوو حیزب بردوویانەو ئەگەر وەك پارەی یەدەگ هەڵبگیرایە بە ئاسانی دەتوانرا هەرێم لەتەواوی قەیرانەکان رزگار بکرێت.

لەگەڵ ئەوەی لەدوای ســاڵی ٢٠١٠ وە بودجەی پارتیو یەکێتی کەمکرایەوەو بە وتەی رەشــید تاهیر بریــکاری وەزارەتی دارایی مانگانــە هەریەکەیان (٤ ملیارو ٧٢٠ ملیۆن دینار) وەردەگرن، واتا مانگانە بەهەردوکیان (٩ ملیارو ٤٤٠ ملیۆن) دینار بۆخۆیان دەبەنو ســاڵانە دەکاتە (١١٣ ملیارو ٢٨٠ ملیۆن دینار) سەرەرای ئەوەی بە چەند رێگایەکی تر لەوبودجەیــە زیاتریان بۆخۆیان برد لەوانەش خانەنشینکردنی کادرە حیزبیەکان، بودجەی کەناڵە ئاسمانیەکانیان، موچەی دەزگا راگەیاندنکانیان، رێکخراوە حیزبیەکانیان، خەرجیو موچەی بارەگاو پاســەوانە حیزبیەکان، بەڵام خۆی ئەو بودجەیەی بــۆ مینحەی حیزبەکان تەرخان کراوە برەکــەی (٩٠ ملیار) دینار بــووە، بەڵام تەنها یەکێتیو پارتی بــڕی (١١٣ ملیارو ٢٨٠ ملیۆن دینار) یان ساڵانە بەرەســمی بۆخۆیان بردووە، واتا تەنها یەکێتیو پارتی بڕی (٢٣ ملیار دینارو ٢٨٠ ملیۆن) دینار زیاتر لەو بودجەیەی تەرخانکراوە بۆیان بردووە.

واتا تەنها ئەو بودجەیەی کە یەکێتیو پارتی لەئێستادا بۆ خۆیانی دەبەن بەقەد موچەی فەرمانبەرانی چەند وەزارەتێك دەبێت بۆ نمونە ئەو بودجەیەی کە بۆ وەزارەتی پلاندان دانراوە بۆ بواری بەکاربردن کە بودجەی ئەو وەزارەتە (٢٤ ملیارو ٥١١ ملیۆن دینارە)و لە(٦٥٪) ی بۆ موچەیە واتا (١٥ ملیارو ٩٣٢ ملیۆن) دیناری بۆ موچەیە، واتا ئەو بودجەیەی یەکێتیو پارتی دەیبەن ٩ جار لەبودجەی تەرخانکراو بۆ موچەی فەرمانبەران زیاترە.

## ب- حیزبە خاوەن کورسیەکان

لەگەڵ ئەوەی لەئێستادا هیچ یاسایەك نیە بۆ پێدانی مینحەی حیزبەکانو هیچ پێوەرێکیش نیە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی ئەو بودجەیەی کە بە حیزبەکان دەدرێت، بەڵام هەر حیزبەو بودجەیەکی جیاواز لەحکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت، خۆ ئەگەر ئەو حیزبانە وەربگیرێن کە کورسیان هەیە لەپەرلەمانو نرخی کورسیەك وەربگیرێت بۆ ئەو بودجەیەی وەریدەگرن ئەوا ناعەدالەتیەکی زۆر دەبینرێت، بۆ نمونە نرخی کورسیەك بۆ یەکێتی کە (١٨) کورسی هەیەو (٤ ملیارو ٧٢٠ ملیۆن) دینار وەردەگرێت، دەکاتە (٢٦٢ ملیۆن) دینار، بەڵام نرخی کورسیەك بۆ گۆڕان کە (٢٤) کورسی هەیەو (٦٠٠ ملیۆن) دینار وەردەگرێت، تەنها (٢٥ ملیۆن) دینار دەکات، هاوکات حیزبی شیوعی کوردستان کە یەك کورسی پەرلەمانی هەیەو مانگانە (٥٨٠ ملیۆن دینار) وەردەگرێت، نرخی هەر کورسیەك (٥٨٠ ملیۆن) دینار دەکات. کە گرانترین نرخی کورسیە.

## بودجەی حیزبەکانی هەرێمی کوردستان

| ناوی حیزب | ژمارەی کورسی | بودجەی مانگانە | نرخی کورسیەکی پەرلەمان |
| --- | --- | --- | --- |
| پارتی دیموکراتی کوردستان | ٣٨ | ٤ ملیارو ٧٣٠ ملیۆن دینار | ١٢٤ ملیۆن دینار |
| یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ١٨ | ٤ ملیارو ٧٣٠ ملیۆن دینار | ٢٦٢ ملیۆن دینار |
| بزووتنەوەی گۆڕان | ٢٤ | ٦٠٠ ملیۆن دینار | ٢٥ ملیۆن دینار |
| یەکگرتووی ئیسلامی | ١٠ | ٤٥٠ ملیۆن | ٤٥ ملیۆن دینار |
| کۆمەڵی ئیسلامی | ٦ | ٣٥٠ ملیۆن | ٥٨ ملیۆن |
| بزووتنەوەی ئیسلامی | ١ | ٨٠ ملیۆن | ٨٠ ملیۆن |
| حزبی زەحمەتکێشان | ١ | ٤٠٠ ملیۆن | ٤٠٠ ملیۆن |
| حزبی شیوعی | ١ | ٥٨٠ ملیۆن | ٥٨٠ ملیۆن |
| حزبی سۆسیالیست | ١ | ٣٥٠ ملیۆن | ٣٥٠ ملیۆن |

واتا ئەو هێزانەی هیچ کورسیەکیان نیەو ئاستی دەنگەکانی هەندێك حیزبیشیان ناگاتە ئاستی دەنگی خانەوادەیەکی گەورە بەڵام بودجە لەحکومەت وەردەگرێت، بەو ١٥ حیزبەی کە هیچ کورسیەکیان نیە لەپەرلەماندا مانگانە (**٣٥٣** ملیۆن) دینار وەردەگرن، کە هەندێك لەو هێزانە تەنها سێبەری پارتە دەسەڵاتدارەکانن‌و لەکاتی پێویستدا بەیاننامەیان پێ ئیمزا دەکەن

## ج- بودجەی هێزە بێ کورسیەکان

ژمارەیەکـــی زۆری حیزب و لایەنی جیـــاواز هەیە کە لەهیچ هەڵبژاردنێکدا کورســـیەکی پەرلەمانیانیان بەدەســـتنەهێناوە، بەڵام زۆربەیان لایەنگریان بۆ هەردوو هێزە بالادەســـتەیکەی کوردستان یەکێتـــی و پارتیەوە هەیەو مانگانـــە بودجە لە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان وەردەگرن، لـــە کاردانەوەیەکدا داواکاری گشـــتی بەنوسراوێك وەزارەتی ناوخۆ ئاگادار دەکاتەوە، بۆ پێدانی زانیاری لەسەر ئەو حزبانەی نەیانتوانیوە، لە هەڵبژاردنەکانی رابردوودا، بگەنە پەرلەمان، بەمەبەستی گرتنەبەری رێکاری یاسای لەگەڵیان، ئاماژەی بەوەشدەکات ئەو حزبانە تەنها مەبەستیان بەدەستهێنانی برێك پارەیە کە ساڵانە مەزەندەدەکرێت بە زیاتر لە (٢٨)ملیار دینار.

بەپێی نوســـراوێکی داواکاری گشـــتی، کەدەســـت هەفتەنامەی ئاوێنە کەوتووە، (١٥)حزبو رێکخراوی کوردســـتان مانگانە پارە لە بودجەی گشـــتی حکومەتی هەرێم وەردەگرنو پارەو سامانی گشـــتی بەفیرۆدەدەن، نوسراوەکەی داواکاری گشتی ئەو حزبانەی بەبچوك پۆلێنکردووەو ئاماژەی بەوەشکردووە کە ئەو حزبە بچوکانە نەگەیشـــتونەتە پەرلەمانو هیچ چالاکیو رۆڵێکی سیاســـیان نیە،و بەشێکیان هەر بەشداری هەڵبژاردنیشیان نەکردووەو تەنها مەبەستیان بەدەســـت هێنانی برێك پارەیە کە ساڵانە مەزەندەدەکرێت بە(٢٨) ملیارو (٥٥٦)ملیۆن دینار.

لە بەشێکی تری نوســـراوەکەی داواکاری گشتیدا باس لە حزبی شیوعی عێراق دەکات‌و ئەوەشـــی ئاشکراکردووە، حزبی شیوعی عێراقی بەهیچ شێوەیەك بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی نەکردووە، کەچی مانگانە، بڕی (٧٥)ملیۆن دینار لە حکومەتی هەرێم وەردەگرێت‌و هاوکات لە حکومەتی عێراقیش پارە وەردەگرێت.

یەکێك لەو حزبانەی کە داواکاری گشتی داواگرتنەبەری ڕێکاری یاسای لە دژی دەکات، حزبی رزگاری کوردستانە، کە ئەو حزبە بەشـــداری دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردســـتانی کردوەو تەنها (١٣٢) دەنگی بەدەســـتهێناوە، لە کاتێکدا مانگانە بڕی (٢٠)ملیۆن دینار لە حکومەت وەردەگرێت.

هەر لە نوســـراوەکەی داواکاری گشـــتیدا باس لـــە بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان دەکات، کە تەنیا سەرۆکی حزبەکە خدر روســـی، بەشـــداری هەڵبژاردنی کردووە، بەڵام تەنها (٢٨٣) دەنگی بەدەستهێناوە.

واتا ئەو هێزانەی هیچ کورسیەکیان نیەو ئاستی دەنگەکانی هەندێك حیزبیشیان ناگاتە ئاستی دەنگی خانەوادەیەکی گەورە بەڵام بودجە لە حکومەت وەردەگرێت، بەو ١٥ حیزبەی کە هیچ کورسیەکیان نیـــە لە پەرلەمانـــدا مانگانە ( ٣٥٣ ملیۆن ) دینـــار وەردەگرن، کە هەندێك لەو هێزانە تەنها سێبەری پارتە دەسەڵاتدارەکانن و لەکاتی پێویستدا بەیاننامەیان پێ ئیمزا دەکەن.

## بودجەی ئەو حیزبانەی کە کورسی پەرلەمانیان نیە

| ژ | ناوی حیزب | بودجەی مانگانە |
|---|---|---|
| ١ | پارتی پارێزگارانی دیموکراتی کوردستان | ٤٥ ملیۆن دینار |
| ٢ | بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان | ٢٥ ملیۆن دینار |
| ٣ | بزوتنەوەی رزگاری دیموکراتی کوردستان | ٢٥ ملیۆن دینار |
| ٤ | بزوتنەوەی ئاشتیخوازانی کوردستان | ١٢ ملیۆن دینار |
| ٥ | پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان | ٢١ ملیۆن دینار |
| ٦ | پارتی پێشکەوتنخوازانی کوردستان | ١٨ ملیۆن دینار |
| ٧ | پارتی نەتەوەیی کوردستان | ٢٠ ملیۆن دینار |
| ٨ | ئۆجاغی تورکمان | ٣٠ ملیۆن دینار |
| ٩ | کۆمەڵەی رۆشنبیری تورکمان | ١٦ ملیۆن دینار |
| ١٠ | کۆمەڵەی لیبراڵی تورکمان | ١٠ ملیۆن دینار |
| ١١ | پارتی برایەتی تورکمان | ٥ ملیۆن دینار |
| ١٢ | حزبی رزگاری نەتەوەیی تورکمان | ١ ملیۆن دینار |
| ١٣ | حزبی رزگاری کوردستان | ٢٠ ملیۆن |
| ١٤ | حزبی شیوعی عێراق | ٧٥ ملیۆن دینار |
| ١٥ | بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان | ٣٠ ملیۆن دینار |

***گۆڤاری سپی میدیا ژمارە (١٢) بەرواری ٢٠١٤/٣/١٣ لاپەرە ٢٠.**

# ١ـ٢ـ٤

# پارەی میللەت بۆ گیرفانە قوڵەكانی بەرپرسان

لەگەل ئەوەی عێراق بەگشـــتی‌و هەرێمی كوردســـتان بەتایبەتی خاوەنی بودجەیەكی زەبەلاح‌و گەورەن، بەڵام بەهۆی نادادپەروەری‌و نایەكسانیەوە بەشـــی زۆری ئەو بودجەیە دەچێتە گیرفانی بەرپرسە باڵاكانـــی حكومەت‌و بەشـــێكی كەمی بودجە مانگانـــە دەدرێتە فەرمانبـــەران‌و موچە خۆران، بەپێی پرۆژە بودجەی عێراق ژمارەی دانیشـــتوانی هەرێمی كوردســـتان (٤ ملیۆن‌و ٣٢٠ هەزارو ٦٠٤) كەسەو (هەرچەند بەرپرســـان ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بە زیاتر لـــە٥ ملیۆن كەس ئەژمـــار دەكەن) لەو رێژەیـــەش بەپێی وتەی وەزیری دارایی هەرێمی كوردستان (یەك ملیۆن‌و ٣٤١ هەزارو ٥٥٨ كـــەس) موچەخۆری دەوڵەتن‌و لەو ژمارەیەش (٦٨٢ هەزارو ٨٤٩ كەس) فەرمانبەرن، بەڵام لەبەرامبەر ئەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەراندا ژمارەیەكی كەمی وەزیرو پەرلەمانتارو بەرپرســـی باڵا هەیە، بەڵام موچەی ئەو بەرپرســـانە دەیان جار لەموچەی فەرمانبەرێك یاخود موچەخۆرێكی ئاسایی زیاترە.


## أ- پەرلەمانی عێراقو شوێنێك بۆ كۆكردنەوەی پارە

لەگەڵ ئەوەی خەڵکی کوردســـتان بە گەرمو گوریەکی زۆرەوە دەنگی بەکاندیدەکانیدا بۆ ئەوەی بچنە بەغدادو نوێنەرایەتی گەلی کورد بکەن، بەڵام بەشی زۆری بەرپرسانو نوێنەرانی کورد لەبەغداد بەسەر موچەو پارەیەکی خەیاڵیدا کەوتنو زۆرجار کۆکردنەوەی پارە، پرسە چارەنوسسازەکەیانی بیربردەوە کە بەرگریکردنە لەمافە دەستوریو یاســاییەکانی خەڵکی کوردستان، بەو پێیەی موچەی وەزیـــر یاخود پەرلەمانتارێکی عێراق هێندەی موچەی زیاتر لە٢٠٠ فەرمانبەری ئاسایی یان زیاتر لە٦٠٠ موچەخۆرە، بەوپێیەی موچەی بنەرەتی پەرلەمانتارێکی عێراق(١٠ ملیۆن دینار) ەو (ملیۆنێكو ٦٠٠ هەزاری دینـــاری) لێدەبڕن واتابنەرەتیەکـــەی دەبێتە(٨ملیۆن ٤٠٠ هەزار دینار) لەگەڵ موچەی(٣٠)پاســـەوان کە هەریەکەیان (٧٥٠ هـــەزار دینار)ە کە دەکاتە(٢٢ ملیۆنو ٥٠٠ هەزار دینار) وتا ئەوانە پارەکە دەدەنە پەرلەمانتارەکەو ئەو ئازادە چەند پاســـەوان بۆخۆی دیاری دەکات، لەگەڵ نەسریەی خواردنو کرێ بینادا کە نزیکەی (٤ملیۆن دیناری) دیکەیان پێدەدرێت، کۆی گشتی موچەی مانگێکی پەرلەمانتاری عێـــراق زیاتر لە(٣٤ ملیۆن) دینارەو هێندەی موچەی (٩١٨) موچەخۆرە کە کەمترین موچەی موچە خۆرێك (٣٧ هەزار دینارەو موچەی ساڵێکیان دەکاتە (٤٠٨ ملیۆن دینار) بۆ چوار ساڵەکە دەکاتـــە (یەك ملیارو ٦٣٢ ملیۆن دینار) کە موچەی مانگێکی ٣٢٥ پەرلەمانتارەکەی عێراق دەکاتە(١١ ملیارو ٥٠ ملیۆن دینار) بۆ هەر چوار ساڵەکە دەکاتە(٥٣٠ ملیارو ٤٠٠ ملیۆن دینار)، ئەمە سەرەرای

چەندین نەسریەو پاداشـــتی دیکە بۆ نمونە لەنوسراوێکی رەسمیدا کـــە واژووی ســـەرۆکی پارلەمانی عێراقی لەســـەرەو رەزامەندی دەربردراوە بۆ خەرجکردنی بری (٩ ملیۆنو ٤٦٤ هەزار دینار) بۆ دان ئێشەی پەرلەمانتار (ئەحمەد علوانی) پارلەمانتاری لیستی عێراقیە، کـــە رەنگە زۆری پارەو ئیمتیـــازی پەرلەمانتارانی ئیغرا کردبێتو دووربکەونەوە لەو ستراتیژەی کە بۆی چوون، بەتایبەتیش بۆ کورد ئەو نوێنەرانە رەنگە ســـودێکی ئەوو تۆیان نەبێت بەو پێیە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە نوێنەرانی کورد لەبەغداد هیچ پرسێکی چارەنووسسسازیان یەکلانەکردۆتەوە.

**ب- هەرکۆبونەوەیەکـــی پەرلەمان چوار ملیۆن دینار بۆ پەرلەمانتار دەوەستێت**

ئـــەو موچە زەبەلاحـــەی پەرلەمانتاری عێـــراق لەکاتێکدایە کە ژمارەیەکی زۆر لەپەرلەمانتاران پەیوەست نین بە دەوامو دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقـــەوە، بەپێی راپۆرتی وەرزی روانگەی نوێنەرانی عێراقی (مرصد النواب العراقی) کە ئاماری دانیشتنەکانو ریژەی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتارانی خستۆتە روو بۆ مانگەکانی (٧و ٨و ٩/ ٢٠١٢) کە لەو ســـێ مانگەدا ئەنجومەنی نوێنەران تەنها ٢٣ کۆبونەوەی کردووەو (٩٧ سەعات) دانیشتوون، ئەگەر بەنمونە تەنها مانگی ئاب وەرگرین، تیایدا تەنها (٧ دانیشتن) کراوەو (٢٦ سەعاتو ١٥ خولـــەك) کۆبوونەتەوە واتا بۆ یـــەك کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەران هەر پەرلەمانتارێك (٤ملیۆنو ٨٥٠ هەزار دینار) دەکەوێت لەکۆی ئەو (٣٤ ملیۆن) دینارەی کە مانگانە وەری دەگرن، بۆ هەر سەعاتێك کۆبوونەوە (یەك ملیۆنو ٢٥٠ هەزار دینار) دەکەوێت، کە رەنگە زۆرینەی پەرلەمانتاران بەوتەیەکیش بەشداری کۆبونەوەکە نەکەن یاخود بەشـــی زۆریان هەر ئامادەی دانیشتنەکان نابن. واتا موچەی یەك کۆبوونـــەوەی پەرلەمانتارێکی عێراق بەقەد موچەی (٣٢) کەمئەندامە کە موچەکەیان (١٥٠ هەزار) دینارە. وە موچەی مانگێکی پەرلەمانتارێکی عێراق بەقەت موچەی (٩١٨) موچەخۆرە کە کەمترین موچەی موچەخۆرێك (٣٧ هەزار دینارە).



ڕێژەی ئامادەبوونی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی عێراق 2012
کۆمەڵی ئیسلامی %10.7
وەتەنیون %2.4
عێراقیە %4
هاوپەیمانی نیشتیمانی %1.5
گۆڕان %0
عێراقیەی سپی %1.8
هاوپەیمانی کوردستانی %0.5
0
2
4
6
8
10
12

سەبارەت بە ئامادەنەبوون (غیاب) بوونی فراکسیۆنەکانیشەوە بەپێی ئەو ڕێژبەندیەی ڕوانگەی نوێنەرانی عێراقی دیاریکردووە(فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لەپلەی یەکەمدایە بۆ ئامادەنەبوون بەرێژەی ١٠٫٧٪و فراکسیۆنی عێراقیە ٤٪و هاوپەیمانی نیشتیمانی ١٫٥٪و هاوپەیمانی کوردستان ٠٫٥٪و فراکسیۆنی گۆڕان ٠٪).

ئەمە لەکاتێکدایە لەپرۆژە بودجەی ٢٠١٣ دا بۆ هەر پەرلەمانتارێکی عێراق بری(١٥٠ ملیۆن دینار) بۆ ئۆتۆمبیلی گوللەنەبڕ تەرخانکراوە واتا بۆ (٣٢٥) پەرلەمانتارەکە (٤٨ ملیارو ٧٥٠ ملیۆن دینار) دەکات، پێشتریش لەساڵی ٢٠١٠ دا هەرپەرلەمانتارێك بری(٥٨ ملیۆن) دیناریان بۆ کرینی ئۆتۆمبیل پێدرا، کە بەهەر ٣٢٥ پەرلەمانتارەکە بری (١٨ ملیارو ٨٥٠ ملیۆن) دیناریان بۆ تەرخانکرا واتا لەماوەی تەنها سێ ساڵدا بری (٦٧ ملیارو ٦٠٠ ملیۆن دینار) تەنها بۆ کڕینی ئۆتۆمبیلی پەرلەمانتاران تەرخانکراوە.. واتا موچەی چوارساڵەکەی پەرلەمانتارێکی عێراق کە (یەك ملیارو ٦٣٢ ملیۆن دینار) لەگەڵ (٢٠٨) ملیۆن دیناری ئۆتۆمبیل (٥٨ + ١٥٠ ملیۆن) دەکاتە (یەك ملیارو ٨٤٠ ملیۆن) دینار کە (١٣٦ دەفتەر دۆلار) دەکات، کە دەتوانرێت بە تەنها بە موچەی یەك پەرلەمانتار (٢) قوتابخانەی نمونەیی پێ درووست بکرێت، یاخود بەشی موچەی زیاتر لە(٤٤ هەزار) موچە خۆر دەکات.

## ج- موچە لەنێوان پەرلەمانتاری عێراقو هۆڵەندا

ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان موچەو ئیمتیازی پەرلەمانتارێکی عێراقیو هۆڵەندی، موچەی مانگانەی پەرلەمانتارێکی هۆڵەندی (٧٣١١،٦٠) یۆرۆیە کە دەکاتە (١١ ملیۆنو ٦٩٧ هەزار دینار) بەڵام لە٥٢٪ بۆ باجە واتا (٣،٨٠٢،٠٣) یۆرۆو لە٤٨٪ ی بۆدەمێنێتەوە کە دەکاتە (٣٥٠٩،٥٦٨) یۆرۆ واتا دەکاتە (٥ ملیۆنو ٦١٤ هەزار دینار) یاخود (٤ هەزارو ٦٧٨ دۆلار) گەر بەراوردی بکەین بە موچەی پەرلەمانتارێکی عێراق کە (٣٤) ملیۆن دینار وەردەگرێتو دەکاتە (٢٨ هەزارو ٣٠٠ دۆلار) واتا موچەی پەرلەمانتارێکی عێراق نزیکەی (٧ جار) زیاترە لەموچەی پەرلەمانتارێکی هۆڵەندیو موچەی پەرلەمانتارێکی پەرلەمانی کوردستان نزیکەی (٣ ملیۆن دیناری) زیاترە لەموچەی پەرلەمانتارێکی هۆڵەندی، بەو پێیەی پەرلەمانتارێکی پەرلەمانی کوردستان مانگانە (٨ ملیۆن) دینار وەردەگرن کە دەکاتە (٦ هەزارو ٦٦٦ دۆلار)و ساڵانە (٩٦ ملیۆن) دینارو بۆ چوار ساڵەکە (٣٨٤ ملیۆن) دینار وەردەگرن، کە تەنها موچەی پەرلەمانتارێکی کوردستان (٥٠) ئەوەندەی موچەی فەرمانبەرێکە کە کەمترین موچەی فەرمانبەر لەکوردستان (١٦١ هەزار) دینارە.


جیاوازی موچەی پەرلەمانتار لە عێراق و کوردستان و هۆڵەندا
30000
25000
20000
15000
10000
5000
0
27200دۆلار
6400دۆلار
4678دۆلار
پارلەمانتاری عێراق
پارلەمانتاری کوردستان
پارلەمانتاری هۆڵەندا

هاوکات موچـــەی وەزیرێك لەهەرێمی کوردســـتان (٨ ملیۆن) دینارە، لەگەڵ ئەو نەســـریەی وەری دەگرن کە نەســـریەی وەزیر لەنێوان (٥ بۆ ٢٥ ملیۆن) دایـــە ئەگەر ئیمە (١٥ ملیۆن) وەرگرین ئەوا موچەی مانگانەی هەر وەزیرێك لەهەرێمی کوردستان دەکاتە (٢٣ ملیۆن دینار) واتـــا مانگانەی هەر وەزیرێك (١٩ هەزارو ١٦٦ دۆلارە).. کـــە موچـــەی مانگێکی وەزیرێك لەکوردســـتان بەقەد موچـــەی (١٤٢) فەرمانبـــەرو (٦٢١) موچە خـــۆرە، بەبەراورد بە موچـــەی مانگانەی وەزیرێکی هۆڵەنـــدی کە کە بری موچەکەی مانگانە (١١١٦٦،٦٧) یۆرۆیە واتـــا (١٧ ملیۆنو ٨٦٥ هەزار دینار) بەڵام لـــە٥٢٪ بۆ باجە بەوپێیەی تا موچەت زیـــاد بێت باج زیاتر دەبێت، واتا لە٤٨٪ی بۆدەمێنێتـــەوە کە دەکاتە (٥،٣٦٠،٠٠) یۆرۆ واتـــا ئەو موچەیەی وەری دەگرێت (٨ ملیۆنو ٥٧٦ هەزار دینارە) کە دەکاتە (٧ هەزارو ١٤٦ دۆلار)، هاوکات نەسرەیەی وەزیرێکی هۆلەندی لەســـاڵێکدا (٣٩٤٣،٥٦) (سێ هەزارو نۆسەدو چل وسێ یۆرۆو پەنجاو شـــەش سەنت)، کە دەکاتە (٦ ملیۆنو ٣٠٨ هەزارو ٨٠٠ دینـــار) کە دەکاتە (٥ هەزارو ٢٢٧ دۆلار) بۆ ســـاڵێك بەڵام نەسرەی مانگێکی وەزیرێکی هۆلەندی (٥٢٥ هەزارو ٧٣٣ دینار)، واتا ئەو موچەو نەســـریەی کە وەزیرێکی هۆلەندی لەیەك مانگدا وەری دەگرێـــت دەکاتە (٩ ملیـــۆنو ١٠١ هەزار دیناری عێراقی) بەڵام وەزیرێك لەهەرێمی کوردســـتان نزیکەی (٢٣ ملیۆن دینار) وەردەگرێـــت واتا موچەی وەزیرێکی هەرێمی کوردســـتان (دوو ئەوەندەو نیوی) موچەی وەزیرێکی هۆڵەندیە.

بەڵام موچەی پەرلەمانتارێکـــی عێراقی چوار ئەوەندەی موچەی ســـەرۆك وەزیرانـــی هۆڵەندایە، بـــەو پێیەی موچـــەی مانگانەی ســـەرۆك وەزیرانی هۆڵەنـــدا (١٢٠٠٠) یۆرۆیە بـــەڵام لە٥٢٪ بۆ باجە واتا (٦،٢٤٠،٠٠٠) یورۆ لـــە٤٨٪ ی بۆدەمێنێتەوە کە دەکاتە (٥،٧٦٠،٠٠٠) یـــۆرۆ واتا ئەو موچەیەی ســـەرۆك وەزیران وەری دەگرێـــت لەمانگێکدا (٩ ملیۆن‌و ٢١٦ هـــەزار دینارە) کە دەکاتە (٧هەزارو ٦٠٠ دۆلار) لەگەڵ ئەو نەســـرەیەی کە ســـاڵانە وەری دەگرێـــت (٧٨٨٧،٢٤) یۆرۆیەو بـــۆ مانگێك دەکاتە (٨٧٦ دۆلار) بەوپێیەش سەرجەمی موچەی سەرۆك وەزیرانی هۆڵەندا لەمانگێکدا دەکاتـــە (٨ هەزارو ٤٧٦ دۆلار) واتا موچەی مانگێکی وەزیرێکی حکومەتی هەرێـــم کە (١٩ هـــەزارو ١٦٦ دۆلار) ە زیاتر لەدوو هێندەی موچەی ســـەرۆك وەزیرانی هۆڵەندایـــەو، پەرلەمانتارێکی عێراق کـــە (٢٨ هەزارو ٣٣٣ دۆلارە) نزیکـــەی چوار ئەوەندەی موچەی سەرۆك وەزیرانی هۆڵەندایە.

***گۆڤاری لڤین ژمارە (٢٢٣) بەرواری ٢٠١٣/٢/١٢ لاپەرە ٤٢.**

# ١-٢-٥

## بودجە لەنێوان موچەی فەرمانبەرانو گیرفانی حیزبو بەرپرساندا

لەگەڵئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی بودجەیەکی زەبەلاحە لەچاو ژمارەی دانیشتوانەکەی، بەڵام ناعەدالەتی لەدابەشکردنو نەبوونی پلانی گونجاو لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە وایکردووە، هاوڵاتیانی کوردستان بەتایبەتیش چینی هەژاران کەمترین سود لەوبودجەیە وەربگرن، زۆر بەئاسانی دەرك بەوەدەکرێت کە ئەوبودجە زۆرە کەوا لەبودجەی وڵاتێکی وەك سوریا یاخود ئوردن زیاترە نەبوەتە مایەی خۆشگوزەرانی بۆهاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان.

لەساڵی ٢٠٠٤، بودجەی عێراق ١٣ ملیار دینار بووە، پشکی ١٧٪ بودجەی هەرێمی کوردستان ٢ملیارو ٣٣٠ ملیۆن دۆلار بووە دوای ٦ ساڵو لەساڵی ٢٠١٠ دا بودجەی هەرێمی کوردستان ١٠ملیارو ٥٠٠ملیۆن دۆلار بووە لەکۆی بودجەی گشتی عێراق کە٧٢ ملیارو ٤٠٠ ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام لەگەڵ ئەو بودجە زۆرەدا رۆژانە گرفتەکانی هاوڵاتیان زیاتردەبنو گرفتو کەموکوڕییەکانیش زۆربەیان وەك خۆیانن، ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی کوردستانیش لەخوار چینی هەژاریەوەن.

## أ- بودجەو بێپلانی حکومەت

لەگەڵئەوەی بەردەوام بەرپرسانی هەرێمی کوردستان ئاماژەبەوەدەکەن کەرێژەی زۆری بودجەی هەرێمی کوردستان بۆموچەی فەرمانبەرانە، بەڵام هەمیشە پارلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن بەگومانەوە لەوڕێژەیە دەڕوانن‌و پێیانوایە ڕێژەی حەقیقی نیە، بەڵکو ڕێژەی فەرمانبەرانی حکومەت ٦٢١ هەزار فەرمانبەرو یەك ملیۆن‌و ١٥٠ هەزار موچە خۆرە، کە زۆرینەیان کادری حیزب‌و پاسەوانی لق‌و مەڵبەندو کادری دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبن، بەڵام سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند ملیۆنێك‌و ٣٠٠ هەزار موچەخۆر لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ڕایدەگەیەنێت کە ٦٣٪ی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆموچەی فەرمانبەران دەڕوات، بەوپێیەش لەکۆی ٤ ملیۆن‌و ٨٦٠ هەزار لەدانیشتوانی هەرێمی کوردستان، نزیکەی لە٣٠٪ی دانیشتوانی هەرێم موچەخۆرن، کە بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی‌و لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا پەنجا هاوڵاتی یەك فەرمانبەری بەردەکەوێت، بەڵام لەهەرێمی کوردستاندا، بەو ڕێژەیەی باس دەکرێت هەر چوار هاوڵاتیەك فەرمانبەرێکی بەردەکەوێت.

هاوکات ئەو ڕێژەیەی بودجە کەبۆموچە دەڕوات هەر بەپێی ستانداردی جیهانی نابێت لە١٧٪ بۆ ٢٢٪ زیاتر بێت، بەڵام ئەو ڕێژەیەی بودجە کەبۆ موچە بەکار دەهێنرێت جگە لەهەرێمی کوردستان لەهیچ‌و لاتێکی دوونیادا بوونی نیە، ئەمەش دیاردەیەکی

مەترســـیدارە کەلەدوا ڕۆژدا مەترسی بۆ سەر هەرێمی کوردستان درووســـتدەکات، چونکە زۆربوونی ژمـــارەی موچەخۆران دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەکاربردن لەوەبەرهێنان زیاتربێت، بەو هۆشـــەوە کوردســـتان دەبێتە بازاڕێکی بەرفراوان بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی وڵاتانی جیهان، ئەمیش بۆبێپلانی حکومەتو دابەشبوونی حکومەت بەسەر دووئیدارەییدا دەگەڕێتەوە کەهەرحیزبەو لایەنگرانی خۆی دادەمەزراندو ئێســـتاش بەرپرسانی حکومەتو ئابووریناسان ئاماژە بەمەترســـیەکانی زۆربوونـــی فەرمانبەران دەکەنـــەوە لەهەرێمی کوردستان، کە سەرجەم پێوەرە نێودەوڵەتیەکانی تێپەڕاندووە.

## ب- بودجە لەنێوان موچەی فەرمانبەران‌و گیرفانی حیزبدا

گەر بەوردی لەدابەشـــکردنی بودجە وردبینەوە، زۆر بەئاســـانی بۆماندەردەکەوێت، کە پشکی گەورەی بودجەی هەرێمی کوردستان، بۆ حیزب بووە نەك فەرمانبەران، لەساڵی ٢٠٠٤وە تا سەرەتای ساڵی ٢٠١٠، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان‌و پارتی دیموکراتی کوردستان مانگانـــە هەریەکەی ٣٥ ملیۆن دۆلاریـــان بۆخۆیان بردووە،(دیارە بەو تەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی‌و دواتریش سەرۆکی پێشـــووی پارلەمانی کوردستان)واتا بە هەردوو پارتەکە مانگانە ٧٠ ملیـــۆن دۆلاریان بۆخۆیان بردووە، بەو پێیەش ســـاڵی ٨٤٠ ملیۆن دۆلاریان بۆخۆیان بردوە.

هەروەها، لەساڵی ٢٠٠٤، کەبودجەی هەرێمی کوردستان ٢ ملیارو ٣٣٠ ملیۆن دۆلار بووە(وەك لەرۆژنامەی هەولێر ژمارە ٩٤٣ بەرواری ٢٠١١/١/١٦دا هاتووە) یەکێتی‌و پارتی لەکۆی بودجەی ئەوســـاڵە، لە٣٦٪ی بودجەکەیان بۆخۆیان بردووە، ئەگەر کۆی ئەو شـــەش ساڵە بخەینەڕوو، واتە لەســـاڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠١٠، یەکێتی‌و پارتی ٥ ملیارو ٤٠ ملیۆن دۆلاریان بۆخۆیان بردووە، کە نزیکە لەبودجەی هەندێك لەو وڵاتانی دەوروبەر، ســـەرەڕای ئەوەی کۆی بودجەی ســـاڵی ٢٠٠٤و ٢٠٠٥ی هەرێمی کوردســـتان ٥ ملیارو ٤٥٤ ملیۆن دۆلار بووە.


پشكی حیزب له بودجه‌ی گشتی كوردستاندا
بودجه‌ی 2005
بودجه‌ی حكومه‌ت %74
بودجه‌ی حیزب %26
بودجه‌ی 2004
بودجه‌ی حكومه‌ت %64
بودجه‌ی حیزب %36

لەکابینەی شەشەمیشدا دوای ئەوەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بودجەی هەردوو حیزبەکەی بۆ نزیکەی ٥ ملیۆن دۆلار کەمکردەوە، بەو پێشـــەش مانگی بە هـــەردوو پارتەکە ١٠ ملیۆن دۆلارو ســـاڵانە ٦٠ ملیۆن دۆلاریان بۆ خۆیـــان بردووە کە دەکاتە ٦ هەزار دەفتەر دۆلار، ئەمە ســـەرەرای ئەوەی حکومەتی هەرێم بـــری ٩٠ ملیار دیناری بۆ حیزبەکان تەرخانکرد تا پرۆژە یاســـای پشـــتگیری دارایی پارت‌و رێکخراوەکان لەپارلەمانی کوردســـتان دەردەچێت، هەرەندە تا ئێستا ئەو یاسایە دەرنەچووەو رێگریدەکرێت لەدەرچوونی، بەڵام بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی هاوڵاتی لەماوەی ساڵی رابردودا پارتی‌و یەکێتی ١١٥ ملیارو دووسەد ملیۆن دیناریان بۆ خۆیانبردووە، کەدەکاتە ٩٦ ملیۆن‌و ٨٩٧ملیۆن دۆلار.

بۆیە ئەگەر لەچۆنیەتی دابەشکردنی بودجە وردبینەوە زۆربەئاسانی بۆماندەردەکەوێت کەئەوبودجەیـــەی بۆفەرمانبەران تەرخانکراوە هاواتایە لەگەڵ ئەو بودجەیەی کە هەردوو حیزبە باڵادەســـتەکەی کوردستان بردوویانە بۆ خۆیان، بۆیە لەهەرێمی کوردستاندا پشکی شێری گەندەڵی بەر حیزبە باڵادەستەکان دەکەوێت، هەروەك لەدوایین راپۆرتی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەولەتیدا عێراق لەلوتکەی وڵاتە گەندەلەکانی جیهاندایەو ئاماژە بەوەشـــکراوە کەحیزب هۆکاری سەرەکی گەندەڵییەکانە، دیارە بۆهەرێمی کوردستانیش راستە.

## ج- لەنێوان موچەی فەرمانبەرانو بەرپرساندا

بە بەراوورد لەگەڵو ڵاتانی جیهان بە پێشکەوتو دواکەوتوویانەوە، ئەو بودجەیەی کە بۆبەرپرســـان لەهەرێمی کوردســـتانو عێراق تەرخان کراوە، خەیاڵیە، ئەوەش سەرەتای گەندەڵیەکانە

تەنها بودجەی ساڵی ٢٠١٠ی ســـەرۆکایەتی کۆماری عێراق ٥١ ملیارو ٣٥٦ ملیۆن دینارە، ئەگەر ئەو ڕێژەیە بەراورد بکەی لەگەڵ موچـــەی فەرمانبەرانداو موچـــەی فەرمانبەرێکی حکومی بە ٣٠٠ هەزار دینار دیاریبکەیت، بودجەی ســـەرۆك کۆمار بەشی موچەی ١٧١ هەزارو ١٨٦ فەرمانبەرە، بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی (الصباح الجدید) موچەی مانگێکی ســـەرۆك کۆمـــار ٥٣ هەزار دۆلارەو بودجەی ساڵێکی دەکاتە ٦٣٦ هەزار دۆلار ئەوەش زیاتر لەموچەی سەرۆکی زۆربەی وڵاتانی دونیا، چونکە سەرۆکی ئەمریکا مانگی ٤٠ هـــەزار دۆلاری هەیـــە، هاوکات موچەی ســـەرۆك کۆماری پۆلیڤیا ١٨٠٠ دۆلارە(واتە ١٨وەرەقە)، هەروەها موچەی سەرۆکی روســـیا ٤٥٠٠ یۆرۆیە، بۆیە بەم پێوەرە، موچەی سەرۆك کۆماری عێـــراق ١٣ هەزار دۆلار لەموچەی ســـەرۆکی ئەمریکاو نزیکەی ٥١ هەزارو دووسەد دۆلار لەموچەی سەرۆکی پۆلیڤیاو ٤٨ هەزار دۆلار لەموچەی سەرۆکی رۆسیا زیاترە، هاوکات موچەی ساڵێکی ســـەرۆك وەزیرانی عێراق ٣٢٠ هەزار دۆلارە بەبێ دەرمالە، بەڵام دەسەڵاتی هەیە تا ٦٦٠ ملیار دینار خەرج بکات، هاوکات موچەی ومانگانەی وەزیرێك نزیکەی ٢٠ ملیۆن دینارە بەبێ ئەو نەســـریە کراوەیەی لەبەردەســـتیاندایە، کە دەکاتـــە ١٦هەزارو ٨٠٦ دۆلار،

ئەمەش زیاترە لەموچەی مانگێکـــی وەزیرانی ئەمریکا کە مانگانە ١٤هەزارو ٢٠٠ دۆلارو ئەڵمانیا ٧ هەزارو ٩ یۆرۆو نەمسا ٧ هەزارو ٥٣٧ یۆرۆ، و اتە ٢ هەزارو ٦٠٦ دۆلار لەوەزیرێکی ئەمریکی زیاتر وەردەگرن.

هاوکات پارلەمانتارێکی عێــراق مانگانەکەی نزیکەی ٣٣ ملیۆن دینارە، واتە ٢٧ هەزارو ٧٣١ دۆلار وەردەگرێت، کۆی ســـاڵێکی دەکاتە ٣٣٢ هەزارو ٧٧٣ دۆلار کەساڵانە دەکاتە نزیکەی ٣٤ دەفتەر دۆلار،وەموچەی ساڵێکی ٣٢٥ پارلەمانتارەکەی عێراق دەکاتە، ١١ هەزارو پەنجا دەفتەر دۆلار، ئەمەش لەکاتێکدایە کەبەپێی ئامارێکی وەزارەتـــی پلاندانانی عێراق رێژەی بێکاری لەعێراقدا گەیشـــتۆتە ١٥٪ واتە یەك ملیـــۆن هاوڵاتی لەعێراقدا بێکارن. بەوەش موچەی مانگێکـــی پارلەمانتارێکی عێراق هاوتای موچەی ١١٠ فەرمانبەری حکومیە کەموچەکەیان ٣٠٠ هەزار دیناربێت.

ســـەبارەت بەموچـــەی بەرپرســـانی هەرێمی کوردســـتانیش، پارلەمانتارێـــك مانگانە ٧ ملیۆنو ٢٠٠ هەزار دیناروەردەگرێتو بە هەمانشێوە وەزیرێکیش لەوە کەمتری نیە، لەکاتێکدا موچەخۆر هەیە ٣٥ هەزار دینار وەدەگرێت، واتە موچەی مانگێکی پارلەمانتارێك هاوتایـــە بە موچەی ٢٠٥ موچە خۆرو ٣٠ فەرمانبەری حکومی کە کەمترین موچەی فەرمانبەر ٢٤٠ هەزار دینارە، وەموچەی ساڵێکی سەرجەم پارلەمانتارانی کوردستان ٩ ملیارو ٥٩٠ ملیۆنو ٤٠٠ هەزار دینارە، ئەمە سەرەرای ئەو هەموو ئیمتیازەی وەك کڕینی ئۆتۆمبیلو شوقەو دەرماڵەی کۆبوونەوەی لیژنەکان.

ئەوموچە زۆرەی بەرپرســـانی هەرێم لەکاتێکدایە کەرێژەیەکی زۆری هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەوپەری هەژاریدانو خراپی خزمەتگزاریو بێنازی لادێکانیش لەلایەکی ترەوە بابوەستێت.

تەنانەت، بەپێی ئامارێکی رێکخراوێکی منداڵپارێزی کوردســـتان بەهـــۆی هەژاریانەوە ١٤ هەزارو ٨٧٨ منداڵی ئیشـــکەر لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەمە ســـەرەڕای زۆرێك لەبودجەی زەبەلاحی هەرێمی کوردستان بۆ پرۆژە حیزبیەکان خەرجدەکرێتو زۆریشی بەفیرۆدەروات، بەنمونەی نەخۆشخانە ٤٠٠ قەرەوێلەییەکەی سلێمانی کە٥٦ ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکرابوو، بەڵام بەهۆی بێسەرپەرشتیو بێچاودێریەوە لەئێستاداو بەوتەی بەرێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی ســـلێمانی ٩٠ ملیۆن دۆلاری تـــری بۆ تەرخانکـــراوە، کەکۆی گشـــتی دەکاتە ١٤٦ ملیۆن دۆلار، واتا ١٤ هەزارو ٦٠٠ دەفتەری بۆ تەرخانکـــراوە، کە دەکاتە موچەی ٧٣٠ هـــەزار فەرمانبەر کە موچەکانیان ٢٤٠ هەزار دینابێت.

لێرەدا پرســـیاری گرنگ ئەوەیە کە ئایـــا ئەو بودجە زەبەلاحەی هەرێمی کوردســـتان دەچێتە چنگی هاوڵاتیانەوە کەبەشی خۆیانە لەپشکی ١٧٪ ی عێراق یان گیرفانی حیزبو بەرپرسانەوە؟

## پشکی بودجەی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق

| ساڵ | بڕی بودجەی گشتی عێراق | 17٪ ی بودجەی هەرێم |
|---|---|---|
| 2004 | 13 ملیار دۆلار | 2 ملیارو 330 ملیۆن دۆلار |
| 2005 | 18 ملیار دۆلار | 3 ملیارو 124 ملیۆن دۆلار |
| 2006 | زیاتر لە 20 ملیار دۆلار | 3ملیارو 560 ملیار دۆلار |
| 2007 | 41 ملیار دۆلار | 7 ترلیۆنو 847 ملیارو 660 ملیۆن دینار |
| 2008 | 48 ملیار دۆلار | 8 ملیارو 258 ملیۆن دۆلار |
| 2009 | 58 ملیارو 600 ملیۆن دۆلار | 9 ملیار دۆلار |
| 2010 | 72 ملیارو 400 ملیۆن دۆلار | 12 ترلیۆنو 480 ملیار دینار |
| 2011 | 86 ملیارو 400 ملیۆن دۆلار | زیاتر لە 11 ترلیۆن دینار |

# ١-٢-٦

# پارەی ژێر زەمینەکان چیان لێهات؟

٩٣ ساڵ لەمەوبەر لەسایەی حکومەتەکەی شێخ مەحمودا، کەریمی عەلەکە وەزیری دارایی نەیدەهێشت قاسەکەی بەتاڵ بێتو خەرجی حکومەتیشی دەداو هاوکاری هەژارانیشی دەکرد، ئەحمەدی ئیلاهی کە وەزیری دارایی بوو لەکۆماری کوردستان لەمهاباد تا روخانی کۆمارەکەش نەیهێشت قاسەکەی بەتاڵ بێت، بەڵام خراپی سیاسەتی داراییو نەبوونی پلانی ســـتراتیژی وورد لەدەیان ساڵی رابردوودا حکومەتی هەرێمی گەیاندۆتە ئێســـتا کە قاسەیەکی بەتاڵو ٩ ملیار دۆلار کورتهێنانیان خستۆتە بەردەم وەزیری نوێی دارایی.

## ا- زۆری داهاتو ناڕێکی لەخەرجکردندا لەرابردوو

پێشـــترو تا ساڵی ٢٠٠٣ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەگەرچی بەسەر دوو ئیدارەدا دابەش بوبو بەڵام پشتی بە داهاتی ناوخۆو خاڵە سنوریەکان دەبەســـتو بەتەواوی موچەی فەرمانبەرانو خەرجی پرۆژەکانیشی دابین دەکرد، بەڵام لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە حکومەتی هەرێم بەتەواوی پشتی بە ١٧٪ی بودجەی عێراق بەست، بە جۆرێك بەشـــە بودجەی هەرێم لەبەغـــدا ڕێژەی ٩٦٪ی کۆی بودجەی گشـــتی هەرێمی پێکدەهێنا، ئـــەو بودجە زەبەلاحە وای کرد هەرێم بەشێوەیەکی هەرمەکی بودجەکەی تەخشانو پەخشان بکات بەجۆرێك لەســـاڵی ٢٠٠٤ەوە کـــە بودجە لەبەغداوە هاتوە بۆ هەرێم زیاتـــر لە(٧٥ ملیار دۆلار) لەبەغـــداوە هاتۆتە هەرێمی کوردســـتان، بەجۆرێك لەســـاڵی ٢٠٠٤ دا (٢ ملیارو ٣٣٠ ملیۆن دۆلار) لەبەغداوە گەیشـــتۆتە هەرێم ٢٠٠٥ بـــری (٣ ملیارو ١٢٤ ملیۆن دۆلار) لەبەغداوە گەیشتۆتە هەرێم، لە٢٠٠٦ بری (٣ ملیارو ٥٦٠ ملیـــۆن دۆلار) لە٢٠٠٧ بری (٦ ملیـــارو ٥٣٩ ملیۆن دۆلار) لە٢٠٠٨ بـــری (٨ ملیارو ٢٥٨ ملیۆن دۆلار) لە٢٠٠٩ بری (٩ ملیار دۆلار) لە٢٠١٠ بری ١٠ ملیـــارو ٤٠٠ ملیۆن دۆلار) لە٢٠١١ بری (٩ ملیـــارو ١٦٦ ملیۆن دۆلار) لە٢٠١٢ بری (١٠ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلار) لە٢٠١٣ بری (١٢ ملیار دۆلار) هاتۆتە هەرێمی کوردســـتان لەبەغداوە کە کۆی گشـــتی دەکاتە (٧٤ ملیارو ٨٧٧ ملیۆن دۆلار) لە٢٠١٤ش بری زیاتر لە(١٤ ملیار دۆلار) پشکی هەرێم بووە بەڵام بەهۆی کێشەی هەولیر وبەغداوە تەنها یەك مانگی گەیشتە هەرێم.

## له 9ساڵدا کورد 75ملیار دۆلاری له بەغداد وەرگرتووە

### پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق لە 2004تــــا 2013

| ساڵ | بودجەی گشتی عێراق | ١٧٪ی پشکی هەرێم | ڕێژەی هەرێم |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٤ | ١٣ ملیار دۆلار | ٢ ملیارو ٣٣٠ ملیۆن دۆلار | ١٧,٩٪ |
| ٢٠٠٥ | ١٨ ملیار دۆلار | ٣ ملیارو ١٣٤ ملیۆن دۆلار | ١٧,٤٪ |
| ٢٠٠٦ | ٢٠ ملیار دۆلار | ٣ ملیار و ٥٦٠ ملیۆن دۆلار | ١٧,٨٪ |
| ٢٠٠٧ | ٤١ ملیار دۆلار | ٦ ملیار و ٥٣٩ ملیۆن دۆلار | ١٦٪ |
| ٢٠٠٨ | ٤٨ ملیار دۆلار | ٨ملیارو ٢٥٨ ملیۆن دۆلار | ١٧,٢٪ |
| ٢٠٠٩ | ٥٨ ملیار دۆلار | ٩ملیار دۆلار | ١٥,٥٪ |
| ٢٠١٠ | ٧٢ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دۆلار | ١٠ ملیارو ٤٠٠ ملیۆن دۆلار | ١٤,٤٪ |
| ٢٠١١ | ٨٦ ملیارو ٤٠٠ ملیۆن دۆلار | ٩ ملیارو ١٦٦ ملیۆن دۆلار | ١٠,٦٪ |
| ٢٠١٢ | ٩٨ ملیارو ٢٩٠ ملیۆن دۆلار | ١٠ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلار | ١٠,٦٪ |
| ٢٠١٣ | ١١٥ ملیارو ٦٨٧ ملیۆن دۆلار | ١٢ ملیار دۆلار | ١٠,٤٪ |
| کۆی گشتی | ٥٧٠ ملیارو ٧٧٧ملیۆن دۆلار | ٧٤ ملیارو ٨٧٧ ملیۆن دۆلار | |

ئەمە جگە لەداهاتی خاڵە سنوریەکان کە سنوریی ئیبراهیم خەلیل گرنگترینیانەو رۆژانە (٢ ملیار) دینار داهاتیەتی‌و مانگانە دەکاتە(٦٠ ملیار)دینار داهاتی هەیەو، باشماخ رۆژانە (١ ملیار) دینار داهاتیەتی مانگانە دەکاتە (٣٠ ملیار دینار)، حاجی ئۆمەران رۆژانە رۆژانە (١ ملیار) دینار داهاتیەتی مانگانە دەکاتە(٣٠ ملیار)دینارو پەرویزخانیش رۆژانە رۆژانە (١ ملیار) دینار داهاتیەتی مانگانە دەکاتە (٣٠ ملیار) دینار، واتا کۆی گشـــتی داهاتی خاڵە سنوریەکان مانگانە دەکاتە نزیکەی ١٥٠ ملیار دینار، هەرچەندە لەم دۆخەی ئەمرۆدا کەم بۆتەوە بە جۆرێك ئاڵوگۆری بازرگانی لەگەل تورکیا ٦٠٪ کەمیکردووەو لەگەل ئێران ٨٠٪ کەمیکردووە.

ئەمە ســـەرەرای داهاتی ناوخۆیی وەزارەتـــە خزمەتگوزاریەکان بەتایبەتیـــش داهاتی کرێی کارەبا کە ســـاڵانە (٢٥٠ ملیار)دینارەو کرێی ئاو ساڵانە (٣٠ ملیار)دینارەو غرامەی ئۆتۆمبیل ساڵانە زیاتر لە(٢٠٠ ملیار) دینارە ئەمە سەرەرای داهاتی نەوتی فرۆشراو لەرێگەی تەنکگەرەوە کە رۆژانە هەزاران تەنکەر رەوانە دەکرێت‌و کەسیش داهاتەکەی نازانێت.

هەموو ئەم داهاتانە ساڵانە لەبودجەی گشتیدا دابەش دەبوو بەسەر بودجە بەکاربردن‌و بودجەی وەبەرهێناندا، بەشـــێ زۆری بودجەکە بەبێ پلان‌و بەشێوەیەکی هەرەمەکی خەرجکراوە.

## ب- بودجە بۆ ژێر زەمینی حیزبەکان ڕۆیشتووە

گەر بەوردی لەدابەشکردنی بودجەی هەرێم لەرابردوودا وردبینەوە، زۆر بەئاسانی بۆماندەردەکەوێت، کە پشکی گەورەی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ حیزب بووە نەك فەرمانبەران، لەساڵی ٢٠٠٤وە تا سەرەتای ساڵی ٢٠١٠، یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان مانگانە هەریەکەی(٣٥ ملیۆن دۆلار) یان بۆخۆیان بردووە،(دیارە بەو تەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیو دواتریش سەرۆکی پێشووی پارلەمانی کوردستان)واتا بە هەردوو پارتەکە مانگانە (٧٠ ملیۆن دۆلار)یان بۆخۆیان بردووە، بەو پێیەش ساڵی (٨٤٠ ملیۆن دۆلار)یان بۆخۆیان بردوە، بەشەش ساڵەکەش (٥ ملیارو ٤٠ ملیۆن دۆلار).

هەروەها، لەساڵی ٢٠٠٤، کەبودجەی هەرێمی کوردستان (٢ ملیارو ٣٣٠ ملیۆن دۆلار) بووە یەکێتیو پارتی لەکۆی بودجەی ئەوساڵە، لە(٣٦٪) ی بودجەکەیان بۆخۆیان بردووە، ئەگەر کۆی ئەو شەش ساڵە بخرێتە روو، واتە لەساڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠١٠، یەکێتیو پارتی(٥ ملیارو ٤٠ ملیۆن دۆلار)یان بۆخۆیان بردووە، کە نزیکە لەبودجەی هەندێك لەولاّتانی دەوروبەر، سەرەڕای ئەوەی کۆی بودجەی ساڵی ٢٠٠٤و ٢٠٠٥ی هەرێمی کوردستان ٥ ملیارو ٤٥٤ ملیۆن دۆلار بووە، واتا یەکێتی پارتی بەو شەش ساڵە بە قەد بودجەی دوو ساڵی هەرێمی کوردستانیان پارەیان بۆ خۆیان بردوە.

لەکابینەی شەشەمیشدا دوای ئەوەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بودجەی هەردوو حیزبەکەی بۆ نزیکەی ٥ ملیۆن دۆلار کەمکردەوە، بەو پێشـــەش مانگی بە هـــەردوو پارتەکە ١٠ ملیۆن دۆلارو ســـاڵانە ٦٠ ملیۆن دۆلاریان بۆ خۆیان بردووە کە دەکاتە ٦ هەزار دەفتەر دۆلار.

**لە 2004 بۆ 2010 یەکێتی و پارتی زیاتر لە 5 ملیار دۆلاریان لە بودجەی گشتی بردووە**

| | مانگانە | ساڵانە | 6 ساڵ |
|---|---|---|---|
| پارتی | 35 ملیۆن دۆلار | 420 ملیۆن دۆلار | 2 ملیارو 520 ملیۆن دۆلار |
| یەکێتی | 35 ملیۆن دۆلار | 420 ملیۆن دۆلار | 2 ملیارو 520 ملیۆن دۆلار |
| کۆی | 70 ملیۆن دۆلار | 840 ملیۆن دۆلار | 5 ملیارو 40 ملیۆن دۆلار |

## ج- بەهەدەردانی خەیاڵی لەبودجە

ئەو دۆخە بێ موچەیەی ئەمرۆ درێژکراوەی ئەو بێپلانیەی حکومەتی هەرێمە لەبواری بودجەدا کە لەساڵانی رابردوودا پلانی ووردی نەبووە بۆ دابەشـــکردنو خەرجکردنی ئەو بودجـــە زەبەلاحەی کە هاتۆتە دەستی، حکومەت لەبری پاشەکەوت کردنو بەهەدەرنەدانی بودجە، زۆر بە ئاسانی بودجەی تەخشان کردووە، بۆ نمونە ساڵی ٢٠١٣ بڕی (٦٧١ مليارو ٨٣٣ مليۆن) دیناری تەرخانکردووە بۆ بەخشین کە بڕی (٤٥٢ مليـــارو ٤١٤ مليۆن) دیناری زیاترە لەو پارەیەی کە حکومەتی ناوەنـــدی عێراق بۆی تەرخانکردووە کە لەســـاڵی ٢٠١٣ لەبودجەی گشـــتی عێراقدا بڕی (٢١٩ مليارو ٤١٩ مليۆن) دینار بۆ بەخشینەکانی هەرێمی کوردســـتان تەرخانکراوە، ســـاڵی ٢٠١٢ ش بری نزیکەی (٧٠٠ مليار دینار) تەرخانکرابوو بۆ بەخشین کە دەچێتە چوارچێوەی بەهەدەردانەوە، کە تەنها لەماوەی ٤ ساڵدا نزیکەی (٢ ترليۆن دینار) تەنها بۆ بەخشین تەرخان کراوە.

ئەمە ســـەررای ئەوەی تەنها لەماوەی ٤ ســـاڵدا (١٦٤ مليارو ١٧٩ مليـــۆن) دینار تەرخان کراوە بۆ کرينی ئۆتۆمبيل کە تەنها لە٢٠١٣دا بـــری (٥١مليارو ١٣٤ مليۆن) دینار بۆ کڕینی ئۆتۆمبيل تەرخانکراوە، ســـەرای ئەوەی بۆ چاککردنەوەی ئۆتۆمبيل ٢٠١٣ بەڵام (٣٢مليارو ٣٥٦ مليـــۆن دینار) تەرخانکراوەو زیاتر لە(٦٠ مليار) دیناریش بۆ بۆ سوتەمەنیو کارپێکردنی ئۆتۆمبيلەکان خەرجکراوە، لە٢٠١٣ دا بری (٢٥ مليار دینار) تەنهار بۆ رابواردنی فەرمی تەرخانکراوە کە بڕی(٥ مليـــارو ٧٦٧ مليۆن)دینار تەنها بۆ ئاهەنگێران تەرخانکراوە، هاوکات تەنها بۆ یادی ٢٥ ساڵەی کیمیابارانی هەڵەبجە بری (٥ مليۆن دۆلاری)

تەرخانکردووە، کە ٣٥ هەزار دۆلاری دراوە بە تەوالێتی سەفەری بۆ ٢ سەعاتو ٢٠ هەزارو ٩٤٢ دۆلاریش دراوە بە سێوی مێخەك ڕێژ.

حکومەتێك بۆ دوو سـەعات بری ٣٥ هـەزار دۆلار بۆ تەوالێتی سەفەری خەرج بکاتو ساڵانە (٥ ملیارو ٧٦٧ ملیۆن)دینار بۆ ئاهەنگ گێڕانو بـری (٢ ملیارو ٤٣٠ ملیۆن دینار) بۆ ئیشـتراکی ڕۆژنامەو (٧ ملیارو ٦٤٤ ملیۆن)دینـار بۆ کرێی تەلەفۆن تەرخان بکات چۆن دەتوانێت پارەی (سپی بۆ ڕۆژی ڕەش) دابنێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەرابردوودا لەکاتی پارە زۆریدا نەیتوانی بێت خەرجیو بەهەدەردان کەمبکاتەوەو بودجەیەکی باش پاشەکەوت بکات، چۆن قاسەکەی لەئێستادا بەتاڵ نابێت، کە دەوترێت وەزارەتەکەی کەریمی عەلەکە کە وەزیری دارایی بوو لەحکومەتەکەی شـێخ مەحمود پێش ٩٣ سـاڵ لەمەوبەر بەردەوام قاسەکەی پارەی تیابووەو خەرجی حکومەتیشی لێداوەو بەشی هەژارانیشی داوە چونکە پارەی بەهەدەرنەداوەو پاشەکەوتیشـی کردووە، لەماوەی ١١ مانگی حکومەتی کوردسـتان لەمهاباد ئەحمـەدی ئیلاهی وەزیری دارایی نەیهێشـتووە کۆمارەکە بێ بودجە بێتو بەردەوام قاسەکەی پارەی تیابووەتا کاتی ڕووخانی کۆماری کوردستان لەمهاباد قاسەکەی پارەی تیابووە، لەدوای ئاشبەتاڵی ١٩٧٥و دوای ئەوەی سەرکردایەتی کورد چوونـە ئێران پارەیەکی زۆریان هەبووەو لەگـەڵ خۆیان بردوویانە کـە دەوترێت بە نزیکەی (١٥٠ هەزاردیناری) ئەو کات بووە، بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمیو نەبوونی پلانەوە لەرابردوودا ئێسـتا قاسەکەی حکومەت چۆتە سەرساجی عەلی وەزیری دارایی ئێستادا قوربانی بێ پلانیو کەمتەرخەمی رابردوو دەدات.

*** لەرۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (٤٦٢) بەرواری ٢٠١٤/١/٢٠ دا بڵاوبۆتەوە**

# بەشی دووەم
# ٢

# ٢ ـ ١

# موچەی خانەنشینی پلەتایبەتەکان

٢-١-١/ خانەنشینی پلەتایبەتەکان

٢-١-٢/ خانەنشینی وەزیرو پەرلەمانتاران..بارێکی گران بەسەر بودجەوە

٢-١-٣/ خانەنشینی پارلەمانتاران....... مۆتەکەی بودجەی هەرێم

٢-١-٤/ خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان

٢-١-٥/ موچەی وەزیرو پەرلەمانتاران سەری بودجە دەخوات

٢-١-٦/ نوینەرانی کورد لەبری ماف موچەیان وەرگرتووە

٢-١-٧/ موچەی نوێنەرانی کورد لەبەغدا

# ٢ ـ ١ ـ ١


# خانەنشینی پلەتایبەتیەکان

لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی ژمارەیەکی زۆری موچە خۆرە، بەڵام ژمارەیەکی یەکجار زۆری کادری حیزبی بە موچەی پلەتایبەتەکان خانەنشـین کراونو موچەیەکـی زۆر وەردەگرنو بوونەتە بار بەسـەر بودجـەی هەرێمی کوردسـتانەوە، هاوکات ژمارەیەکی زۆرتر لەکادری حیزبی لەچوارچێوەیەی بەرێوەبەرێتی رێکخراوەکان مانگانە موچە وەردەگرن بەبێ ئەوەی دەوام بکەن، ئەمە لەکاتێکدایە کە وەزیرو پەرلەمانتارو بەرێوەبەرە گشـتیەکان پێش خانەنشین بونیشیان موچەیەکی زەبەلاح وەردەگرن کە دەیان جار لەموچەی فەرمانبەرێکی ئاسایی زیاترە.

**یەکەم/ موچەخۆرانی کوردستان**

لەهەرێمی کوردستان بودجەیەکی زۆر بۆ موچە خۆران دەرواتو لەسـاڵانی رابردوودا بەسـەدان کەس دامەزراونو حیزبەکانیش هەزاران کەسـیان لەدەرەوەی رێنماییەکان دامەزراندووە، لەپرۆژە یاسای بودجەی ٢٠١٣ دا (١ ملیۆنو ٣٤١ هەزارو ٥٥٨) موچەخۆر هەیە کە لەوەزارەتی دارایی موچـە وەردەگرن لەو ژمارەیە تەنها

(٦٨٢ هەزارو ٨٤٩) کەســیان فەرمانبــەرن‌و ئەوی تری کە (٦٥٨ هەزارو ٧٠٩) کەسیان موچە خۆرن لەو ژمارەیەش (٢٢٢٩ هەزارو ٦٨٢) کەسی خانەشنینی ئاساین، بەڵام ژمارەیەکی زۆری خانەشنینی ناسایی هەیە کە زۆرینەیان بە پلەی بەرێوەبەری گشتی‌و وەزیرو بریکاری وەزیر خانەنشین کراون.



## دووەم/ خانەنشینی پلەتایبەت

لەهەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر لەوەزیری‌و پەرلەمانتارو بریکاری وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتیەکان خانەنشین کراون کە بودجەیەکی زەبەلاح دەبەن مانگانە، کۆی گشتی ئەوەی لەبەر دەستدا یە زیاتر لە(١٠٩٨) کەس بە پلەی تایبەت خانەنشینکراوە، کە کۆی گشتی موچەی مانگێکیان (٥ ملیارو ٧٦ ملیۆن) دینارەو بۆ ساڵێکیش (٦٠ ملیارو ٩١٩ ملیۆن) دینارە.

بە جۆرێك لەسێ خولی پەرلەمانی پێشوودا (١٩٩٢، ٢٠٠٥، ٢٠٠٩) زیاتر لە(٣٣٣) پەرلەمانتار خانەنشینکراون کە موچەی مانگانەی هەریەکێکیان (٦ ملیۆن‌و ٤٠٠ هەزار) دینارەو بۆ مانگێکی هەمویان (٢ ملیارو ٥١٨) ملیۆن) دینارەو بۆ ساڵێکیان (٢٥ ملیارو ٥٧٤ ملیۆن) دینارە.

وەزیرێکی خانەنشینکراو کە موچەی مانگانەی هەریەکێکیان (٦ ملیۆن‌و ٤٠٠ هەزار) دینارەو بۆ مانگێکی هەمویان (١ ملیارو ٤٣ ملیۆن) دینارەو بۆ ساڵێکیان (١٢ ملیارو ٥١٨ ملیۆن) دینارە.


موچەی خانەنشینی بریکاری وەزیر کە (٩٦) کەسە کە موچەی مانگانەی هەریەکێکیان (٤ ملیۆن) دینارەو بۆ مانگێکی هەمویان (٣٨٤ ملیۆن) دینارەو بۆ ساڵێکیان (٤ ملیارو ٣٠٨ ملیۆن) دینارە.

موچەی بەڕێوەبەر گشتیەکان کە (٥٠٦) کەسە کە موچەی مانگانەی هەریەکێکیان (٣ ملیۆن) دینارەو بۆ مانگێکی هەمویان (١ ملیارو ٥١٨) ملیۆن) دینارەو بۆ ساڵێکیان (١٨ ملیارو ٢١٦ ملیۆن) دینارە.

## بودجەی خانەنشینی پلە تایبەتەكان

| خانەنشین | ژمارە | موچەی مانگانەی | موچەی ماگانەی گشتی | موچەی ساڵانەی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| پارلەمانتاری خانەنشین | ٣٣٣ | ٦ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار | ٢ ملیارو ١٣١ ملیۆن | ٢٥ ملیارو ٥٧٤ ملیۆن |
| وەزیری خانەنشین | ١٦٣ | ٦ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار | ١ ملیارو ٤٣ ملیۆن | ١٢ ملیارو ٥١٨ ملیۆن |
| بریكاری وەزیر | ٩٦ | ٤ ملیۆن دینار | ٣٨٤ ملیۆن دینار | ٤ ملیارو ٣٠٨ ملیۆن |
| بەڕێوەبەری گشتی | ٥٠٦ | ٣ ملیۆن دینار | ١ ملیارو ٥١٨ ملیۆن | ١٨ ملیارو ٢١٦ ملیۆن |
| كۆی گشتی | ١٠٩٨ | | ٥ ملیارو ٧٦ ملیۆن | ٦٠ ملیارو ٩١٩ ملیۆن |

## موچەی ساڵانەی خانەنشینی پەرلەمانتاران و وەزیران و بریكاری وەزیر



## سێیەم/ خانەشنینی

پرســی خانەنشــینکردنی پلەتایبەتەکان ســەرەرای ئەوەی کە بەشێکیان بەهۆی بەشــداریکردنیانو وەرگرتنی پۆستیان خانەنشین کراون لەلیستێکدا لەئیدارەی ســلێمانی خانەنشینکردنی ٢ سەرۆك وەزاران بــە موچەی (٩ ملیۆنو ٧٥٠ هــەزار) دینارو ٥ جێگری ســەرۆك وەزیران هەریەکی بە موچــەی (٧ ملیۆنو ٥٠٠ هەزار) دینــارو ٨١ وەزیر بە موچەی (٥ ملیــۆنو ٨٢٧ هەزار) دینارو ٦١ بریکاری وەزیر هەریەکەیان بــە موچەی (٤ ملیۆنو ١٠٠ هەزار) دینار ١٤٣ راوێژکار هەریەکی بە موچەی (٢ ملیۆنو ٦٠١ هەزار) دینار بەهموویان نزیکەی (١ ملیارو ٤٠٩ ملیۆن) دینار خانەنشــنی وەردەگرن.

**موچەی خانەنشینی پلە تایبەتەکان ـ سلێمانی**

| پلە | ژمارە | موچەی مانگانە | موچەی گشتی |
|---|---|---|---|
| سەرۆك وەزیران | ٢ | ٩,٧٥٠,٠٠٠ | ١٩,٥٠٠,٠٠٠ |
| جێگری سەرۆك وەزیران | ٥ | ٧,٥٠٠,٠٠٠ | ٣٧,٥٠٠,٠٠٠ |
| وەزیر | ٨١ | ٥,٨٢٧,١٦٠ | ٤٧٢,٠٠٠,٠٠٠ |
| بریکاری وەزیر | ٦١ | ٤,١٠٠,٠٠٠ | ٢٥٠,١٣٠,٠٠٠ |
| دادوەر | ٢٣ | ٢,٧٤٧,٦٠٨ | ٦٣,١٩٥,٠٠٠ |
| راوێژکار | ١٤٣ | ٢,٦٠١,٣٩٨ | ٣٧٢,٠٠٠,٠٠٠ |
| هەمەجۆر | | | ١٥٩,٦٤٠,٠٠٠ |
| کۆی گشتی | | | ١,٤٠٩,٩٦٥,٠٠٠ |

## چوارەم/ خانەنشینی لەبواری سەربازی

ئەگەرچی لەهەرێمی کوردســـتان خانەنشینی پێشمەرگە بە یاسای ژمـــارە ٣٨ی ســـاڵی ٢٠٠٧ رێکخراوە، یەلام لەپاڵ ئەو یاســـایەدا چەندین کەس بە پێچەوانەی برگەکانی ئەو یاسایە خانەنشینکراون، هەروەك لەمادەی ٣٩ی یاســـای ژمارە ٣٨ی ساڵی ٢٠٠٧ی یاسای راژەو خانەنشینی پێشـــمەرگە هاتووە: هەرکەسێك لەپێش راپەڕین چوبێتە پاڵ ریزەکانی شۆڕش تاکو ١٩٩١/٣/٥و خزمەتی لە(٣) ساڵ کەمتر نەبێت، خانەنشـــین دەکرێ‌و خزمەتەکەی دەگەیەنرێتە (١٥) ساڵ بەم مەرجانە:

**یەکەم/ هیچ موچەیەکی فەرمی نەبێت**
**دووەم/ رۆژێك لەڕۆژان لەدژی شۆڕش نەوەستا بێت.**
**سێیەم/ ئەو ماوەیەی پێش راپەڕین خزمەتی کردبێت بێ پچران.**
**چوارەم/ لەکاتی بوونی بە پێشمەرگە (١٦)ساڵی لەتەمەنی تەواو کردبێت.**

بەڵام بەپێی ئەو لیستانە کە بلاوکراوەتەوە چەندین کەسی تێدایە کە پێش ١٩٩١/٣/٥ پێشمەرگە نەبووەو پلەی سەربازیشی نەبریوەو بە پلەی ســـەربازی زۆر بەرز خانەنشین کراوە، هەروەك لەمادەی ٢٥ی یاســـاکەدا هاتووە کە عەمید لەتەمەنی ٥٨ سالیدا خانەنشین دەکرێت‌و عەقید لەتەمەنی ٥٥ سالی‌و موقەدەم لەتەمەنی ٥٣ ساڵیدا، بەڵام ئەو لیستە ٤٠٤ کەسە خانەنشینەی بڵاوکراوە بەشێکیان لەرووی تەمەن‌و پلەوە پێچەوانەی تەواوی بڕگەکانی یاساکەیە.

لەو لیستەدا کە موچەی هەموویان بۆ مانگێك (٢٦٠ ملیۆن‌و ٩٥٥ هەزار) دینارەو بۆ ســاڵێکیش (٣ ملیــارو ١٣١ ملیۆن‌و ٤٦٠ هەزار دینار دەکات، کە لەجوندیەوە دەســت پێدەکات کە موچەکەی (٣٥٥ هــەزار) دینــارە تا عەمید کە موچەکــەی (١ ملیۆن‌و ٢٧٦ هەزار) دینارە.

## موچەی مانگ و ساڵی 404خانەنشینکراوەکە

| پلە | ژمارە | موچەی مانگ | موچەی گشتی مانگێك | موچەی گشتی ساڵێك |
|---|---|---|---|---|
| عەمید | ٢ | ١٦٣٨٠٠٠ | ٣٢٧٦٠٠٠ | ٣٩٣١٢٠٠٠ |
| عەقید | ١١ | ١٣٣٣٠٠٠ | ١٤٦٦٣٠٠٠ | ١٧٥٩٥٦٠٠٠ |
| موقەدەم | ٣ | ١١٨١٠٠٠ | ٣٥٤٣٠٠٠ | ٤٢٥١٦٠٠٠ |
| رائید | ٢١ | ١٠٥٤٠٠٠ | ٢٢١٣٤٠٠٠ | ٢٦٥٦٠٨٠٠٠ |
| نەقیب | ٢٦ | ٩٥٩٠٠٠ | ٢٤٩٣٤٠٠٠ | ٢٩٩٢٠٨٠٠٠ |
| ملازم | ١ | ٧٦٩٠٠٠ | ٧٦٩٠٠٠ | ٢٣٠٧٠٠٠ |
| نائیب زابت | ٢٧٩ | ٥٤٣ - ٩٣٥ | ١٦٩١١٦٥٠٠٠ | ٢٠٢٩٩٨٠٠٠٠ |
| ر- ع | ٢ | ٥٦٠٠٠٠ | ١١٢٠٠٠٠ | ١٣٤٤٠٠٠٠ |
| عەریف | ١٣ | ٤٤٣٠٠٠ | ٥٧٩٨٠٠٠ | ٦٩٥٧٦٠٠٠ |
| نائیب عەریف | ٢٤ | ٤١٥٠٠٠ | ٩٩٦٠٠٠٠ | ١١٩٥٢٠٠٠٠ |
| جندی ئەوەل | ٢٢ | ٣٨٧٠٠٠ | ٨٥١٤٠٠٠ | ١٠٢١٦٨٠٠٠ |
| جوندی | ١ | ٣٥٥٠٠٠ | ٣٥٥٠٠٠ | ٤٢٦٠٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٤٠٤ | | ٢٦٠٩٥٥٠٠٠ | ٣١٣١٤٦٠٠٠٠ |

هاوکات ئەو موچەیەی کە بۆ خانەنشـــینی عەمیدێك دیاریکراوە کە (١ ملیۆنو ٦٣٨ هەزار) دینارە عەمیدێکی پێشمەرگەش لەبەری جەنگ هەمـــان موچە وەردەگرێت، ئەمە لەکاتێکدایە کە موچەی پێشـــمەرگە زۆر کەمە بۆ نمونە موچەی پێشمەرگەیەك کە (٥٠٠ هەزار) دینـــارە لەبەرامبەر دا موچەی ســـەربازێکی عێراقی (یەك ملیۆن) دینارە.

خۆ ئەگەر موچەی ســـاڵێکی خانەنشینی ئەو ٤٠٤ کەسە دابەشی موچەی پێشمەرگەیەکی بکەین کە تەنها (٥٠٠ هەزار) دینارە ئەوا بەشی موچەی مانگێکی (٦٢٦٢) پێشمەرگە دەکات.



ئەمە لەکاتێکدایە کە تەنها لەوەزارەتی پێشـــمەرگە (٤٦٩ هەزار) کەس موچە وەردەگرن، کە دەکاتە (٣٥٪) ی کۆی موچە خۆرانی کوردستان کە لەکوردســـتان (١ ملیۆنو ٣٤١ هەزارو ٥٥٨) موچە خۆر هەیە، بەڵام لەیاســـای بودجەی ٢٠١٣ دا (١١٨ هەزارو ٦٤٢) پێشمەرگە موچە وەردەگرێت.



## پێنجەم/ موچەی ئەندامانی حیزب

سەرەڕای ئەو خانەنشینیەی کە حیزبەکان بۆ ئەندامو لایەنگرانی خۆیانیان کردووە، بەشێکی زۆری کادرانی حیزبی لەبەڕێوەبەرێتی ڕێکخراوەکانی سەربە وەزارەتی دارایی موچە وەردەگرن بەبێ ئەوەی لەدامو دەزگاکانی حکومەت دەوام بکەنو لەبارەگا حیزبەکاندا دەوام دەکەن، کە ژمارەیان بە زیاتر لە(١٢ هەزار) کەس مەزەندە دەکرێت، کە زۆربەیان بە بەڕێوەبەری گشتیو بەڕێوەبەری جێبەجێکارو بەڕێوەبەر پلەکانیان دیاریکراوە، خۆ ئەگەر هەریەکەیان (٧٥٠ هەزار) دیناریش وەرگرن ئەوا مانگی (٩ ملیار) دینار موچەکەیانەو بۆساڵێکیش (١٠٨ ملیار موچەیانە کە بەشی موچەی مانگێکی (٢١٦ هەزار) پێشمەرگە دەکات.

**موچەی ئەندامانی حیزب**

**بەڕێوەبەرێتی ڕێکخراوەکان**

**12.000ئەندامی حیزب موچە وەردەگرن.**

750.000 X 12.000 = 9ملیار دینار

9.000.000.000 X 12 = 108ملیار دینار

**بۆ موچەی پێشمەرگەی**

108ملیار دینار ÷ 500هەزار = 216 پێشمەرگە

**نزیکەی 100هەزار موچەخۆری بندیوارو حیزبی هەیە**

## شەشـــەم/ بەراوردی موچـــەی وەزیرو پەرلەمانتـــاران بە موچەی فەرمانبەران

لەهەرێمی کوردســـتانو عێراق جیاوازیەکـــی زۆر هەیە لەنێوان موچـــەی وەزیرو پەرلەمانتـــارو موچەی فەرمانبـــەران، بەو پێیەی پەرلەمانتارێك موچـــەی مانگانەی (٨ ملیۆنو ٢٠٠ هەزار) دینارەو وەزیرێکی هەرێم موچەی مانگانەی (١٣ ملیۆنو ٢٠٠ هەزار) دینارە بەو نەســـریەی لەبەردەستیدایە، بەڵام پەرلەمانتارێکی عێراق موچی مانگێکی (٣٥ ملیۆن) دینارە دیارە بە موچەی بنەرەتیو موچەی ئەو ٣٠ پاسەروانەی وەری دەگرێت.

بەڵام فەرمانبەرێکی ئاسایی نزیکەی (٥٠٠ هەزار)دینار وەردەگرێت واتا جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێـــوان موچەی وەزیرو پەرلەمانتارو فەرمانبەراندا.

**موچەی وەزیرو پەرلەمانتاری کوردستان و عێراق**

| وەزیرو پەرلەمانتاران | موچەی مانگانەی | موچەی ساڵانە | موچەی ٤ ساڵ |
|---|---|---|---|
| پارلەمانتاری کوردستان | ٨ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار | ٩٨ملیۆن و ٤٠٠ هەزار | ٣٩٣ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار |
| وەزیری کوردستان | ١٣ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار | ١٥٨ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار | ٦٣٣ ملیۆن و ٦٠٠ هەزار |
| پەرلەمانتاری عێراق | ٣٥ملیۆن دینار | ٤٢٠ ملیۆن دینار | ١ ملیارو ٦٨٠ملیۆن |
| فەرمانبەرێکی ئاسایی | ٥٠٠ هەزار دینار | ٦ ملیۆن | ٢٤ ملیۆن دینار |

هاوکات ئەگـــەر بەراوردی موچەی پەرلەمانتاری هەرێمو عێراق بکرێـــت بە وڵاتانی دونیا ئـــەوا موچـــەی پەرلەمانتارێکی عێراق بەرزترین موچەیە، بۆ نمونە پەرلەمانتارێکی سویدی مانگانە کۆی موچەکـــەی (٥٨ هەزار کرۆنی ســـویدیە) کە (٢٥ هەزار کرۆنی) دەیداتە باجو کـــۆی ئەو موچەیەی بۆی دەمێنێتـــەوە (٣٣ هەزار کرۆن) واتا (٤ هەزارو ٩٠٠ دۆلار) پەرمانتارێکی ئەمریکی مانگانە (١٣ هەزارو ٣٣٣ دۆلار) وەردەگرێتو ساڵانە (١٦٤ هەزار دۆلار) وەردەگرێتو ئەندامێکی ئەنجومەنی عمومی بەریتانی مانگانە (١٤ هەزارو ١٦٦ دۆلار) واتـــا پەرلەمانتارێکی عێراق لەپەرلەمانتارێکی ئەمریکاو بەریتانیاو سویدیش زیاتر وەردەگرێت.




بەڵام ئەگەر بەراورد بکەین جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان موچەی مامۆســـتایەكو پەرلەمانتارێك لەنێوان سویدو کوردستانو عێراقدا، لەســـوید پەرلەمانتارێك مانگانە (٤٩٠٠) دۆلار وەر دەگرێت بەڵام مامۆستایەك (٢٥٠٠ دۆلار) وەردەگرێت واتا موچەی پەرلەمانتارێك دوو ئەوەندەی موچەی مامۆســـتایەکە بەڵام لەهەرێمی کوردستان پەرلەمانتارێـــك (٦٤٠٠ دۆلار) وەردەگرێت بەڵام مامۆســـتایەك بە گشـــتی (٥٠٠ دۆلار) وەردەگرێت، واتاموچـــەی پەرلەمانتارێك ١٣ ئەوەندەی موچەی مامۆســـتایەکە، بەڵام پەرلەمانتارێکی عێراق موچەکەی کە زیاتر لە(٢٧٢٠٠ دۆلار) وەردەگرێت ٥٥ ئەوەندەی موچەی مامۆستایەکە کە نزیکەی (٥٠٠ دۆلار) وەردەگرێت.

## جیاوازی موچەی مانگێك لە نێوان سوید و عێراق و هەرێمی کوردستاندا

### ســـــوید


جیاوازی موچەی نێوان مامۆستاو پارلەمانتار




موچەی پەرلەمانتار دوو ئەوەندەی مامۆستایە

### هەرێمی کوردستان


جیاوازی موچەی نێوان مامۆستاو پارلەمانتار




موچەی پەرلەمانتار 13 ئەوەندەی مامۆستایە

### عێراق

جیاوازی موچەی نێوان مامۆستاو پارلەمانتار




موچەی پەرلەمانتار 55 ئەوەندەی مامۆستایە

## حەوتەم/ موچەو خانەنشنی عێراق

بەهۆی ناجێگری سیاسی‌و ئەمنیەوە لەعێراقدا موچەیەکی زەبەلاح بـــۆ پەرلەمانتـــاران دانراوە ســـەرەرای ئەوەی لەماوەی ٨ ســـاڵی رابردوودا زیاتر لە(٦٥٤ ملیارو ٢٩٠ ملیۆن) دینار تەنها بۆ خانەنشینی پەرلەمانتاران خەرجکراوە.

ئەمە ســـەرەرای ئەوەی موچەی مانگانەیان نزیکەی (٣٥ ملیۆن) دینـــارە، ئەگەر دابەشـــی دانیشـــتنەکانی بکەین بـــۆ نمونە بەپێی راگەیانراوی ئەنجومەنی نوێنەران لەمانگی تەموزی ٢٠١٣ ئەنجومەنی نوێنەران تەنها ٧ دانیشـــتنی کردووەو ٢٦ سەعات کۆبۆتەوە، واتا بۆ هەر دانیشتێك (٥ ملیۆن) دینار دەکەوێت‌و بۆ هەر سەعاتێکیش (١ ملیۆن‌و ٣٤٦ هەزار) دینار دەکەوێت، بەڵام بۆ مامۆســـتایەك کە ٢٢ رۆژ دەوام دەکات موچەکـــەی نزیکەی ٥٠٠ هەزار دینارە بۆ رۆژێك تەنها ٢٢هەزار دینار دەکات.

**خانەنشینی عێراق**

مانگانە 9ملیار و 60ملیۆن دینار بۆ خانەنشینی پەرلەمانتاران

بۆ ساڵێك 108ملیار دینار بـــۆ 8ساڵ 654ملیارو 290ملیۆن دینار

موچەی پەرلەمانتارێکی عێراق نزیکەی 35ملیۆن دینارە

35.000.000 = 22.500.000 +12.500.000

لە مانگی 2013/7دا 7دانیشتن کراوە 26سەعات

35.000.000 ÷ 7دانیشتن = 5.000.000

35.000.000 ÷ 26سەعات = 1.346.000

فەرمانبەرێك

500.000 ÷ 22رۆژ = 22هەزار دینار

ئەمــــە ســــەرەرای بەفیرۆدانی گەورە بۆ نەخۆشــــیو گەشــــتی پەرلەمانتاران بۆ نمونە تەنها بۆ نەخۆشی ئاسایی هەندێك پەرلەمانتار (٤٧٨ ملیۆن) دینــــار خەرجکراوە، بۆ دان ئێشــــەیەك (١٠ ملیۆن) دینارو بۆ مایەسیریەك (٥٩ ملیۆن) دینار خەرج کراوە.

## بەفیڕۆدان لە بودجەدا

* خالید عەتیە پەرلەمانتار 59ملیۆن دینار بۆ نەخۆشی مایەسیری

* کەمال ساعدی پەرلەمانتار 77ملیۆن دینار بۆ جوانکاری دەمو چاو

* جەواد شهێلی پەرلەمانتار 16ملیۆن دینار بۆ نەشتەرگەری

* ئەحمەد علوانی پەرلەمانتار 10ملیۆن دینار بۆ سپی کردنەوەی ددانی

بڕی زیاتر لە 478ملیۆن دینار تەنها بۆ نەخۆشی هەندێك پەرلەمانتار



## هەشتەم/ لێپرسینەوە لەبەفیرۆدان

لەگەڵ هەموو ئەو گەندەڵیو بەفیرۆدانانەدا کەمترین لێپرسینەوە کراوە، بەڵام لەسەردەمی کۆماری کوردستان لەمهابات لە١٩٤٦ بە فەرمانی قازی محەمەد سەرۆك کۆمار لێپرسینەوە کراوە، بۆ نمونە لەژمارە (٨٥) ساڵی ١٩٤٦ ی رۆژنامەی کوردستان، لەبڵاوکراوەیەکدا ئەوە خراوەتە روو کە (کە حکومەتی کوردستان لەمهاباد لەساڵی ١٩٤٦ بە تۆمەتی دیارنەمانی نزیکەی (٦٠ تمەن) ئاغای محەمەد زەکوی بەرپرسی ئیدارەی حیساباتی بۆکان بە تۆمەتی خیانەتو تاوان سزا دەداتو ناویشی لەرۆژنامەی کوردستان بڵاوکردۆتەوە.

**لەسەر دیارنەمانی تەنها 60 تمەن حکومەتی کوردستان لە 1946 بەرپرسێکی ئیداری سزا دەدات**

رۆژنامەی کوردستان ژمارە 85ی ساڵی 1946


بەرەو ئازادی
بەشی زوری مفاخری اسلامی کورد بوون

**حکومەتی کوردستان لە مهاباد لە ساڵی 1946 بەتۆمەتی دیارنەمانی تەنها 60 تمەنی ئەوکاتە ئاغای محەمەد زەکوی بەرپرسی ئیدارەی حیساباتی بۆکان بەتۆمەتی خیانەت و تاوان لە گەل و نیشتیمان سزا دەدات و ناویشی لە رۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاودەکاتەوە**



ئەمە سەرەرای ئەوەی لەبودجەی گشتی ٢٠١٣ دا چەندین بەفیرۆدانی تیایەو دەچنە چوارچێوەی بەهەدەردانەوە، ئەگەر ئەو بودجانە بگەرێنرینەوە، دەتوانرێت لەبواری تردا سودی لێببینرێت، هەروەك لەبودجەیدا بری (٦٧١ ملیارو ٨٣٣ ملیۆن) دینار بۆ بەخشین تەرخانکراوە، بری (٥١ ملیارو ١٢٣ ملیۆن) دینار بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل تەرخانکراوە، بڕی (٢٥ ملیار) دینار بۆ رابواردنی فەرمی تەرخانکراوە، لەگەڵ دەیان بەفیرۆدانی دیکە لەبوارەکانی تردا.

***بەرنامەی تایبەت، کەناڵی ئێن ئارڕ تی بەرواری ٢٠١٤/٨/٣٠**

**http://www.nrttv.com/video_details.aspx?jimare=2076**

# ٢-١-٢

# خانەنشینی وەزیرو پەرلەمانتاران... بارێكی گران بەسەر بودجەوە

ئەگەرچی مێژووی كاری پەرلەمانتاریو لەباشـــوری كوردستاندا مێژوویەكی دووری نیەو بۆ ســـاڵی ١٩٩٢ دەگەڕێتەوە، كە یەكەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدرا بەڵام لەمێژووی دەوڵەتی عێراقدا كورد لەگەڵ ئـــەوەی پێكهاتەیەكی پەراوێـــز خراوبووە لەلایەن بەغدادەوە، بـــەڵام بەردەوام كـــورد نوێنەری هەبـــووە لەیەكەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا لەساڵی ١٩٢٣ دا ژمارەیەك نوێنەری كورد بەشـــداربوون تیایدا، لەنێویشـــیاندا (ئەحمەد موختار جاف) بەڵام هەرزوو هەوڵیدا لەپارلەمان دەســـتلەكار بكێشـــێتەوە چونكە وەك خۆی رادەگەیەنێت خەڵكی بۆ گیرفانپڕكردنو پۆست دەچنە پەرلەمـــان نەك بۆ داكۆكی لەمافەكانی خەڵكی، هەربۆیە لەســـاڵی ١٩٢٤ دا دەستی لەكاركێشایەوەو لەدێڕە شیعرێكیدا دەڵێت: چەند كەسێكی تازە پیاكەوتوو لەكورە دەرچوون... پیاو كە چوو بۆ ئیش لەپێشدا یوقلەمەی گیرفان دەكات...

هـــاوكات لەســـەرجەم هەڵبژاردنەكانی دیكـــەی عێراقدا كورد پەرلەمانتارو وەزیری هەبووە لەدواین كابینەی حكومەتی سەردەمی پاشـــایەتیدا لە١٩٥٨ كورد ســـەرۆك وەزیـــران (ئەحمەد موختار بابـــان) وچوار وەزیرو ژمارەیـــەك پەرلەمانتاری هەبووە، دواتریش

لەســـەردەمی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ کـــورد ژمارەیەکی زۆری پەرلەمانتارو وەزیری هەبوو، بەڵام پەرلەمانو حکومەتداری خۆماڵی لەســـاڵی ١٩٩٢و کە یەکەم پەرلەمانی هەڵبژێردراو هەبووە لە١٠٥ پەرلەمانتار پێکهاتبوو، لەگەڵ کابینەی حکومەت لە١٤ وەزیر پێکهاتبوو، تا ئەمرۆ کورد ژمارەیەکی زۆری پەرلەمانتارو وەزیری خانەنشینکراوی هەیەو بودجەیەکی زەبەلاحی بۆ تەرخانکراوە، کە تـــا ئەمرۆ حەوت کابینەی حکومیو ســـێ خولی پەرلەمان هەیەو لەچەند مانگـــی داهاتوودا ژمارەیەکـــی زۆری وەزیرو پەرلەمانی دیکە خانەنشنی دەکرێن.

## أ- پەرلەمانتاری خانەنشین کراو

لەگەڵ ئەوەی لەهەرێمی کوردســـتان بـــە وتەی وەزیری دارایی (یەك ملیۆنو ٣٤١هـــەزارو ٥٥٨) موچەخۆر هەیەو لەو ژمارەیەش (٦٨٢هەزارو ٨٤٩) یـــان فەرمانبەرەو هاوکات (٢٢٩ هەزارو ٦٨٢) خانەنشینی ئاســـایی لەهەرێمی کوردستان موچە وەردەگرن بەڵام لەدوای ٢١ ســـاڵ لەحوکمرانی کوردیو ٧ کابینەی یەك لەداوی یەكو دو ئیدارەییو ســـێ خۆلی پەرلەمانی کوردستان ژمارەیەکی زۆری خانەنشینی وەزیریو پەرلەمانتارو بریکاری وەزیر بە ڕێژەی ٨٠٪ی موچەکانیان خانەنشین کراون.

بەوەی نیعمەت عەبدوڵا سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، لەئێستادا لەهەرێمی کوردستان (٤٥٠) پەرلەمانتاری خانەنشین کراو هەیە کە (٢٤٠) پەرلەمانتاریان لەخۆلی یەکەمدا بووەو (١٢٠) پەرلەمانتاریش لەخولی دووەمدا بووە، کە هەر پەرلەمانتارێك مانگانە (٨ ملیۆنو ٤٠٠ هەزار) دینار وەردەگرێتو بەرێژەی (٨٠٪) ی موچەکەی خانەنشین دەکرێتو مانگانە دەکاتە (٦ ملیۆنو ٥٨٠ هەزار) دینار، واتا بە قەد موچەی (٤٤) کەمئەندامە کە موچەی هەر کەمئەندامێك (١٥٠ هەزار) دینارە واتا موچەی مانگێکی ئەو (٤٥٠) پەرلەمانتارە خانەنشینکراوە دەکاتە (٢ ملیارو ٩٦١ ملیۆن دینار) بۆ ساڵێك دەکاتە (٣٥ ملیارو ٥٣٢ ملیۆن) دینار.

لەچەند مانگی داهاتووشدا ژمارەیەکی تر پەرلەمانتار خانەنشین دەکرێن کە راستە ژمارەی پەرلەمانی کوردستان ١١١ ئەندامە بەڵام بەشێك لەپەرلەمانتاران لەنیوەی خولەکەدا وازدێنن یاخود دەست لەکار دەکێشنەوەو خانەنشین دەبنو هەندێکیشیان خۆیان دەپالێونەوە بۆیە رەنگە ژمارەکە گۆرانکاری تیادا بێت خۆ ئەگەر (١١١) ئەندامەکەش ئەژمار بکرێن ئەوا ژمارەی پەرلەمانتاری خانەنشین کراو لەدوای کۆتایی هاتنی خولی سێیەمەوە دەگاتە (٥٦١) ئەندامی خانەنشینکراوە، کە موچەی یەك مانگیان دەکاتە (٣ ملیارو ٦٩١ ملیۆنو ٣٨٠ هەزار دینار)و موچەی ساڵێکیان دەکاتە (٤٤ ملیارو ٢٩٦ ملیۆنو ٥٦٠ هەزار) دینار، کە دەتوانرێت تەنها بەو بودجەیە نزیکەی (٤٠) قوتابخانەی ١٨ پۆلی نمونەیی پێ دروست بکرێت.

ئەمە لەکاتێکدا کە ٢٢ پەرلەمانتار لە٢٠١٢/٤/٣ دا پرۆژە یاسایەك ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەنو داوای پێداچوونەوە بە موچەی خانەنشینیاندا دەکەن، تا ئێستاش چەندین کەمپەینی جۆراوجۆر لەلایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو رۆژنامەنووسانەوە دژ بە خانەنشینیی پەرلەمانتاران درووستکراوە.


ئەگەر ئەو بودجەیەی بۆ ساڵێکی خانەنشینیی پەرلەمانتاران تەرخانکراوە کە بڕەکەی (٤٤ ملیارو ٢٩٦ ملیۆنو ٥٦٠ هەزار) دینارەو تەرخانبکرێت بۆ دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکانو هەریەکەیان بڕی (٥٠٠ هەزار) دیناریشی پێبدرێت بەو بودجەیە بەشی موچەی دامەزراندنی (٨٨ هەزارو ٥٩٣ کەس) دەکات.

## ب- وەزیرە خانەنشینكراوەكان

لەگــەڵ ئەوەی تا ئەمڕۆ حــەوت كابینەی حكومــەت هەبووە بەڵام لەدوای ســاڵی ١٩٩٦ وەوە پرسی دوو ئیدارەیی حكومەتێك لەسلێمانیو حكومەتێك لەهەولێر تا ساڵی ٢٠٠٥ بەردەوام بوو بەمەش ژمارەیەكی زۆری وەزیرو بریكاری وەزیر هەبووە،، كە لەئێســتادا هەر وەزیرێك موچەكەی (٨ ملیۆن دینارە) لەگەڵ نەسریەیەك كە لەنێوان (٥ ملیۆن بۆ ٢٥ ملیۆن) دینارە وەریدەگرێت، بەپێی وتەی راوێژكاری راگەیاندنی كابینەی شەشەمی حكومەتی هەرێم (١٦٣) كەس بە پلەی وەزیر خانەنشــین كراون بە بری ٨٠٪ی موچەكەی كە دەكاتە (٦ملیۆن ٥٨٠ هەزار دینار)و مانگانە دەكاتە (یەك ملیارو ٧٢ ملیــۆنو ٥٤٠ هەزار) دینارو ســاڵانە دەكاتە (١٢ ملیارو ٨٧٠ ملیۆنو ٤٨٠ هەزار دینار)، لەگــەڵ (٩٦) كەس بەپلەی بریكاری وەزیر خانەنشــینن كە مانگانە (٤ ملیۆن دینار وەردەگرنو دەكاتە (٣٨٤ ملیۆن) دینارو ساڵانە دەكاتە (٤ ملیارو ٦٠٨ ملیۆن) دینار.

هاوكات بەپێی بەڵگەنامەیەك كە سایتی هاوڵاتی لە٢٠١٠/١٢/١٦ دا بڵاویكردۆتەوە ناوی (١٧٣) كەسی تیایە بەپلەی وەزیرو بریكاری وەزیر خانەنشین كراون لەئیدارەی سلێمانی كە كەسێكیان بەپلەی سەرۆك وەزیران بە موچەی (٩ ملیۆن ٧٥٠ هەزار دینار) خانەنشینەو ســێ كەسیشیان بە پلەی جێگری ســەرۆك وەزیران خانەنشینە بە موچەی (٧ ملیۆن ٥٠٠ هەزار) دینارو (١١٧) شــیان بە پلەی وەزیر خانەنشــینن بە موچەی جیاوازو (٥١) یشــیان بــە پلەی بریكاری وەزیر خانەنشینكراون لەو ژمارەیە ١٩ كەسیان پێش درووستبوونی

حکومەتــی هەرێم راپەرینی ١٩٩١ شــەهیدبوونو ٥ کەسیشــیان لەنەتەوەی عەرەبن..
واتا ئەو بودجەیەی بۆ وەزیری خانەنشینکراو لەهەرێمی کوردستان تەرخانکراوە (١٢ ملیارو ٨٧٠ ملیۆنو ٤٨٠ هەزار) دینارە، بەشــی موچــەی (٢٥ هــەزارو ٧٤٠) فەرمانبــەری ئاســایی دەکات کە موچەکەیان (٥٠٠ هەزار) دینارە.



## ج- پەرلەمانتارو خانەنشینی لەعێراق

بە وتەی عەلی شوکری وەزیری دارایی عێراق لەئێستادا ٢ ملیۆن خانەنشـــین لەعێراقدا هەیە، بەڵام بودجەیەکی زۆر بۆ خانەنشـــینی پەرلەمانتاران‌و وەزیرو ئەندامانـــی ئەنجومەنی پارێزگاکان خەرج دەکرێت، بەپێی ئامارێکی رۆژنامەی شەرقولئەوســـەت کە حەنان فەتلاوی ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پشتراستی کردۆتەوە، لەئێســـتا لەماوەی هەشت ساڵی رابردوودا (٦٥٤ ملیارو ٢٩٠ ملیۆن) دینار موچەی خانەنشینی دراوەتەوە پەرلەمانتاران‌و وەزیرو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، بەو پێیەی موچەی مانگێکی خانەنشـــینانی پەرلەمانتاران‌و وەزیرو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەگاتە (٩ ملیارو ٦٠ ملیۆن) دینارو لەساڵێکدا دەگاتە (١٠٨ ملیارو ٧٢٠ ملیۆن) دینار.. بـــەو پێیەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەئێســـتادا (٣٢٥) ئەندامی هەیەو لەخولی یەکەمیدا کە ناوی (کۆمەڵەی نیشـــتیمانی عێراق) بوو ژمـــارەی ئەندامانی (٢٧٥) ئەندام بوو، بەو پێیەی هەر پەرلەمانتارێکی عێراق لەئێستادا بری (٣٤ ملیۆن) دینار وەردەگرێت‌و بە بری (٨٠٪) ی موچەی بنەرەتیان خانەنشین دەکرێن.


ئەمە لەکاتێکدایە کە بۆ هەر دانیشتنێك، ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق (٤ هەزارو ٤١ دۆلار) وەردەگرێت‌و بۆ هەر سەعاتێکیش (هەزارو ٤١ دۆلار) وەردەگرێـــت، بەوپێیەی ئەگەر یەك مانگ وەرگرین، لەمانگی ئابی ٢٠١٢ دا ئەنجومەنی نوێنەران تەنها حەوت دانیشتنی کردووەو (٢٦ سەعات‌و ١٥ خولەك) ی خایاندووە، ئەگەر موچەی

پارلەمانتاری عێراق کە (٣٤ ملیۆن) دینارە دابەشی حەوت دانیشتنی بکەین دەکاتە (٤ ملیۆنو ٨٥٠ هەزار دینار) بۆ هەر ســەعاتێکیش دەکاتە (یەك ملیۆنو ٢٥٠ هەزار) دیناری بەردەکەوێت.

ئەمە لەکاتێکدایە کارمەندێکی ئاســایی ئەگەر (٥٠٠)دۆلاریش وەرگرێــتو دابەشــی (٢٢) رۆژی کارکردنی بکەین رۆژی (٢٢ دۆلار) ی بەردەکەوێــتو رۆژانەش (٨) ســەعات کار دەکات واتا ســەعاتی کارکردنی نزیکەی (٣ دۆلار) دەکات... بەو پێیەش موچەی سەعاتێکی کارکردنی پەرلەمانتارێکی عێراق بەقەد موچەی (٣٤٧ ســەعاتی) کارمەندێکی ئاسایی حکومیە... هاوکات موچەی یەك ســەعاتی پارلەمانتارێکی عێراق کە (هەزارو ٤١ دۆلار) بەقەد موچەی (٦٠ رۆژی) فەرمانبەرێکی ئاساییە.

بەو پێەیش پەرلەمانتارێکی عێراق مانگانە (٢٨ هەزارو ٣٣٣ دۆلار) وەردەگرێتو ســاڵانە دەکاتە (٣٤٠ هەزار دۆلار) کە بەراورد بە پەرلەمانتارانی جیهــان لەپلەی دووەمدایە بۆ بەرزی موچە لەدوای ئەندامانی کنێستی ئیسرائیلی کە بەرزترین موچەیان هەیە لەجیهاندا مانگانە (٣٦ هــەزار دۆلار) وەردەگرن، بۆ نمونــە پەرمانتارێکی ئەمریکی مانگانە (١٣ هەزارو ٣٣٣ دۆلار) وەردەگرێتو ســاڵانە (١٦٤ هــەزار دۆلار) وەردەگرێتو ئەندامێکی ئەنجومەنی عمومی بەریتانی مانگانە (١٤ هەزارو ١٦٦ دۆلار) وەردەگرێت واتا ساڵانە (١٧٠ هەزار دۆلار)و بەڵام ئەندامێکی ئەنجومەنی گەلی میســری کە ئێستا هەڵوەشاوەتەوە مانگانە (١١ هەزار جونەی) وەردەگرێت کە دەکاتە مانگانە نزیکەی (هەزارو ٧٠٠ دۆلار)و ساڵانەش دەکاتە نزیکەی (٢٠ هــەزار دۆلار) بەو پێەی پەرلەمانتارێکی عێراق دوو

ئەوەندەی پەرلەمانتارێکی ئەمریــــکاو بەریتانیا وەردەگرێت‌و (١٦ جار) بەقەد پەرلەمانتارێکی میسری موچە وەردەگرێت.




ســـەبارەت بە موچەی پەرلەمانتاری وڵاتانی ئەوروپی، موچەی مانگانەی پەرلەمانتارێکی هۆڵەنـــدی (٧ هەزارو ٣١١) یۆرۆیە کە نزیکـــەی (٥٠٪) بۆ باج دەبێت واتـــا (٣٦٥٥) یۆرۆ وەردەگرێت کـــە مانگانە دەکاتە (٤ هـــەزارو ٨٧٤ دۆلار) واتا (٥ ملیۆن‌و ٨٤٨ هەزار دینار)، هاوکات ئەندامێکی پەرلەمانی ســـوید مانگانە کۆی موچەکـــەی (٥٨ هەزار کرۆنی ســـویدیە) کە (٢٥ هەزار کرۆنی) دەیداتە باج‌و کـــۆی ئەو موچەیەی بۆی دەمێنێتـــەوە (٣٣ هەزار

کــــرۆن) واتا (٤ هەزارو ٩٠٠ دۆلار). واتا موچەی پەرلەمانتارێکی عێراق نزیکەی شەش ئەوەندەی موچەی هەریەك لەپەرلەمانتارێکی سویدو هۆڵەندایە.

## د- خانەنشینی پلەتایبەتەکان بەرەو کوێ

لەگەڵ ئەوەی لەزۆربەی ولاّتانی جیهاندا سیســـتمی خانەنشینی وەزیرو پەرلەمانتاران نیەو دوای تەواوکردنی کاری پەرلەمانی یاخود وەزیری دەگەڕێتەوە ســـەرکاری پێشووی یاخود زۆربەیان کاری خۆبەخش دەکەن، بەڵام لەهەندێك ولاّتانی دوونیادا چارەســـەری مامناوەندی دانراوە بۆیان بۆ نمونە لەولاّتی هۆڵەندا بەپێی یاسایەك هەر پەرلەمانتارێك یاخود وەزیرێك کاتێك کاری خۆی تەوادەکات وەك هـــەر هاولاّتیەکی تر بێکار دەبێت سۆشـــیال وەردەگرێت بۆ مـــاوەی (٣٨ مانگ) واتا (٣ ســـاڵو ٢ مانگ) لەســـاڵی یەکەمدا لە(٨٠٪) ی موچەکەی وەردەگرێتو لەدوو ساڵی دووەمدا (٧٠٪) موچەکەی وەردەگرێت، دواتر دەبڕدرێت، چونکە بەهیچ شێوەیەك خانەنشنی ناکرێت لەبەر ئەوەی تەمەنی خانەنشینی (٦٥ ساڵە)، ئەم یاسایە هاوکاریو دەســـتگرۆییە تا ئەو وەزیرە یاخود پەرلەمانتارە کارێك دەدۆزێتەوە یاخود دەچێتەوە سەرکاری پێشووی.

بەڵام سیســـتمی خانەنشـــینی پەرلەمانتارو وەزیرو پلەتایبەتیەکان لەهەرێمی کوردستانو عێراقدا جیاواز لەولاّتانی پێشکەوتوو ساڵانە بودجەیەکی زەبەلاح بە فیرۆ دەبات بەو پێیەی لەهەرێمی کوردستان (٩٨٢) خانەنشینە پلەی تایبەت هەیە لە(پەرلەمانتارو وەزیرو بریکاری وەزیرو بەرێوەبەرگشتیەکان) موچەی خانەنشینی مانگانەیان دەکاتە

(٤ مليارو ٩٧٤ مليۆن دينار)و بۆ ســاڵێك دەكاتە (٥٩ مليارو ٦٨٨ مليۆن دينار).واتا ئەو بودجەيەی كە لەساڵێكدا دەدرێتە خانەنشينی پلەتايبەتــەكان دوو هێندەی ئەو بودجەيەی كە لەســاڵی ٢٠١٣ بۆ دەســتەی وەبەرهێنان تەرخانكراوە كـــە بڕەكەی (٢٥ مليارو ٣٤٢ ميلــۆن دينار) هاوكات زياتر لەدوو ئەوەندەو نيوی ئەو بودجەيەيە كـــە بۆ وەزارەتی پلاندانـــان دانراوە كە (٢٤ مليـــارو ٥١١ مليۆن دينار)و چوار بەقەد ئەو بودجەيەی كە لەســـاڵێكدا بۆ دامەزراوەی مين تەرخانكراوە كە بڕەكەی (١٦ مليارو ٤٥٥ مليۆن) دينارە.

ئەگەر موچەی خانەنشينانی پلەتايبەت كەمبكرێتە بۆ هەر يەكێكيان بكرێتـــە تەنها (مليۆنێك دينار) ئەوا ئەو بودجەيەی كە لەســـاڵێكدا بۆ خانەنشـــينانی پلەتايبەت تەرخانكـــراوە (٥٩ مليارو ٦٨٨ مليۆن دينار) بەشـــی (٥٩ هەزارو ٦٨٨) كەســـی دەكرد كە لەئێستادا ئەو بودجەيە تەنها بۆ (٩٨٢) خانەنشينی پلەتايبەتە، واتا ئەو بودجەيەی كە لەســـاڵێكدا خانەنشينی پلەتايبەت دەيبات بەشی موچەی (٣٩٧ هـــەزار) كەمئەندام دەكات كە موچەی هەريەكێكيان مانگانە تەنها (١٥٠ هەزار) ديناره..

***گۆڤاری شار ژمارە (٧) پێنجشەممە بەرواری ٢٠١٣/٨/١، لاپەرە ٢٨.**

# ٢ـ١ـ٣

## خانەنشینی پارلەمانتاران... مۆتەکەی بودجەی هەرێم

لەئیستاداو لەگەڵ تەواو بوونی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانو وەرگرتنی بری (٤٨ ملیۆن) دیناری خانەنشینی بۆ هەر پەرلەمانتارێك، جموجولێکی نارەزایی گەورەی لەشەقامی کوردیدا درووست کردووە بەتایبەتیش دوای هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی پارلەمانتارانی عێراق لەلایەن دادگای فیدراڵی عێراقەوە، بەتەواوی ئەو پرسە وروژاوە.

لەگەڵ تەواوبوونی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان (١١١) پەرلەمانتار هەریەکەو بری (٤٨ ملیۆن) دینار وەردەگرن، کە دەکاتە (٥ ملیارو ٣٢٨ ملیۆن) دینار، لەگەڵ ئەوەی هەر پەرلەمانتارێك بەرێژەی (٨٠٪) ی موچەکەی خانەنشین دەکرێت کە مانگانە دەکاتە (٦ ملیۆنو ٥٨٠ هەزار) دینار، واتا مانگانەی (١١١) پەرلەمانتارەکە (٧٠٣ ملیۆنو ٣٨٠ هەزار) دینار دەکات، واتا مانگانە زیاتر لەنیو ملیۆن دۆلار بۆ خانەنشینی پەرلەمانتاران تەرخان دەکرێت، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە لەهەمانکاتی خانەنشینی ئەو (١١١) پەرلەمانتارەدا (١١١) پەرلەمانتاری نوێ دەست بەکار دەبن بە موچەی مانگانەی (٨ ملیۆنو ٤٠٠ هەزار) دینار، کە موچەی مانگانەی (١١١) پەرلەمانتارەکە دەکاتە (٩٣٢ ملیۆنو ٤٠٠ هەزار دینار) واتا تەنها کۆی موچەی خانەنشینی (١١١) پەرلەمانتارو دەستبەکاربوونی (١١١) پەرلەمانتاری تر مانگانە دەکاتە (١ ملیارو ٦٣٥ ملیۆنو ٧٨٠ هەزار) دینار.

## أ- خانەنشینی پەرلەمانتاران لەزیادبوندایە

بە وتـــەی نیعمەت عەبدوڵا ســـەرۆکی یەکێتـــی پەرلەمانتارانی کوردستان، لەئێستادا لەهەرێمی کوردســـتان (٤٥٠) پەرلەمانتاری خانەنشـــین کراو هەیە، کە هەر پەرلەمانتارێك مانگانە (٨ ملیۆن‌و ٤٠٠ هەزار) دینار وەردەگرێـــت‌و بەرێژەی (٨٠٪) ی موچەکەی خانەنشین دەکرێت‌و مانگانە دەکاتە (٦ ملیۆن‌و ٥٨٠ هەزار) دینار، واتا بە قەد موچەی (٤٤) کەمئەندامە کە موچەی هەر کەمئەندامێك (١٥٠ هەزار) دینارە واتا موچەی مانگێکی ئەو (٤٥٠) پەرلەمانتارە خانەنشینکراوە دەکاتە (٢ ملیارو ٩٦١ ملیۆن دینار) بۆ ساڵێك دەکاتە (٣٥ ملیارو ٥٣٢ ملیۆن) دینار.

لەدوای کۆتایی هاتنی خولی سێیەمیشـــەوە ژمارەی پەرلەمانتارە خانەنشـــینکراوەکان دەگاتە (٥٦١) ئەندامی خانەنشـــینکراوە، کە موچەی یەك مانگیان دەکاتـــە (٣ ملیارو ٦٩١ ملیۆن‌و ٣٨٠ هەزار دینار)و موچەی ســـاڵێکیان دەکاتـــە (٤٤ ملیارو ٢٩٦ ملیۆن‌و ٥٦٠ هەزار) دینار.

ئەگەر ئەو بودجەیەی بۆ ساڵێکی خانەنشنینی پەرلەمانتارانی هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە کە بڕەکەی (٤٤ ملیارو ٢٩٦ ملیۆن‌و ٥٦٠ هەزار) دینارەو تەرخانبکرێـــت بۆ دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکان‌و هەریەکەیان بڕی (٥٠٠ هەزار) دیناریشـــی پێبدرێت بەو بودجەیە بەشی موچەی دامەزراندنی (٨٨ هەزارو ٥٩٣) دەرچوو دەکات.

## ب- بەراوردی خانەنشینی پەرلەمانتاران لەگەڵ وڵاتانی دیکە

گەر بەراوردی موچەو خانەنشـــینی پەرلەمانتارانی کوردســـتانو وڵاتانـــی دونیا بکەیـــنو هۆڵەندا وەك نمونـــە وەرگرین موچەی مانگانـــەی پارلەمانتارێکی هۆڵەندی مانگانـــە (٨٣١١) یۆرۆیە، کە نزیکـــەی (٥٠٪) ی زەریبە دەیبات کۆی ئـــەو موچەیەی مانگانە بۆیـــان دەمێنێتەوە دەکاتە (٣٦٥٥) یۆرۆ کە دەکاتە (٤٨٧٤) دۆلار، واتا (٥ ملیۆنو ٨٤٨ هەزار) دیناری عێراقی، سەبارەت بە خانەنشینی پەرلەمانتاری هۆڵەنداش هیچ کەسێك خانەنشین ناکرێت تاتەمەنی خزمەتـــی تەواو نـــەکاتو تەمەنی نەگاتە ٦٥ ســـاڵ، بەڵام ئەندام پەرلەمان بۆی هەیـــە وەك وەزیرەکان لەدوای تەواو بوونی کاری پەرلەمانتاری، ئەگەر بـــێ کار بوون بۆ ماوەی (٣٨) مانگ پارەی بێ ئیش (ماگزیمام) وەرگرن بەشـــێوەیەك لەساڵی یەکەمدا (٨٠٪) ی موچەکەی وەردەگرێتو ساڵەکانی دوایی (٧٠٪) ی موچەکەی ئەدرێتێ، دواتر دەبرێت یاخود کارێکی دەســـت کەوت دەبرێت. بۆیە دەکرێت لەهەرێمی کوردستانیش لەدوای تەواوبوونی کاری پەرلەمانی بگەرێنەوە ســـەرکارەکەیانو ئەوەشـــی کاری نیە وەك فەرمانبەرێکی ئاسایی خانەنشین بکرێت.

سەرەرای ئەوەی ئیشکالیەتی سەرەکی تەنها لەخانەنشینیەکەدا نیە بەڵکو ئەو موچەیەی پارلەمانتار وەری دەگرێت بەقەد موچەی زیاتر لـــە(٥٥) کەم ئەندامە کە موچەکەیـــان تەنها (١٥٠) هەزار دینارەو بەقەد موچەی (١٦) فەرمانبـــەرە ئەگەر موچەی هەر فەرمانبەرێك (٥٠٠ هەزار) دیناریش بێت.

بەبەراورد بە وڵاتی ســـوید لەهەرێمی کوردســـتان جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان موچەی فەرمانبـــەران‌و پەرلەمانتاراندا بەو پێەی لەوڵاتای سوید موچەی مامۆســـتایەك (٢٦٠٠٠٠) کرۆنەو (٩٠٠٠) کرۆنی بۆ باجەو (١٧٠٠٠) کرۆنی بـــۆ دەمێنێتەوە مانگانە دەکاتە (٢٥٠٠) دۆلارو بەڵام موچەی پەرلەمانتارێکی سوید مانگانە کۆی موچەکـــەی (٥٨ هەزار کرۆنی ســـویدیە) کە (٢٥ هەزار کرۆنی) دەیداتە زەریبەو کۆی ئـــەو موچەیەی بۆی دەمێنێتەوە (٣٣ هەزار کـــرۆن) واتا (٤ هەزارو ٩٠٠ دلاۆرە)، واتا جیاوازی موچە لەنێوان پەرلەمانتارێکی سویدو مامۆســـتایەك نزیکەی دوو هێندەیە، بەڵام لەهەرێمی کوردستان کە موچەی پەرلەمانتارێك کە(٨ ملیۆن‌و ٤٠٠ هەزار) دینارەو موچەی مامۆستایەکی ئاسایی لە(٥٠٠ هەزار دینار) تێپەرنـــاکات واتا جیاوازی نێوان موچـــەی پەرلەمانتارێکی هەرێم زیاتر لە١٦ ئەوەندەی موچەی مامۆستایەکە.

***رۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (٤٠٠) سێشەممە ٢٠١٣/١٠/٢٩ لاپەرە ١٣.**

# ٢-١-٤

# خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان

لەپاڵ ژمارەیەکی بێشومار لەپارلەمانو وەزیرو بەرێوەبەرە گشتیەکان کە بە موچەیەکی زەبەلاح خانەنشین کراونو بودجەی تەرخانکراو بۆیان بەشی موچەی زیاتر لەوەزارەتێك دەکات، خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانیشی هاتە سەر، لەدوای هەڵبژاردنی ٣٠ی نیسانی ٢٠١٤ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانو کۆتایی هاتنی کاری خولی پێشووی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، کە ژمارەیان ١٢١ ئەندامە، تەواوی ئەو ئەندامانە خانەنشین دەکرێنو کە سەرەرای خانەنشینی ٨٠٪ی موچەکانیان هەرکەیان ئۆتۆمبیلێکی تایبەتیش لەگەڵ خۆیان دەبەن کەبۆیان کڕدراوە، ئەمە سەرەرای وەرگرتنی موچەی شەش مانگ بەسەر یەکەوە کە کە هەریەکەیان دەکاتە (١٨ ملیۆن) دینار.

## أ- ئەندامانی خولی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگاکان

لەخولی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە لە٣٠ی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ لەگەڵ پارێزگاکانی تری عێراق بەرێوەچوو، تیایدا بە پێی بریاری ژمارە (٧١) پۆڵ بریمەری حاکمی مەدەنی عێراق بەرێوەچوو، بەپێی بریارەکە هەر پارێزگایەك (٤١) ئەندامی بۆ دانرا بەبێ جیاوازی، ئەو ژمارەیەش لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا دابەشبوون بەسەر حیزبەکاندا.

لەپارێزگای هەولێر، پارتی دیموکراتی کوردستان (٢٣) کورسیو یەکێتی (١٦) کورسیو یەکگرتووی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامیش یەکی یەك کورسیان بەدەستهێنا.

لەپارێزگای سلێمانی لەکۆی ٤١ کورسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (٢٨) کورسی بەدەستهێناو دواتر بەسەر یەکێتیو گۆڕاندا ئەندامانی دابەش بوونو هەریەك لە(دانا ئەحمەد مەجید وازی هێناو شێرزاد حافیز بۆبە پارلەمانتار) بۆیە ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بووە (٣٩) ئەندام، هەریەك لەپارتی (٥) کورسیو یەکگرتوو (٥) ئەندامو کۆمەڵی ئیسلامی (٣) ئەندامیان هەبوو.

لەپارێزگای دهۆکیش پارتی (٣٣) کورسیو یەکیتی (٤) کورسیو یەکگرتوو (٤) کورسیان بەدەستهێنابوو.

هەربۆیە لەئێستادا کۆی ئەندامانی ئەنجومەنی پێشووی پارێزگانی هەرێمی کوردستان (١٢١) ئەندامەو لەدوای دەست بەکار بوونی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێی پارێزگاکان کە ژمارەیان (٩٠) ئەندامە ئەوان خانەنشین دەکرێن.



خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە یاسا رێکخراوەو لەبەشی پێنجەمی یاسای ژمارە (٣) ی پارێزگاکانی هەرێم لەمادەی سێیەم برِگەی دووەم هاتووە:

سەرۆكو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ خولی هەڵبژاردنی یەکەم، ئەمانەی خوارەوەیان دەکەوێ:

١- موچەیەکی خانەنشـــینی بەرێژەی (٨٠٪)ی ئەو پاداشتەی کە مانگانە لەکاتی خزمەتکردندا وەری دەگرن.
٢- پاداشـــتی کۆتایی خزمـــەت کە هاوتای ئەو پاداشـــتانە بێ کەلەشەش مانگی کۆتایی خزمەتەکەی وەریان دەگرت.

واتا سەرەرای خانەنشین بونیان لەکاتی کۆتایی هاتنی ئەرکەکیان شـــەش موچەیان دەدرێتێ کە دەکاتە (١٨ ملیۆن) دینار، وەك (٤٩ ملیۆن) دینارەکـــەی پارلەمانتاران، بەو پێیەش ئەو (١٢١) ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگاکان (٢ ملیارو ١٧٨ ملیۆن) دینار وەردەگرن.
سەبارەت بە خانەنشینی ئەو (١٢١) ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە موچەی مانگانەیان (ملیۆنو ٥٠٠ هەزار) دینار وەردەگرن لەگەڵ دەرماڵەیەکی تایبـــەت وەردەگرن کە (ملیۆنو ٥٠٠ هەزار) دینار، واتا مانگانە بە موچەی بنەرەتیو دەرماڵەوە مانگانە (٣ ملیۆن) دینار وەردەگرن.

بەو پێیەش بەپێی ئەو بڕگە یاسـاییەی سـەرەوە هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە (٨٠٪) ی کۆی موچەکانیان خانەشـین دەکرێـن، کە دەکاتـە (٢ ملیۆنو ٤٠٠ هەزار) دینـار، واتا هەر ئەندامێکی ئەنجومەن مانگانە (٢ ملیۆنو ٤٠٠ هەزار) دینار خانەنشینی وەردەگرن، کـە بۆ مانگێکی (١٢١) ئەندامەکەی ئەنجومەن (٢٩٠ ملیۆنو ٤٠٠) هەزار دینار وەردەگرن، بۆ ساڵێك دەکاتە (٣ ملیارو ٤٨٤ ملیۆنو ٨٠٠ هەزار) دینار.

ئەمە سەرەرای ئەوەی هەریەکەو یەك ئۆتۆمبیلی تایبەت کە نرخی هەریەکەیـان نزیکەی (٤٠ هەزار دۆلاری) پێدراوە، واتا بە (١٢١) ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکاتە (٤ ملیۆنو ٨٤٠ هەزار) دۆلار واتا زیاتر (چوارسەد دەفتەر دۆلار).



## ب- هەرێمێکی خانەنشین

لەئێستادا (٩٨٢) خانەنشینی پلەتایبەت هەیە بە وەزیرو پارلەمانتارو بەڕێوەبەرەکانەوە، کە بودجەی ساڵێکی (٥٩ ملیارو ٦٨٨ ملیۆن دینار)، بە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە بۆ نزیکەی (هەزار) خانەنشین زیاد دەبێت‌و بودجەکەشی بۆ زیاتر لە(٦٣ ملیار) دینار زیاد دەبێت.

بودجەی خانەنشنی ساڵێکی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە (١٢١) ئەندامن‌و بودجەی ساڵێکی دەکاتە (٣ ملیارو ٤٨٤ ملیۆن‌و ٨٠٠ هەزار) دینار، کە بەشی موچەی مانگێکی وەزارەتی پلاندانان دەکات کە بودجەی مانگێکی فەرمانبەرانی ئەو وەزارەتە نزیکەی (٢ ملیار دینارە.

سەبارەت بە وەزیرە خانەنشین کراوەکانی هەرێمیش کە لەئێستادا هەر وەزیرێك موچەکەی (٨ ملیۆن دینارە) لەگەڵ نەسریەیەك کە لەنێوان (٥ ملیۆن بۆ ٢٥ ملیۆن) دینارە وەریدەگرێت، بەپێی وتەی راوێژکاری راگەیاندنی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم (١٦٣) کەس بە پلەی وەزیر خانەنشین کراون بە بری ٨٠٪ی موچەکەی کە دەکاتە (٦ملیۆن ٥٨٠ هەزار دینار)و مانگانە دەکاتە (یەك ملیارو ٧٢ ملیۆن‌و ٥٤٠ هەزار) دینارو ساڵانە دەکاتە (١٢ ملیارو ٨٧٠ ملیۆن‌و ٤٨٠ هەزار دینار)، لەگەڵ (٩٦) کەس بەپلەی بریکاری وەزیر خانەنشینن کە مانگانە (٤ ملیۆن دینار وەردەگرن‌و دەکاتە (٣٨٤ ملیۆن) دینارو ساڵانە دەکاتە (٤ ملیارو ٦٠٨ ملیۆن) دینار.

واتـــا ئەو بودجەیەی تەنها بۆ وەزیری خانەنشـــینکراو لەهەرێمی کوردستان تەرخانکراوە (١٢ ملیارو ٨٧٠ ملیۆنو ٤٨٠ هەزار) دینارە، بەشـــی موچەی (٢٥ هەزارو ٧٤٠) فەرمانبەری ئاسایی دەکات کە موچەکەیان (٥٠٠ هەزار) دینارە.

ســـەبارەت بە خانەشـــینی پەرلەمانتارانیش کە هەر پەرلەمانتارێك مانگانە (٨ ملیۆنو ٤٠٠ هەزار) دینار وەردەگرێتو بەرێژەی (٨٠٪) ی موچەکەی خانەنشـــین دەکرێتو مانگانـــە دەکاتە (٦ ملیۆنو ٥٨٠ هەزار) دینار، لەئێستادا ژمارەی پەرلەمانتاری خانەنشین کراو لـــەدوای کۆتایی هاتنی خولی ســـێیەمەوە دەگاتە (٥٦١) ئەندامی خانەنشـــینکراو، کە موچەی یەك مانگیـــان دەکاتە (٣ ملیارو ٦٩١ ملیۆنو ٣٨٠ هەزار دینار)و موچەی ســـاڵێکیان دەکاتە (٤٤ ملیارو ٢٩٦ ملیۆنو ٥٦٠ هەزار) دینار.

ئەگەر ئـــەو بودجەیەی بۆ ســـاڵێکی خانەنشـــینی پەرلەمانتاران تەرخانکراوە کە بڕەکەی (٤٤ ملیارو ٢٩٦ ملیۆنو ٥٦٠ هەزار) دینارەو تەرخانبکرێت بۆ دامەزراندنی دەرچوانـــی زانکۆو پەیمانگاکانو هەریەکەیان بڕی (٥٠٠ هەزار) دیناریشـــی پێبدرێت بەو بودجەیە بەشی موچەی دامەزراندنی (٨٨ هەزارو ٥٩٣ کەس) دەکات.

ئەمە لەکاتێکدایە لەهەرێمی کوردستان (یەك ملیۆنو ٣٤١هەزارو ٥٥٨) موچەخـــۆر هەیەو لەو ژمارەیـــەش (٦٨٢هەزارو ٨٤٩) یان فەرمانبەرەو هاوکات (٢٢٩ هەزارو ٦٨٢) خانەنشینی ئاسایی لەهەرێمی کوردســـتان موچە وەردەگرن بەڵام لەدوای ٢١ ساڵ لەحوکمرانی کوردیو ٧ کابینەی یەك لەداوی یەكو دو ئیدارەییو ســـێ خۆلی پەرلەمانی کوردســـتان ژمارەیەکی زۆری خانەنشـــینی وەزیریو

پەرلەمانتارو بریکاری وەزیر بە ڕێژەی ٨٠٪ی موچەکانیان خانەنشین کراون ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانیشی هاتە سەرو بەو پێیەش زیاتر لە(هەزار) خانەنشینی پلەتایبەت هەیەو کۆی موچەی ساڵانەیان دەکات زیاتر لە(٦٣ ملیار) دینار. کە ئەو بودجەیەی بۆ خانەنیشنی پلەتایبەتەکان دانراوە بەشـــی درووستکردنی (٢٠ قوتابخانە)و (٢٠ بنکەی تەندرووســـی)و دامەزراندنی (٣٠ هەزار دەرچووی زانکۆو پەیمانگا) دەکات، یاخود دەتوانرێت بەو بودجەیە کەمترین موچەی موچەخۆرانی کوردستان بکرێتە (یەك ملیۆن) دینار.

بەو پێیەش موچەی ســاڵێکی خانەنســینانی پلەتایبەت کە زیاتر لە(٦٣) ملیار دینارە، بەشی موچەی مانگێکی (٥) وەزارەت دەکات، وەزارەتی پلاندان موچەی مانگێکی فەرمانبەرانی (٢ ملیار دینارە) وەزارەتی بازرگانی (٥ ملیار دینارە) وەزارەتی داد (٤ ملیار دینارە) وەزارەتی گواستنەوە (٧ ملیار دینارە) وەزارەتی ئەوقاف (١٠ ملیار دینارە).

***گۆڤاری لڤین ژمارە (٢٧٠) بەرواری ٢٠١٤/٦/١ لاپەرە ٢٠.**

# ٢ ـ ١ ـ ٥

## موچەی وەزیرو پەرلەمانتاران سەری بودجە دەخوات

لەگەڵ ئەوەی بەردەوام بەرپرسانی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئامـــاژە بە زۆری ژمارەی موچەخۆران دەكەنو پێیان وایە پشـــكی گەورەی بودجەی هەرێم بۆ موچە دەڕوات، بەڵام گرفتی سەرەكی لەدابەشكردنی بودجەدا ناهاوسەنگیە لەدابەشكردنی موچەدا لەنێوان فەرمانبەرانی ئاساییو پلەتایبەتیەكاندا، كە هەندێجار جاوازیەكە لەنێوان موچەی فەرمانبەرێكی ئاساییو پلەتایبەتێكدا ٨٠ ئەوەندە زیاترە، بەڵام لەوڵاتی سوید جیاوازیەكە لەنێوان ٢ بۆ چوار ئەوەندەدایە، لەئێستادا ژمـــارەی موچەخۆرانی حكومەتی هەرێم (یەك ملیۆنو ٣٤١ هەزارو ٥٥٨ كەس)و لەو ژمارەیەش (٦٨٢ هەزارو ٨٤٩ كەس) فەرمانبەرن بەڵام لەبەرامبەر ئەو ژمارە زۆریـــە فەرمانبەراندا ژمارەیەكی كەمی وەزیرو پەرلەمانتارو بەرپرسی باڵا هەیە، بەڵام موچەی ئەو بەرپرسانە دەیـــان جار لەموچەی فەرمانبەرێك یاخود موچەخۆرێكی ئاســـایی زیاترە.. بەو پێیەی وەزیرێك لەهەرێمی كوردســـتان موچەكەی (٨ ملیۆن دینارە) هەروەزیرێك مانگانە بڕێك نەسریەی هەیە لەنێوان (٥ بـــۆ ٢٥ ملیۆن دینار) ئەگەر ئێمە كەمترین نەســـریە وەرگرین كە ٥ ملیۆن دینارە ئەوا وەزیرێـــك مانگانە لانی كەمی (١٣ ملیۆن دینار) وەردەگرێـــت بەبەراورد بە فەرمانبەرێك كە كەمترین موچەی (١٦١ هەزار دینارە) واتا موچەی وەزیرێك بەقەد موچەی (٨٠) فەرمانبەری خۆی دەبێتو بەقەد موچەی (٣٥١) موچە خۆر دەبێت كە كەمترین موچەی موچەخۆرێك (٣٧ هەزار دینارە).

هـــاوكات موچەی پەرلەمانتارێكی عێراق هێندەی موچەی زیاتر لە٢٠٠ فەرمانبەری ئاسایی یان زیاتر لە٦٠٠ موچەخۆرە،


هاوكات لەدابەشـــكردنی بودجەشـــدا زیادە رۆیـــی زۆر هەیە لەكاتێكدا موچەی كەمئەندامێك‌و خاوەن پێداویســـتیەكی تایبەت تەنهـــا (١٥٠٠٠٠) دینارە بەڵام حكومەتـــی هەرێم بری (٢٥ ملیار دینـــاری) بۆ رابواردنی فەرمی تەرخانكـــردووە، كە ئەو بودجەیە بەشی (١٦٦٠٠٠) كەم ئەندامی دەكرد كە رۆژ نیە لەبەرامبەر كەمی موچەكانیان خۆپیاندان نەكەن.

## أ- موچەی بەرپرسان لەنێوان سویدو عێراق‌و كوردستاندا

بەبەراورد بە زۆربـــەی وڵاتانی دوونیا موچەو ئیمتیازی ئەندامانی پەرلەمان‌و وەزیرو كاربەدەســـتدانی عێراق‌و هەرێمی كوردســـتان لەئاســـتێكی زۆربەرزدایە، ئەندامێكی پەرلەمانی كوردستان مانگی (٨ ملیـــۆن) دینار وەردەگرێت كە دەكاتە (٦٤٠٠) دۆلار هاوكات ئەندامێكی پەرلەمانی عێراق مانگانە (٣٤ ملیۆن دینار) وەردەگرێت بەوپێیەی موچەی بنەرەتی پەرلەمانتارێكی عێراق(١٠ ملیۆن دینار) ەو (ملیۆنێك‌و ٦٠٠ هەزاری دیناری) وەك خانەنشـــینی لێدەبڕدریت واتا موچەی بنەرەتیەكەی دەبێتە(٨ملیۆن ٤٠٠ هەزار دینار) لەگەڵ نەســـریەی خواردن‌و كرێ بینادا كە نزیكـــەی (٤ملیۆن دیناری) دیكەیان پێدەدرێت لەگەڵ موچەی(٣٠)پاســـەوان كە هەریەكەیان (٧٥٠ هـــەزار دینار)ە كە دەكاتـــە(٢٢ ملیۆن‌و ٥٠٠ هەزار دینار)،، كۆی گشـــتی موچەی مانگێكی پەرلەمانتاری عێراق زیاتر لە(٣٤ ملیۆن) دینارەو كە دەكاتـــە (٢٧٢٠٠) دۆلارئەندامێكی پەرلەمانی

سـويد مانگانە کۆی موچەکەی (٥٨ هەزار کرۆنی سويديە) کە (٢٥ هـەزار کرۆنی) دەيداتە زەريبەو کـۆی ئەو موچەيەی بۆی دەمێنێتەوە (٣٣ هەزار کرۆن) واتا (٤ هەزارو ٩٠٠ دلاۆرە) کەيەك دۆلار بە (٦،٦٧ کرۆنە)، (زانياريەکان لەپارلەمانتارێکی سـويديەوە وەرگيـراوە) لەبەرامبەردا موچەی مانگانەی پەرلەمانتارێکی عێراق کە (٣٤ مليۆن ديناره) دەکاتە ٢٧هەزارو ٢٠٠ دۆلار) واتا موچەی پەرلەمانتارێکی عێراق (٥،٥) ئەوەندەی پەرلەمانتارێکی سويديە بەو پێيـەش پەرلەمانتارێکی عێراق موچەکەی (٢٢هەزارو ٣٠٠ دۆلار) زياترە لەپەرلەمانتارێکی سـويد، هاوکات پەرلەمانتارێکی هەرێمی کوردستان کە کۆی موچەکەی (٨ مليۆن ديناره) واتا (٦هەزارو ٤٠٠ دۆلارە) واتا موچەی پەرلەمانتارێکی کوردستان ئەوەندەو نيوێکی موچەی پەرلەمانتارێکی سـويديە، واتا موچـەی پەرلەمانتارێکی کوردسـتان (١٥٠٠ دۆلاری) لەموچەی پەرلەمانتارێکی سـويدی زياترە.

هاوکات موچەی مانگانەی وەزيرێکی سـويدی کە (١٢١٠٠٠) کرۆنی سـويديەو (٦٥٠٠٠) کرۆنی باج دەيبات (٥٦٠٠٠) کرۆنی بۆ دەمێنێتـەوە مانگانە کە دەکاتـە (٩٧٠٠) دۆلار بەڵام موچەی کەمترين وەزيرێکی هەرێمی کوردسـتان (١٣ مليۆن ديناره) کە دەکاتە (١٠ هەزارو ٤٠٠ دۆلار) واتا (٧٠٠) دۆلاری لەوەزيرێکی سويدی زياترە، ئەمە سەرەرای ئەوەی زۆرێك لەوەزيرەکان مانگانە سەرەرای ٨ مليۆن ديناری موچە زياتر لە٢٠ مليۆن نەسريە وەردەگرن بەتايبەت وەزيری دارايی کە مانگانە (٨ مليۆن بنەرەتیو ٢٠ مليۆن نەسريە وەردەگرێت) کە دەکاتە (٢٨ مليۆن دينارو) واتا (٢٢٤٠٠) دۆلار کە نزيکەی دوو ئەوەندەی موچەی وەزيرێکی سويديە.





ئەو موچە زۆرەی پەرلەمانتارێکی عێراق کە زیاتر لە٥ ئەوەندەی موچەی پەرلەمانتارێکی سـویدیە لەکاتێکدایە کە ژمارەیەکی زۆر لەپەرلەمانتاران پەیوەست نین بە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقـەوە، بەپێی راپۆرتـی وەرزی روانگـەی نوێنەرانی عێراقی (مرصـد النواب العراقي) لەمانگی ئابی ٢٠١٢ تەنها (٧ دانیشـتن) کراوە بۆ یەك کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەران هەر پەرلەمانتارێك (٤ملیۆنو ٨٥٠ هەزار دینـار) دەکەوێت لەکۆی ئەو (٣٤ ملیۆن) دینارەی کە مانگانە وەری دەگرن، بۆ هەر سـەعاتێك کۆبوونەوە (یەك ملیۆنو ٢٥٠ هەزار دینـار) دەکەوێت، کە رەنگە زۆرینەی پەرلەمانتاران بەوتەیەکیش بەشـداری کۆبونەوەکە نەکەن یاخود بەشـی زۆریان هەر ئامادەی دانیشـتنەکان نابن. واتا موچەی یەك کۆبونەوەی پەرلەمانتارێکی عێراق بەقەد موچەی (٣٢) کەمئەندامە کە موچەکەیان (١٥٠ هەزار) دینارە.

## ب- هاوسەنگی موچە لەنێوان فەرمانبەرانو پلەتایبەتەکاندا

بەبەراورد بە وڵاتی سوید لەهەرێمی کوردستان جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان موچەی فەرمانبەرانو کاربەدەستانی پلەباڵادا بەوپێیەی لەوڵاتی سوید موچەی مامۆستایەك (٢٦٠٠٠٠) کرۆنەو (٩٠٠٠) کرۆنی بۆ باجەو (١٧٠٠٠) کرۆنی بۆ دەمێنێتەوە مانگانە کە دەکاتە (٢٥٠٠) دۆلارو موچەی شوفێرێك مانگانە (٢٣٠٠٠) کرۆنەو (٨٠٠٠) کرۆنی بۆ باج دەچێتو (١٥٠٠٠) کرۆنی بۆ دەمێنێتەوە کە دەکاتە (٢٢٥٠) دۆلارە واتا جیاوازی موچە لەنێوان پەرلەمانتارێکی سویدو شۆفێر یاخود مامۆستایەك نزیکەی دوو هێندەیە، بەڵام لەهەرێمی کوردستان کە موچەی پەرلەمانتارێك (٨ ملیۆن) ەو موچەی مامۆستایەکی ئاسایی لە(٥٠٠ هەزار دینار) تێپەرناکاتو موچەی شۆفێرێك لە(٤٠٠ هەزار دینار تێپەرناکات) واتا جیاوازی نێوان موچەی پەرلەمنتارێکی هەرێم زیاتر لە١٦ ئەوەندەی موچەی مامۆستایەك یاخود شوفێریکە، هاوکات موچەی پەرلەمانتارێکی عێراق کە (٣٤ ملیۆن) دینارە نزیکەی (٧٠) ئەوەندەی موچەی مامۆستا یاخود شوفێریکە، هاوکات موچەی وەزیرێکی سویدی (٩٧٠٠) دۆلارە مانگانە بەڵام موچەی شوفێرێك (٢٢٥٠) دۆلارە واتا موچەی وەزیرێك تەنها (٤ ئەوەندەی) موچەی فەرمانبەرێکی وەزارەتەکەیەتی، بەڵام موچەی وەزیرێکی هەرێم کە کەمترینیان (١٣ ملیۆن دینار) وەردەگرێت واتا ١٠ هەزارو ٤٠٠ دۆلار) وەردەگرێتو کەمترین موچەی فەرمانبەرێکیش (١٦١ هەزار دینارە) واتا (١٢٨ دۆلارە) واتا موچەی وەزیرێکی هەرێم (٨١ ئەوەندەی) موچەی فەرمانبەرێکی وەزارەتەکەیەتی.

واتـــا جیاوازی نێوان موچەی فەرمانبەرێـــكو وەزیرێك لەنێوان هەرێمو سوید دا زیاتر لە ٢٠ ئەوەندەیە.



## ج- خانەنشینی پلەتایبەت

لەدوای ٢١ ســـاڵ لەحوكمرانی كوردیو ٧ كابینەی یەك لەداوی یەكو دو ئیدارەییو ســێ خۆلی پەرلەمانی كوردستان ژمارەیەكی زۆری خانەنشـــینی وەزیرو پەرلەمانتارو بریكاری وەزیر بە ڕێژەی ٨٠٪ی موچەكانیـــان خانەنشـــین كراون، ئەمە ســـەرەرای دەیان بەڕێوەبەری گشـــتیو ڕاوێژكارو شـــارەزا كە بەشێكی زۆریان بۆ تەنها ســـەعاتێك مومارەســـەی كاری وەزیری یاخو بەڕێوەبەری گشتیان نەكردووەو خانەنشین كراون، لەئێستادا بە وتەی ڕاوێژكاری ڕاگەیاندنی سەرۆكی حكومەت (٩٨٢) خانەنشینی پلەتایبەت هەیە كە موچە وەردەگرن، بە جۆرێك (١٦٣) یان وەزیری خانەنشـــین كراون كـــە هەریەكەیان لەمانگێكدا (٦ ملیۆنو ٣٠٠ هەزار دینار) وەردەگرن كە موچەی هەمویـــان مانگانە دەكاتە (یەك ملیارو ٢٦ ملیۆنو ٩٠٠ هەزار دینار)، (٢١٧) پەرلەمانتاری خانەنشینكراو هەیە كە هەریەكەیـــان مانگانە (٦ ملیۆنو ٣٠٠ هەزار دینار) وەردەگرن كە موچـــەی هەمویان مانگانە دەكاتە (یـــەك ملیارو ٣٦٧ ملیۆنو ١٠٠ هـــەزار دینار)، (٩٦) بریكاری وەزیری خانەنشـــینكراو هەیە كە هەریەكەیان مانگانـــە (٤ ملیۆن دینار) وەردەگرن كە موچەی هەمویـــان مانگانە دەكاتە (٣٨٤ ملیۆنو دینار)، (٧٣٢) بەڕێوەبەری گشتیو ڕاوێژكاری خانەنشینكراو هەیە كە هەریەكەیان مانگانە (٣ ملیۆن دینار) وەردەگرن كە موچەی هەمویان مانگانە دەكاتە (دوو ملیارو ١٩٦ملیۆن دینار)، بەو پێیەش موچەی ســـەرجەمیان (٩٨٢) خانەنشینە پلەی تایبەتیەكان دەكات (٤ ملیارو ٩٧٤ ملیۆن دینار) بۆ ساڵێك دەكاتە (٥٩ ملیارو ٦٨٨ ملیۆن دینار).

ئەگەر موچـــەی هەریەکێك لەو پلەتایبەتیانە بـــەراورد بکەن بە کەمتریـــن موچەی فەرمانبەر یاخـــود کەمئەندامێك دەردەکەوێت کە موچەی وەزیر یاخود پەرلەمانتارێکی خانەنشینکراو (٦ ملیۆن‌و ٣٠٠ هەزار دینار)و کەمترین موچەی فەرمانبەرێکی حکومی (١٦١ هـــەزار دینارە) ئەوا دەردەکەوێت کە موچەی مانگێکی وەزیرێك یاخود پەرلەمانتارێکی خانەنشینکراو بەقەد موچەی (٣٩) فەرمانبەرە هاوکات ئەو موچەیەی کە سەرجەمی (٩٨٢) پلەتایبەتەکە لەماوەی یەك ســـاڵد وەری دەگرن‌و دەکاتـــە (٥٩ ملیارو ٦٨٨ ملیۆن دینار) بەقەد موچەی (٣٧٠٦٨) فەرمانبەرە.


بەردەوام ئەم رێژەیە لەزیادبوندایە بۆ نمونە لەســـەردەمی کابینەی پێنجەمدا تەنها لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (٥٠٣) پلەتایبەت ئەو رێژەیە لەئێســـتادا بۆ (٧٠٠) پلەتایبـــەت بەرزبۆتەوە،بەڵام لەو (٥٠٣) پلەتایبەتەی ســـەردەمی کابینەی پێنج لە٢٤٩) کەســـیان کە بەپلەی شـــارەزا دانراون (٢ یان بروانامەی سەرەتایی هەیەو ٨ یان بروانامەی ناوەندی‌و ٣٠ یـــان بروانامەی ئامادەییان) هەیە بە پلەی شـــارەزا (خەبیر) دانراون لەئەنجومەنی وەزیران هاوکات لە(١٠٨) راوێژکار (٤یان بروانامەی ئامادەیی هەیەو ٧٣یان دبلۆم) کەســـێك بروانامەی ئامادەیی یاخود سەرەتایی هەبێت چۆن دەبێت بە شارەزاو راوێژکار لەئەنجومەنی وەزیران.

## د- حیزب مۆتەکەی بودجەی هەرێم

لەدوای راپەرین و درووستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پارتە فەرمانرەواکانی کوردستان بەشێوەیەکی هەرەمەکی و نایاسایی بودجەیان بۆ خۆیان بـــردووەو بەبێ رەچاوکردنی هیچ پێوەرێك، لەبابەتی (حیزب و حوکم: ئەزمونی کوردستانی، نەوشیروان مستەفا کە لەسایتی ســـبەی) بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بەوە دەکات لەمانگی ١٠ی ١٩٩٤ ئەو بودجەیەی کە یەکێتی و پارتی لەبودجەی گشـــتی بـــۆ خۆیان بـــردووە ٨٠ ملیۆن دینار بووە، ئەمـــە لەکاتێکدایە کە موچەی ســـەرجەم فەرمانبەرانی کوردســـتان تەنها ٨٦ ملیۆن دینار بووە، هاوکات لەســـاڵی ١٩٩٩ دا لەسەردەمی کابینەی کۆسرەت رەسوڵدا (ئیدارەی ســـلێمانی) بودجەو داهاتی گشتی وڵات (٣٠٪ بۆ ئیدارەی گشـــتی یەکێتی، ٣٥٪ بۆ هێزی پێشـــمەرگە یەکێتی، ٣٥٪ بۆ حکومـــەت)، واتا (لە٦٥٪ بودجە بۆ حیزب و ٣٥٪ یش بۆ حکومەت).

لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ وە کە پشکی لە١٧٪ ی بودجە لەبەغدادەوە هاتووە بۆ هەرێمی کوردســـتان لەو برەش بە پێی وتەی بەرپرسانی یەکێتی و پارتـــی مانگانە هەریەکی (٣٥ ملیۆن دۆلار)یان بۆخۆیان بردووە لەســـاڵی (٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٠) واتا بۆ ماوەی ٦ ســـاڵ مانگی بەهەردووکیان (٧٠ ملیۆن دۆلار) یان لەبودجەی گشـــتی بردووەو ساڵانە دەکاتە (٨٤٠ ملیۆن دۆلار)و بەو ٦ ساڵەش دەکاتە (٥ ملیارو ٤٠ ملیۆن دۆلار)، ئەمە لەکاتێکدایە کە بودجەی ســـاڵی ٢٠٠٤ ی هەرێم (٢ ملیارو ٣٣٠ ملیۆن دۆلار) بووە یەکێتی و پارتی ئەو ساڵە (٨٤٠ ملیـــۆن دۆلار) یان بۆ خۆیان بـــردووە واتا ٣٦٪ی بودجەی

ئەو ســـالەیان بردووەو بودجەی ٢٠٠٥ی هەرێم(بری ٣ ملیارو ١٢٤ ملیۆن دۆلار)بووە واتا ٢٦٪ بودجەی ئەو ساڵەیان بۆ خۆیان بردووە، بـــەو پێیەش یەكێتیو پارتی لـــە٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٠ بری (٥ ملیارو ٤٠ ملیۆن دۆلار) یان بردووە كە نزیكە لەبودجەی دوو ساڵی هەرێمی كوردســـتان چونكە كۆی بودجەی ســـاڵەكانی ٢٠٠٤و ٢٠٠٥ (٥ ملیارو ٤٥٤ ملیۆن دۆلار)بوەو بەو برە بودجەیەی كە هەردوو حیزب بردوویانە دەتوانرا (٢ هەزار قوتابخانەی ١٨ پۆلی پێ درووســـت بكرێت) كە وەك بەرێوەبەری پێشووی پەروەردەی سلێمانی پێشتر رایگەیاندوبوو كە ســـاڵانە پێویســـتمان بە درووســـتكردنی (٣٠٠ قوتابخانە هەیە) هاوكات دەتوانرا ٢٠ هەزار یەكەی نیشتەجیبوونی پێدرووستبكرێت، كە بەپێی ئاماری كۆمەڵەی كرێنشینان لەسنوری پارێـــزگای ســـلێمانی (٢٢ هەزار كرێچیو لەســـنوری پارێزگای هەولێریـــش ٢٠ هەزار كرێچی هەیە) هەر بەو بودجەیە دەتوانرا ٢ هەزار پرۆژەی ستراتیژی پێدروستبكرایە.



لەگەڵ ئەوەی لەدوای ساڵی ٢٠١٠ وە بودجەی پارتیو یەکێتی کەمکرایەوە مانگانە بۆ (٤ ملیارو ٨٠٠ ملیۆن دینار) سەرەرای ئەوەی بودجەی یەکێتیو پارتی کەمبۆیەوە (لە٣٥ ملیۆن دۆلارەوە بۆ ٤ملیارو ٨٠٠ ملیۆن دینار) بەڵام بە چەند رێگایەکی تر لەوبودجەیە زیاتریان بۆخۆیان برد لەوانەش خانەنشینکردنی کادرە حیزبیەکان، بودجەی کەناڵە ئاسمانیەکانیان، موچەی دەزگا راگەیاندنکانیان، رێکخراوە حیزبیەکانیان، خەرجیو موچەی بارەگاو پاسەوانە حیزبیەکان.

هاوکات ئەو بودجەیەی کە بۆ حزبەکان دیاریکراوە ناعەدالەتیو فەوزای زۆری تیایە، پارتی دیموکراتی کوردستان ٣٠ کورسی لەپەرلەمانی کوردستان هەیە (٤ ملیارو ٨٠٠ ملیۆن) وەردەگرێت، واتا هەرکورسیەك بۆ پارتی (١٦٠ ملیۆن دینار) دەکەوێت، یەکیتی نیشتیمانی کوردستان ٢٩ کورسی هەیە (٤ ملیارو ٨٠٠ ملیۆن) وەردەگرێت واتا هەرکورسیەك بۆ یەکێتی (١٦٥ ملیۆن) ی بەردەکەوێت، بزووتنەوەی گۆڕان گۆڕان ئێستا ٢٣ کورسی لەپارلەمانی کوردستان هەیەو بودجەکەی لەسەر بنەماو سەنگی ٢٥ کورسی دانراوە (٥٩٢ ملیۆن) وەردەگرێت واتا بۆ هەرکورسیەك(٢٣ ملیۆن) تەرخان کراوە بەو پێیەش، بودجەی یەکێتیو پارتی ٨ جار بەقەد گۆرانە لەکاتێکدا تەنها ٥ کورسیان لەگۆڕان زاترە، هاوکات حیزبی شیوعی کوردستان کە یەك کورسی لەپارلەمانی کوردستان هەیە(٥٨٠ ملیۆن) وەردەگرێت واتا بۆ هەر کورسیەك (٥٨٠ ملیۆنی) بەردەکەویتو یەکگرتووی ئیسلامی ٦ کورسی هەیە(٤٥٠ ملیۆن دینار) وەر دەگرێتو بۆ هەر کورسیەك(٧٥ ملیۆن دیناری) بەردەکەویتو کۆمەلی ئیسلامی ٤ کورسی هەیە(٣٥٠ ملیۆن)

وەردەگریت بۆ هەر کورســـیەك (٨٧ ملیۆن دیناری) بەردەکەوێت بەڵام حیزبی سۆسیالیست ٢ کورسی(٣٥٠ ملیۆن دینار) وەردەگرێت واتا بۆ هەرکورسیەك (١٧٥ ملیۆن دیناری) بەردەکەویت.

***گۆڤاری شار ژمارە (٥) دووشەممە بەرواری ٢٠١٣/٧/١، لاپەرە ٤٠.**

# ٢-١-٦

# نوینەرانی کورد لەبری ماف موچەیان وەرگرتووە

لەدوای روخانی رژێمی بەعسەوە لە٩ی نیسانی ٢٠٠٣و بەشداری کورد لەپرۆسەی سیاسی عێراقدا، کورد دەیان پۆستی هەستیارو گرنگی لەدەستدابووەو کە دەکرێت بەو پۆستانە بەشێکی گەورەی مافەکانی کورد بەدیبهاتایە لەبەغداد بەڵام، بەهۆی دەزگایەك بۆ لێنەپرسینەوەو چاودێریکردنی کارەکانی نوێنەرانی کورد، هێندەی خەمی پڕکردنی گیرفانیانو بەرژەوەندیە شەخسیەکانیان بوون نێو هێندە ئەو نوێنەرانە لەهەوڵی جێبەجێکردنی داواکانی خەڵکی کوردستانو مافە چارەنوسسازەکانی نەبوون، بۆیە جێی خۆیەتی لێیان بپرسرێت لەماوەی ١١ ساڵی رابردوودا چییان بۆ خۆیانو بەرژەوەندیە شەخسیەکانیان کردوەو چییان بۆ مافە چارەنووسسازەکانی خەڵکی کوردستان کردووە.


## یەکەم/ نوێنەرانی کورد لەبەغداد

نوێنەرانی کورد لەدوای ٢٠٠٣ەوە لەبەغداد لەپۆستە باڵاکان بوونەو مانگانە موچـــەی زەبەلاحیان وەرگرتووە، بەپێی ئەو زانیاریانەی تا ئێستا بڵاوکراونەتەوە موچەی ســـەرۆك کۆمارو جێگرانی سەرۆك وەزیرانو سەرۆکی پەرلەمانو وەزیرەکان مانگانە موچەیەکی بەرزو زۆر وەردەگرن کە ســـەدان جار زیاترە لەموچەی فەرمانبەرێکی ئاسایی.

### أ- سەرۆك کۆمار

ســـەرۆك کۆماری عێراق کە بەرزترین پۆســـتە لەعێراقدا مانگانە (١٢٠ ملیۆن دینار) دینار وەردەگرێت، بۆ ســـاڵێك (١ ملیارو ٤٤٠ ملیۆن دینار) بۆ چوار ســـاڵ (٥ ملیـــارو ٧٦٠ ملیۆن دینار) بۆ دوو خولی ســـەرۆکایەتی کۆمار کە بۆ کـــورد بووە (جەلال تاڵەبانی) مومارەســـەی کردووە، واتا هەشت ســـاڵ (١١ ملیارو ٥٢٠ ملیۆن دینار)ی وەرگرتووە واتا (٩ ملیۆنو ٤٤٢ هەزار دۆلار) واتا دەکاتە (٩٤ هەزار دەفتەر دۆلار) بەڵام سەرەرای ئەوەی (جەلال تاڵەبانی) دوو خول لەدوای ٢٠٠٦ەوە سەرۆك کۆمار بووە هاوکات لە٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٦ لەســـەردەمی کابینەکەی ئیبراهیم جەعفەریش ســـەرۆك کۆمار بووە واتا بۆ ماوەی ٩ ســـاڵ سەرۆك کۆمار بووە، کە کۆی موچەکەی دەکاتە (١٢ ملیارو ٩٦٠ ملیۆن دینار).

ئەمە لەکاتێکدایە کە موچەی مانگانەی باراك ئۆبامای ســـەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (٣٤ هەزار دۆلارە) واتا موچەی ســـەرۆك کۆماری عێراق کە (٩٨ هـــەزارو ٣٦٠ دۆلار) دەکات سێ جار لەموچەی ســـەرۆکی ئەمریکا زیاترە، هاوکات موچەی سەرۆکی فەرەنسا مانگانەی (٢٩ هەزار دۆلارە) کە موچەی سەرۆك کۆماری عێراق ســـێ جار زیاترە لەســـەرۆکی فەرەنسا، هاوکات موچەی راوێژکاری ئەڵمانیا مانگانە (٢٣ هەزارو دۆلار) کە موچەی ســـەرۆك کۆماری عێراق چوار جار زیاتـــرە راوێژکاری ئەڵمانیا. هاوکات موچەی ســـەرۆك کۆماری تورکیـــا (١٣ هەزار دۆلارە) موچەی ســـەرۆکی عێـــراق نزیکەی (٨ جار) زیاتـــرە لەموچەی ســـەرۆکی تورکیا. هاوکات موچەی سەرۆکی روسیا (٩ هەزارو ٥٨٣ دۆلارە).



## ب- سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەرانو جێگرەكانی


موچەی مانگانەی سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٩٠ ملیۆن دینـــارە)و جێگری یەكەم (٧٠ ملیۆن دینـــارە)و جێگری دووەمی سەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق كە كوردبووەو بۆ دوو خول (عارف تەیفور بوو) مانگی (٦٠ ملیۆن دینار)ی وەردەگرێت، سالآنە (٧٢٠ ملیۆن دینار) وەرگرتووە، بۆ چوار ساڵ (٢ ملیارو ٨٨٠ ملیۆن دینار) بۆ دووخول كە لەدەســـتی كوردا بووە واتا هەشت ساڵ (٥ ملیارو ٧٦٠ ملیۆن دینار) واتا دەكاتە (٤ ملیۆنو ٧٢١ هەزار دۆلار) وەرگرتووە، واتا جێگری دووەمی ســـەرۆكی ئەنجومەنی نوێنەران لەمـــاوەی دوخولدا بەتەنها خۆی زیاتر لـــە(٥ ملیۆن دۆلار) بەس موچەی وەرگرتووە كە دەكاتە (٥٠٠ دەفتەر دۆلار).

هـــاوكات لەخولی یەكەمـــی پەرلەماندا كە بەنـــاوی (كۆمەڵەی نیشتیمانی عێراق) بوو بۆ ماوەی ساڵێك د. فۆئاد مەعسوم سەرۆكی بووە، كە موچەكەی (٩٠ ملیۆن دینار) بووە بۆ ساڵێك دەیكردە (١ ملیارو ٨٠ ملیۆن دینار).

هـــەر پەرلەمانتارێكی عێراقیـــش مانگانە (٣٥ ملیـــۆن دینار)ی وەرگرتووە لەساڵی ٢٠٠٥ كورد (٥٨) پەرلەمانتاری هەبووەو لەخولی دووەمیشدا لە٢٠١٠ دا كورد (٥٧) پەرلەمانتاری هەبووە بۆ ئەو دوو خولەدەكاتـــە (١١٥) پەرلەمانتار كە كـــۆی موچەی مانگێكیان (٤ ملیارو ٢٥ ملیۆن دینار) بۆ ساڵێكیش دەكاتە (٤٨ ملیارو ٣٠٠ ملیۆن دینار) بۆ هەشـــت ســـاڵەكە دوو خول دەكاتە (٣٨٦ ملیارو ٤٠٠ ملیۆن) دینار.

لەخولی پێشتریشدا کورد (٧٦ پەرلەمانتاری) هەبووە کە موچەکەیان بـــۆ مانگێک دەکاتە (٢ مليارو ٦٦٠ مليۆن) دينارو بۆ ســـاڵێکيش دەکاتە (٣١ مليارو ٩٢٠ مليۆن دينار).

لەبەرامبەردا موچەی مانگانەی پەرلەمانتارێکی هۆڵەندی (٧ هەزارو ٣١١) يۆرۆيە کە نزيکەی (٥٠٪) بۆ باج دەبێت واتا (٣٦٥٥) يۆرۆ وەردەگرێت کە مانگانــــە دەکاتە (٤ هەزارو ٨٧٤ دۆلار). دەکاتە (٥ مليۆن ٩٤٦ هەزار دينار)، هاوکات ئەندامێکی پەرلەمانی سويد مانگانە کـــۆی موچەکەی (٥٨ هەزار کرۆنی ســـويديە) کە (٢٥ هـــەزار کرۆنی) دەيداتە باجو کۆی ئەو موچەيەی بۆی دەمێنێتەوە (٣٣ هەزار کرۆن) واتا (٤ هەزارو ٩٠٠ دۆلار) واتا (٥ مليۆنو ٩٧٨ هەزار) دينار واتا موچـــەی پەرلەمانتارێکی عێراقی کە (٣٥ مليۆن دينار) زياتر لە(٣٠ مليۆن ديناری) لەپەرلەمانتارێکی هۆلەنداو سويد زياترە.



## ج- سەرۆك وەزیرانو جێگرەكانی

موچەی مانگانەی سـەرۆك وەزیرانی عێراق (٩٠ ملیۆن دینار) ەو جێگرانیَ سـەرۆك وەزیران مانگانە یەكی (٧٠ ملیۆن دینار) بووە كە لەدوو خولـی رابردوودا لەكابینەی یەكـەم مالیكی بۆ چوار ساڵ (د بەرهەم ساڵح) بووەو لەكابینەی دووەمی مالیكیدا بۆ چوار ساڵ (د. رۆژ نوری شـاوەیس بووە، پێشتریش لەحكومەتی كاتی بە سـەرۆكایەتی ئەیاد عەلاوی كورد (د. بەرهەم ساڵح) جێگری سـەرۆك وەزیران بووەو لەكابینەی ئیبراهیـم جەعفەری (د. رۆژ نوری شـاوەیس) بووە، واتا بۆ سـاڵێك ئەو جێگرانە (٨٤٠ ملیۆن دینار)و بۆ چوار سـاڵ (٣ ملیارو ٣٦٠ ملیۆن دینار) بۆ هەشت ساڵ (٦ ملیارو ٧٤٠ ملیۆن دینار) بەڵام هەریەك لەبەرهەم سـاڵح ٥ ساڵ جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق بووەو كۆی موچەكەی بۆ ٥ سال كردویەتیە (٤ ملیارو ٢٠٠ ملیۆن) دینارو د. رۆژ نوری شـاوەیس كە ٥ سـال جێگری سەرۆك وەزیران بووە دەكاتە (٤ ملیارو ٢٠٠ ملیۆن) دینارو بۆ ١٠ سـاڵی هەردوكیـان دەكاتە (٨ ملیارو ٤٠٠ ملیۆن) دینار تەنها موچەیان وەرگرتووە.

وەزیرێكی سـیادی مانگانە (٦٠ ملیۆن دینارە) وەزیری دەرەوەی عێراق (هۆشـیار زێباری) لەساڵی ٢٠٠٤ وە وەزیری دەرەوەیە واتا لەچوار كابینەدا بەشداری كردووە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ واتا بۆ ساڵێك مانگانـە (٧٢٠ ملیۆن دینار) بۆ چوار سـاڵ (٢ ملیارو ٨٨٠ ملیۆن) دینارو دوو خول كە هەشت سـاڵە (٥ ملیارو ٧٦٠ ملیۆن) دینارو بۆ ١٠ سـاڵی وەزیری دەرەوە (٧ ملیـارو ٢٠٠ ملیۆن دینار) تەنها موچەی وەرگرتووە.

سـەبارەت بە وەزیرەکانی دیکەش کە وەزیری خزمەتگوزارین مانگی (٥٠ ملیۆن) دیناری وەرگرتـووە، لەدوو خولی رابردوودا کورد سـەرەرای وەزیری دەرەوە وەك وەزیری سیادی لەکابینەی یەکەمی نوری ملیکی چـوار وەزیری هەبووە ئەوانیش (د لەتیف رەشـید، وەزیری سـەرچاوەی ئاو، فەوزی حەریـری، وەزیری پیشەسـازی، بەیان دزەیی، وەزیری شـارەوانی، نەرمین عوسمان، وەزیری ژینگە) لەکابینەی دووەمی نوری مالیکی کورد سێ وەزیری خزمەتگوزاری هەبووە ئەوانیش (دیندار دۆسـکی وەزیری کۆچو کۆچبەران، خەیروڵا وەزیری بازرگانی، عەبدولمەجید حەمەئەمین، وەزیری تەندرووستی) لەهەردوو خولەکەدا (٩ وەزیر) دەکات کە مانگانە (٤٥٠ ملیۆن دینار) موچەیان وەرگرتووەو ساڵانە (٥ ملیارو ٤٠٠ ملیۆن) دینارو بۆ هەشت ساڵەکە (٤٣ ملیارو ٢٠٠ ملیۆن دینار) تەنها موچەیان وەرگرتووە.

ئەمە لەکاتێکدا لەخولەکانی پێشووتریشدا چەندین وەزیری دیکە هەبووە لەسـەردەمی ئەنجومەنی حوکم ٢٠٠٣ کورد سـەرەرای وەزیری دەروە چوار وەزیری هەبووە ئەوانیش (نەسرین بەرواری، وەزیری شـارەوانیەکان، د لەتیف رەشید، وەزیری سەرچاوەکانی ئـاو، محەمەد تۆفیق رەحیم، وەزیری پیشەسـازی، عەبدوڕەحمان سدیق کەریم، وەزیری ژینگە) ئەگەر موچەکەیان بۆ ساڵێکیش بوو بێت ئەوا مانگی (٢٠٠ ملیۆن دیناریان) وەرگرتووەو بۆ سـاڵێکیش (٢ ملیارو ٤٠٠ ملیۆن) دینـار موچەیان وەرگرتووە، لەکابینەکەی عەلاوی حکومەتی کاتی ٢٠٠٤ کورد سەرەرای وەزیری دەرەوەی سـێ وەزیری دیکەی هەبووە ئەوانیش (د لەتیف رەشید، وەزیری

سەرچاوەی ئاو، نەسرین بەرواری، وەزیری شارەوانی، بەختیار ئەمین، وەزیری مافی مرۆڤ) کە بەهەرسێکیان مانگانە (١٥٠ ملیۆن دینارو) بۆ ساڵێکیش (١ ملیارو ٨٠٠ ملیۆن دیناریان) وەرگرتووە.

لەکابینەکەی ئیبراهیم جەعفەریشدا لە٢٠٠٥ کورد سەرەای وەزیری دەرەوە ٦ وەوزیری هەبووە ئەوانیش (د لەتیف رەشید، وەزیری سەرچاوەی ئاو، د بەرهەم ساڵح، وەزیری پلاندانان، عەبدولباسیت کەریم مەولود، وەزیری بازرگانی، د جوان فوئاد مەعسوم، وەزیری گیەاندن، د ەادی ئیدریس، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، نەرمین عوسمان، وەزیری کاروباری ژنان) کە بەهەر شەشیان مانگانە (٣٠٠ ملیۆن دینارو) بۆ ساڵێکیش (٣ ملیارو ٦٠٠ ملیۆن) دیناریان وەرگرتووە.

لەبەرامبەردا موچەی مانگانەی وەزیرێکی سویدی کە (١٢١٠٠٠) کرۆنی سویدیەو (٦٥٠٠٠) کرۆنی باج دەیبات (٥٦٠٠٠) کرۆنی بۆ دەمێنێتەوە مانگانە کە دەکاتە (٩٧٠٠) دۆلار بەڵام موچەی وەزیرێکی عێراق کە (٥٠ ملیۆن دینارەو) دەکاتە (٤٠هەزارو ٩٨٣ دۆلار) دەکات واتا (٣٢ هەزارو ١٣ هەزار دۆلار)ی لەوەزیرێکی سویدی زیاترە.

موچەی نوینەرانی کورد لەبەغداد (٦٢٥ ملیارو ٣٢٠ ملیۆن دینار)و (٥١٢ ملیۆنو ٥٥٧ هەزار دۆلار)


## د- موچەی دیکە

لەگەڵ ئەو پۆستانەی سەرەوە ئەندامانی ئەنجومەنی حوکمی عێراق کە ٥ کەس بوونو مانگی ١٠٠ ملیۆن دیناریان هەبووە ئەوانیش (جەلال تالەبانی، مەسعود بارزانی، سەلاحەیدن بەهادین، د. مەحمود عوسمان، دارا نورەدین) کە بۆ مانگێك دەکاتە (٥٠٠ ملیۆن دینار) بۆ ساڵێکیش دەکاتە (٦ ملیار دینار).

ئەمە سەرەرای پۆستی بریکاری وەزیرو بەرێوە بەری گشتیو سەرۆکی دەستەو فەرماندەییە سەربازیەکان کە سوپاسالاری عێراقو فەرماندەی هێزی ئاسمانی عێراق لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ چەندین ئیمتیازی دیکە بۆ ئەو پۆستان لەئۆتۆمبیلو شوقەو زەویو ئیفادو چەندین جۆری دیکەی موچەو ئیمتیاز بەو بەرپرسە باڵایانەی کورد لەبەغداد کە بە زیاتر لە(٤٠٠ ملیار دینار).

واتا بەکۆی ئەو موچانەی نوێنەرانی کورد لەبەغداد وەریان گرتووەو ژمارەیان ناگاتە (٥٠٠ کەس) زیاتر لە(ترلیۆن دینار)یان تەنها وەك موچە وەرگرتووە.

کە پۆستەکان لەپێش ئەم خولەی پەرلەمان زیاتر لە(١٩٠ پەرلەمانتار)و (٣٠ وەزیر)و (٤٠ بریکاری وەزیر)و (٣ خولی سەرۆك کۆمار)و (٤ خولی جێگری سەرۆك وەزیر)و (٣ خولی جێگری سەرۆکی پەرلەمان)و (٥ ئەندامی ئەنجومەنی حوکم) زیاتر لە(١٠٠ بەرێوەبەری گشتیو ئەندامانی دەستەو سەرۆکی دەستە) لەگەڵ (٥٠ پۆستی ئەمنیو فەرماندەی سەربازی)، لەدوای ٢٠٠٣ وە تا ٢٠١٤ زیاتر لە(٤٢٥ نوێنەری کورد) لەبەغداد بوونەو زیاتر لەیەك ترلیۆن دینار) تەنها موچەیان وەرگرتووە.




## دووەم/ دەستکەوتی نوێنەرانی کورد لەبەغداد

دەستکەوتی نوێنەرانی کورد لەبەغداد لەماوەی ١١ ساڵی رابردوو داو لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە کە چەندین پۆستی هەستیارو باڵایان لەدەستدا بووەو لەچاو ئەو موچەیەی وەریان گرتووە، بۆ نمونە تائێستا (٨٧٥ ملیار دینار) بۆ قەرەبووی هاوردەو ئاوارەکانی مادەی ١٤٠ خەرجکراوە، کە ئەو موچەیەی نوێنەرانی کورد لەبەغداد وەریان گرتووە زیاتر لە(ترلیۆنێك دینارە) واتا زیاتر لە(١٠٠ ملیار دیناری) زیاترە لەو بودجەیەی بۆ مادەی ١٤٠ تەرخانکراوە.

ئـــەو موچە زەبەلاحـــەی نوێنەرانی کورد کـــە لەبەغداد وەریان گرتووە لەکاتێکدایە کە دەســـتکەوتەکانی کورد رۆژ لەدوای رۆژ نەك هەر چارەسەر نەکراون بەڵکو ئاڵۆزترو خراپتر بوون:

## آ/ خاکی کوردستانی

لەرووی گەرانەوەی خاکی ناوچە جێناکۆکەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، نەك هەر مادەی ١٤٠ جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو یەك بست لەخاکی هەرێم بەهۆی نوێنەرانی کوردەوە نەگەرێنراوەنەتەوە بۆسەر هەرێمی کوردستان، پرسی ناوچە کوردستانیەکان لەرێی نوێنەرانی کوردەوە نەگەراوەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا حەنان فەتلاوی پەرلەمانتاری دەولەتی یاسا رایگەیاند، بەتەنها نەیهێشتووە مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت.

## ب/ پرسی بودجە

پرســـی بودجە، بودجەی هەرێمی کوردســـتان کە لەسەردەمی حکومەتی کاتی عێراقو ئەیاد عەلاویدا بریاردرا، ١٧٪ی بودجەی عێراق بدرێت بە هەرێمی کوردســـتان ئەو بودجەیە تا ساڵی ٢٠٠٩ لـــە١٧٪ ی کۆی بودجـــەی عێراق بەڵام دواتر ویســـتیان ئەو برە کەمکەنەوە بەهۆی نارەزایـــی نوێنەرە عەرەبەکانەوە بۆ ١٣٪ بەڵام دواتر بەهۆی برینی بودجەی ســـیادیو حاکیمەوە بودجەی هەرێم کەمکرایەوە بۆ ١٠٪، تا کار گەیشـــتە برینـــی تەواوەتی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم، لەکاتێکـــدا جێگری وەزیری داراییی عێراق کوردەو جێگری سەرۆك وەزیرانیش کە موچەی بریوە کوردە.

## ج/ لەرووی هێزی سەربازیەوە

لەرووی هێزی سەربازیەوە، تا ئەمڕۆش بودجەی پێشمەرگە لەبەغدادەوە نەدراوە، لەگەڵ ئەوەی چەندینجار هەرەشەی هێز کراوە، لەکاتێکدا پۆستی سەرۆکی ئەرکانی سوپا کوردەو هەموو جموجوڵێکی سەربازی بەدەستە، فەرماندەی هێزە ئاسمانیەکانی عێراق کوردەو هەموو جموجوڵێکی سەربازی عێراقی بەدەستە، هاوکات رێژەی کورد لەسوپای عێراقیدا لەئێستادا ٣٪ کەمترە.

## د/ نەوت و گرێبەستە نەوتیەکان

کێشەو نەوت و گرێبەستە نەوتیەکانی هەرێم، بەتەواوی ئاڵۆزبووەو نوێنەرانی کورد هیچیان بۆ ئەو پرسە نەکردووەو شەرەکە گوازراوەتەوە بۆ نێوان هەولێرو بەغداد نەك نوێنەری کورد لەبەغداو حکومەتی عێراق لەبەغداد.
بەو پێیەش نوێنەرانی کورد لەنێوان موچەو مافەکانی کورددا موچەکانیان هەڵبژاردووەو لەبەرامبەر مافەکانی کورددا بێدەنگ بوون.

*** رۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (٤٤٥) ٢٠١٤/٩/١٦ لاپەرە ٤.**

# ٢-١-٧
# موچەی نوێنەرانی کورد لەبەغدا

زۆرترین چاوی میدیای کوردی لەسەر موچەو ئیمتیازی پەرلەمانتارانی کوردستانە، بەڵام کەمتر لەسەر پەرلەمانتارانی کوردە لەبەغداد، لەکاتێکدا ئەگەر پەرلەمانتارانی کوردستان پرسی خزمەتگوزاری‌و مافە ئینسانیەکانی هاوڵاتیانیان لەناوخۆی کوردستان لەسەر شان بێت، ئەوا پەرلەمانتارانی کورد لەبەغدا پرسی خاکی کوردستان‌و دۆسیە چارەنوسسازەکانیان لەئەستۆدایە، لەئێستادا ئەندامێکی پەرلەمانی عێراق سەرەرای ئیمتیازەکانی مانگانە زیاتر لە٢٨ هەزار دۆلار واتا دوو دەفتەرو ٨٠ وەرەقە وەردەگرێت‌و کە لەموچەی تەواوی وڵاتانی دونیا زیاترە، کە دوو ئەوەندەی موچەی پەرلەمانتارێکی ئەمریکاو شەش ئەوەندەی موچەی پەرلەمانتارێکی سویدو هۆڵەندایە.

## ا- موچەی پەرلەمانتارێکی عێراق

بەپێــی وتــەی پەرلەمانتارێکی عێراق کە خواســتی نەبوو ناوی بڵاوبکرێتــەوە، پەرلەمانتارێکــی عێراق مانگانــە (٥ ملیۆن دینار) موچەی بنەرەتی وەردەگرێت، لەگــەڵ (٥ ملیۆن دینار) دەرماڵە، هــاوکات نزیکــەی (١ ملیــۆنو ١٠٠ هەزار دینــار) دەرماڵەی میوانداریش وەردەگرێت، لەگەڵ پارەی مانگی (٣٠ پاسەوان) کە هەریەکــی (٧٥٠ هەزار) دیناری هەیــە، دەکاتە (٢٢ ملیۆنو ٥٠٠ هەزار دینار) ئەم پارەی پاســەوانە راستەوخۆ دەچێتە سەر حیسابی بانکی پەرلەمانتارەکە، ئیتر پەرلەمانتارەکە ئازادە پاســەوانی دەوێت یان نا، کە لەخولەکانی پێشوو پەرلەمانتار هەبوو تەنها یەك پاسەوانی بۆخۆی دانا بوو، بۆیە بەســەرجەمی ئەو پارانە دەکاتە (٣٣ ملیۆنو ٦٠٠ هەزار دینــار) واتا (٢٨ هەزار دۆلار) کە دەکاتە (٢ دەفتەرو ٨٠ وەرەقە)، کە بۆ ساڵێکیش دەکاتە (٣٣٦ هەزار دۆلار) واتا (٣٣ دەفتەرو ٦٠٠ دۆلار)، ئەمە جگــە لەوەی مانگانە (٢ ملیۆنو ٥٠٠ هەزار) دیناریان پێدەدرێت بۆ کرێی شــوقە، کە بەم پارەیەوە ئەو پارەیەی مانگانە بە یەك پەرلەمانتاری عێراق دەدرێت دەکات (٣٠ هەزار دۆلار).

هاوکات هەر پارلەمانتـــارەی (٥٠ ملیۆن دینار)یان پێدەدرێت بۆ کرێنـــی ئۆتۆمبیل هەرچەندە بەپێی وتەی ئەو پارلەمانتارە هێشـــتا وەریان نەگرتووە، کە لەخولی پێشـــوودا هـــەر پەرلەمانتاری (٧٠ ملیۆن) دیناریان بـــۆ کرینی ئۆتۆمبیلو تازەکردنەوەی کەل وپەلی ناو شوقە پێدەدرا، واتا (٥٨ ملیۆن) بۆ کرینی ئۆتۆمبیلو ١٢ ملیۆنیش بۆ کرینی کەلو پەلی ناو شوقە، لەخولی پێشوتری پەرلەمانی عێراق لە٢٠٠٥ هـــەر پەرلەمانتارەی بری (١٢٠ ملیۆن دیناریان) بۆ کرینی ئۆتۆمبیو کەلو پەلی ناو شوقە پێدراوە.

ئەمە ســـەرەرای دەیان ئیمتیازی دیکە بۆ پەرلەمانتاران بۆ هەموو جوڵەیەکیان پارەیان بۆ خەرجدەکرێ، هەروەك لەخولی پێشـــووی پەرلەمانـــدا بری (٥٩ ملیۆن دینار) بۆ نەشـــتەرگەری مایەســـیری پەرلەمانتارێکی لیســـتی دەولەتی یاسا تەرخانکراوە، هاوکات بری (٧٧ ملیۆن دینـــار) بۆ جوانکاری پەرلەمانتارێکی دیکەی دەولەتی یاســـا تەرخانکراوە، ئەحمەد علوانی پەرلەمانتـــار بری (١٠ ملیۆن دیناری) بۆ ددان ئێشە بۆ تەرخانکراوە.

بەڵام بەوتەی ئەو پارلەمانتارە بریارێك هەیە بۆ کەمکردنەوەی موچەی پەرلەمانتاران بەرێژەی ٤٠٪ بەڵام نازانرێت ٤٠٪ی کەمکردنەوەکە موچەی بنەرەتی دەگرێتەوە یان کۆی موچەکەیانە.

## جیاوازی موچەی مانگانەی پارلەمانتاری چەند وڵاتێک



## ب- بەراوردی موچەی پەرلەمانتاری عێراق

بەبەراورد بە موچەی پەرلەمانتاری وڵاتانی دونیا موچەی پەرلەمانتارێکی عێراق لەموچەی تەواوی پەرلەمانتارانی دونیا زاترە، هەرچەندە موچەی پەرلەمانتارانی دونیا زیاتر لەنیوەی باج دەیبات، بەڵام پەرلەمانتارانی عێراقو کوردستان هیچ جۆرە باجێکی لەسەر نیە، موچەی پەرلەمانتارێکی عێراق نزیکەی (٢٨ هەزار دۆلارە) بەڵام موچەی مانگانەی پەرلەمانتارێکی هۆڵەندی (٧ هەزارو ٣١١) یۆرۆیە کە نزیکەی (٥٠٪) بۆ باج دەبێت واتا (٣٦٥٥) یۆرۆ وەردەگرێت کە مانگانە دەکاتە (٤ هەزارو ٨٧٤ دۆلار). دەکاتە (٥ ملیۆن ٩٤٦ هەزار دینار)، هاوکات ئەندامێکی پەرلەمانی سوید مانگانە کۆی موچەکەی (٥٨ هەزار کرۆنی سویدیە) کە (٢٥ هەزار کرۆنی) دەیداتە باجو کۆی ئەو موچەیەی بۆی دەمێنێتەوە (٣٣ هەزار کرۆن) واتا (٤ هەزارو ٩٠٠ دۆلار) واتا (٥ ملیۆنو ٩٧٨ هەزار) دینار واتا موچەی پەرلەمانتارێکی عێراقی کە زیاتر لە(٢٨ هەزار دۆلارە) واتا نزیکەی (٦ جار) لەموچەی پەرلەمانتارێکی هۆلەنداو سوید زیاترە.

هاوکات موچەی ئەندامێکی پەرلەمانی ئیسرائیل (کنێستی ئیسرائیلی) مانگانە (٣٧هەزارو ٢٠٠) شیکلی ئیسرائیلی وەردەگرێت کە بەشێکی بۆ باج دەروات نزیکەی (١٩ هەزار) شیکلی ئیسرائیلی بۆ دەمێنیتەوە کە لەئێستادا (١ دۆلار = ٣,٧٨٥ شیکل) واتا ئەو موچەیەی کە مانگانە بۆ پەرلەمانتارێکی ئیسرائیلی دەمێنێتەوە دەکاتە (٥ هەزار دۆلار) کە موچەی پەرلەمانتارێکی عێراق نزیکەی شەش ئەوەندەی پەرلەمانتارێکی ئیسرائیلیە، موچەی ساڵانەی ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا (١٦٥ هەزار دۆلارە) واتا مانگانە دەکاتە (١٣ هەزارو ٧٥٠) دۆلار، واتا موچەی پەرلەمانتارێکی عێراق زیاتر لەدوو ئەوەندەی موچەی پەرلەمانتارێکی ئەمریکایە، ئەندامێکی ئەنجومەنی عمومی بەریتانی مانگانە (١٤ هەزارو ١٦٦ دۆلار) وەردەگرێت هاوکات پەرلەمانتارێکی میسر (ئەنجومەنی گەل) مانگانە (١١ هەزار جونەی) وەردەگرێت کە دەکاتە مانگانە نزیکەی (١٧٠٠ دۆلارە) کە موچەی پەرلەمانتارێکی عێراق زیاتر لە(١٦) ئەوەندەی پەرلەمانتارێکی میسریە، ئەمە لەکاتێکدایە پەرلەمانتارێکی کوردستان مانگانە(٨ ملیۆنو ٨٦ هەزار دینار) وەردەگرێت کە دەکاتە نزیکەی (٦٧٣٨ دۆلار) واتا موچەی پەرلەمانتارێکی عێراق (٥ ئەوەندەی) موچەی پەرلەمانتارێکی کوردستانە.


## ج- جیاوازی موچەی پەرلەمانتارو فەرمانبەران

جیاوازیەکی زۆر لەنێوان موچەی پەرلەمانتارو فەرمانبەرێکی ئاسایی هەیە بۆ نمونە، بەبەراورد بە وڵاتی سوید لەهەرێمی کوردستان جیاوازیەکی زۆر هەیە لەنێوان موچەی فەرمانبەران‌و کاربەدسەتانی پلەباڵادا بەو پێەی لەوڵاتای سوید موچەی مامۆستایەك (٢٦٠٠٠) کرۆنەو (٩٠٠٠) کرۆنی بۆ باجەو (١٧٠٠٠) کرۆنی بۆ دەمێنێتەوە مانگانە کە دەکاتە (٢٥٠٠) دۆلارو موچەی شوفێرێك مانگانە (٢٣٠٠٠) کرۆنەو (٨٠٠٠) کرۆنی بۆ باج دەچێت‌و (١٥٠٠٠) کرۆنی بۆ دەمێنێتەوە کە دەکاتە (٢٢٥٠) دۆلار ئەگەر بەراوردی بکەین بە موچەی پەرلەمانتاری سوید کە مانگانە (٤ هەزارو ٩٠٠ دۆلار)ە واتا جیاوازی موچەی لەنێوان پەرلەمانتارو مامۆستا یاخود شوفێرێك نزیکەی (٢ ئەوەندەیە) بەڵام لەهەرێمی کوردستان کە موچەی پەرلەمانتارێك (٨ ملیۆن‌و ٨٦ هەزار دینار) ەو موچەی مامۆستایەکی ئاسایی لە(٥٠٠ هەزار دینار) تێپەرناکات‌و موچەی شۆفێرێك لە(٤٠٠ هەزار دینار تێپەرناکات) واتا جیاوازی نێوان موچەی پەرلەمانتارێکی هەرێم زیاتر لە١٦ ئەوەندەی موچەی مامۆستایەك یاخود شوفێرێکە، هاوکات موچەی پەرلەمانتارێکی عێراق کە (٣٣ ملیۆن‌و ٦٠٠ هەزار) دینارە نزیکەی (٧٠) ئەوەندەی موچەی مامۆستا یاخود شوفێرێکە، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە کەمئەندامێك موچەی مانگانەی تەنها (١٥٠ هەزار) دینارە واتا موچەی پەرلەمانتارێکی عێراق نزیکەی (٢٢٥ ئەوەندەی) موچەی کەمئەندامێکە.

## جیاوازی موچەی مانگێك لە نێوان سوید و عێراق و هەرێمی کوردستاندا

### ســــــوید


جیاوازی موچەی نێوان مامۆستاو پارلەمانتار




موچەی پەرلەمانتار دوو ئەوەندەی مامۆستایە

### هەرێمی کوردستان


جیاوازی موچەی نێوان مامۆستاو پارلەمانتار




موچەی پەرلەمانتار 16 ئەوەندەی مامۆستایە

### عێراق

جیاوازی موچەی نێوان مامۆستاو پارلەمانتار




موچەی پەرلەمانتار 70 ئەوەندەی مامۆستایە

ئەم موچە زۆرەی پەرلەمانتاران لەکاتێکدایە کە عێراق بە دۆخێکی پـــڕ لەقەیرانی دارایی‌و سیاســـی‌و ئەمنیدا تێدەپەڕێـــت‌و پەرلەمان ڕۆڵێکـــی جدی نیە لەو دۆخەدا، ســـەبارەت بە کوردیش کە ٦٢ پەرلەمانتاری لەبەغدایەو موچـــەی مانگێکیان (٢ ملیارو ٨٣ ملیۆن دینار)ەو موچەی ســـاڵێکیان دەکاتە (٢٤ ملیارو ٩٩٨ ملیۆن) دینار، لەکاتێکدایە کە پرسەکانی کورد ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبن‌و بۆ چارەسەرکردنیشـــی لەهەرێمەوە وەفدی تایبەت دەچن‌و پاشان دەیخەنە بەردەم پەرلەمانتاران‌و نوێنەرانی کورد لەبەغداد، بۆ هەرێم بۆ خۆی دەســـەڵاتی ئەوانی لاواز کردووەو دۆسیە هەستیارەکانی بەوان نەســـپاردووە، ســـەرەرای پەرلەمانتار کورد دەیان نوێنەری دیکەی هەیـــە لەحکومەت‌و پۆســـتە هەســـتیارەکانداو موچەیان لەموچەی پارلەمانتاران زیاترە.

*** ڕۆژنامەی ئاوێنەی ژمارە (٤٦٠) بەرواری ٢٠١٥/١/٦**

# ٢ـ٢

# نەوتو داهاتەکانی

٢-٢-١ کورد بۆ نەوت سەرچاوەی داهاتەکەی دەبڕێت
٢-٢-٢ نەوت، لەنێوان خۆشگوزەرانیو بە بنەماڵەییکردنی کوردستاندا
٢-٢-٣ نەوت... سامانێکی بێشومارو داهاتێکی نادیار
٢-٢-٤ نەوت... کوردستان بەرەو کوێ دەبات
٢-٢-٥ نەوتو سەربەخۆیی
٢-٢-٦ بارزگانی لەگەڵ شەیتان

# ٢-٢-١

## کورد بۆ نەوت سەرچاوەی داهاتەکەی دەبڕێت

بڕینی بەشـــە بودجەی هەرێمی کوردســـتان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەســـەرەتای ساڵی ٢٠١٤ ەوە کێشـــەو قەیرانەکانی نێوان هەرێمو بەغدای بەتەواوی ئاڵۆزکرد، ئەم بریارە لەلایەك بە بریارێکی نایاسایی حکومەتی عێراق دادەنرێتو لەلایەکیش حکومەتی هەرێم بەبێ گرنتی داهاتی ناخۆیی ســـەرچاوەی داهاتەکەی لەبەغدادەوە بریوە کە (٩٦٪) بودجەی گشـــتی هەرێم پشتی بە بەشە بودجەی هەرێم لەبەغداد بەستووە.

لەئێســـتادا بەهۆی فرۆشی نەوتەوە راســـتەوخۆ لەلایەن هەرێمی کوردســـتانەوە بەغداد بەشە بودجەی هەرێمی بڕیوە، لەکاتێکدا بە فرۆشـــی ئەو نەوتەی هەرێم لەڕێی بۆریەوە بـــۆ تورکیا نەیتوانیوە موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی پێدا بین بکات، بەوە لەئێستادا رۆژانە (١٢٠ هەزار) بەرمیل نەوت دەفرۆشێت، کە بەرمیلێك (٦٥ دۆلار) دۆلاری بۆ حکومەتی هەرێم دەمێنیتەوە، خۆ ئەگەر بەتەواوی رۆژانە (١٢٠ هەزار) بەرمیل بفرۆشێت ئەوا ساڵانە دەتوانێت بایی (٢ ملیارو ٨٠٨ ملیۆن) دۆلار بفرۆشـــێت، لەکاتێکدا لەبودجەی ٢٠١٤ گشتی عێراق دەکاتـــە (١٩ ترلیۆنو٤٠٠ملیار)دینار کە دەکاتە (١٥ ملیارو ٩٠٠ ملیۆن) دۆلار، واتا بە نزیکەی (١٣ ملیار دۆلار) زیان دەکات ســـاڵانە، لەکاتێکدا مانگانە پێویستی بە (٨٥٠ ملیار) دینارەو ساڵانە پێویســـتی بە (١٠ ترلیۆنو ٢٠٠ ملیار) دینار دەبێت، کە دەکاتە (٨ ملیارو ٣٦٠ ملیۆن دۆلار).

## أ- بڕینی بودجەی هەرێم

بودجەی هەرێمی کوردستان لەبەغداد، لەساڵی ٢٠٠٤و لەسەردەمی حکومەتی ئینتیقالی بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی پشکی لە١٧٪ی بودجەی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان تەرخان کراو لەو ساڵەشەوە تا ئەمرۆ ســالآنە پشــکی هەرێم لەبودجەی گشتی عێراق دیاری دەکرێت، لەســاڵی ٢٠٠٤ کە بودجەی گشــتی عێراق (١٣ ملیار دۆلار) بووەو پشکی هەرێم (٢ ملیارو ٣٣٠ ملیۆن) دۆلار بووە، واتا لە١٧٪ بوە بەڵام لەدوای ســاڵی ٢٠٠٩ پشکی هەرێمی کوردستان کەمکراوەتــەوە، ئەویش بــە بڕینی بودجەی ســیادیو حاکیمە لەبودجەی گشــتی عێراق پاشان دەرکردنی بەشە بودجەی هەرێم، بۆیە بودجەی گشتی عێراق لەساڵی ٢٠١٣ دا زیاتر لە(١٣٨ ترلیۆنو ٨٢٤ ملیارو ٦٠٨ ملیۆن) دینار بووەو پشکی هەرێمی کوردستان زیاتر (١٤ ترلیۆنو ٤٠٦ ملیارو ٧٣٥ ملیۆن) بوو بەرێژەی (١٠٫٤٪).

**بودجەی گشتی عێراق و پشکی هەرێم تیایدا لە 2004تا 2014**

| ساڵ | بودجەی گشتی عێراق | ١٧٪ی پشکی هەرێم | رێژەی هەرێم |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠٤ | ١٣ ملیار دۆلار | ٢ ملیارو ٣٣٠ ملیۆن دۆلار | ١٧,٩٪ |
| ٢٠٠٥ | ١٨ ملیار دۆلار | ٣ ملیارو ١٣٤ ملیۆن دۆلار | ١٧,٤٪ |
| ٢٠٠٦ | ٢٠ ملیار دۆلار | ٣ ملیار و ٥٦٠ ملیۆن دۆلار | ١٧,٨٪ |
| ٢٠٠٧ | ٤١ ملیار دۆلار | ٦ ملیار و ٥٣٩ ملیۆن دۆلار | ١٦٪ |
| ٢٠٠٨ | ٤٨ ملیار دۆلار | ٨ملیارو ٢٥٨ ملیۆن دۆلار | ١٧,٢٪ |
| ٢٠٠٩ | ٥٨ ملیار دۆلار | ٩ملیار دۆلار | ١٥,٥٪ |
| ٢٠١٠ | ٧٢ ملیار و ٤٠٠ ملیۆن دۆلار | ١٠ ملیارو ٤٠٠ ملیۆن دۆلار | ١٤,٤٪ |
| ٢٠١١ | ٨٦ ملیارو ٤٠٠ ملیۆن دۆلار | ٩ ملیارو ١٦٦ ملیۆن دۆلار | ١٠,٦٪ |
| ٢٠١٢ | ٩٨ ملیارو ٢٩٠ ملیۆن دۆلار | ١٠ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلار | ١٠,٦٪ |
| ٢٠١٣ | ١١٥ ملیارو ٦٨٧ ملیۆن دۆلار | ١٢ ملیار دۆلار | ١٠,٤٪ |
| ٢٠١٤ | ١٤٥ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلار | ١٥ ملیارو ٦٩٦ ملیۆن دۆلار | ١٠,٨٪ |
| کۆی گشتی | ٧١٦ ملیارو ٢٧٧ ملیۆن دۆلار | ٩٠ ملیارو ٥٧٣ ملیۆن دۆلار | |

بەڵام قوڵبوونەوەو بڕینی تەواوەتی بودجەی هەرێم لەلایەن بەغداوە لەناوەڕاستی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ بووە، کاتێك ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٤ی بەبێ رەزامەندی کورد پەسەندکردو رەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرد.

پڕۆژەیاساکە بڕگەیەك لەخۆدەگرێت کە هەرێمی کوردستان ناچار دەکات ڕۆژانـــە (٤٠٠ هەزار)بەرمیل نـــەوت لەرێگەی کۆمپانیای نیشـــتیمانیی بەبازارڕکردنی نەوتی عێراق (ســـۆمۆ) هەناردەبکاتو داهاتەکەی رادەستی بەغدا بکات، بەپێچەوانەوە بەغدا بڕی داهاتی نەوتی هەناردەکراوی هەرێم لەپشکی ١٧٪کەی هەرێمی کوردستان لەبودجەی فیدڕاڵی دەبڕدرێت، دواجار هەرێم نەچووە ژێرباری ئەو مەرجەی بەغداو لەبەرامبەریشدا مالیکی مووچەی هەردوو مانگی کانوونی دووەمو شوباتی هەرێمی نەنارد.



بەغداد مانگانە بە ١٢ ســـولفە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی دەنارد کە لەســـاڵی ٢٠١٣ دا پشکی هەرێم لەبەغداد (١٤ ترلیۆن‌و ٤٠٦ ملیارو ٧٣٥ ملیۆن) واتا مانگانە بەغداد زیاتر لە(١ ترلیۆن‌و ٢٠٠ ملیار دیناری) ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کردووە، لەو بودجەیە مانگانە (٨٥٠ ملیار) دینار تەرخانکـــراوە بۆ موچەی فەرمانبەرانی هەرێـــم کە (١ ملیۆن‌و ٣٤١ هـــەزارو ٥٥٨) موچەخۆر هەیە، ئەمە لەکاتێکدایە کە حکومەتی عێراق خاوەنی بودجەیەکی زەبەلاحەو بڕیاریداوە موچەی فەرمانبەران زیاد بکات، ســـەفائەدین ســـافی، وەزیری دارایی عێراق بەوەکالەت، ڕایگەیاند: بڕی ٣ ترلیۆن دینار بۆ بودجەی گشتی عێراق زیادکراوە، کە ئەو پارەیە پێش کۆتایی ئەمساڵ بەسەر فەرمانبەراندا دابەش دەکرێت، ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان ئامـــادە نەبوو بچێتە ژێر بـــاری بڕیارەکەی بەغداوە، بەڵام خۆشـــی نەیتوانی نـــە بەداهاتی ناوخۆ نە بە داهاتی نەوتی فرۆشـــراو موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دابین بکات.

نەبوونی یاسایەکی تایبەت بەنەوتو غاز لەعێراقداو ڕێك نەکەوتنی لایەنەکان لەسەر یاسایەکی ڕوون بۆ فرۆشتنی نەوتو گرێبەستەکانی، کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدای ئاڵۆزترکردووەو کێشەکان بەسیاسی کراون، حکومەتی هەرێمی کوردستان فرۆشتنی نەوتو گرێبەستەکانی بە یاسایی دادەنێت، کە بەپێی یاسای ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ ی نەوتو گازی هەرێمی کوردستانە کە تیایدا هاتووە: کۆمپانیای کوردستان بۆ بازاڕکردنی نەوت (کۆمۆ) دادەمەزرێت، کە وەك کۆمپانیایەکی گشتی خاوەن کەسایەتی مەعنەوییەو سەربەخۆیە لەبواری دارایی‌و کارگێڕییەوە، هەروەها هەڵدەستێت بەبازاڕکردن یان ڕێکخستنی بەبازاڕکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان.

بەڵام حکومەتی بەغداد دەڵێت پێویستە نەوتی هەرێم لەڕێگەی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ)وە بفرۆشێت کە لەساڵی ١٩٧٢ دامەزراوەو یەکەم کۆمپانیای فەرمی سەر بەوەزارەتی نەوتی عێراقە کە ڕێگەی پێدراوە نەوتی خاو بەمەبەستی فرۆشتن هەناردەی دەرەوە بکات.

## ب- داهاتی نەوتی هەرێم

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر بڕینی بودجەی هەرێمدا پشت بە داهاتی نەوتی فرۆشـــراو دەبەستێت لەرێگەی تورکیاوە، لەئێستادا بە پێی وتەی بەرپرسان رۆژانە (١٢٠ هەزار)بەرمیل نەوت هەنارده دەکرێت، بەپێی گرێبەســـتی فرۆشـــتن کە پارەی کرێی گواستنەوەو هەڵگرتن‌و پارەی کۆمپانیا لێی هەڵدەگیرێت، نزیکەی (٦٥ دۆلار) بۆ هەرێمی کوردســـتان دەمێنێتەوە، واتا رۆژانە دەکاتە (٧ ملیۆن‌و ٨٠٠ هەزار دۆلار)و مانگانە دەکاتە (٢٣٤ ملیۆن دۆلار)، بۆ ساڵێکیش دەکاتە (٢ ملیارو ٨٠٨ ملیۆن دۆلار).

**داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێم بۆ تورکیا**


رۆژانە 120.000بەرمیل X 65دۆلار = 7.800.000دۆلار

مانگانە 120.000بەرمیل X 30رۆژ X 65دۆلار = 234.000.000دۆلار

ساڵانە 120.000بەرمیل X 365رۆژ X 65دۆلار = 2.847.000.000دۆلار

بەڵام لەبەر ئەوەی بە ووردیو ریكو پێکی نەفرۆشراوە تا ئێستا نەوتی فرۆشراوی هەرێم بایی (٤٥٠ ملیۆن دۆلار) پارەی فرۆشراوی نەوت گەیشتۆتە هەرێم، کە بەشێك لەو پارەیە هاتووەو بەشێکیشی قەرزەی هەندێ کۆمپانیای تورکی پێ دراوەتەوە، هەرێمی کوردستان بۆ مووچەی مانگانەی فەرمانبەران پێویستی بە نزیکەی (٨٥٠ ملیار دینارەو ساڵانە (١٠ ترلیۆنو ٢٢٠٠ ملیار) دینار کە دەکاتە (٨ ملیارو ٣٦٠ ملیۆن دۆلار)، واتا فرۆشی نەوت بەم شێوەیەی ئێستای کە ساڵانە پارەکەی بۆ حکومەتی هەرێم دەکاتە (٢ ملیارو ٨٠٨ ملیۆن دۆلار)، لەگەڵ داهاتی ناوخۆ کە ساڵانە نزیکەی (٢ ملیار دۆلار) دەبێت، دەکاتە نزیکەی (٥ ملیار دۆلار) بەڵام تەنها موچەی فەرمانبەران کە ساڵانە پێویستی بە (٨ ملیارو ٣٦٠ ملیۆن دۆلار)، واتا بە داهاتی نەوتو ناخۆی هەرێم زیاتر لە(٣ ملیار دۆلار) تەنها لەموچەی کورتهێنانی دەبێت، سەرەرای خەرجیەکانی دیکە کە ساڵی ٢٠١٣ (٥ ترلیۆنو ٣٣٣ ملیار) بووە.

بەڵام وەك بەرپرسانی هەرێم ئاماژەیان پێداوە کە تا کۆتایی ئەمسال ئاستی فرۆشی نەوت بۆ (٥٠٠ هەزار) بەرمیل نەوت لەرۆژێکدا زیاد دەکەن، کە بۆ رۆژێك داهاتی دەگاتە (٣٢ ملیۆنو ٥٠٠ هەزار دۆلار)و بۆ مانگێك دەگاتە (٩٧٥ ملیۆن دۆلار)و بۆ ساڵێك دەگاتە (١١ ملیارو ٧٠٠ ملیۆن دۆلار) واتا ئەو کات بەشی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەکات کە بۆ ساڵێك پێویستی بە (٨ ملیارو ٣٦٠ ملیۆن دۆلار)و زیاتر لە(٣ ملیارو ٣٤٠ ملیۆن دۆلار) بۆ خەرجی دیکە دەمێنێتەوە.


ڕێژەی داهاتی فرۆشی نەوتی هەرێم لەبەرامبەر پشکی هەرێم لە بەغدا
%18
%82
داهاتی ساڵانەی فرۆشی نەوت
2.808.000.000دۆلار
120.000 بەرمیل ڕۆژانە
بەشە بودجەی هەرێم لە بەغداد
15.901.000.000دۆلار

## ج- لەنیوان داهاتی نەوتو بودجەی بەغداد

بودجەی ئەمسالّی عێراق، بەگەورەترین بودجە لەمێژووی ئەو ولاّتەدا دادەنرێتو بڕەکەی بە (١٧٠ ترلیۆنو ٤١١ ملیارو ٦٦٣ ملیۆنو ٤١٥ هەزار دینار)دەخەملێنرێت کە بەبڕی (٣٠ ترلیۆن ٧٧١ ملیارو ٣٤ ملیۆنو ٧٣٠ هەزار)دینار کورتهێنانی تێدایە، پشکی هەرێمیش لەو بودجەیە (١٩ ترلیۆنو ٤٠٠ ملیار)دینارە.

بەلاّم بەپێی پرۆژە یاساکەی حکومەتی عێراق کە هەرێمی کوردستان دەبێت رۆژانە (٤٠٠ هەزار بەرمیل) نەوت رەوانە بکات، ئەوا داهاتی نەوتی هەرێم لەساڵێکدا دەکاتە نزیکەی (١٧ ترلیۆنو ٥٦٨ ملیارو) دینار، ئەمە لەکاتێکدایە پشکی ١٧٪کەی هەرێم لەبودجەی ٢٠١٤ عێراق دەکاتە (١٩ ترلیۆنو٤٠٠ملیار)دینار، نزیکەی(١ ترلیۆنو ٨٣٢ ملیار) دیناری زیاترە لەداهاتی فرۆشتنی (٤٠٠ هەزار) بەرمیل نەوتی رۆژانەی هەرێم، بەوپێیە ئەگەر هەرێم بودجە لەبەغدا وەرنەگرێتو پشت بەداهاتی نەوتی هەناردەکراوی خۆی ببەستێت، کەمتر لەو ١٧٪یەی دەستدەکەوێت کە لەبەغدا وەریدەگرێت، ئەگەر رۆژانە (٤٠٠ هەزار) بەرمیل نەوتیش بفرۆشێت.

بەلاّم لەئێستادا کە رۆژانە تەنها (١٢٠ هەزار) بەرمیل نەوت رەوانە دەکاتو بۆ بەرمیلێك (٦٥ دۆلار) ی بۆ دەمێنێتەوە داهاتی ساڵێکی نەوتی فرۆشراوی هەرێم دەکاتە (٢ ملیارو ٨٠٨ ملیۆن دۆلار). بەلاّم لەبودجەی عێراق (١٩ ترلیۆنو٤٠٠ملیار)دیناری دەست دەکەوێت بۆ ساڵی ٢٠١٤و کە دەکاتە (١٥ ملیارو ٩٠٠ ملیۆن دۆلار) بەو پێیەی کورد لەنێوان فرۆشی نەوتی خۆیو بەشە بودجەی عێراق نزیکەی (١٣ ملیار دۆلار) ساڵانە زەرەرمەند دەبێت.

## د- موچەی فەرمانبەران لەنێوان مالیکیو سەدامدا

بەڵام برینی موچـــەی فەرمانبەرانی هەرێـــم لەلایەن بەغدادەوە، بەتەواوی نیەتی پێکەوە ژیانی سیاســـی لەنێـــوان هەرێمو بەغداد کاڵ کردەوە بە جۆرێك، لەهیچ سەردەمێکدا بەغداد ئامادە نەبووە موچەو قوتی ژیانی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان ببڕێت، تەنانەت بە درێژایی چوار ســـاڵی رێکەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ حکومەتی بەغداد موچەو خەرجی کوردســـتانی نەبڕیوە، لەسەردەمی رژێمی بەعس لەســـاڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ بەشێکی زۆری هاوڵاتیانی هەرێم لەناوەچەکانی ژێر دەستی بەغداد موچەیان وەردەگرت بەتایبەتیش خانەنشینان، بەبێ ئەوەی رژێمی بەعس بیبرێت، بەڵام لەسایەی ١١ ســـاڵ لەموجامەلەو گفتوگۆی سیاســـیو هاوپەیمانی کوردو شیعە دواجار نوری مالیکی مافی بەخۆیدا موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی ببڕێت.

بڕینـــی موچـــەی فەرمانبەرانـــی هەرێم، دەچێتـــە چوارچێوەی جینۆسایدی نێودەوڵەتیەوە، دەکرێت سەرکردایەتی سیاسی کورد وەك جینۆساید مامەڵەی لەگەڵ بکات، بەو پێیەی لەرێکەوتن نامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید کە لە (٩/کانونی دووەم/١٩٤٨) مۆرکراوە بەمشێوەیە پێناسەی جینۆساید کراوە (بریتییە لەو کارانەی بەمەبەستی تێکدان‌و هەڵتەکاندنی گشتی یان بەش بەش ئەنجام بدرێت دژ بەکۆمەڵێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، نەژادی، ئاینی‌و شتی لەم چەشنە)، لەجۆرەکانی جینۆساید کە جینۆسایدی (فیزیکی، کلتوری، بایلۆژی، ئابوری)، لەجینۆسایدی ئابوریدا هاتووە، برسی کردن‌و بڕینی سەرچاوەکانی ژیانی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك، سەپاندنی گەمارۆی ئابوری، رێگە گرتـــن لەبەرهەمهێنانی خۆراك، ئەنجامی ترسناکیان هەیە بۆسەر پاشەرۆژی مرۆڤ.

بەو پێیەش برینی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەچێتە چوارچێوەی چەمکی جینۆسایدی نێودەوڵەتیەوە، دەکرێت هەرێمی کوردستان لـــەم رێگەیەوە کار بکات بۆ بە دادگاییگەیاندنی ئەنجامدەری ئەو جینۆسایدەی کە بەرامبەری دەکرێت.

*** لەرۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (٤٤٤) بەرواری ٢٠١٤/٩/٩ دا بڵاوبۆتەوە**

# ٢-٢-٢

# نەوت، لەنێوان خۆشگوزەرانیو بەبنەماڵەییکردنی کوردستاندا

پرســی دەرهێنانو هەناردەکردنی نەوتی هەرێم لەئێستادا بە یەکێك لەپرسە هەستیارو لەپێشــنەکانی ئەمڕۆی کوردستان دەژمێردرێت، بەو پێیەی نەوت دەکرێت ببێتە مایەی هێنانی خۆشگوزەرانیو لەهەمانکاتیشدا دەکرێت ببێتە هۆی هێنانەدی میحنەتو درووستکردنی دیکتاتۆریەت، بۆ کورد لەرابردوودا هەمیشە نەوت لەبری خۆشگوزەرانی ماڵوێرانیو کوشــتو بڕینی لەگەڵ خــۆی هێناوە، هەر لەســەرتای دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت لەشــاری کەرکوك لــە(١٩٢٧)، رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق کەوتنە راگواستنو پاکتاوکردنی پێکهاتەی کورد لەو شــارە، لەساڵی ١٩٤٧ دا لەبەرامبەر واژووکردنی رێکەوتننامەی نەوت لەگەڵ ئێران روسیا پشتی کردە کۆماری کوردستان لەمهابادو ئەوەش بە لەسێدارەدانی ســەرکردەکانی کۆمارەکە کۆتایی هات، دواتریش رژێمە یەکلەدوای یەکەکانی عێراق، سامانی نەوتیان بۆ کرینی چەكو تەقەمەنیو لەدژی کورد بەکاریان دەهێنا، لەئێستاشــداو لەسەروبەندی دەرهێناو هەناردەکردنی نەوتی هەرێمدا، جۆرێك لەترسو دڵە راوکێو پرسیار لای هاوڵاتیان درووســتبووە بەوەی ئایا هەناردەکردنی نەوت کەپرۆســەیەکی گرنگو مێژووییە، دەبێتــە نیعمەت بۆ هاوڵاتیان یان میحنەت؟ ئایا نەوت مۆدێلی بنەماڵەیی لەهەرێمی کوردستان درووست ناکات وەك مۆدێلی شێخەکانی کەنداو؟

## أ- هەرێم لەچاوەڕوانی نەوتدا

لەئێســـتادا کارتی نەوت لەلایەن وڵاتانـــی بەرهەمهێنی نەوتەوە یەکێکە لەکارتە بەهێزەکان بۆ یەکلاکردنەوەی بڕیارە سیاسیەکان، بەجۆرێك کۆمپانیا بازرگانیەکانی نەوت زۆرجار بڕیاری سیاســـی دەگۆڕنو کاریگەری لەســـەر پەیوەندی وڵاتان درووست دەکەن، لەئێســـتادا لەنزیکەی (٣٣) وڵات لەجێهاندا (٢ ترلیۆنو ٢٠٠ ملیار بەرمیل نەوت) دۆزراوەتەوە، هاوکات لەساڵی ١٨٥٨ تاوەکو ساڵی ٢٠١٠ نزیکەی(١ ترلیۆنو ١٠٠ ملیار بەرمیل نەوت)دەرهێنراوە بەو پێیەش نزیکەی (٥٠٪) نەوتی جیهان دەرهێنراوە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی مرۆڤو خواست لەســـەر سووتەمەنی، بەپێی پێشـــبینی پەیمانگەی نێودەوڵەتی وزە، تاوەکو ســـاڵی ٢٠٣٠ بازاڕەکانی جیهان پێویستیان بە (١٣٠ ملیۆن) بەرمیل سووتەمەنی دەبێ لەرۆژێکدا، کە لەئێستادا پێویستیان بە(٨٦ ملیۆن) بەرمیلە.

لەسەر ئاســـتی جیهانیش بەپێی دوائاماری سەنتەرێکی سویسری تایبـــەت بە لێکۆڵینەوەی نەوت لەتەمـــوزی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە، سعودیە خاوەنی گەورەترین یەدەگی نەوتە کە بڕەکەی (٢٦٢ ملیارو ٦٠٠ ملیـــۆن) بەرمیلەو بە عێراقیش لەپلەی پێنجەمدایەو بڕی (١١٥ ملیـــار) بەرمیل نەوتی یەدەگی هەیە کە زیاتر لە(١٠ ملیار) بەرمیل لەو نەوتە لەهەرێمی کوردستانو ناوچە دابڕێنراوەکانە، واتە ڕێژەی (٩٪) ی نەوتی عێراق لەکوردستانە بەڵام بەپێی پێشبینیەکانی بێوار خنسی، پسپۆڕی بواری نەوت، یەدەگی نەوتی عێراق دەگاتە (٣٥٠

ملیار بەرمیل). هەروەها پێشـــبینی دەکرێ یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردســـتان بە کەرکووکو ناوچە دابڕێنراوەکانەوە بگاتە(٤٥ ملیار بەرمیـــل)، کە دەکاتە(٤٫٥٪) یەدەگی هەمـــوو جیهان، بەو پێیەش یەدەگی نەوتی کوردستان دوو ئەندەی یەدەگی نەوتی ئەمریکایە کە (٢٢ ملیار) بەرمیل نەوتە. چوار ئەوەندەی یەدەگی نەوتی لیبیایە کـــە خاوەنی (١١ ملیار) بەرمیلەو ســـوودانیش خاوەنی (١٥ ملیار) بەرمیلە.

**پلەبەندی وڵاتانی جیهان لە یەدەگی نەوتدا**

| | وڵات | یەدەگی نەوت | ڕێژە لە جیهاندا |
|---|---|---|---|
| ١ | سعودیە | ٢٦٣ ملیارو ٦٠٠ ملیۆن بەرمیل | ٪٢١ |
| ٢ | فەنزوێلا | ٢١١ ملیار و ٢٠٠ ملیۆن بەرمیل | ٪١٤ |
| ٣ | کەنەدا | ١٧٥ ملیار بەرمیل | ٪١١ |
| ٤ | ئێران | ١٣٧ ملیار بەرمیل | ٪٩,٣١ |
| ٥ | عێراق | ١١٥ ملیار بەرمیل | ٪٧,٨٢ |
| ٦ | کوەیت | ١٠٤ ملیار بەرمیل | ٪٧,٧ |
| ٧ | ئیمارات | ٩٨ ملیار بەرمیل | ٪٦,٦٥ |
| ٨ | روسیا | ٦٠ ملیار بەرمیل | ٪٦,٦٥ |
| ٩ | هەرێمی کوردستان | ٤٥ ملیار بەرمیل | ٪٤,٥ |

ئەمە لەکاتێکدایە کە لەهــەر بەرمیلێك نەوتدا نزیکەی ١٠ جۆر بەرهەمی جیاوازی لێبەرهەم دێتو لەهەر لەوانە (٥١٪ بەنزین، ١٥٪ مازۆت، ١٢٪ بەنزینی فڕۆکە، ٣,٣٪ بەنزینی کەشتیو ویستگەکانی کارەبا، ٨٪ گازی وشــكو شل، ٥٪ خەڵوزی کوك، ١٪ قیر، ١,٠٪ رۆنی ئوتومبێل، ١٪ بەرهەمی دیکە.

## ب- گرێبەستەکانی نەوتی هەرێم

لەئێستادا هەرێمی کوردستان بۆتە گەورەترین چاوتێبرینی کۆمپانیا زەبەلاحەکانــی نەوتی جیهان، کە بە وتەی (رۆن لینز) شــارەزای بواری نەوت لەئێســتادا (١٧٠٠)کۆمپانیای خزمەتگوزاری لەبواری نــەوتو غاز لەهەرێمی کوردســتان کار دەکەن، بونی ئەو ژمارە زۆرەی کۆمپانیــای بواری نەوت لەهەرێمی کوردســتان بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە لەوانەش:

**یەکەم/** ئاسانی دەرهێنانی نەوت بەجۆرێك بڕی تێچووی دەرهێنانی یەك بەرمیل نەوت لەهەرێمی کوردســتان(١ بــۆ ١ دۆلارو ٥٠٠ سەنتە) بەڵام لەوڵاتانی کەنداو بری تێچووی یەك بەرمیل نەوت (٣ دۆلارە) لەنەرویجو بەریتانیا دەگاتە (١٧ دۆلار).

**دووەم/** شــێوازی گرێبەســتەکە بە رێژەیەکی بەرچاو لەقازانجی کۆمپانیای بەرهەمهێنانی نەوتە، بەو پێیەی لەســەر ئاســتی جیهان ســێ جۆر گرێبەست هەیە لەوانە(گرێبەســتی ئیمتیاز، گرێبەستی خزمەتگوزاری، گرێبەستی هاوبەش).

**١- گرێبەســـتی ئیمتیاز:** کۆنترین جۆری گرێبەســـتە، بەپێی ئەم گرێبەســـتە کۆمپانیاکان مافی خاوەندارێتـــی بەرهەمهێنانی نەوتیان هەیە بۆ ماوەی ٧٥ ســـاڵو هەموو تێچوەکانی گەرانو دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوتیشیان لەئەستۆدەگرێت.

**٢- گرێبەستی خزمەتگوزاری:** لەم گرێبەستەدا کۆمپانیاکان وەك بەڵێندەر کاردەکەنو ئەرکە لەســـەریان خزمەتگوزاری تەکنیکی پێشکەش بکەنو پەرە بە بیرە نەوتیەکان بدەن، لەبەرامبەردا کۆمپانیاکە ئەو تێچونانەی کە کردویانە وەریدەگرنەوە، کۆمپانیاکە لەبەرامبەر دەرهێنانی هەر بەرمیلێك نەوتدا بری ٢ دۆلار وەردەگرێت.

**٣- گرێبەستی هاوبەش:** ئەم جۆرەیان لەهەرێمی کوردستان پەیرەو دەکرێت، خەرجیو بەرهـــەمو داهاتی نەوت لەنێوان کۆمپانیاکەو حکومەتدا بەرێژەی جیاواز دابەشـــدەکرێت، کـــە لەم جۆرەیاندا کۆمپانیاکە زۆرترین قازانج دەکات وەك لەگرێبەســـتەکانی دیکە بۆیە کۆمپانیاکان بە لێشاو روو لەهەرێمی کوردستان دەکەن.

لەئێستادا هەرێمی کوردستان (٥٨) گرێبەستی نەوتی کردووە لەگەڵ زیاتر لە(٣٠) کۆمپانیا لە(١٩) وڵاتی جیهاندا، ئەوەی زیاتر قسەی لەسەر دەکرێت و بۆتە جێگەی پرسیار شێوازی گرێبەستەکانی هەرێمە کە بەجۆرێکە کۆمپانیاکان بەشی زۆرترین قازانج دەکەن تیایدا بەوە ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکان رایدەگەیەنێت، دوای ئەوە ٨٥٪ی ئەوەی کە قازانجە لەدوای کولفە، دەچێ بۆ حکومەت. ١٥٪ی دەچێ بۆ کۆمپانیاکان، لەکۆمپانیاکان ئێمە کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی کوردستانمان داناوە وەکو بەڵێندەر لەگەڵیاندایە، ئەو ٢٠٪ی هەیە، ئەو بڕەش دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت و کۆمپانیای نیشتمانیی کوردستان. کۆمپانیاکە ١٢٪ی بۆ دەمێنێتەوەو ئەو ١٢٪یەش بەئاسانی وەرناگرێ، ئێمە باجێکمان داناوە لەسەری بۆ پشتیوانی لەپرۆژەی کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەش ٢٠٪ تاوەکو ٤٠٪ی قازانجەکەی ئەو دەبێ، ئینجا دەمێنێتەوە قازانجی کۆمپانیا کە ٧٪ تاوەکو ٩٪یە.

بەڵام بەپێی ئەوەی شارەزایان دەیخەنە روو لەکۆی ئەو گرێبەستانەی کراوە لە٢٠٪ بۆ ٢٥٪ ی پشکی کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوتە (**KEPCO**)، بەڵام تا ئێستا ئەو کۆمپانیایە دیار نیەو ٧٥٪ بۆ ٨٠٪ ی بۆ کۆمپانیای بەرهەمهێن دەبێت، شێوازی گرێبەستە نەوتیەکانی هەرێم رووبەرووی رەخنەی زۆری شارەزایانی ئەو بوارە بۆتەوە بەوەی لەهیچ وڵاتێکی دونیادا گرێبەستەکان بەو پێوەیە ناکرێت کە زۆرترین قازانج بۆ کۆمپانیای وەبەرهێن بێت بۆنمونە لیبیا لەساڵی ٢٠٠٧ دا گریبەستی لەگەل کۆمپانیای (پترۆ کەنەدیدا) کردووە بەرێژەی ١٢٪ بۆ کۆمپانیاکەو ٨٨٪ بۆ کۆمپانیای

نەوتی نیشـــتیمانی لیبیا، هاوکات لەسالی ١٩٧٤ حکومەتی کوەیت گرێبەســـتیکی لەگـــەڵ کۆمپانیای (گۆڵف ســـاندس) دا کردووە بەریژەی ٦٠٪ بۆ حکومەتـــی کوەیتو ٤٠٪ بۆ کۆمپانیای گۆڵف ساندس ی بەریتانی، لەسالی ١٩٤٦ دا ریکەوتنی دەرهینانی نەوت لەنێوان ئێرانو کۆمپانیاکانی روسیادا کرا لەکاتێکدا روسیا بەشیکی خاکی ئیرانی داگیرکردبوو بـــەڵام بەریژەی ٥١٪ بۆ کۆمپانیاکانی روســـیا بەرامبەر بە ٤٩ بۆ ئێران بوو، لەعیراقیش لەسالی ١٩٢٧ بۆ ١٩٥٨و لەسەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیدا کە زیاتر لەژیر دەسەڵاتی بەریتانیادا بـــوو، لە٥٠٪ ی داهاتی نەوت بـــۆ حکومەتی عیراقو لە٥٠٪ ی بۆ ژمارەیەك کۆمپانیا بوو کە کۆمپانیای نەوتی نیشتیمانی عیراق (**IPC**)یان پیك دەهینا (کە بریتیبوون لەکۆمپانیاکانی (نەوتی بەریتانی، رۆیال دۆتش شـــیل، نەوتی فەرەنسی، نەوتی رۆژهەڵاتی ناوەراست – ئەمریکی، لۆرسە کۆلبینکیان).

## ج- بەرهەم هێنانی نەوتی هەرێم

لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە مەسەلەی بەرهەمهێنانی نەوت لەرێگەی گرێبەستەکانی نەوتەوە بەردەوام جێگەی مشتومڕی نێوان هەولێرو بەغدا بوەو زۆرجار کێشەکانی هێندەی تر ئاڵۆز کردوە، هاوکات لەئاستی عێراقیشدا هەمیشە ئەو گرێبەستانە جێگەی گومانو سەرنجی لێکۆڵیارانو بەرپرسان بوە، بەجۆرێك تا لەئێستادا پرسی گرێبەستە نەوتیەکانی هەرێم دیاترین ناکۆکیو خاڵی نارەزایی نێوان هەولێرو بەغدایە.

سەرەڕای ئەوەی لەدەستوری عێراقدا ئاماژە بە نەوتو غازکراوەو لەمــــادەی (١١١) دا هاتووە(نەوتو گاز موڵکی ســــەرجەم خەڵکی عێراقــن لەهەموو هەرێــمو پارێزگاکاندا) بــەڵام لەبەر ئەوەی نا رونییەکی زۆر لەدەستوری عێراقدا دەبینرێت دەربارەی خاوەندارێتی نەوتو بەڕێوەبردنی، هەر بــۆ نمونە لەمادەی (١١٢)دا هاتووە(کە حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێمو پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نەوتو گازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێســـتا بەڕێوەدەبەن، بەمەرجێك داهاتەکانیان بەشــێوەیەکی دادپەروەری‌و بەگوێرەی دابەشبوونی دانیشتوان لەســـەرجەم پارچەکانی عێراق دابەشدەکرێت) هەربۆیە وشەی (کێڵگەکانی ئێستا) ناڕوونە بەوەی ئەو مادە دەستورییە تەنیا بەســـەر ئەو کێڵگانەدا جێبەجێ دەکرێـــت، کە لەو کاتەدا هەبون، نەك ئەوانەی لەوەودوا دۆزراونەتـــەوە، هەر بە هۆی ئەم نا رونییە دەستورییانە تائێستا چەندین کێشە لەسەر گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێم دروســـتبون، هاوکات لەلایەن پەرلەمانی کوردستانیشـــەوە لەساڵی ٢٠٠٧ دا یاسای نەوتو گازی پەسەندکرد، کە لە٦١ مادە پێکهاتووەو بەسەر ١٧ فەسڵدا دابەشکراوە، دەسەڵاتی بەرێوەبەردنی سامانە سروشتیەکانی سپاردووە بە دەستی ئەنجومەنی نەوتی هەرێم، کە لە(سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری ســـامانە سروشتیەکان، وەزیری دارایی، وەزیری پلاندانان) پێکدێتو لەمــــادەی ٥ دا هاتووە، نەوتو گاز موڵکی گەلن‌و وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێم سەرپەرشتی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەنەوتەوە دەکات).

هەربۆیە یەکەمجار نەوتی هەرێمی کوردستان لە(١) ی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٩) دا هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کرا، ئەمەش بەرهەمی کێڵگەکانـــی نەوتی تەق تەقو تاوکێ بوون، کە لەکێڵگەی نەوتی تەق تەقـــدا کۆمپانیای (جێنراڵ ئینێرجـــی)و کۆمپانیای (ئیداکس پترۆلیۆم) بەشـــدارنو لەکێڵگەی (تاوکێ)شدا کۆمپانیای (دی ئێن ئو)و کۆمپانیای (جێنـــراڵ ئینێرجی) بەشـــدارن، لەگەڵ کێڵگەی (خورمەڵە)، لەئێســـتادا لەو ســـێ کیلگەیەدا رۆژانە زیاتر لە(٥٠٠ هەزار) بەرمیل نـــەوت بەرهەمدێنن، بە جۆرێك لەکیلگەی نەوتی تەقتەق (١٧٥ هەزار) بەرمیلو کێڵگەی تاوکێ (١٥٠ هەزار) بەرمیل کێڵگەی خورمەلە(١٧٥ هەزار) بەرمیل دەردەهێنرێت، ئەمە سەرەرای چەندی کێلگەی تر کـــە بەهەموویان (٥٠ بۆ ١٠٠ هەزار) بەرمیل نەوت بەرهەمدێنن.

هاوکات ئەو پاڵاوگانەی کە لای دەستەی پاراستنو چاککردنی ژینگەی هەرێم، تائێستا بەفەرمی تۆمارکراون (١١٨) پاڵاوگەن، کە (٨٠)دانەیان لەســـنووری هەولێرو (٢٣)پاڵاوگە لەسنوری سلێمانیو (١٥)پاڵاوگەی دیکەیان لەسنووری پارێزگای دهۆکن.

هاوکات یەکەم کۆمپانیای جیهانی کە نەوتی لەهەرێمی کوردستان بەرهەمهێنا لەسـالٚی ۲۰۰۳ دا کۆمپانیـای (تی تی ئۆپکۆ)بووە کە لەماوەی سـالێکدا (۳۹۵ هەزارو ۹٥٤) هـەزار بەرمیل بووە، کە لەماوەی ۱۰ سـالٚی رابردوو بەتەنیا (۷۲ ملیۆنو ٤۸٦ هەزارو ۹۹۹) بەرمیل نەوتی بەرهەمهیناوە، دوابـەدوای ئەویش کۆمپانیای (دی ئین ئۆ)ی نەرویجی دێت کە لەسالٚی ۲۰۰۸ دەستی بە بەرهەمهینان کردووە لەهەرێمی کوردسـتانو کە ئەویش لەماوەی سـالٚەکەدا بری (۱ ملیۆنو ۱۳۰ هـەزارو ٤۳۰) بەرمیل نەوتی بەرهەمهیناوە، بەشـێوەیەکی گشتی لەکوردستان تاکۆتایی سالٚی ۲۰۱۲ لەرێگەی شـەش کۆمپانیای جیهانیو کۆمپانیایەکـی خۆمالٚی بەناوی (کار گروپ لەکوردستان) بری (۱۸۹ ملیۆنو ٦٥۲ هەزارو ۳٦٥) بەرمیل بەرهەمهینراوە. کە لەکۆی گشتی ئەو ریژەیە تەنیا بری (٦٦ ملیۆنو ۱٥۳ هـەزارو ٤٥۰) بەرمیل نەوت رەوانەی بۆری گشـتی عێراق کراوە کە کۆمپانیای بەبازارکردنی عیراق سەرپەرشتی کردووە کە ئەویش سـۆمویە. واتا ئەوەی تری کە دەکاتە (۱۲۳ ملیۆنو ٤۹۸ هەزارو ۹۱٥) بەرمیل نەوت هەرێمی کوردسـتانەوە بووەو ئەوەش کە تا ئەمرۆش داهاتی ئەو نەوتە روون نیە.

# ئاستی بەرهەم هێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان

| Stock Tank Production (BARRELS) | | | | سەرجەمی بەرهەمهێنان (بە بەرمیل) | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ساڵ | دی ئێن ئۆ | تی تی ئۆپکۆ | کار | گەڵف کیستۆن | وێسترن زاگرۆس | ئەفرن | دانا غاز | تێکڕا |
| 2003 | 0 | 395,945 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 395,945 |
| 2004 | 0 | 160,599 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 160,599 |
| 2005 | 0 | 367,738 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 367,738 |
| 2006 | 0 | 506,269 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 506,269 |
| 2007 | 1,130,430 | 393,781 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 1,524,211 |
| 2008 | 2,472,367 | 316,097 | 0 | 0 | 0 | 0 | 328,708 | 3,117,172 |
| 2009 | 5,581,340 | 6,858,564 | 1,662,504 | 0 | 0 | 862 | 1,585,777 | 15,689,046 |
| 2010 | 4,323,605 | 12,012,546 | 8,019,718 | 56,583 | 0 | 375,172 | 2,696,152 | 27,483,775 |
| 2011 | 18,915,278 | 24,005,281 | 19,705,367 | 208,692 | 220,374 | 0 | 5,394,195 | 68,449,186 |
| 2012 | 16,649,072 | 27,470,180 | 20,024,339 | 858,532 | 818,920 | 2,450 | 6,134,930 | 71,958,423 |
| سەرجەمی تێکرا | 49,072,091 | 72,486,999 | 49,411,928 | 1,123,807 | 1,039,294 | 378,484 | 16,139,762 | 189,652,365 |

## د-داهاتی نەوت

بەچەندین رێگا داهاتی نەوت دەســـتدەکەوت، بەڵام شـــێوازی گرێبەستەکانو چۆنیەتی ناردنەدەرەوەی نەوتو شیرینی گرێبەستە نەوتیـــەکان، داهاتی نەوتی لەهەرێمی کوردســـتان بـــە نادیاری هێشتۆتەوە.

## یەکەم/ شیرینی گرێبەستەکان

بە پێی وتەی وەزیری ســـامانە سروشـــتییەکان، کە لەکۆبونەوەی ٢٠٠٩/١٠/١٩داو لەبـــەردەم ئەندامانـــی پەرلەمانی کورســـتاندا، رایگەیاند، (پێنج ملیارد دۆلاری شـــیرینی گرێبەســـتە نەوتییەکان هاتوەتە کوردســـتانو دێتە کوردستان، یەك ملیاردی خەرجکراوەو چـــواری ماوە). ئەگەر بەپێی خەمڵاندن بێتو پشـــت بە زیادبونی ژمارەی گرێبەستە نەوتییەکان ببەسترێت ئەوا ئەو پارەیەی کەوەك بەخشـــین هاتبێتو دێت، دەبێت لە١٢ ملیار دۆلار نزیك بوبێتەوە، بەوەی کاتێك وەزیری ســـامانە سروشتیەکان ئەو قسەیەی کردووە کە ٢٥ گریبەست هەبووە بەڵام ئێســـتا کە ژمارەی گرێبەستەکان گەیشتۆتە (٥٨) گریبەست واتا گرێبەستەکان نزیکەی دوو ئەوەندەو نیو زیادی کردووە، بەو پێیشە دەبێت شیرینی گرێبەستە نەوتیەکان لەئێستادا نزیك بوبێتەوە لە١٢ ملیار دۆلار.

## دووەم: داهاتی ڕەوانەکردنی نەوت بەتەنکەر

بەپێـــی خەملاندنو زانیاری پەرلەمانتارێـــك لەیەك رۆژدا (٣٨٤) تەنکەر لەکێڵگەی نەوتی تەقتەقەوە نەوتیان بردووە، هەر تەنکەرەو (٢٨)تەن باردەکاتو بۆ هەرتەنێك (٣٨٥) دۆلار لەمەرزی سنوری وەردەگیرێـــت، ئەگـــەر لەرۆژێکدا (٣٨٤) تەنکـــەر لەتەنها یەك کێڵگەوە(تەقتەق) رۆشـــتبێت بۆ ئێرانو بڕی نـــەوتو نرخەکەی بەوشـــێوەیە بێت، گریمـــان، رۆژانە کەمتر لـــەو (٣٨٤) تەنکەرە دەربهێنرێـــتو (٣٠٠) تەنکەر بێت لەیەك کێڵگـــەو بە کەمتر لەو نرخەش بە (٣٥٠) دۆلار بفرۆشرێتو تەنها مەزەندەی ئەوەشبکەین کە هـــەردو کێڵگەکەی دیکەش (زاخۆو کۆرمۆر)، رۆژانە (٣٠٠) تەنکەریـــان لێ رەوانە بکرێت، ئەوا کۆی داهاتی یەك رۆژی هەر ســـێ کێڵگەکە دەکاتە (٨)ملیۆنو (٨٢٠) هـــەزار دۆلارو داهاتی فرۆشـــیش بۆ یەك مانگ لەهەر ســـێ کێڵگەکەدا، دەکاتە (٢٦٤) ملیـــۆنو (٦٠٠) هەزار دۆلار لەمانگێکداو لەســـاڵێکدا دەکاتە (٣ ملیارو ١٧٥ ملیۆنو ٢٠٠ دۆلار).

## سێیەم: داهاتە پێشبینی کراوەکان

بەپێی ڕێکەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمو بەغداد لەسەر بودجە کە دەبێت هەرێم ڕۆژانە (٢٠٠ هەزار) بەرمیل نەوت ڕەوانە بکات، لە٢٠١٢ دا ئەگەر هەر بەرمیلێك بە (١٠٠ دۆلار) فرۆشـــرابێت، واتا لەو ساڵەدا داهاتەکەی بۆ عێراق (٢ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلار) بووە، ئەگەر هەروەك وەزارەتی ســـامانە سروشتیەکان ڕایگەیاندووە کە لەســـاڵی ٢٠١٥ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت دەگەیەنێتە (یەك ملیۆن) بەرمیل لەڕۆژێکدا وداهاتەکەی دەبێتە ٣٦ ملیار، ڕاشـــیگەیاندووە تا ســـاڵی ٢٠٢٠ ئاســـتی بەرهەمهێنانی نەوت دەگەیەنێتە(٢ ملیۆن) بەرمیـــل لەڕۆژێکدا،،ئەوا لەســـاڵی ٢٠٢٠ داهاتی نەوتی هەرێمی کوردســـتان دەگاتە (٧٢ ملیار دۆلار)، هەروەها کۆمپانیای دانا غاز ڕایگەیاندووە لەساڵی ٢٠٠٨وە دەستیکردووە بە بەرهەمهێنانی غازی سروشـــتی لەهەرێمی کوردستانو تا ئێســـتا بڕی ٢٤٠ ملیار مەتر سێجا غازیان لەو هەرێمە بەرهەمهێناوەو غازەکەشیان دابینکردووە بۆ وێستگەکانی کارەباو ئێستا لەکێڵگەی خۆمۆر ڕۆژانە ٣٣٠ ملیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی بەرهەم دێنێت.

## چوارەم: داهاتو خەرجی سامانە سروشتیەکان

لەگەڵ هەموو ئەو داهاتە زۆرەی کە لەنەوتی هەرێمی کوردستان دەســـت دەکەوێت بەڵام تاوەکو ئێســـتا داهاتی نەوت نارۆنییەکی زۆری تێدایە، بەهیچ شێوەیەك ئەم داهاتە ناچێتە ناو بودجەی گشتی هەرێمی کوردســـتانەوە، داهاتی ســـاڵی ٢٠١١ی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە (٣٧٠ ملیۆن دینار) خەملێندراوەو خەرجییەکانیشی بە (٢٣ ملیاردو ٣٧٠ ملیۆن) دینار دانراوە، واتە خەرجییەکانی (٦٣) ئەوەندەی داهاتەکەیەتی، هاوکات لەســـالی ٢٠٠٩دا داهاتی نەوتی کوردستان (٣٠ ملیۆن) دینار بووە، بەڵام داهاتی وەزارەتی ئەوقاف (٧ ملیارو ٧٤٩ ملیۆن دینـــار بووە) واتا داهاتی وەزارەتی ئەوقاف (٢٥٨) جار بەقەد داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بووە.

هاوکات داهاتی وەزیری کارەبای هەرێم لەســـاڵی ٢٠١٢دا (٦٧) جار لەداهاتی وەزارەتی ســـامانە سروشتیەکان زاتر بووە، بە وتەی وەزیری کارەبا داهاتی ساڵی ٢٠١٢ ی کارەبا (٢٥٠) ملیار دینارە، هاوکات داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە٢٠١٢ دا (٣ ملیارو ٦٩٧ ملیـــۆن) دینار بووە، واتا داهاتـــی کارەبا (٦٧) جار لەداهاتی سامانە سروشتیەکان زیاتر بووە.

ئەمە لەکاتێکدا کە بە هەزاران کەس بێکارە بەڵام بەپێی رووپێوێکی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ئێستا تەنها (١٠ هەزار) کەس لەبواری پیشەســـازی نەوتی هەرێمی کوردســـتاندا کاردەکەن بەجۆرێك (٧ هەزارو ٢٠٠) کەســـیان هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانن‌و (٢ هەزارو ٨٠٠) کەسی شارەزاو پسپۆڕی بیانیش لەکێڵگە جیاجیاکاندا کاردەکەن.

## و- کێ ئاگاداری گرێبەستەکانی نەوتە

لەئێستادا بەشێوەی فەرمی دەسەڵاتی بەڕێوەبەردنی سامانە سروشتیەکانی سپێردراوە، بە دەستی ئەنجومەنی نەوتی هەرێم، کە لە(سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری سامانە سروشتیەکان، وەزیری دارایی، وەزیری پلاندانان)، کە دەبێت ئەم دەستەیە ئاگاداری سەرجەم گرێبەستو سیاسەتی نەوتی هەرێم بن، بەڵام حەمە جەزا حەمە ساڵح بریکاری پێشوی وەزیری سامانە سروشتییەکان رایگەیاندووە: تاکاتی دەست لەکارکێشانەوەم لەمانگی تەممووزی رابردودا، لەلای من کە بریکاری وەزیری سامانە سروشتییەکان بوم، دۆسیەی نەوت شەفاف نەبوو ئەوە یەکێك بو لەهۆکارەکانی دەستلەکارکێشانەوەم، جا بۆ من شەفاف نەبوبێت بۆ هاوڵاتی ئاسایی چۆن شەفاف دەبێت، ئەمە لەکاتێکدایە عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆك وەزیران لەسەر پشکی یەکێتی رایدەگەیەنن کە لەسەدا سەد ئاگاداری پرسی نەوتن‌و پێشتریش کۆسرەت رەسوڵ جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی هیوا دەخوازێت دۆسیەی نەوتی هەرێم شەفاف بێت.

بۆیە هەموو ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە جگە لەسەرۆکی هەرێم‌و حکومەت‌و وەزیری سامانە سروشتیەکان، کەسی تر بە ووردی ئاگاداری شێوازی گرێبەست‌و هەناردەکردنی نەوت نیە.

***گۆڤاری شار ژمارە (١٧) چوارشەممە بەرواری ٢٠١٤/١/١، لاپەرە ٣٦.**

# ٢ـ٢ـ٣

# نەوت... سامانێکی بێشومارو داهاتێکی نادیار

نەوت وەك پرسێکی هەستیارو پڕ لەکێشەو تەنگ‌و چەڵەمەو قەیران بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ جێگەی تەواوی پرسە چارەنوسسازەکانی دیکەی گرتۆتەوە، بەجۆرێك لەمڕۆدا کێشەو قەیرانی نەوت، هەرێمی کوردستانی کێش کردۆتە نێو ململانێیەکی هەرێمایەتیەوە، هەرێمی کوردستان لەململانێیەکی توندایە لەگەڵ بەغدادو بەغداد لەململانێیەکی توندایە لەگەڵ تورکیاو تورکیاش لەژێر فشاری ئەمریکادایە سەبارەت بەو پرسە.

لەکۆبوونەوەی مانگی رابردووی نێوان نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق‌و حێسن شەهرستانی جێگری سەرۆك وەزیران بۆ کاروباری وزە لەگەڵ پەرلەمانتارانی کورد لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە روونی جەوهەری ململانێکانی نێوان بەغدادو هەرێمیان سەبارەت بە پرسی نەوت خستبووە روو، شەهرستانی لەکۆبوونەوەکەدا بە راشکاوانە بە نوێنەرانی کوردی رایگەیاندبوو، کە هەرێمی کوردستان دەیەوێت لەرێی بوری نەوتی عێراقەوە نەوت بە تورکیا رەوانە بکات، بۆ بەندەری جەیهان، بەجۆرێك دوو بوری دەچێتە تورکیا بۆریەکیان (٤٦ ئینجە) تازەیە حکومەتی عێراق، بڕیارە (٥٠٠ هەزار) بەرمیل نەوتی رۆژانەی پێدا بەرێ بکات، بۆریەکیشیان کۆنە عێراق بەکاری ناهێنێت بەڵام (عەدادەکەی) لەفیشخاپورە، حکومەتی هەرێم بوریەکی درووستکردووە بردویەتیە ئەو دیو (عەدادەکەوە) لەبوری نەوتی عێراقی داوە، بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق ئەو نەوتەی

هەرێــــم ئەژمار نەکات چونکە فەرمانبەری عێراقی لێیە، لەبەندەری جەیهانیش کــــە (٢٤) خەزانی لێیە، حکومەتی هەرێم (٧) خەزانی جیاکردۆتەوە، شاشەی کۆمپیوتەرەکانیان کوژاندۆتەوە بۆ ئەوەی ئەو فەرمانبەرانەی حکومەتی عێراق کە لەوێن نەزانن، حکومەتی هەرێم چەند نەوتی خاوی داناوە، ئەم ناشەفاف بوونو هەنگاوە ناروونانەی حکومەتی هەرێم، گومانی گەورەی لای بەرپرسانی نەوتی عێراق درووســـت کردووە، بە جۆرێك هەرەشـــەی بڕینی بەشە بودجەی هەرێم دەکەن، راشیان گەیاندووە ئەگەر حکومەتی هەرێم مانگانە، (٤٠٠ هەزار) بەرمیل نەوت رەوانە نەکاتو داهاتەکەی نەداتە بەغداد ئەوا بەغدا لەبەشــە بودجەی ١٧٪ ی هەرێــــم دەبڕێت، بەردەوام هەڕەشـــەکانی بەغداد لەهەرێم لەبەرامبەر ناروونی ناردنە دەرەوەی نەوتو گرێبەستە نەوتیەکان، زۆر جار کاریگەری گەورەی لەسەر بازاری هەرێم درووستکردووە، لەکاتێکدا لەهەرێمی کوردستانیش بەردەوام هێزوو لایەنە سیاســـیەکانو پارلەمانتارانیش رەخنەی ئەوە دەگـــرن کە نازانن داهاتی نەوت چەندەو بۆ کوێ دەچێتو چۆن خەرج دەکرێت؟

### أ- نەوتو داهاتەکانی

لەئێستادا هەرێمی کوردستان لەئاستی وڵاتانی دونیادا بە نزیکەی لەپلـــەی دەیەمینی ئەو وڵاتانەدایە کـــە خاوەنی زۆرترین یەدەگی نەوتن، بەپێی پێشـــبینیەکان یەدەگی نەوتی عێـــراق دەگاتە (٣٥٠ ملیار بەرمیل)، یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان بە کەرکووكو ناوچە دابڕێنراوەکانەوە دەگاتە(٤٥ ملیار بەرمیل)، کە دەکاتە(٤،٥٪) یەدەگی هەمـــوو جیهان، بەو پێیەش یەدەگی نەوتی کوردســـتان دوو ئەنـــدەی یەدەگی نەوتی ئەمریکایە کـــە (٢٢ ملیار) بەرمیل نەوتە،چوار ئەوەندەی یەدەگی نەوتی لیبیایە کە خاوەنی (١١ ملیار) بەرمیلەنەوتە.

### یەکەم/ شیرینی گرێبەستەکان


ئەمڕۆ چاوی کۆمپانیا نەوتیەکانی جیهان بە شێوەیەکی بەرچاو لەسەر هەرێمی کوردســـتانە بە جۆرێك، بەپێی وتەی ڕۆن لینز، شـــارەزای بواری نەوت، لەئێســـتادا (١٧٠٠) کۆمپانیای خزمەتگوزاری لەبواری نەوت لەهەرێمی کوردستان کار دەکەن، هاوکات تا ئەمڕۆ نزیکەی (٥٩) گرێبەستی نەوتی لەهەرێمی کوردستان کراوە، هاوکات بەپێی راپۆرتی مانگانەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان کەلەتشرینی یەکەمی ٢٠١٣ دا بلاویکردۆتەوە، ئەو گرێبەســـتە هاوبەشانەی کراوە لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکانی نەوت (٥٩) گرێبەســـت بووە بەجۆرێك لەساڵی ٢٠٠٦ دا (٢) گرێبەست کراوەو ٢٠٠٧ (١٢) گرێبەستو ٢٠٠٨ (١١) گرێبەستو ٢٠٠٩ (٧) گرێبەستو ٢٠١٠ (٤) گرێبەستو ٢٠١١ (١٣) گرێبەستو ٢٠١٢ (٦) گرێبەستو ٢٠١٣ (٤) گرێبەست کراوە.

بەڵام ئەو داهاتە زۆرەی کە بەهۆی ناردنە دەرەوەی نەوتەوە دەست حکومەتی هەرێم دەکەوێت، پارەی شیرینی گرێبەستە نەوتیەکان، زۆرەو نزیکـــەی نیوەی بودجەی هەرێـــم دەکات، بە پێی وتەی وەزیری ســـامانە سروشتییەکان، کە لەکۆبونەوەی ٢٠٠٩/١٠/١٩داو لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمانی کورســـتاندا، رایگەیاند، (پێنج مليارد دۆلاری شیرینی گرێبەســـتە نەوتییەکان هاتوەتە کوردستانو دێتە کوردستان، یەك مليارەدی خەرجکراوەو چواری ماوە). ئەگەر بەپێی خەملاندن بێتو پشـــت بە زیادبونی ژمارەی گرێبەستە نەوتییەکان ببەسترێت ئەوا ئەو پارەیەی کەوەك بەخشین هاتبێتو دێت، دەبێت لـــە١٢ مليار دۆلار نزیك بوبێتەوە، بەوەی کاتێك وەزیری ســـامانە سروشتیەکان ئەو قسەیەی کردووە کە ٢٥ گریبەست هەبووە بەڵام ئێســـتا کە ژمارەی گرێبەستەکان گەیشـــتۆتە (٥٩) گرێبەست واتا گرێبەستەکان نزیکەی دوو ئەوەندەو نیو زیادی کردووە، بەو پێیشە دەبێت شـــیرینی گرێبەستە نەوتیەکان لەئێستادا نزیك بوبێتەوە لە١٢ مليار دۆلار.

بەڵام دواتر ئەو پارەیەی کە وەزیری ســـامانە سروشتیەکان باسی کرد، کەس نەیزانی چی لێهاتو چۆن خەرج کرا، ئەمە سەرەرای ئـــەوەی ئەو داهاتەی کە دێتە پـــرۆژە بودجەوی هەرێمەوە بەهیچ شێوەیەك لەئاستی ئەو داهاتە زۆرەی نەوتدا نیە.

ئەوەی زیاتر قسەی لەسەر دەکرێت‌و بۆتە جێگەی پرسیار شێوازی گرێبەستەکانی هەرێمە کە بەجۆرێکە کۆمپانیاکان بەشی زۆرترین قازانج دەکەن تیایدا بەوە ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتیەکان رایدەگەیەنێت، دوای ئەوە ٨٥٪ی ئەوەی کە قازانجە لەدوای کولفە، دەچێ بۆ حکومەت. ١٥٪ی دەچێ بۆ کۆمپانیاکان، لەکۆمپانیاکان ئێمە کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی کوردستانمان داناوە وەکو بەڵێندەر لەگەڵیاندایە، ئەو ٢٠٪ی هەیە، ئەو برەش دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت‌و کۆمپانیای نیشتمانیی کوردستان. کۆمپانیاکە ١٢٪ی بۆ دەمێنێتەوەو ئەو ١٢٪یەش بەئاسانی وەرناگرێ، ئێمە باجێکمان داناوە لەسەری بۆ پشتیوانی لەپرۆژەی کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەش ٢٠٪ تاوەکو ٤٠٪ی قازانجەکەی ئەو دەبێ، ئینجا دەمێنێتەوە قازانجی کۆمپانیا کە ٧٪ تاوەکو ٩٪یە.

بەڵام بەپێی ئەوەی شارەزایان دەیخەنە روو لەکۆی ئەو گرێبەستانەی کراوە لە٢٠٪ بۆ ٢٥٪ ی پشکی کۆمپانیای کوردستان بۆ دۆزینەوەو بەرهەمهێنانی نەوتە (KEPCO)، بەڵام تا ئێستا ئەو کۆمپانیایە درووستنەکراوەو ٧٥٪ بۆ ٨٠٪ ی بۆ کۆمپانیای بەرهەمهێن دەبێت، چونکە ئەگەر کۆمپانیا بیانیە زەبەلاحەکان قازانجێکی زۆر نەکەن چۆن ئامادەن بێن لەهەرێم کار بکەن، لەکاتێکدا کۆی پرۆسەکەو گرێبەستە نەوتیەکان گومانی لەسەرەو تا ئەمرۆش کێشەیە لەنێوان هەولێرو بەغدا، کە تا ئەمرۆ نزیکەی (٥٩) گرێبەستیان کردووە لەگەڵ زیاتر لە(٣٠) کۆمپانیای بیانی لە(١٩) وڵاتی جیهاندا.




راپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان / تشرینی یەکەمی 2013

## دووەم/ داهاتی فرۆشی نەوت

سەرەرای ئەو نەوتە زۆرەی رۆژانە لەهەرێمی کوردستان بەرهەم دێت، بەڵام داهاتەکـــەی زۆر لەئاســـتی بەرهەمهێنانی کەمترە بە جۆرێك، داهاتی وەزارەتی ســـامانە سروشـــتیەکان لە٢٠١٢ دا (٣ ملیارو ٦٩٧ ملیۆن) دینار بووە، لەکاتێکدا بە بەپێی رێکەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمو بەغداد لەســـەر بودجـــە دەبوایە هەرێم رۆژانە (٢٠٠ هـــەزار) بەرمیل نەوتی رەوانە بکردایە لە٢٠١٢ دا، دیارە کە رێکەوتنی کـــردووە لەگەڵ بەغداد لەتوانایدا بووە بۆیە رێکەوتنی کردووە، خۆ ئەگەر هەر بەرمیلێك بە (١٠٠ دۆلار) فرۆشـــرابێت، واتا لەو ســـاڵەدا داهاتەکەی بۆ عێراق (٢ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلار) بووە، لەگەڵ ئەوەی ئەو داهاتە نەچۆتە خەزینە بەغدادو لەهەرێمیش تەنهـــا بڕی (٣ ملیارو ٦٩٧ ملیۆن) دینار دیارە بە نزیکەی (٣ ملیۆن دۆلار).

ئەمە لەکاتێکدا کە بەپێی راپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، لە٢٠١٣ دا رۆژانە لەرێگـــەی تەنکەرەوە لەیەك مانگدا واتا مانگی تشـــرینی دووەم (یەك ملیۆنو ٧٠٦ هـــەزارو ٦٠) بەرمیل هەناردە کراوە، خۆ ئەگەر هەر بەرمیلێك بە (١٠٠) دۆلار بوبێت ئەوا، رۆژانە بایی (١٧٠ ملیۆنو ٦٠٦ هەزار) دۆلار نەوت هەناردەکراوە، مانگانە بایی (٢ ملیارو ٤٧ ملیۆنو ٢٧٢ هەزار) دۆلار نەوت هەناردەکراوەو ســـاڵانە بایی (٢٤ ملیارو ٥٦٧ ملیـــۆنو ٢٦٤ هەزار) دۆلار نەوت هەناردە کراوە.

## وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ..... راپۆرتی ژمارە یەك ..... تشرینی دووەمی 2013.......

| بڕی نەمبارکراو لە کۆتایی مانگدا (BOE) | بەکارهێنراو بۆ کارکردن لە کێڵگە (BOE) | دابینکراو بۆ پاڵاوگە سەرەکیەکان (BOE) | فرۆشی ناوخۆ (BOE) | هەناردە لە ڕێی هێڵی بۆری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە (BOE) | هەناردە لە ڕێی تانکەرەوە (BOE) | هەناردە لە ڕێی (سۆمۆ)وە (BOE) | بڕی نەوت یان غازی بەرهەمهاتوو (BOE) | بڕی نەمبارکراو لە سەرەتای مانگدا (BOE) | کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 325,970 | 757 | 2,855,308 | 2,871,763 | 0 | 1,706,050 | 0 | 7,409,915 | 349,934 | تێکڕا |
| NA | 24 | 92,107 | 92,638 | 0 | 55,034 | 0 | 239.030 | NA | تێکڕای ڕێژەی ڕۆژانە |

لەم ساڵیشدا حکومەتی عێراق داوای لەحکومەتی هەرێم کردووە رۆژانە (٤٠٠) هـــەزار بەرمیل نەوت هەناردە بکات، دیارە ئەمەش پشتی بەستووە بە لیدوانو خەمڵاندنەکانی بەرپرسانی نەوتی هەرێم، هەروەك بەرپرسانی وەزارەتی ســـامانە سورشتیەکان چەندجارێك ئەوەیان خستە روو کە پێشبینی دەکەن هەتا ساڵی ٢٠١٥ بەرهەمی رۆژانەی نەوتی کوردســـتان بگاتە یەك ملیۆن بەرمیل لەرۆژێکدا، خـــۆ ئەگەر هەر بەرمیلێك بە (١٠٠) دۆلاریش بێت ئەوا پاش دوو ساڵی دیکە هەرێمی کوردستان دەتوانێ لەساڵێکدا بایی (٣٦ ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلار) نەوت بفرۆشێت.

رەنگە ئەم لێدوانانە وای لەبەغداد کردبێت کە بری (٤٠٠ هەزار) بەرمیل نەوت دیاری بکات کە دەبێت هەرێمی کوردستان رۆژانە بینێرێتە دەرەوە، بەو پێیەش ئەگەر لەرۆژێکدا (٤٠٠ هەزار) بەرمیل بنێرێـــت واتا لەســـاڵێکدا (٣٦٥) رۆژ دەکاتە (١٤٦ ملیۆن) بەرمیل لەســـاڵێکدا، بەو پێیەش ئەگەر هەر بەرمیلێك بە (١٠٠) دۆلاریش بفرۆشـــرێت ئەوا ساڵانە هەرێم بایی (١٤ ملیارو ٦٠٠ ملیۆن دۆلار) نەوت دەفرۆشێت.

بەڵام بەشێوەی رەسمیو بەپێی خشتەی بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەکانی هەرێم، رۆژانە هەرێمی کوردستان توانای بەرهەمهێنانی (٣٦٨ هەزار) بەرمیل نەوتی هەیە، کە زۆرترینیان کێڵگەی نەوتی تەقتەقە کە رۆژانە (١٢٠ هەزار بەرمیل) نەوت بەرهەم دەهێنێت، هاوکات کێڵگەی نەوتی تاوگێ کە لەلایەن کۆمپانیای (D.N.O) وە کاری تیادا دەکرێت رۆژانە (١٠٠ هەزار) بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێت، هەروەها کێڵگەی نەوتی خۆرمەڵشە رۆژانە (١٠٠ هەزار) بەرمیل نەوت بەرهەمدێنێت.

## ئاستی بەرهەمهێنانی رۆژانەی نەوتی هەرێم

| ژمارە | ناوی کێڵگە | ناوی کۆمپانیای کارکەر | بەرهەمهێنان بە برمیل |
|---|---|---|---|
| 1 | بەردەرەش | عەفرین | 6000 |
| 2 | تاوگێ | دی ئین ئۆ | 100000 |
| 3 | بنەباوی | جەنەل ئینرجی | 5000 |
| 4 | شیخان | گولف کیستون | 10000 |
| 5 | شاکری بیجیل | MOL | 7000 |
| 6 | خورمەڵە | کار | 100000 |
| 7 | کورمۆر | دانا گاز | 15000 |
| 8 | تەق تەق | تیتی ئۆپکۆ | 120000 |
| 9 | گەرمیان | ویسترون زاگروس | 5000 |
| کۆی گشتی | | | 368000 |

بەڵام بە پێی پێشـــبینی شـــارەزایانی بواری وزە، لەئێستادا رۆژانە کێلگەکانـــی بەرهەمهێنانی نەوت لەهەرێمی کوردســـتان توانای بەرهەمهێنانی نزیکەی (٦٠٠ هەزار) بەرمیل نەوتیان هەیە، بەو پێیەی لەئێستادا کێڵگەی نەوتی تەقتەق رۆژانە توانای بەرهەمهێنانی (١٧٥ هەزار) بەرمیل نەوتی هەیەو کێڵگەی تاوگێ رۆژانە (١٥٠ هەزار) بەرمیلو کێڵگەی خورمەلەرۆژانە (١٧٥ هەزار) بەرمیلو کێڵگەکانی دیکەش رۆژانە (٥٠ بۆ ١٠٠ هەزار) بەرمیل نەوت بەرهەمدێنن.

**پێشبینی نوێ بۆ بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان**

| ژ | ناوی کێڵگە | کۆمپانیایەی کارکەر | بەرهەمهێنان بە بەرمیل |
|---|---|---|---|
| 1 | تەقتەق | تی تی ئۆپکۆ | 175 000 بەرمیل |
| 2 | تاوگێ | دی ئێن ئۆ | 175 000 بەرمیل |
| 3 | خۆرمەڵە | خۆرمەڵە | 150 000 بەرمیل |
| 4 | کێڵگەکانی دیکە | | 50000 - 100000 بەرمیل |
| | کۆی گشتی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان | | 600 000 بەرمیل |

## ب- بەرهەمی زۆرو سوتەمەنی کەم

لەگەڵ ئـــەوەی بەپێی راپۆرتی مانگی تشـــرینی دووەمی ٢٠١٣ ی وەزارەتی ســـامانە سروشتیەکان، فرۆشی ناوخۆی نەوت رۆژانە (٩٢ هـــەزارو ٦٣٨) بەرمیل بووەو مانگانەش بڕی (٢ ملیۆنو ٨٧١ هـــەزارو ٧٦٣) بەرمیل بووە، واتا ئـــەو نەوتەی حکومەتی هەرێم بۆ ناوخۆی دابینکـــردووە، ئەمە لەکاتێکدایە کە حکومەتی عێراق بەبەردەوامی بەشە سوتەمەنی رەوانەی هەرێمی کوردستان کردووە، بـــە جۆرێك، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لەچەند رۆژی رابردوودا رەزامەندی لەســـەر ناردنی (پێنج ملیۆن) لیتر نەوتی ســـپیو (دوو ملیۆن) لیتر گازوایل دەربری بۆ هەرێمی کوردســـتان، ئەمیش بە لەبەرچاوگرتنی رەوشی کەشو هەوای کوردستان، بەڵام دروست بوونی قەیرانەکانی سووتەمەنی هەندێکجار بەتایبەتیش لەپارێزگای سلێمانی، زیاتر بۆ نارێکی لەدابەشکردنو نەبوونی پاشەکەوتکردنی ســـوتەمەنی دەگەرێتەوەو هاوکات نا عەدالەیتی لەدابەشـــکردنی ســـوتەمەنیدا، بە وتەی د. عیزەت ســـابیر پەرلەمانتـــاری یەکێتی لەپەرلەمانی کوردســـتان، بڕیار بووە ساڵی ٢٠١٣ بری (٤٥٠ ملیۆن لیتر) بەنزین بۆ پارێزگای ســـلێمانی دابینبکرێت، بەڵام بڕی (٤٢٣ ملیۆن لیتر) گەیشتۆتە پارێزگای سلێمانی، واتا بڕی (٢٧ ملیۆن لیتر) کەمتر لەو رێژەیەی خۆی هاتووە بۆ سلێمانی، هاوکات پارێزگای هەولێر بریاربووە بڕی (٤٢٠ ملیۆن لیتر) ی بۆ دابینبکرێت.

بەڵام بـــڕی (٤٤٧ ملیۆن لیتری) بۆ دابینکـــراوە، واتا بری (٢٧ ملیۆن لیتر) زیاتر، واتا وەزارەتی ســـامانە سروشتیەکان، بری (٢٧ ملیۆن لیتری) کەمتر ناردووە بۆ ســـلێمانیو بری (٢٧ ملیۆن لیتری)

زیاتر ناردووە بۆ پارێزگای هەولێر، لەکاتێکدا ژمارەی دانیشـــتوانی سلێمانی زۆر لەپارێزگای هەولێر زیاترە.

***گۆڤاری سپی میدیادا ژمارە (١١)بەرواری ٢٠١٤/٢/١٣ لاپەرە ٤٤.**

# ٢-٢-٤

# نەوت... کوردستان بەرەو کوێ دەبات

پرسی ناردنەدەرەوەو فرۆشـــتنی نەوتی هەرێم، لەئاستی ناوخۆی هەرێمو عێراقو ولاٌتانی دونیاش کاردانەوەی لێکەوتۆتەوە بەجۆرێك حکومەتی هەرێم بە دەســـتکەوتی گەورەی ناودەباتو حکومەتی عێراقیش بە قاچاغبردنی نەوتی هەرێـــم ناویدەباتو تورکیاش بە مافی هەرێمی دەزانێت نەوت بفرۆشێت.

ناردنەدەرەوەو فرۆشـــتنی نەوتی هەرێمی کوردستان راستەوخۆو بێ گەرانەوە بۆ بەغداد، بەتەواوی بەرپرســـانی بەغدادی نیگەران کردووە، لەیەکەم کاردانەوەیدا عاســـم جیهاد، وتەبێژی وەزارەتی نەوتی عیراق رایگەیاند، بەهۆی ئەوەی حکومەتی ناوەند رەزامەندیی لەســـەر ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەرنەبڕیووە، نەوتـــە هەناردەکراوەکە بە نەوتێکی بەقاچاغبراو هەژمار دەکرێت، هاوکات حوسین شەهرستانی جێگری سەرۆك وەزارانی عێراق بۆ کاروباری وزە رایگەیاند، تورکیا بە چاوی تەماعکاریەوە دەڕوانێتە نەوتی کوردســـتانو دەیەوێت دەست بەســـەر نەوتێکی هەرزاندا بگرێ، بەلاٌم تانەر یەڵدز، وەزیری وزەو ســـەرچاوە سروشتیەکانی تورکیا ئاشـــکرایکردوە، لەکاتی ســـەردانی وەزیری نەوتی عیراق بۆ تورکیا باس لەوە کـــراوە کە رۆژانە ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی هەرێم دەتوانرێ بنێردرێتە دەرەوە.

هاوکات عەبدوڵڵا گویل، سەرۆك كۆماری توركیا رایگەیاندووە هاتنـــی نەوتـــی هەرێمی کوردســـتان بۆ بەنـــدەری جیهان هیچ پێچەوانەی دەســـتووری عێـــراق نییەو بەڵکـــو بەگوێرەی برگەو یاساکانی دەستووریشە، لەکاردانەوەی نێودەوڵەتیشدا جین پساکی، وتەبێژ بەناوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند: لەســـەرەتاوە هەڵوێســـتی ئێمە ئەوە بووە پشـــتیوانی لەهەناردەی نەوت نەکەین، مادەم حکومەتی عیراق رەزامەندیی لەسەر نییە.

لەبەرامبەریشـــدا ســـەفین دزەیی وتەبێـــژی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان رایدەگەیەنێت، بەردەوام دەبن لەسەر فرۆشتنی نەوت لەبەر ئەوەی بەغداد قوتی خەڵکی هەرێمی بریوە جەختیش دەکاتە فرۆشتنی نەوتی هەرێم یاسایەو بۆ ئەو مەبەستە پرسیان بە پسپۆری یاسایی‌و وزەی نێودەوڵەتی کردووە ئینجا دەستیانکردووە بە ناردنە دەرەوەی نەوت کردووە.

سەرەڕای ئەوەی لەدەستوری عێراقدا ئاماژە بە نەوت‌و غازکراوەو لەمـــادەی (١١١) دا هاتووە(نەوت‌و گاز مولکی ســـەرجەم خەڵی عێراقـــن لەهەموو هەرێـــم‌و پارێزگاکاندا) بـــەڵام لەبەر ئەوەی نا رونییەکی زۆر لەدەستوری عێراقدا دەبینرێت دەربارەی خاوەندارێتی نەوت‌و بەڕێوەبردنی، هەر بـــۆ نمونە لەمادەی (١١٢)دا هاتووە(کە حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم‌و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نەوت‌و گازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوە دەبەن، بەمەرجێك داهاتەکانیان بەشـــێوەیەکی دادپەروەری‌و بەگوێرەی دابەشبوونی دانیشتوان لەســـەرجەم پارچەکانی عێراق دابەشدەکرێت) هەربۆیە وشەی (کێڵگەکانی ئێستا) ناروونە بەوەی ئەو مادە دەستورییە تەنیا بەســـەر ئەو کێڵگانەدا جێبەجێ دەکرێـــت، کە لەو کاتەدا هەبون،

نەك ئەوانەی لەوەودوا دۆزراونەتــەوە، هەر بە هۆی ئەم نا رونییە دەستورییانە تائێستا چەندین کێشە لەسەر گرێبەستەکانی حکومەتی هەرێم دروســتبون، هاوکات لەلایەن پەرلەمانی کوردستانیشـــەوە لەساڵی ٢٠٠٧ دا یاسای نەوتو گازی پەسەند کرد، کە لە٦١ مادە پێکهاتووەو بەسەر ١٧ فەسڵدا دابەشکراوە، دەسەڵاتی بەرێوەبەردنی سامانە سروشتیەکانی سپاردووە بە دەستی ئەنجومەنی نەوتی هەرێم، کە لە(سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیری ســامانە سروشتیەکان، وەزیری دارایی، وەزیری پلاندانان) پێکدێتو لەمــادەی ٥ دا هاتووە، نەوتو گاز موڵکی گەلنو وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێم سەرپەرشتی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەنەوتەوە دەکات).

### أ- فرۆشتنی نەوتی هەرێم

لەئێستادا نەوتی هەرێم لەرێی بۆریەوە دەگەیەنرێتە، بەندەری جەیهانی تورکیاو لەوێشەوە بۆ بازارەکانی جیهان دەفرۆشرێت، بەپێی وتەی بەرپرسانی هەرێمو تورکیا، رۆژانە حکومەتی هەرێم نزیکەی ١٢٠ هەزار بەرمیل نەوت رەوانەی بەندەری جەیهانی تورکیا دەکاتو پێشتریش (٢ ملیۆن ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوت) گەیشتبووە بەندەری جەیهانی تورکیا فرۆشراوە، کە بەپێی زانیاریەکان ئەو نەوتەی دەنێردرێتە خەزانەکانی بەندەری جەیهانی تورکیا دوای ئەوەی دەبێتە (یەك ملیۆن بەرمیل نەوت) ئینجا باردەکرێت.

فرۆشتنی نەوتی هەرێم کە لەئێستادا بە کەشتی نەوتی (یونایتد لیدەرشیپ) بۆ بازارەکانی جیهان دەگوازرێتەوە بە وتەی موئەیید تەییب، وتەبێژی هاوپەیمانی کوردستان لەپەرلەمانی عێراق: یەك ملیۆن بەرمیل لەرێی مەزادەوە بە ئەڵمانیاو ئیتاڵیا فرۆشراوە. بەو پێیەش نەوتی هەرێم دوای ئەوەی دەنێردرێتە بەندەری جەیهانی تورکیا لەوێ دەفرۆشرێتو لەرێی کۆمپانیای تایبەتەوە دەگوازرێتەوە، ئەو نەوتە بەپێی نرخی بازاری جیهانی دەفرۆشرێت کە بە (١٠٥ بۆ ١٠٨ دۆلار) فرۆشراوە، لەو نرخەش لە(٢٪) ی بۆ تورکیایەو (١٥٪)ی بۆ کۆمپانیای دەرهێنانە، بەشێوەیەکی گشتی نزیکەی (٨٥٪) ی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

کە بەپێی وتەی وەزیری وزەی تورکیا پارەی نەوتی فرۆشـــراو بەپێی دەستوری عێراق دابەشدەکەن کە پارەکەی لە(هالك بانکی) تورکیا دادەنرێت، بەپێی دەســـتووری عیراقیش ئەم نەوتە (٨٣٪)ی بۆ ناوچەکانی ژێر دەســـەڵاتی حکومەتی ناوەندی دەبێت (١٧٪) شی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت، بەڵام لەدوای برینی موچـــەی فەرمانبەرانی هەرێمەوە، لەلایـــەن بەغدادەوە حکومەتی هەرێـــم نایەوێت ئەو پارەیە بگەرێنێتەوە بـــۆ بەغدادو بۆ ناوخۆی هەرێم بەکاری دێنێت.


بەپێـــی وتەی شـــارەزایانی بواری نەوت ئـــەو نەوتەی هەرێمی کوردستان کە لەعەمارەکانی بەندەری جیهانی تورکیایەو دەستکراوە بە فرۆشتنی، بەم شێوەیەی ئێستای لەگەڵ داهاتی ناوخۆییدا بەشی پێداویستیەکانی هەرێم دەکات، لەئێستادا (دوو ملیۆن‌و ٥٠٠ هەزارو بەرمیل) نەوت فرۆشراوە، ئەگەر بە ١٠٠ دۆلار فرۆشرابێت نزیکەی بایـــی (٢٥٠ ملیۆن دۆلارە)، هاوکات ئەگـــەر رۆژانە ١٢٠ هەزار بەرمیل رەوان بکرێت ئەوا مانگانە دەکاتە (٣ ملیۆن‌و ٦٠٠ هەزار) بەرمیل‌و ســـاڵانە دەکاتە (٤٣ ملیـــۆن‌و ٨٠٠ هەزار بەرمیل) نەوت بەو پێیەش ساڵانە بایی (٤ ملیارو ٣٨٠ ملیۆن دۆلار) نەوتی هەرێم لەرێگەی تورکیاوە دەفرۆشـــرێت، بە لێدەرکردنی رێژەی بەشـــی تورکیاو بەشی کۆمپانیاکان، نزیکەی (٤ ملیار دۆلار) دەمێنێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم.

بەپێی وتـــەی حکوومەتی هەرێمی کوردســـتان رۆژانە دەتوانن (٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت بفرۆشـــن‌و تا کۆتایی ئەمساڵیش توانای فرۆشـــتنی (٥٠٠ هـــەزار بەرمیل) نەوتی لەرۆژێکـــدا دەبێت، خۆ

ئەگەر لەرۆژێکدا (٥٠٠ هەزار بەرمیل) بفرۆشـــرێت، ئەوا ســـاڵانە دەکاتە (١٨٢ ملیۆنو ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوت) کە بایی نزیکەی (١٨ ملیارو ٢٥٠ ملیـــۆن دۆلارە)، بەو پێیەش ئەگەر پارەی نەوت بەتەواوی بێتە دەســـتی هەرێم ئەوا دەتوانێت بە تەواوی بودجەی هەرێمی کوردستانی پێ دابین بکات.

بەو پێیەی بودجەی گشـــتی ســـاڵی ٢٠١٣ی هەرێمی کوردستان (١٦ ترلیـــۆنو ٩٤٢ ملیار) دینار بووەو بەو برەی بۆ خەرجی بەکار بردن دانـــراوە زیاتر لە١١ ترلیۆن دینارە) بەپێی وتەی ســـەرۆکی حکومەتی هەرێمیش موچـــەی مانگێکی تـــەواوی فەرمانبەرانی هەرێم (٨٥٠ ملیـــار دینارە) واتا (٦٩٦ ملیـــۆن دۆلار)، بەڵام ئەو نەوتەی کە لەئێســـتادا دەفرۆشرێت کە رۆژانە ١٢٠ هەزار بەرمیلەو مانگانـــە دەکاتە (٣ ملیۆنو ٦٠٠ هەزار) بایی نزیکەی (٣٦٠ ملیۆن دۆلار) واتا ئەو نەوتەی ئێســـتا دەفرۆشرێت بایی لە(٥٠٪) موچەی فەرمانبەرانی هەرێم دەکات.

ئەمە لەکاتێکدا کە پێشـــتر وەزیری سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند تا ساڵی ٢٠١٩ هەرێمی کوردستان دەتوانێت رۆژانـــە ٢ ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە بکات، مانگانە دەکات ٦٠ ملیۆن بەرمیلو ســـاڵانەش دەکاتە (٧٣٠ ملیۆن بەرمیل نەوت) کە ئەگەر بەرمیلی بە ١٠٠ دۆلاریش بفرۆشرێت ئەوا دەکاتە (٧٣ ملیار دۆلار) خـــۆ ئەگەر ئەو داهاتو پـــارەی ئەو نەتە بخرێتە خزمەتی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردســـتانەوە ئەوا لەچەند ســـاڵی داهاتوودا هەرێمی کوردســـتان دەبێتە دەوڵەمەندترینو خۆشـــگوزەرانترین وڵاتی دونیا.



ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم
2000000
1800000
1600000
1400000
1200000
1000000
800000
600000
400000
200000
0
200000
400000
1000000
2000000
2012
2014
2015
2020

## ب- فرۆشی نەوت لەرێی تەنکەرەوە

بەپێی وتەی سـەرۆکی حکومەتی هەرێم لەپارلەمانی کوردستان تا ئێسـتا بایـی (٩ ملیار دۆلار) نەوت فرۆشـراوەو بایی (٨ ملیار دۆلاریشـیان) پارە بۆ پرۆژەکان خەرجکردووە، رۆژانە بە سەدان تەنکەر نـەوت لەرێی مەرزەکانی (باشـماخ، حاجـی ئۆمەران، پەروێزخـان، ئیبراهیم خەلیـل) ەوە هەناردەکرێت، بەلاَم ئەوەی دەبینرێت تا ئێسـتا داهاتەکەی ونەو دیـار نیە، بەپێی خەملاَندنو زانیاریەکان لەیەك رۆژدا (٣٨٤) تەنکەر لەکێڵگەی نەوتی تەقتەقەوە نەوتیان بردووە، هەر تەنکەرەو (٢٨)تەن باردەکاتو بۆ هەرتەنێك (٣٨٥) دۆلار لەمەرزی سـنوری وەردەگیرێت، ئەگەر لەرۆژێکدا (٣٨٤) تەنکەر لەتەنها یەك کێڵگەوە(تەقتەق) رۆشـتبێت بۆ ئێرانو بڕی نەوتو نرخەکەی بەوشێوەیە بێت، گریمان، رۆژانە کەمتر لەو (٣٨٤) تەنکەرە دەربهێنرێتو (٣٠٠) تەنکەر بێت لەیەك کێڵگەو بە کەمتر لەو نرخەش بە (٣٥٠) دۆلار بفرۆشـرێتو تەنها مەزەندەی ئەوەشـبکەین کە هەردو کێڵگەکەی دیکەش (زاخۆو کۆرمۆر)، رۆژانە (٣٠٠) تەنکەریان لێ رەوانە بکرێت، ئەوا کۆی داهاتی یەك رۆژی هەر سێ کێڵگەکە دەکاتە (٨)ملیۆنو (٨٢٠) هەزار دۆلارو داهاتی فرۆشـیش بۆ یەك مانگ لەهەر سـێ کێڵگەکەدا، دەکاتە (٢٦٤) ملیۆنو (٦٠٠) هەزار دۆلار لەمانگێکداو لەساڵێکدا دەکاتە (٣ ملیارو ١٧٥ ملیۆنو ٢٠٠ دۆلار).

## ج- بەرهەم هێنانی نەوتی هەرێم

لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە مەسەلەی بەرهەمهێنانی نەوت لەرێگەی گرێبەستەکانی نەوتەوە بەردەوام جێگەی مشتومڕی نێوان هەولێرو بەغدا بوەو زۆرجار کێشەکانی هێندەی تر ئاڵۆز کردوە، هاوکات لەئاستی عێراقیشدا هەمیشە ئەو گرێبەستانە جێگەی گومانو سەرنجی لێکۆڵیارانو بەرپرسان بوە، بەجۆرێك تا لەئێستادا پرسی گرێبەستە نەوتیەکانی هەرێم دیاترین ناکۆکیو خاڵی ناڕەزایی نێوان هەولێرو بەغدایە.


هەربۆیە یەکەمجار نەوتی هەرێمی کوردستان لە(١) ی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٩) دا هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کرا، ئەمەش بەرهەمی کێڵگەکانـــی نەوتی تەق تەقو تاوکێ بوون، کە لەکێڵگەی نەوتی تەق تەقـــدا کۆمپانیای (جێنراڵ ئێنێرجـــی)و کۆمپانیای (ئیداکس پترۆلیۆم) بەشـــدارنو لەکێڵگەی (تاوکێ)شدا کۆمپانیای (دی ئێن ئۆ)و کۆمپانیای (جێنـــراڵ ئێنێرجی) بەشـــدارن، لەگەڵ کێڵگەی (خورمەڵە)، لەئێســـتادا لەو ســـێ کیڵگەیەدا رۆژانە زیاتر لە(٥٠٠ هەزار) بەرمیل نـــەوت بەرهەمدێنن، بە جۆرێك لەکیڵگەی نەوتی تەقتەق (١٧٥ هەزار) بەرمیلو کێڵگەی تاوکێ (١٥٠ هەزار) بەرمیل کێڵگەی خورمەلە(١٧٥ هەزار) بەرمیل دەردەهێنرێت، ئەمە سەرەرای چەندین کێلگـــەی تر کە بەهەموویان (٥٠ بۆ ١٠٠ هەزار) بەرمیل نەوت بەرهەمدێنن.

هاوکات ئەو پاڵاوگانەی کە لای دەستەی پاراستن‌و چاککردنی ژینگەی هەرێم، تائێستا بەفەرمی تۆمارکراون (١١٨) پاڵاوگەن، کە (٨٠)دانەیان لەسـنووری هەولێرو (٢٣)پاڵاوگە لەسنوری سلێمانی‌و (١٥)پاڵاوگەی دیکەیان لەسنووری پارێزگای دهۆکن.

هاوکات یەکەم کۆمپانیای جیهانی کە نەوتی لەهەرێمی کوردستان بەرهەمهێنا لەسـاڵی ٢٠٠٣ دا کۆمپانیـای (تی تی ئۆپکۆ)بووە کە لەماوەی سـاڵێکدا (٣٩٥ هەزارو ٩٥٤) هـەزار بەرمیل بووە، کە لەماوەی ١٠ سـاڵی رابردوو بەتەنیا (٧٢ ملیۆن‌و ٤٨٦ هەزارو ٩٩٩) بەرمیل نەوتی بەرهەمهیناوە، دوابەدوای ئەویش کۆمپانیای (دی ئین ئۆ) ی نەرویجی دێت کە لەسـاڵی ٢٠٠٨ دەسـتی بە بەرهەمهینان کردووە لەهەرێمی کوردسـتان‌و کە ئەویش لەماوەی سـاڵەکەدا بری (١ ملیۆن‌و ١٣٠ هـەزارو ٤٣٠) بەرمیل نەوتی بەرهەمهیناوە، بەشیوەیەکی گشتی لەکوردستان تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ لەریگەی شـەش کۆمپانیای جیهانی‌و کۆمپانیایەکـی خۆماڵی بەناوی (کار گروپ لەکوردستان) بری (١٨٩ ملیۆن‌و ٦٥٢ هەزارو ٣٦٥) بەرمیل بەرهەمهینراوە. کە لەکۆی گشتی ئەو ریژەیە تەنیا بری (٦٦ ملیۆن‌و ١٥٣ هـەزارو ٤٥٠) بەرمیل نەوت رەوانەی بۆری گشـتی عێراق کراوە کە کۆمپانیای بەبازارکردنی عیراق سەرپەرشتی کردووە کە ئەویش سـۆمویە. واتا ئەوەی تری کە دەکاتە (١٢٣ ملیۆن‌و ٤٩٨ هەزارو ٩١٥) بەرمیل نەوت هەرێمی کوردسـتانەوە بووەو ئەوەش کە تا ئەمرۆش داهاتی ئەو نەوتە روون نیە.

## سەرجەمی نەوتی بەرهەمهاتووی هەرێم لە 2003ـ 2013

| سەرجەمی بەرهەمی کێڵگە (BOE) | |
|---|---|
| 2003 | 395.945 |
| 2004 | 160.599 |
| 2005 | 367.738 |
| 2006 | 506.269 |
| 2007 | 1.524.211 |
| 2008 | 3.117.172 |
| 2009 | 15.689.046 |
| 2010 | 27.483.775 |
| 2011 | 68.231.486 |
| 2012 | 76.706.152 |
| 2013 | 78.463.518 |
| کۆی گشتی | 272.645.911 |



## د- هەرێم لەچاوەڕوانی نەوتدا

لەئێستادا کارتی نەوت لەلایەن وڵاتانی بەرهەمهێنی نەوتەوە یەکێکە لەکارتە بەهێزەکان بۆ یەکلاکردنەوەی بڕیارە سیاسیەکان، بەجۆرێك کۆمپانیا بازرگانیەکانی نەوت زۆرجار بریاری سیاسی دەگۆڕنو کاریگەری لەسەر پەیوەندی وڵاتان درووست دەکەن، لەئێستادا لەنزیکەی (٣٣) وڵات لەجێهاندا (٢ ترلیۆنو ٢٠٠ ملیار بەرمیل نەوت) دۆزراوەتەوە، هاوکات لەساڵی ١٨٥٨ تاوەکو ساڵی ٢٠١٠ نزیکەی(١ ترلیۆنو ١٠٠ ملیار بەرمیل نەوت)دەرهێنراوە بەو پێیەش نزیکەی (٥٠٪) نەوتی جیهان دەرهێنراوە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی مرۆڤو خواست لەسەر سووتەمەنی، بەپێی پێشبینی پەیمانگەی نێودەوڵەتی وزە، تاوەکو ساڵی ٢٠٣٠ بازاڕەکانی جیهان پێویستیان بە (١٣٠ ملیۆن) بەرمیل سووتەمەنی دەبێ لەرۆژێکدا، کە لەئێستادا پێویستیان بە(٨٦ ملیۆن) بەرمیلە.

لەسەر ئاستی جیهانیش بەپێی دوائاماری سەنتەرێکی سویسری تایبەت بە لێکۆڵینەوەی نەوت لەتەموزی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە، سعودیە خاوەنی گەورەترین یەدەگی نەوتە کە بڕەکەی (٢٦٢ ملیارو ٦٠٠ ملیۆن) بەرمیلەو بە عێراقیش لەپلەی پێنجەمدایەو بڕی (١١٥ ملیار) بەرمیل نەوتی یەدەگی هەیە کە زیاتر لە(١٠ ملیار) بەرمیل لەو نەوتە لەهەرێمی کوردستانو ناوچە دابڕێنراوەکانە، واتە ڕێژەی (٩٪) ی نەوتی عێراق لەکوردستانە بەڵام بەپێی پێشبینیەکانی بێوار خنسی، پسپۆڕی بواری نەوت، یەدەگی نەوتی عێراق دەگاتە (٣٥٠ ملیار بەرمیل). هەروەها پێشبینی دەکرێ یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان بە کەرکووکو ناوچە دابڕێنراوەکانەوە بگاتە(٤٥ ملیار بەرمیل)، کە دەکاتە(٤،٥٪) یەدەگی هەموو جیهان، بەو پێیەش یەدەگی نەوتی کوردستان دوو ئەندەی یەدەگی نەوتی ئەمریکایە کە (٢٢ ملیار) بەرمیل نەوتە. چوار ئەوەندەی یەدەگی نەوتی لیبیایە کە خاوەنی (١١ ملیار) بەرمیلەو سوودانیش خاوەنی (١٥ ملیار) بەرمیلە.

***لەگۆڤاری سپی میدیا مارتی ٢٠١٣ بڵاوبۆتەوە.**

## پلەبەندی وڵاتانی جیهان لە یەدەگی نەوتدا

| | وڵات | یەدەگی نەوت | ڕێژە لە جیهاندا |
|---|---|---|---|
| ١ | سعودیە | ٢٦٣ ملیارو ٦٠٠ ملیۆن بەرمیل | ٪٢١ |
| ٢ | فەنزوێلا | ٢١١ ملیار و ٢٠٠ ملیۆن بەرمیل | ٪١٤ |
| ٣ | کەنەدا | ١٧٥ ملیار بەرمیل | ٪١١ |
| ٤ | ئێران | ١٣٧ ملیار بەرمیل | ٪٩,٣١ |
| ٥ | عێراق | ١١٥ ملیار بەرمیل | ٪٧,٨٢ |
| ٦ | کوەیت | ١٠٤ ملیار بەرمیل | ٪٧,٧ |
| ٧ | ئیمارات | ٩٨ ملیار بەرمیل | ٪٦,٦٥ |
| ٨ | روسیا | ٦٠ ملیار بەرمیل | ٪٦,٦٥ |
| ٩ | هەرێمی کوردستان | ٤٥ ملیار بەرمیل | ٪٤,٥ |

# ٢-٢-٥
# نەوتو سەربەخۆیی

لەئێستادا پرسی دەرهێنانو هەناردەکردنی نەوت، بە یەکێك لەپرسە هەستیارو چارەنووسازەکان دەژمێردرێت، بەوەی دەکرێت نەوت ببێتە مایەی هێنانی خۆشگوزەرانیو لەهەمانکاتیشدا دەکرێت ببێتە هۆی هێنانەدی میحنەتو دروستکردنی دیکتاتۆریەت، هەروەك دەکرێت ببێتە پرسێکی گرنگ بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی کوردو دروست بوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بەهۆی پاڵپشتی گەورەی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی وڵاتان، لەهەمان کات دەکرێت ببێتە هۆی داگیرکردنو چاوتێبڕینی خاکی کوردستان لەلایەن وڵاتانەوەو لەناچوونی ئەو نیمچە سەربەخۆییەی کە هەیەتی.

بۆ کورد لەرابردوودا هەمیشە نەوت لەبری خۆشگوزەرانی ماڵوێرانیو کوشتو بڕینی لەگەڵ خۆی هێناوە، هەر لەسەرتای دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت لەشاری کەرکوك لە(١٩٢٧)، رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق کەوتنە راگواستنو پاکتاوکردنی پێکهاتەی کورد لەو شارە، وە لەساڵی ١٩٤٧ دا لەبەرامبەر واژوو کردنی رێکەوتننامەی نەوت لەگەڵ ئێران روسیا پشتی کردە کۆماری کوردستان لەمهابادو ئەوەش بە لەسێدارەدانی سەرکردەکانی کۆمارەکە کۆتایی هات، دواتریش رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، سامانی نەوتیان بۆ کرینی چەكو تەقەمەنیو لەدژی کورد بەکاریان دەهێنان، لەئێستاشداو لەسەروبەندی دەرهێناو هەناردەکردنی

نەوتی هەرێمدا، جۆرێك لەترس و دڵە راوکێ و پرسیار لای هاوڵاتیان دروووســـت بووە بەوەی ئایا هەناردەکردنی نەوت کە پرۆسەیەکی گرنگ و مێژوویییە، دەبێتە نیعمەت بۆ هاوڵاتیان یان میحنەت...؟ ئایا نەوت مۆدێلی بنەماڵەیی لەهەرێمی کوردســـتان درووست ناکات وەك مۆدیلی شێخەکانی کەنداو؟

## أ- هەرێم لەنەخشەی نەوتی جیهانیدا

زۆرێـــك لەوڵاتانی جیهان کە خاوەنـــی یەدەگی نەوتن و نەوت بەرهەم دێنن و ســـەرچاوەی یەکەمی بودجەو داهاتی وڵاتە، نەوت پاڵپشـــتیەکی گەورەی نێودەوڵەتی درووســـت کردووەو جۆرێك لەحەسانەی داوەتە ئەو وڵاتانە، بەوەی بەرژەوەندی گەورەی وڵاتە زلهێزەکان لەو وڵاتانەدا هەیەو پاڵپشـــتی سەرســـەختی لێدەکەن، لەئێســـتادا لەنزیکەی (٣٣) وڵات لەجێهاندا نەوتی لێدۆزراوەتەوەو خاوەنی یەدەگی نەوتن، بە جۆرێك تا ئێستا (٢ ترلیۆن و ٢٠٠ ملیار بەرمیل نەوت) دۆزراوەتەوە، هاوکات لەساڵی ١٨٥٨ تاوەکو ساڵی ٢٠١٠ نزیکەی(١ ترلیۆن و ١٠٠ ملیار بەرمیل نەوت)دەرهێنراوە بەو پێیەش نزیکەی (٥٠٪) نەوتی جیهان دەرهێنراوە.

ئەمە لەکاتێکدایە کە بەهۆی زیادبوونی ژمارەی مرۆڤ و خواست لەســـەر سووتەمەنی، بەپێی پێشـــبینی پەیمانگەی نێودەوڵەتی وزە، تاوەکو ســـاڵی ٢٠٣٠ بازاڕەکانی جیهان پێویستیان بە (١٣٠ ملیۆن) بەرمیل سووتەمەنی دەبێ لەرۆژێکدا، کە لەئێستادا پێویستیان بە(٨٦ ملیۆن) بەرمیلە.

لەسەر ئاستی جیهانیش بەپێی دوائاماری سەنتەرێکی سویسری تایبەت بە لێکۆڵینەوەی نەوت لەتەموزی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە، سعودیە خاوەنی گەورەترین یەدەگی نەوتە کە بڕەکەی (٢٦٢ ملیارو ٦٠٠ ملیۆن) بەرمیلەو عێراقیش لەپلەی پێنجەمدایەو بڕی (١١٥ ملیار) بەرمیل نەوتی یەدەگی هەیە کە زیاتر لە(١٠ ملیار) بەرمیل لەو نەوتە لەهەرێمی کوردستانو ناوچە دابڕێنراوەکانە، واتە رێژەی (٩٪) ی نەوتی عێراق لەکوردستانە بەڵام بەپێی پێشبینیەکانی د. بێوار خنسی، پسپۆڕی بواری نەوت، یەدەگی نەوتی عێراق دەگاتە (٣٥٠ ملیار بەرمیل). هەروەها پێشبینی دەکرێ یەدەگی نەوتی هەرێمی کوردستان بە کەرکوكو ناوچە دابڕێنراوەکانەوە بگاتە(٤٥ ملیار بەرمیل)، کە دەکاتە(٤،٥٪) یەدەگی هەموو جیهان، بەو پێیەش یەدەگی نەوتی کوردستان دوو ئەندەی یەدەگی نەوتی ئەمریکایە کە (٢٢ ملیار) بەرمیل نەوتە. چوار ئەوەندەی یەدەگی نەوتی لیبیایە کە خاوەنی (١١ ملیار) بەرمیلەو سوودانیش خاوەنی (١٥ ملیار) بەرمیلە.

بەو پێیشە دەکرێت لەرێگەی نەوتو یەدەگی نەوتی هەرێمە کوردستان بەتەواوی ببرێتە سەر نەخشەی جیهانی نەوتو پاڵپشتی گەورەی وڵاتە زلهێزەکان بەلای کوردستاندا رابکێشرێت.

## پلەبەندی وڵاتانی جیهان لە یەدەگی نەوتدا

| | وڵات | یەدەگی نەوت | ڕێژە لە جیهاندا |
|---|---|---|---|
| ١ | سعودیە | ٢٦٣ ملیارو ٦٠٠ ملیۆن بەرمیل | ٪٢١ |
| ٢ | فەنزوێلا | ٢١١ ملیار و ٢٠٠ ملیۆن بەرمیل | ٪١٤ |
| ٣ | کەنەدا | ١٧٥ ملیار بەرمیل | ٪١١ |
| ٤ | ئێران | ١٣٧ ملیار بەرمیل | ٪٩,٣١ |
| ٥ | عێراق | ١١٥ ملیار بەرمیل | ٪٧,٨٣ |
| ٦ | کوەیت | ١٠٤ ملیار بەرمیل | ٪٧,٧ |
| ٧ | ئیمارات | ٩٨ ملیار بەرمیل | ٪٦,٦٥ |
| ٨ | ڕوسیا | ٦٠ ملیار بەرمیل | ٪٦,٦٥ |
| ٩ | هەرێمی کوردستان | ٤٥ ملیار بەرمیل | ٪٤,٥ |

## ب- نەوتو داهاتێکی ناروون

لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە مەسەلەی بەرهەمهێنانی نەوت لەرێگەی گرێبەستەکانی نەوتەوە بەردەوام جێگەی مشتومڕی نێوان هەولێرو بەغدا بوەو زۆرجار کێشەکانی هێندەی تر ئاڵۆز کردوە، هاوکات لەئاستی عێراقیشدا هەمیشە ئەو گرێبەستانە جێگەی گومانو سەرنجی لێکۆڵیارانو بەرپرسان بوە، بەجۆرێك تا لەئێستادا پرسی گرێبەستە نەوتیەکانی هەرێم دیاترین ناکۆکیو خاڵی نارەزایی نێوان هەولێر وبەغدایە.

هەربۆیە یەکەمجار نەوتی هەرێمی کوردستان لە(١) ی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٩) دا هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کرا، ئەمەش بەرهەمی کێڵگەکانـــی نەوتی تەق تەقو تاوکێ بوون، کە لەکێڵگەی نەوتی تەق تەقـــدا کۆمپانیای (جێنراڵ ئینێرجـــی)و کۆمپانیای (ئیداکس پترۆلیۆم) بەشـــدارنو لەکێڵگەی (تاوکێ)شدا کۆمپانیای (دی ئێن ئۆ)و کۆمپانیای (جێنـــراڵ ئینێرجی) بەشـــدارن، لەگەڵ کێڵگەی (خورمەڵە)، لەئێســـتادا لەو ســـێ کیڵگەیەدا رۆژانە زیاتر لە(٥٠٠ هەزار) بەرمیل نـــەوت بەرهەمدێنن، بە جۆرێك لەکیڵگەی نەوتی تەقتەق (١٧٥ هەزار) بەرمیلو کێڵگەی تاوکێ (١٥٠ هەزار) بەرمیل کێڵگەی خورمەلە(١٧٥ هەزار) بەرمیل دەردەهێنرێت، ئەمە سەرەرای چەندی کێلگەی تر کـــە بەهەموویان (٥٠ بۆ ١٠٠ هەزار) بەرمیل نەوت بەرهەمدێنن.

هاوکات ئەو پاڵاوگانەی کە لای دەستەی پاراستن‌و چاککردنی ژینگەی هەرێم، تائێستا بەفەرمی تۆمارکراون (١١٨) پاڵاوگەن، کە (٨٠)دانەیان لەســــنووری هەولێرو (٢٣)پاڵاوگە لەسنوری سلێمانی‌و (١٥)پاڵاوگەی دیکەیان لەسنووری پارێزگای دهۆکن.

**پێشبینی نوێ بۆ بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان**

| ژ | ناوی کێڵگە | کۆمپانیایەی کارکەر | بەرهەمهێنان بە بەرمیل |
|---|---|---|---|
| 1 | تەقتەق | تی تی ئۆپکۆ | 175 000بەرمیل |
| 2 | تاوگێ | دی ئێن ئۆ | 175 000بەرمیل |
| 3 | خۆرمەڵە | خۆرمەڵە | 150 000بەرمیل |
| 4 | کێڵگەکانی دیکە | | 100000 -50000بەرمیل |
| کۆی گشتی بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان | | | 600 000بەرمیل |

## ج- داهاتی نەوت

بەچەندین ڕێگا داهاتی نەوت دەستدەکەوێت، بەڵام شێوازی گرێبەستەکانو چۆنیەتی ناردنەدەرەوەی نەوتو شیرینی گرێبەستە نەوتیەکان، داهاتی نەوتی لەهەرێمی کوردستان بە نادیاری هێشتۆتەوە.

### یەکەم/ شیرینی گرێبەستەکان

بە پێی وتەی وەزیری سامانە سروشتییەکان، کە لەکۆبونەوەی ٢٠٠٩/١٠/١٩داو لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمانی کوردستاندا، ڕایگەیاند، (پێنج ملیارد دۆلاری شیرینی گرێبەستە نەوتییەکان هاتوەتە کوردستانو دێتە کوردستان، یەك ملیاردی خەرجکراوەو چواری ماوە). ئەگەر بەپێی خەمڵاندن بێتو پشت بە زیادبونی ژمارەی گرێبەستە نەوتییەکان ببەسترێت ئەوا ئەو پارەیەی کەوەك بەخشین هاتبێتو دێت، دەبێت لە١٢ ملیار دۆلار نزیك بوبێتەوە، بەوەی کاتێك وەزیری سامانە سروشتیەکان ئەو قسەیەی کردووە کە ٢٥ گریبەست هەبووە بەڵام ئێستا کە ژمارەی گرێبەستەکان گەیشتۆتە (٥٨) گرێبەست واتا گرێبەستەکان نزیکەی دوو ئەوەندەو نیو زیادی کردووە، بەو پێیشە دەبێت شیرینی گرێبەستە نەوتیەکان لەئێستادا نزیك بوبێتەوە لە١٢ ملیار دۆلار.

## دووەم: داهاتی ڕەوانەکردنی نەوت بەتەنکەر

بەپێـــی خەملاندنو زانیاری پەرلەمانتارێـــك لەیەك ڕۆژدا (٣٨٤) تەنکەر لەکێڵگەی نەوتی تەقتەقەوە نەوتیان بردووە، هەر تەنکەرەو (٢٨)تەن باردەکاتو بۆ هەرتەنێك (٣٨٥) دۆلار لەمەرزی سنوری وەردەگیرێـــت، ئەگـــەر لەڕۆژێکدا (٣٨٤) تەنکـــەر لەتەنها یەك کێڵگەوە(تەقتەق) ڕۆشـــتبێت بۆ ئێرانو بڕی نـــەوتو نرخەکەی بەوشـــێوەیە بێت، گریمـــان، ڕۆژانە کەمتر لـــەو (٣٨٤) تەنکەرە دەربهێنرێـــتو (٣٠٠) تەنکەر بێت لەیەك کێڵگـــەو بە کەمتر لەو نرخەش بە (٣٥٠) دۆلار بفرۆشرێتو تەنها مەزەندەی ئەوەشبکەین کە هـــەردو کێڵگەکەی دیکەش (زاخۆو کۆرمۆر)، ڕۆژانە (٣٠٠) تەنکەریـــان لێ ڕەوانە بکرێت، ئەوا کۆی داهاتی یەك ڕۆژی هەر ســـێ کێڵگەکە دەکاتە (٨)ملیۆنو (٨٢٠) هـــەزار دۆلارو داهاتی فرۆشـــیش بۆ یەك مانگ لەهەر ســـێ کێڵگەکەدا، دەکاتە (٢٦٤) ملیـــۆنو (٦٠٠) هەزار دۆلار لەمانگێکداو لەســـاڵێکدا دەکاتە (٣ ملیارو ١٧٥ ملیۆنو ٢٠٠ دۆلار).

## سێیەم: داهاتە پێشبینی کراوەکان

بەپێی ڕێکەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمو بەغداد لەسەر بودجە کە دەبێت هەرێم ڕۆژانە (٢٠٠ هەزار) بەرمیل نەوت ڕەوانە بکات، لە٢٠١٢ دا ئەگەر هەر بەرمیلێك بە (١٠٠ دۆلار) فرۆشـــرابێت، واتا لەو ساڵەدا داهاتەکەی بۆ عێراق (٢ملیارو ٥٠٠ ملیۆن دۆلار) بووە، ئەگەر هەروەك وەزارەتی ســـامانە سروشتیەکان ڕایگەیاندووە کە لەســـاڵی ٢٠١٥ ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت دەگەیەنێتە (یەك ملیۆن) بەرمیل لەرۆژێکدا وداهاتەکەی دەبێتە ٣٦ ملیار، ڕاشـــیگەیاندووە تا ســـاڵی ٢٠٢٠ ئاســـتی بەرهەمهێنانی نەوت دەگەیەنێتە(٢ ملیۆن) بەرمیـــل لەرۆژێکدا،،ئەوا لەســـاڵی ٢٠٢٠ داهاتی نەوتی هەرێمی کوردســـتان دەگاتە (٧٢ ملیار دۆلار)، هەروەها کۆمپانیای دانا غاز ڕایگەیاندووە لەساڵی ٢٠٠٨وە دەستیکردووە بە بەرهەمهێنانی غازی سروشـــتی لەهەرێمی کوردستانو تا ئێســـتا بڕی ٢٤٠ ملیار مەتر سێجا غازیان لەو هەرێمە بەرهەمهێناوەو غازەکەشیان دابینکردووە بۆ وێستگەکانی کارەباو ئێستا لەکێڵگەی خۆمۆر ڕۆژانە ٣٣٠ ملیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی بەرهەم دێنێت.




## چوارەم/ بەرهەمهێنانی نەوت لای وەزارەتی سامانە سروشتیەکان

بەپێی راپۆرتێکـــی ژمارە ٣ی مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٣ ی وەزارەتی ســـامانە سروشتیەکان، لەماوەی ١٠ساڵی رابردوودا بڕی ٢٧٢ ملیۆنو ٦٤٥ هەزارو ٩١١ بەرمیل نەوت لەکێڵگە نەوتییەکانی کوردستان بەرهەمهاتووە.

خۆ ئەگـــەر ئەو بڕە نەوتە بەرهەمهاتووەی هەرێمی کوردســـتان بـــە گریمانە ئەژماری بکەینو هەر بەرمیلـــی بە (١٠٠ دۆلاریش) فرۆشرابێت، ئەوا لەماوەی ئەو ١٠ ساڵە ٢٠٠٣ بۆ ٢٠١٣ بایی زیاتر لە(٢٧ ملیار دۆلار) نەوت فرۆشراوە.


بەپێی راپۆرتەکەی وەزارەتی ســـامانە سروشتییەکان، حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لەســـاڵی ٢٠٠٨ەوە دەســـتی کـــردووە بە هەناردەکردنـــی نەوت لەڕێگەی کۆمپانیـــای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ). تاوەکو کۆتایی ساڵی رابردوو بڕی ٧١ ملیۆنو ١٣٣ هەزارو ٩٤٥ بەرمیـــل نەوتی هەناردە کردووە، بەڵام رەوانەکردنی نەوتی کوردستان لەرێگەی بۆڕییەوە لەساڵی ٢٠١٢ دەستپێکردووەو تا ئێستا بڕی ١٢ ملیۆنو ٠٣٢ هەزاروو ٤٢٧ بەرمیل بووە، هەرچی رەوانەکردنی نەوتی کوردستانە لەڕێگەی بۆڕی کوردستان- تورکیا، تەنیا لەمانگی کۆتایی ســـاڵی رابردوودا ٤٩١ هەزارو ١٢١ بەرمیل نەوت رەوانەی عەمبارەکانی تورکیا کراوە.

# بەرهەمهێنان و هەناردەکردن و پاڵاوتن ٢٠٠٣ – ٢٠١٣

| سەرجەمی بەرهەمی کێڵگە (BOE) | |
|---|---|
| 2003 | 395.945 |
| 2004 | 160.599 |
| 2005 | 367.738 |
| 2006 | 506.269 |
| 2007 | 1.524.211 |
| 2008 | 3.117.172 |
| 2009 | 15.689.046 |
| 2010 | 27.483.775 |
| 2011 | 68.231.486 |
| 2012 | 76.706.152 |
| 2013 | 78.463.518 |
| کۆی گشتی | 272.645.911 |

خشتەی ٢ (I): سەرجەمی بەرهەمی کێڵگە (BOE)

سەرجەمی بەرهەمی کێڵگە (بەرمیل لە هاوتای نەوت)




راپۆرتی مانگانەی وەزارەتی شامانە سورشتیەکان ژمارە( 3 ) کانونی یەکەمی 2013

# ٢-٢-٦
# بارزگانی لەگەڵ شەیتان

لەکاتێکدا هاوڵاتیانی کوردستان بونەتە قوربانی ئەو دۆخە ئەمنیو ئابوریو سیاسیەی ئەمرۆ باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوەو زیاتر لە٦ مانگە پێشـــمەرگە لەبەرەی شەری داعش قوربانی دەدات، بەشێك لەبەرپرســەکانو سەرمایەداران سەرقاڵی ســەوداو بازرگانیکردنن لەگەڵ گروپێك کە زۆرێك لەوڵاتانی دونیا شەڕیان لەگەڵ داعش رایگەیاندووەو هەموو پەیوەندیەکی سیاسیو ئابوریان قەدەغەکردووە لەگەڵ ئەو گروپە بەڵام کورد کە تاکە قوربانیدەری دەســتی ئەو گروپەیەو بەشــێکی زۆری خاکەکەی لەدەستی داعشدایەو رۆژانە ژمارەیەك پێشـــمەرگە بەدەســتی ئەو گروپە شــەهید دەبن، بۆتە تاکە وڵاتیش کە ســەوداو بازرگانی لەگەڵ دەکات، کە لەلایەك خیانەتێکی نیشتیمانی گەورەیەو لەلایەکی تریشەوە سوکایەتیکردنە بە خوێنو قوربانیدانی پێشمەرگە لەبەرەی داعش.

## ا- بازرگانی نەوت لەگەڵ داعش

لــــەدوای هاتنی داعش بۆ عێراق‌و گرتنی موســـڵ داعش کەوتە فرۆشـــتنی نەوتی ژێر دەسەڵاتی خۆی بە قاچاغ، بەڵام ئەنجومەنی ئاسایشـــی نێودەوڵەتی دوو مانگ لەمەوبەر ئاشکرایکرد کە داعش نەوتی ژێر دەســـەڵاتی خۆی دەفرۆشـــێت‌و داوایکـــرد رێگری لێبکرێت.

لەدوای ١٠ی حوزەیرانەوە ســـەرمایەداران‌و بەشـــێك لەبەرپرسە سیاسی‌و ســـەربازیەکانی کورد، دەستیانکردووە بە قاچاغچیکردنی لەگەڵ داعش لەدوای گرتنی موســـڵ لەڕێگای مەخمور بۆ موسڵ دەستکرا بەفرۆشـــتنی نەوتی موسڵ بە بازرگانانی کورد، هاوکات لەبەرەی کەرکوکیشـــەوە فرۆشـــتنی نەوتی ژێر دەسەڵاتی داعش لەڕێی پارێزگای سەڵاحەدین - کەرکوکەوە بوو، دوای فرۆشتنی بەبازرگانە کوردەکان بەگوندی مـــەلا عەبدوڵاو ناحیەی یایچی‌و سەربازگەی کەیوان تێدەپەڕی، دواتر دەچوە قەزای دبس.

بەڵام یەکەم کاروانی فرۆشـــتنی نەوت لەکۆتایی مانگی شەشی ئەمســـاڵدا بووە، کە لەسنوری قەزای خورماتووی سەر بەپارێزگای ســـەڵاحەدین داعش بەڕێگـــەی قاچاغ رۆژانە لەرێـــی تانکەرەوە بازرگانیان بەنەوتەوە کردووە بەرەو قەزای داقوقی سەر بەپارێزگای کەرکـــوك، دواتر لەلایـــەن بارزگانێکی دیکەوە بـــەرەو هەرێمی کوردستان رەوانە کراوە بۆ فرۆشتن.

هاوکات بە پێی وتـــەی بەریوەبەری ئاسایشـــی دوزخورماتوو داهاتـــی رۆژانەی داعش نیو ملیۆن دۆلارە، بەو پێیەی لەســـنوری قەزای دوزخورماتوو رۆژانە قاچاخچییەکانی سنووری شارۆچکەی خورماتوو نزیکەی ٦٠ تانکەر نەوت لەداعش دەکڕن. نرخی هەر تانکەرێکیش بـــە (١٠ هەزار دۆلارە)و لەرێگـــەی خورماتووەوە رەوانەی سنووری سلێمانی دەکرێت.

بەڕێوەبەری ئاسایشـــی خورماتوو ئەوەش دەڵێـــت ئەوەی ئێمە ئاگاداریـــن لەپاڵاوتگەی بێجیو ســـنووری تکریتـــەوە تا دەگاتە زنجیرەچیاکانی حەمرین، کۆمەڵێك بیری نەوتی لێیەو دوای ئەوەی ئەو ناوچانەیـــش کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی داعشـــەوە، بۆرییەکانیان شـــکاندووەو نەوتی رەشـــی لێ دەردەهێنن‌و بە تانکەر دەیفرۆشنە کۆمەڵێك قاچاخچیی سنوورەکە، کە کوردو عەرەبن‌و زۆرینەیشیان کـــوردن، هەر تانکەرێکی **٣٦** هەزار لتـــری بە (١٠ هەزار دۆلار) دەفرۆشـــن‌و ئەو تانکەرانەیش بە خورماتـــوودا دێن‌و بە رێگەی قادرکەرەم - ســـلێمانیدا دەچنە ســـنووری پارێزگای ســـلێمانی.

بەڕێوەبەری ئاسایشـــی خورماتوو بـــە **kdp** ی راگەیاندووە هیچ فەرمانێکمـــان پێ نییـــە رێگرییان لێ بکەیـــن‌و چەندین جاریش ویســـتوومانە رێگریان بین، بەڵام لەلایەن ئیدارەی شارۆچکەکەوە ئاگادار کراینەوە کە رێگرییان لێ نەکەین.

بەپێی وتـــەی قایمقامی قەزای دوزخورماتـــوو کە بە رۆژنامەی شەرقل ئەوسەتی راگەیاندووە، رۆژانە داعش لەکێڵگە نەوتیەکانی حەمرین‌و عەجیل‌و شکاندنی بۆریە نەتیەکانەوە ٥٠ بۆ ١٠٠ تەنکەر نەوت بە قاچاغ دەفرۆشـــێت‌و لەرێگەی خۆڵەوە رەوانەیان دەکات

لەسنوری قەزای دوزخورماتوو، هەر تەنکەرێك لەنێوان(٣٠ بۆ ٣٦ هەزار لێتر) دەبێت‌و دەیفرۆشـــێت بە (١٠ بـــۆ ١٤ هەزار دۆلار)، بەو پێیەش رۆژانە ئەگەر ١٠٠ تەنکەر بفرۆشـــێت‌و هەرتەنکەرەی ٣٦ هـــەزار لیتـــری پێبیت‌و تەنکەری بیدات بـــە ١٤ هەزار دۆلار رۆژانە تەنها لەو رێگەیە، (١ ملیۆن‌و ٤٠٠ هەزار) دۆلاری دەســـت دەکەوێت.

وتەی ئەم بەرپرسانە لەسەرەتای هاتنی داعشەوە بووە، بەڵام لەدوای بریارەکەی ئەمریکا بە بلوککردن‌و قەدەغەکردنی هەر پەیوەندیەکی ئابوری‌و سیاسی لەگەڵ داعش، ئەوکات کوردیش کەوتە خۆی‌و کەوتە لێپێچینەوەلەبەقاچاغبردنی نەوت، ئەگەرنا پێشتر بە ئاشکرا ئەو پرۆسەیە دەکرا، لەهەندێك جێگا ئەو بازرگانی‌و سەودایە لەرێگەی ســـەرۆك هۆزە عەرەبەکانەوە گەیاندراوەتە دەســـتی داعش‌و هەر تەنکەرێکی ٢٨ هەزار لیتری بە (٣ هەزارو ٥٠٠ دۆلار) فرۆشراوە. بە پێی زانیارییەکان، بە وتەی بازرگانێکی نەوت لەموسڵ کە نەوتی خاو بە تورکەکان دەفرۆشـــێت دەڵێـــت (٢٥٠ بەرمیل)نەوتی خاو لەداعش بـــە (٦٠٠٠ هەزار دۆلار) دەکرِیـــت.، ئەم قاچاغچێتیەی نەوتی داعش لەگەل بازرگان‌و بەرپرسانی حیزبی کوردی بەتەواوی ئەمریکای نیگەرانکردووەو لەناوخۆی کوردســـتانیش لێکۆلینەوەو بەدواداچوونـــی ووردی بۆ دەکرێت‌و تا ئێســـتا ژمارەیەك کەس دەستگیرکراون.

## ب- قاچاغچی غاز لەگەڵ داعش

لەپاڵ قاچاغچێتی نەوت لەنێوان بازرگانانو بەرپرسـانی کوردو داعش، لەئێستادا پرسی قاچاغچێتی غازیشی هاتۆتە سەر بە جۆرێك تەنهـا لەرێگەی مەکتەب خالیدەوە لەنزیـك داقوق، رۆژانە زیاتر لەهەزار بوتڵ غاز رەوانەی قەزای حەویجەو ناحیەکانی دەورەبەری کراوەو لەبەرامبەریشـدا نەوتی رەشیان پێدراوە، کە هەربوتڵەی بە ٣٥ هەزار دینار فرۆشـراوە، واتـا لەیەك رۆژدا هەزار بوتڵ غاز بە ٣٥ هـەزار دینار فرۆشـرا بێت، کە بەپێی وتـەی حەمدان عەلی بەڕێوەبـەری پڕکردنی غاز لەکۆمپانیـای نەوتی باکور، هەر بوتڵە غازێك بە نرخی ٤ هەزار دینار بە بریکارەکانی دابەشـکردنی غاز دەفرۆشێتو لەسـەرجەم پارێزگەکانیشدا بریکارەکان دەبێت بە ٦ هـەزارو ٢٥٠ دینار بە هاوولاتییانی بفرۆشـنەوە، واتا لەهەر بوتڵە غازێك بڕی ٣١ هەزار دینار خێر دەکەن، واتا تەنها لەو رێگەیەوە رۆژانە (٣٥ ملیۆن دینار)ەو لەو برەش (٣١ ملیۆن دیناری) خێرە.

لەلایەکـی تریش رۆژانـە نزیکەی (٦ هەزار) بوتـڵ غاز دیار نامێنێت، کە بەپێی زانیاریەکان بۆ داعش دەرواتو قاچاغچێتی پێوە دەکرێت، بە وتەی بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی باکور (بەگشـتی ١٤ هەزار بوتڵی غاز بەشی پێویستییەکانی کەرکووك دەکات، بەڵام کۆمپانیای غازی باکور لەئێسـتەدا زیاتر لە٢٠ هەزار بوتڵی غاز بۆ کەرکووك پڕ دەکاتو هێشـتا بەشی ناکات، واتا رۆژانە نزیکەی (٦ هەزار)دیار نامێنێت. واتا سـەرجەمی پارەی ئەو (٦ هەزار بوتڵ غازە) رۆژانە دەکاتە (٢١٠ ملیۆن دینار)و مانگانە دەکاتە (٦ ملیارو ٣٠٠ ملیۆن دینار).

## بازرگانی لەگەڵ داعش



بازرگانی نەوت لەگەڵ داعش رۆژانە 1.400.000دۆلار ە



بە سێ مانگ بایی 60ملیۆن دۆلار ئۆتۆمبیل براوە بۆ داعش



رۆژانە بایی 210ملیۆن دینار غـــــاز فرۆشراوە بە داعش

## ج- بازرگانی ئۆتۆمبێل لەگەڵ داعش

هاوکات لەگـــەڵ بازرگانی نەوتو غاز لەگەڵ داعش، دەنگۆی فرۆشـــتنو قاچاغچێتی چەکیش دەکرێت لەگـــەڵ داعش، ئەمە سەرەرای ئەوەی بازرگانان بە پاڵپشتی بەرپرسانی کورد لەکەرکوکەوە زیاتر لـــە(٢ هەزار ئۆتۆمبیلی دەبل کابینەیـــان) بردووە بۆ داعش کـــە هەریەکەی بە (٣٠ هەزار) دۆلار کـــڕدراوە دراوەتە داعشو لەبەرامبەردا تەنکەری نەوتی رەشـــیان وەرگرتووە، واتا (٢ هەزار) ئۆتۆمبیل کە هەرەیەکەی بـــە (٣٠ هەزار) دۆلار هەمووی دەکاتە (٦٠ ملیۆن) دۆلار واتا (٦ هەزار) دەفتەر دۆلار، کە ئەو ئۆتۆمبیلانە لەلایەن ژمارەیەك سەرمایەدارەوە براونو پارەی بەشێکیشیان نەداوە، لەهەر پێشـــەنگایەکی ئۆتۆمبێل ژمارەیەك ئۆتۆمبێلیان وەرگرتووەو لەسەر متمانە پارەیان نەداوە خاوەن پێشانگاکانیش متمانەی تەواویان بەو بەرپرسو سەرمایەدارانە هەبووە بەوەی سەرمایەداری ناسراون لەکوردســـتان، بۆیە ئێستا کێشـــەیەکی گەورە لەناو پێشانگاکانی ئۆتۆمبیل درووســـت بووە ناوێرن باســـی بکەنو پارەکانیشـــیان فەوتاوە.

## د- کێ لەپشت بازرگانیەوەیە لەگەڵ داعش

هەرچەندە لیژنەی نەوتو غازی پەرلەمانی کوردستان ژمارەیەك ناوی تۆمەتباری بازرگانی لەگەڵ داعش خستۆتە بەردەستی وەزارەتی ناوخۆو پێشـــمەرگەو بەپێی وتەی پەرلەمانتارێکیش بەرپرسی وای تێدایە کە مەگەر هەر ســـەرۆکی هەرێم دەســـەڵاتی بەســـەریاندا بشـــکێت، نەك هەر بازرگانی نەوت بەپێـــی زانیاریەکان بازرگانی لەگەڵ داعش بەسەر سێ توێژدا دابەش بوون، یەکەمیان ژمارەیەك بەرپرسی حیزب باڵا دەستیان لەبازرگانیەکەدا هەیە، لەدوای ئەوانیش ژمارەیەك بەرپرســـی ئەمنی باڵا کە نزیکـــن لەبەرەکانی جەنگو ئەوان رێگەیان خۆشکردووە بۆ بازرگانیەکە، ئەگەر ئەوان رێگەیان نەدابێت، تەواوی ســـنوری هەرێم لەگەڵ داعش بە پێشـــمەرگەو بازگەی پێشـــمەرگە تەنراوە لەکوێوە براوە، سێیەمیشیان ژمارەیەك ســـەرمایەدارە کە هەوڵی ساغکردنەوەی ئەو نەوتە رەشەیان داوەو ئۆتۆمبێلیان بۆ داعش پەیدا کردووە.

بەو پێیەش لەبازرگانی نێوان بەرپرســـانو داعش رۆژانە بایی (١ ملیـــۆنو ٤٠٠ هەزار دۆلار) لەنەوتـــی رەشو (٢١٠ ملیۆن) دینار لەقاچاغچی غاز لەگەڵ داعش کراوەوو لەسێ مانگیشدا (٦٠ ملیۆن دۆلار) ئۆتۆمبیل فرۆشراوە بەداعش.

بۆیە ئەو بازرگانیە دەچێتە چوارچێوەی خیانەتی نیشـــتیمانیەوە، بەوەی كەسێك بتوانێت قاچاغچێتی لەگەڵ دوژمنێكی سەرسەختی وەك داعش بكات، ئامادەشە سەوداو قاچاغچێتی بە خاكەكەشیەوە بكاتو گومان دەكرێت بەشێك لەشكستی پێشمەرگە پەیوەندی بە سەودای نێوان داعشو ئەو سەركردە ئەمنیو سەربازیانەوە هەبێت، ئەمە لەكاتێكدایە بەپێی ئامارە نارەســـمیەكان لەشـــەری داعشدا تا ئێستا زیاتر لە (٧٠٠) پێشمەرگە شەهیدبوونو زیاتر لە(سێ هەزار) ی دیكەش بریندار بوون.

**لەرۆژنامەی ئاوێنە ژمارە (٤٥٢) بەرواری ٢٠١٤/١١/١١ بڵاوبۆتەوە**

# ئەنجام

ئەم کتێبە (بودجەو کارتێکەرەکانی) کە کۆمەڵێك شیکاری ووردی بودجـــەو داهاتەکانی تێدا خراوەتە روو، بە ووردی شـــیکردنەوە بۆ شـــێوازی خەرجکردنی بودجەو داهاتەکان کراوە، بە جۆرێك تـــەواوی بوارەکانی بودجـــەو داهاتەکانی هەرێمی کوردســـتانو شێوازی دابەشـــکردنو بەفیڕۆدانی بودجە دەخاتە روو، نوسەر لەم کتێبەدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی:.

١- بودجەی هەرێمی کوردســـتان، بە شێوەیەکی ووردو پلان بۆ دارێژراو خەرج نەکـــراوە، لەبەر ئەوە بە فیڕۆدانی زۆر هەبووە لەبواری بودجەدا.

٢- داهاتـــی هەرێمـــی کوردســـتان بەشـــێوەیەکی روون، کۆنەکراوەتەوەو نەخراوەتە گەنجینەوەی دەوڵەتەوە.

٣- گەندەڵی زۆر هەبووە، لەهەرێمی کوردستان، ئەمیش بەهۆی ناروونی لەدابەشکردنی بودجەو بەفیرۆدانی زۆر لەبودجەدا.

٤- جیاوازیەکی زۆر لەپێدانی موچەدا هەیە لەنێوان پلەباڵاکانو موچەخۆراندا.

٥- بەهۆی نەبوونی یاسای تایبەت بە پێدانی بودجەی حیزبەکان، بودجەیەکی زۆرو بە شێوەیەکی گۆترەکاریو ناوهاوسەنگ بودجە بەسەر حیزبەکاندا دابەشکراوە.

٦- هەرێمی کوردستان خاوەنی یەدەگی نەوتی گەورەیە، بەڵام ناروونی هەیە لەدەرهێنانی نەوتو فرۆشتنو داهاتی نەوتی هەرێمی کوردستان.

# پێشنیار

بودجەو داهاتەکان لەهەرێمی کوردستان وەك پرسێك کە پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە، جێ بایەخی تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، بۆیە زۆرترین قسەو باس‌و بەدواداچوونی بۆ دەکرێت، لەپێناو بودجەیەکی رۆشنترو داهاتێکی رونتر چەند پێشنیارێك دەخەینە روو:.

١- نەبوونی پلانی ووردو ستراتیژی بۆ دابەشکردن‌و خەرجکردنی بودجە، هۆکاری بەفیرۆدانێکی زۆرە بۆیە، دابەشکردنی بودجە پێویستی بە پلانی ووردترو

٢- کەمکردنەوەی خەرجیە ناپێویستەکان، کە بەشی زۆری بودجەی هەرێمی کوردستانی بەفیرۆداوە، بەتایبەتیش بەخشین‌و رابواردنی فەرمی‌و کڕینی ئۆتۆمبیلی بەرپرسان‌و سوتەمەنی‌و هتد...

٣- کۆکردنەوەو یەکخستنی داهاتە ناوخۆییەکان بۆ گەنجینەی دەوڵەت‌و دواتر دابەشکردنەوەی لەگەڵ بودجەی گشتیدا.

٤- کەمکردنەوەی موچەی پەرلەمانتارو وەزیرو پلەتایبەتیەکان‌و کەمکردنەوەی جیاوازی موچەی ئەوان لەگەل موچەخۆرێکی ئاسایی.

٥- درووستکردنی سندوقی داهتی نەوت، کە تا ئێستا داهاتی فرۆشی نەوت بە روونی دیارنیەو لەماوەی ساڵانی رابردوودا نەزانراوە ئەو داهاتە چۆن خەرجکراوە.

٦- چالاککردن‌و زیادکردنی دەسەڵاتی چاودێری دارایی‌و دەستەی نەزاهەو داواکری گشتی، بۆ چاودێریکردنی زیاتری بودجەو رێگری لەگەندەڵی‌و بەفیرۆدانی بودجە.

# سوپاسنامە

سوپاس بۆ نوسەر (سەردار قادر بەرزنجی) کەئەرکی لەچاپدانی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ.